# ئەفسانەو ڕازی کوردی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

عەزیز گەردی

کردوویەتی بە کوردی



Scanned with CamScanner

٣٩٨,٢٣٤
گ ٩٢٨

بۆ
کتێبخانەی کۆلێجی ئاداب
لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم
عەزیز گەردی
١/٧/٢٠٠٣

٤٣٩
امانة مكتبة كلية الآداب
المكتبة

٧٠٤

# ئەفسانەو ڕازی کوردی

# ئەفسانەو ڕازی کوردی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی

**عەلی ئەشرەف دەروێشیان**

**عەزیز گەردی**

کردوویەتی بە کوردی

سلێمانی ... ٢٠٠٣

٣ -- ٢

Scanned with CamScanner

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٢١٨)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

## ئەفسانە و ڕازی کوردی

بابەت: چیرۆکی ئەفسانەیی

ئامادەکردنی : عەلی ئەشرەف دەروێشان

وەرگێڕانی: عەزیز گەردی

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولڕەحمان

تیراژ: ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٣٣٩)ی ٢٠٠٢

www.sardam.net

Scanned with CamScanner

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| خشتەی تیپی بزوێن و نەبزوێن | ٩ |
| دەقنووسی | ١١ |
| قسەیەكی كورت لەبارەی ئەم كۆمەڵەیە | ١٨ |
| چیرۆكی كیسەڵ و هاورێكانی | ٢٢ |
| چیرۆكی مشك و پووش و كەستەك و كەوچك | ٢٤ |
| چیرۆكی پیرەژن و پشیلە | ٢٥ |
| چیرۆكی گورگ و ڕێوی | ٢٧ |
| چیرۆكی جۆلا | ٢٩ |
| شاكە و شووكە | ٣٢ |
| كوڕە كەچەڵ | ٣٣ |
| فیل و تەلەكەی بازرگان | ٣٧ |
| چیرۆكی گوڵ و سنۆبەر | ٤١ |
| چیرۆكی گوڵخەندان | ٤٦ |
| بزنی بز بزۆك | ٥١ |
| مریشكی پێ كورت | ٥٦ |
| دز | ٥٩ |
| ڕێوی فێڵبازو گورگی گەمژە | ٦٢ |
| ئەحمەد بازرگان | ٦٦ |
| كچی پاشا و كوڕی دەروێش | ٧٢ |
| ڕێوی و پشیلەی زیرەك | ٨٩ |
| چۆلەكەی دێو | ٩٢ |


Scanned with CamScanner

کەڵە مێروو ٩٥
چۆلەکە و بەرد ٩٦
ڕێوی و شێر ٩٨
بیبلە و چیچیلە ١٠٦
گۆلکی قاوەیی ١٠٩
ڕێوی و لەقلەق و گورگ ١١٤
دوو برا ١١٧
ڕێوی و لەقلەق ١٢٠
پاشا و دەروێش ١٢٣
سندرو مندر ١٢٨
پوورەی مل درێژ ١٤٠
چۆلەکە ١٤٩
پیرەمێردی دارکەر ١٥١
ئاسك ١٥٤
کەیقوباد و بەحری ١٥٩
کەڵەشێرو ڕێوی و تاژی ١٦٥
ڕێوی و لەقلەق و شێر ١٦٦
دزو گوندی ١٧٢
چۆلەکە ١٧٤
مەیموونە شوان ١٧٦
پاشاو وەزیر ١٨٣
شێرو کەرمشێر ١٩٠
جووکە جووك ١٩٣
توولە ١٩٨


Scanned with CamScanner

لبادۆکە ٢٠٢
چیرۆکی میخەر ٢٠٦
برای شێت و برای عاقل ٢١٠
مانگ بە تەوێل ٢١٤
هەباسە ٢٢٠
چیرۆکی باوکی بێڵ بە قینگ ٢٢٤
چیرۆکی چۆلەکەی ماڵ لە قەفەز ٢٢٩
حەسەن ترسنۆك ٢٣٢
پیرەمێردی دارکەر ٢٣٧
چیرۆکی بوزبوزەکان ٢٤٧
باوەژنی ناجسن ٢٥٠
سەعیدو مەسعوود ٢٦٠
عەلی سەوزە، کەوا سەوزە ٢٦٨
ئیبراهیم پاشا ٢٧٩
ئاشەوان و رێوی ٢٨٥
هەقایەتی کێشکۆکە ٢٨٧
هەقایەتی شنگول و منگول ٢٩٠
هەقایەتی پوورە قالۆنچە ٢٩٤
مەلووچی کشمشی ٢٩٨
ڕەملچی ساویلکە ٣٠٠
تۆبەی نەسووح ٣٠٥
دنکە نۆك ٣٠٧
کەڵەشێرو مێرووله ٣١١
چۆلەکە زەردە ٣١٣


Scanned with CamScanner

| | |
|---|---|
| حەلیم حولێرە | ٣١٤ |
| میوانی نەخوندی | ٣١٦ |
| بازرگان و کرێکار | ٣١٨ |
| گورگ و بزن و ڕێوی | ٣٢٦ |
| هاوبەشیی شێرو ڕێوی | ٣٢٩ |
| دالان و شالان | ٣٣٣ |
| باڵندەی زێڕین | ٣٣٦ |
| ژن و مێردی هەژار | ٣٤٢ |
| چۆلەکەی بچووك | ٣٤٧ |
| دارتاش و بەرگدروو و مەلا | ٣٥١ |
| کابرای هەژارو کابرای سووخۆر | ٣٥٣ |
| نازی نازمەرجان | ٣٥٩ |
| قەل و جوتیار | ٣٦٧ |
| ڕیام | ٣٧٢ |
| شێرو دارتاش | ٣٧٥ |


Scanned with CamScanner

## خشتەی تیپی بزوێن و نەبزوێن و بەرامبەرە فارسییەکانیان کە لەم کتێبەدا بەکارهاتوون:

| تیپی فارسی | تیپی لاتینی | | نموونەی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وشە | |
|---|---|---|---|---|
| | بچووک | گەورە | | |
| ١- فتحه | a | A | ابر، مرد، و | Abr, Mard,Va |
| ٢- کسره | e | E | امروز، دل، ساده | Emruz, Del, Sade |
| ٣- ضمه | o | () | امید، گل، دو (C) | Omid, Gol, Do |
| ٤- ضمه و واو | o | O | اورنگ، گوجه، دو (دویدن) | Orang, Goje, Do |
| ٥- ا | a | A | اب، باد، شما | Ab, bad. woma |
| ٦- او | U | U | او، دوست، مو | U, Dust, Ma |
| ٧- ای | I | I | ایمان، بید، دوری | Iman, Bid, Duri |
| ٨- ب | b | B | برگ، تبر، تاب | Barg, Tabar, Tab |
| ٩- پ | P | P | پدر، کپر، چپ | Pedar, Kapar, Gap |
| ١٠- ت، گ | t | T | تور، عگار، کرت | Tur, Attar, Cart |
| ١١- پ.س.ص | s | S | پلپ، مصر، خرس | Sols, Moserr, Xers |
| ١٢- ج | j | J | جدل، اجل، کاج | Jadal, ajal, kaj |
| ١٣- ج | c | C | چرپ، کچل، پارچ | Carp, Kacal, Parc |
| ١٤- ح.ه | h | H | هنوز، مهر، کاه | Hanuz, Mehr, Kah |

Scanned with CamScanner

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Xab, Axer, Mix | خواب، اخر، میخ | X | x | ١٥- خ |
| Del, Badal, Mad | دل، بدل، ماد | D | d | ١٦- د |
| Zalil, Zamir, Mozd, Qaliz | ژلیل، چمیر، مـزد، غلیڤ | Z | z | -١٧ ژ.ز.چ.گ |
| ale, ka dom, Gu3 | ژاله، کژدم، گوژ | | | ١٨- ژ |
| Wal, Mowt, Aw | شال، مشت، اش | W | w | ١٩ - ش |
| Qolam, Manqal, Bad | غلام، منقل، باغ | Q | q | ٢٠- غ.ق |
| Farq, nafar, Taraf | فرق، نفر، گرف | F | f | ٢١- ف |
| Kar, Fekar, Tarik | کار، فکر، تاریك | K | k | ٢٢- ك |
| Gol, Agar, Barg | گل، اگر، بر | G | g | ٢٣- گ |
| Leh, kalam, Mesl | له، کلام، مپل | L | l | ٢٤- ل |
| Ma, Amr, Wam | مار، امر، شام | M | m | ٢٥- م |
| Nazd, Honar, Xan | نزد، هنر، خان | N | n | ٢٦- ن |
| Vazn, Gavan, Sarv | وزن، گچن، سرو | V | v | ٢٧- و |
| Yek, meyl, Rey | یك، میل، ری | Y | Y | ٢٨-ی |
| Malam, Extera , Bey | معلوم، اختراع، بیع | | و | ٢٩-صـــدای عین ساکن |

- ئەم خشتەیە بە کەمێ دەستکارییەوە لە کتێبـی حەفتـەی ژمـارە ١٣ ی ساڵی ١٣٤٠ وەرگیراوە.

Scanned with CamScanner

# دەقنووسی

لێرەدا دەقی هەندێ گۆرانی کوردی کرماشانی دەنووسینەوە:

ریکی کرماشان گول و گولدەسە
بویشنە دوسەکـم غریبی بسە

Ri key kermawan Golo Gołdasa
Bojiwana dusakam, Qaribi basa

واتە:

ڕێگای کرماشان پڕ گوڵ چەپکە گوڵە
بە دۆستەکەم بڵێن غەریبی بەسە.

***

خوم کرماشانی زوانکم چفتە
داوای ئَو مکم قسمتم نـفتە

Xom Kermawani Zoanakam Cafta
Daway Av Makam, Qesmatem nafta

واتە:

خۆم کرماشانیم، زمانم چەوتە
داوای ئاو دەکەم قسمەتم نەوتە

***

پر ئَو وبیستون هردگ برابین
فلك کاری کرد لە یك جیا بین

Paro o Biseton Har Deg Berabin
Falak Karikerd la yak Jia Bin

واتە:

پەڕاوو بێستون هەردووك برا بوون
گەردوون كارێكی وای كرد لەیەك جیا بوونەوە

كاتێ منداڵێ لەگەڵ گوێدانە ڕازو ئەفسانە خەو دەیباتەوە دەڵێن:

نال وكی نوات خاو هایتە ارات
وجمال محمد صلوات

واتە:

ئەی فنجانی پڕ نەبات (مەبەست منداڵەكەیە)،
خەو هاتۆتە لات، سەلاوەت لە جەمالی محەمەد!

گوتنی: مەلەك خانم نیازی، ٦٢ ساڵە،
گوندی كفراوەر، گەیلانی غەرب، ساڵی ١٣٣٧.

***

Scanned with CamScanner

لادێیە کوردەکان بەم جۆرە سەرەتای ڕازو ئەفسانە دەست پێ دەکەن:

| | |
|---|---|
| Yaki Bi Yaki Navi | یکی بی یکی نوی |
| Qaira Xoda Kasi Navi | غیره خدا کسی نوی |
| Kusa Merd Kafan navi | کوسه مرد کفن نوی |
| Kafan la hamyan bi | کفن له همیان بی |
| Sage siyai live ban bi | سگ سیەو لیو بان بی |
| Camcakola malawan bi | چمچه کله ملوان بی |
| Caq caq dare gerdakan bi | چغ چغ دار گردکان بی |
| Pewgel La pewgeldan bi | پشکل له پشکلدان بی |
| La bana doruzantar navi | لەبنه دروزن تر نوی |
| La qala risiater nave | لەغلا روی سیەتر نوی |
| La kura begerim la kura bewnavim | لەکوره بگریم لەکوره بشنویم |
| La dotaile Harsi | له دوتیل هرسینی |
| Covailian Ca pialai Cin | چاویلیان چو پیالەو چینی |

واتە:

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو (هەبوو،نەبوو)

جگەلەخوا کەسی تر نەبوو

کۆسە مرد کفن نەبوو

کفن لە هەمەدان بوو

سەگی ڕەش لە لێوی بان بوو

فەر. ە بۆق مەلەوان بوو

چەغ چەغ درەختی گوێز بوو

Scanned with CamScanner

قشپلێ لە قشپڵدان بوو
کەس لەبەندە درۆزنتر نەبوو
کەس لەقەل ڕووڕەشتر نەبوو
لە کوێوە بگرین، لە کوێوە ببیسین
لە کچانی هەرسینی
چاویان وەك پیاڵەی چینی

***

**ئەو سەرەتایەی لادێییەکانی گوندەکانی کلیایی بۆ ئەفسانەی دادەنێن:**

ای برادر بد ندیده
سرت به کهکشان فلك رسیده
از کجا بگوییم، از کجا بشنوییم
از سنگهای مرمر
درختان عرعر
سر زایوان درکرده
نهنك جم جم
نالەو قمری
چهچهەو بلبل
گوش فلك کر کرده
باغی بود، بوستانی بود
گلی بود، گلستانی بود
یکی بود، یکی نبود، غیر از خدا کسی نبود.

Scanned with CamScanner

واتە:

ئەی برا خراپە نەبینی،
سەرت بگاتە کاکێشانی گەردوون.
لەکوێوە بڵێین، لەکوێوە ببیسین.
لەبەردی مەڕ مەڕ
لەداری عەڕ عەڕ
کە سەری لەهەیوان دەرچووە
ئاهەنگی جوم جوم
نالەی قومری
چەهچەهەی بولبول
گوێی گەردوونی کەڕ کردووە.
باخێ بوو، بیستانێ بوو،
گوڵێ بوو، گوڵستانێ بوو،
یەکێ بوو یەکێ نەبوو
بێجگە لە خوا کەسی تر نەبوو.

لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا دەڵێن:

چیەو گل، چیەو نرگس — Capaci gol capaci narges
داغت نویم هرگس و هرگس — Daget Navinem Herges o harges

واتە:

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز
داغت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز

(واتە: مەرگت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز)

***

سەرەتایەکی دی بۆ ئەو ئەفسانانەی لادێیەکانی دەورووبەری بێستوون و چەمچەمال دەیڵێن:

| | |
|---|---|
| ای برادر بد ندیده | Ai beradar bad nadida |
| سرت وکشکشان فلك رسیده | Saret va kawkawane falak rasida |
| ادی و ادی | adi va adi |
| چشمەو مرادی | Cewmai moradi |
| چمنه و چوزه | Camano |
| خوردەو ریزه | Xurdao riza |
| هرزه لولو چیه پیچه و | Harza lao lao, cia picawa |
| بزن دنانی، کرده ریچه و | Bezen, denani,kerda,ricava |
| وگل وگلسان | Va golo golesan |
| وباخچه وبوسان | Va baxcao bosan |
| وخواجه وقمر | Va xajao qamar |
| وعلی وعمر | Va alio Omar |
| تا روژ ماشر | Ta rooze mawer |

گوتنی: مەشهەدی شوکراله شیرزاده
٧٥ساڵە . قاوەچی گوندی بێستون

واته:

ئەی برا خرابه نەبینی،
سەرت بگاته کاکێشانی فەلەك
ئادی وە ئادی (واتە: پەیمان بە پەیمان)
کانی مرادی
چیمەن و چووزەرە
وردەو کوزەرە

Scanned with CamScanner

هەرزە لەولەو چووە پێچەوە

(واتە: ئاڵی هەرزە ڕۆیشت و پێچی کرد)

بزن بەدانی ڕیچەوە

لەگوڵ و گوڵستان

لەباخچەو بێستان (گوتمان)

لەخواجەو قەمەر

لە عەلی و عومەر

تا ڕۆژی مەحشەر.

Scanned with CamScanner

ئەفسانەو رازیش

# قسەیەکی کورت لەبارەی ئەم کۆمەڵەیە

لەکۆنترین رۆژگارەوە، هەر لەو کاتەی کە دایەو داپیرە، یان پیرێکی بەساڵاچوو لەدونیادا هەبووە، ئەفسانەو رازیش[1] هەبووە. تەمەنی ئەفسانەو چیرۆکی میللی بەقەدەر تەمەنی ئادەمیزادە. مرۆڤ لە چیرۆك و ئەفسانەدا، بەدوای ئارەزووە سەرکوتکراوو بەدی نەهاتووەکانی خۆیدا دەگەڕێ و چارەنووسی باپیرە گەورەکانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوەو کینەی خۆی بەرامبەر بە ستەمکارو زۆرداران، بەشێوەیەکی لابەلا، لەناو وشەکان دەشارێتەوە.

ئەفسانە بێ ناسنامەو بێ کەس و کارنین. ئەمانە سینە بە سینە هاتوون و پێگەییون و تا ئەمڕۆ پارێزراون و لەهەموو بەلگەیەك باوەڕپێکراوترن. ئەفسانە پڕن لەبەرگری و ڕق و ئارەزوو و باوەڕی ئایینی و نەتەوایەتی و لێواولێون لەخەباتی بەربڵاوو بەردەوام لە پێناوی پڕ بەرهەم کردنی ژیانێکی سەربەرزانە.

بیروڕای ئایینی، بەشێوەیەکی سادەو ڕاستگۆیانە و ڕەمەکیانە لەئەفسانەدا باس کراوە، پێچ و پەناو ڕەمزو ڕمووزی تێدا نییە.

دیسان ئەفسانە هێزو گوڕی تایبەتمەندییەکانی ژیانی خەڵکە. پەیوەندییەکانی بەینی خەڵك و شێوازی لێك گیربوونیان یەکاڵاو شی دەکاتەوە. ئەفسانە لێکدەرەوەی هەستی قووڵی مرۆڤایەتییەو بەدرێژایی چەندەها سەدەو چاخ بنیادی سیاسی و ئابووری و کولتووری کۆمەڵەکانی لەناخی خۆیەوە پاراستووە.

ئەفسانە هەماهەنگییەکی بەرز لەگەڵ ژیانی واقیعی خەڵك پەیدا دەکاو کەلە شوێنێکی جوگرافی نوێ دەگیرسێتەوە، ڕەنگ و بۆی ئەو وڵاتە دەگرێ. خواردن و ئاژەل و باڵندە ڕەنگی ناوچەیی وەردەگرن. مامەی ئاسنگەری فلانە ئەفسانە دەبێ

---

[1] ئەفسانەو مەتەل، لادێیەکانی دەوروبەری قروە (ران)و لادێیەکانی چەمچەماڵ (پاچ)ی پێ دەڵێن.

Scanned with CamScanner

بە وەستا خەلیل، یان وەستا حوسێنی ئاسنگەر کەلەو شوێنە دوکانی ئاسنگەری هەیە.

وێنەی شێت لە ئەفسانەکانی خەڵکدا شایەنی قووڵ بوونەوەو لێکۆلینەوەیە. شێتەکان لەئەفسانەی میللیدا بە زۆری قسەی لۆجیکی دەکەن، قسەیان ڕاست و کردەوەیان دروستە. بەزۆریش جێگای ڕقی پاشاو میرەکانن. ئایا بەو وێنەیەی، خەڵکی لە ئەفسانەکان بە شێتەکانیان داوە، مەبەستیان ئەوەنەبووە کە هاواری خۆیان بە گوێی زۆرداران بگەیەنن؟ بە ڕەچاوکردنی ئەو مەسەلەی کە شێت گوناهیان نییە!

گیاندارەکان، لەچیرۆکی میللیدا، هەریەکە نوێنەری تیپ و کەسێتی توێژو چینێکی کۆمەڵن و هەندێ جار بچووکترین و بێ دەست و پلترین گیاندار کاری بەرز ئەنجام دەدەن و زۆردارو ملەستووران لەناو دەبەن بۆ ئەوەی بەمەوە ڕاستەقینەی توانای ترسناک و بەلام پووشکەییان ئاشکرا بکەن. لەم کتێبەدا دەبینین چۆن چۆلەکەیێ کە خانووی لەقاقەزە، دەبێ بەهۆی لەناوچوونی پاشایەك و بەزرنگی، خۆی نەجات دەدا. لەسەردەمی منداڵیما، چەندەها جار ئەم چیرۆکانەم لە زمانی داپیرەم بیستووە، بەلام لە هیچ کتێبێکدا نەمدیون و دەتوانم بڵێم ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە چاپ دەکرێن.

ئەفسانەی ئێرانی جێگایەکی بەرزو تایبەتی لەناو ئەفسانەی میلەتاندا هەیەو ئەفسانەی کوردیش لەو ناوەدا خاوەنی ڕەنگ و بۆیەکی ترە. وشەو دەستەواژەی جوان و ناسکی زارەکانی کوردی و بەتایبەتیش کوردی کرماشانی شتێ نییە بتوانین بەسادەیی بەسەریدا تێپەڕین. دەقی ڕەسەنی ئەم چیرۆکانە دەبێ تۆماربکرێ و بپارێزرێ[٢]، چونکە ئەم ڕازانە، لەئەنجامی هاتنی ڕادیۆ و کەم کەمەش تەلەفزیۆن بۆ لادێ و قاوەخانەکان، ڕەسەنایەتی خۆیان لەدەست دەدەن.

---

[٢] زۆر لەو شتانەی لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، بەدەقی خۆیان لەسەر تەسجیل تۆمارکراون و هەن.

زۆر لەو چیرۆکانە ئەو کاتە ناسکی و جوانیان دەردەکەوێ کە بەزمان و زاری ڕەسەنی خۆیان بگێڕدرێنەوە. هەر بۆیەش، بە زەحمەتێکی زۆرەوە دەقی هەندێ ئەفسانەم وەکو خۆی نووسیوەتەوە بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتیان بپارێزرێ.

کۆکردنەوەی ئەفسانەو ڕازو نمایش و یاریی تەقلیدی کوردی، کە ئەم بەشەی دواوە تا ئێستا کۆنەکراوەتەوەو بەبێ دەست لێدان ماوەتەوە (ونزیکەی ئەمە یەکەمین جارە کە نمایش و یاریی تەقلیدی کوردی کۆدەکرێتەوە) کارێکی سەخت و وردە.

تەنیا ئەشق و خۆشەویستی زۆر، دەتوانێ مرۆڤ بەرەو کوێرە ڕێی دووری لادێکان ڕابکێشێ. دەبێ ساڵەهای ساڵ لەناو خەڵك و لەگەڵ خەڵکدا کۆچ بکەی و خۆشت یەکێ بی لەهەقایەتخوانەکان و ئەفسانەت لەسنگدا بێ، ئەگەر نا بەتەشکیلاتی پان و بەرین و دوورو درێژ (کە ئەگەر لەهەق لانەدەین ئیش و کاری ئەم ئیداراتەش بەش بەحاڵی خۆی شایەنی بایەخ پێدانەو بۆ تۆژەوەران بەسوودە)و دەفتەرو دەفتەرچە ناتوانی ڕەسەناتی بەکارەکانت ببەخشێ. بێ شك، ئەو جێگایەی بە ئەسپ و ئێستر و تەنانەت بە پیادە پێدا بڕۆی لە چیاو گەڵیو ڕوبارو قورەبەگ و ساڵەهای ساڵ لەوێ لەگەڵ خەڵکدا بژی، جیایە لەگەڵ گەشتێك کەبە ئوتۆمبیلی فەرمانگەو بە جادەی قیرتاوکراودا بیکەی کە لادییەکان نازانن ئاخۆ تۆ کارمەندی خەرج و باجی یان کۆکەرەوەی ئەفسانە!

لەو بارودۆخەدا لادێیەکان ئەگەر ئەفسانەشت بۆ بگێڕنەوە کە لە تۆماری دوا مۆدیل تۆماریان بکەی، ئەو دروستی و ڕەسەنایەتیەی تێدا نییە وەك ئەوەی کە شەوی ساردی زستان لەژێر کورسوو دابنیشی و چای خەست هەڵقوڕپێنی و لەناو دوکەڵی چرو جگەرە کێشانەوە گوێت لە ئەفسانە بێ. لەم بارەیەوە، دەبێ بە لێبڕاوەیی بڵێین کە زوربەی ئەو بەرهەمانەی پەیوەندییان بە کولتووری خەڵکەوە هەیە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەوە کۆکراوەتەوە(جگە لە بەد نیازی و مەبەستی تایبەتیان) تەنیا چمکێکی ڕووکەشی کولتووری خەڵکی ئەم وڵاتەیە کە دەبێ بە پارێزەوە خۆی لێ بدەین، چونکە لە هەندێ جێگادا دەستکاری وا دەبینین کە

بەپێی سەلیقەو خواست و ئامانجی خۆیان ئەنجامیان داوە، کەچی یەکەمین مەرجی کاری وا، ڕەچاوکردنی بێلایەنی تەواوە. نابێ هیچ جۆرە دەمارگیریی نەژادیو ڕەوشتی و زمانی و ئایینی بخرێتە ناو ئەو کارانەی پەیوەندییان بە کولتووری خەڵکەوە هەیە. ئەوانەی دەمارگیری ناوچەگەریی و نەتەوایەتییان هەبەو بیر لە چەوساندنەوەی میللەتان دەکەنەوە، کارەکانیان جێی متمانە نییە. جێی خۆیەتی کە کاری کۆکردنەوەی دروستی کولتووری خەڵکانی خۆمان لە لایەنی کەسانی ئارەزوومەندەوە ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی بەبەراوردکردنی لەگەڵ ئەو کارانەی کە ڕۆژهەڵاتناسان تا ئێستا ئەنجامیان داوە ئاشکرابێ و بزاندرێ ئایا کەش و هەوای ئەفسانە و ڕازەکانی ئێمە هەمان ورەی گۆشەگیری و خۆبەدەستەوەدانی تێدایە کە ئەوان تۆماریان کردووە؟ یان بە پێچەوانەوە پڕە لە چەقین و خەبات و تێکۆشان.

من نزیکەی سی (٣٠)ساڵ لەگەڵ ئەم ئەفسانەو نمایش و یارییە تەقلیدییە کوردییانە ژیاوم. لە ساڵی (١٣٣٥)ەوە کە تەنیا قوتابییەك بووم و هیچی تر، دەستم بە کۆکردنەوەیان کرد. بێگومان کەلتووری خەڵکی وڵاتی ئێمە ئەوەندە بەربلاوو پڕ بەرە کە هێشتا زۆر جێگا بۆ ساغ کردنەوەو لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوە ماوە.

کەم و کورتی زۆرە. بەتایبەتی لەبەشی وشەی عامی کە هێشتا تەواو نییە. چاوم لە دەستی توێژەرەوەو هاوولاتییانی زاناو ئازیزە کە لەم بارەیەوە یارمەتیم بدەن بۆ ئەوەی کەم و کورتییەکانی ئەم کۆمەڵەیە نەمێڵین.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

هاوینی ١٣٦١ ی خورشیدی

# ١-چیرۆکی کیسەڵ وهاوڕێکانی

کاکم سەلامەتداربێ، هەبوو نەبوو، بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو. کیسەڵێك و تەپاڵەیەك و داردەستێك و کوچکە بەردێکی پێنج سیری[1] زەرگەتەیەکی زلە، کە ئێمە پێی دەڵێین زەرگەتە کافرە و مارێك بوون بە هاوڕێ و بەرەو ماڵی خانێکی زۆردار و مفتە خۆر کەوتنە ڕێ.

لە ڕێگا قسەیان لەگەڵ یەگدی کردو بە پێی توانای خۆیان ئیشەکانیان دابەش کرد. هەر یەکە ئیشێکی وای گرتە ئەستۆ کە لێی شارەزا بوو و پێی دەکرا بۆ ئەوەی زەبرێکی سەخت لەو خانە مفتە خۆرە بدەن.

داردەست چوو لەبەر دەرگای ماڵەوە دانیشت و لە دڵی خۆیدا گوتی:(خان هەمیشە ڕەعیەتی خۆی بە من دارکاری دەکرد. ئێستاش من دارکاری پێشانی ئەو دەدەم).

کوچکە بەردی پێنج سیری چوو و لە لێوی بان هەڵتروشکا و لە دڵی خۆیدا گوتی:(خان هەمیشە منی ڕادەوەشاندە سەروچاوی ڕەعیەتەکانی، ئێستاش من خۆم بە خزمەتی دەگەم).

مار فیشکەیەکی کردو چوو خۆی لە دەوری پایەگای چرای خان ئاڵاند. خۆی بە جۆرێ وەکو پایەگا زێوەرەکانی چرا کۆنەکان لێ کرد کە کەس نەیدەناسییەوە. مار لە دڵی خۆیدا گوتی: (خانی زۆردار منی فڕێ دەدایە ناو زندانەکانی بۆ ئەوەی ڕەعیەتە زەحمەتکێشەکانی زارەترەك بن و دەست لە سەرکێشی هەڵگرن.بە ڕاستی کارێکی خراپ بوو. ئێستا تۆڵەی ئەو ستەمانە دەکەمەوە).

زەرگەتە چوو لە سەر دەرگا نیشت و گوتی: (خانی زۆردار هەر کاتێ ڕەعیەتێك باج و هەستەی نەدابا، شیرەی لە لەش هەڵدەسوی‌و منی بەر دەدایە گیانی ئەو ڕەعیەتە، چ کارێکی خراپم دەکرد!ئێستا دەبێ تۆڵەی ئەو سا بکەمەوە).

---

[1] سیری: یەکەیەکی سەنگە. ١٧٠ گرامە.

Scanned with CamScanner

تەپاڵە چووە ناو تەندوورو سەری ئاگری گرت و لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەگەر من وشك بم تەندووری خان بە من دادەگیرسێ و سوور دەبێتەوە، بەڵام ئێستا تەڕم و تەندوورەکە دەکوژێنمەوە).

کیسەڵیش چووە ناو تەوێلەو بێ هەست و خوست چاوەڕێی هاوڕێکانی کرد کە دەست بە کاربن و مەرو چێڵی خان دەرکەن و بیانبەن. بۆیە کیسەڵ چوو بووە تەویلە چونکە پشتی ڕەق بوو و لە ژێر پێی چێڵ و مەڕ نەدەپڵیشایەوە.

ئێوارە درەنگ بوو و خان لە تەك پەنجەرە، پاڵی بە بالیفی نەرم دابوو کە لە پڕ گوێی لە دەنگە دەنگێکی سەیر بوو. خان دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی شقارتە بێنێ و چرا داگیرسێنێ، بەڵام کە دەستی لە پایەگای چرا نزیك کردەوە، مارەکە پێی وەدا.

خان بە هات و هاوار و لوورە لوورە چووە لای تەندوور بۆ ئەوەی پەلە ئاگرێك دەربێنێ و چرا داگیرسێنێ بەڵام پەنجەی لە تەپاڵە ڕاچوو.

خان بە ویقە ویق ڕایکردە لای دەرگا بەڵام داردەستەکە زۆر قایم خۆی بە لاق و لەتەری دادا. خان، کە لەبەر ئێشی لەشی خۆی گێنگڵی دەدا،هەڵاتـە دەرێوە. زەرگەتە لەسەر دەرگا هەستایەوەو بە گوێیەوە دا . خـان بـە دەستە پاچەیی و هەراسانی خۆی کوتایە حەوشە، لەو کاتەدا کوچکە بەردی پێنج سێری لە سەر لێوی بانەوە بەسەر سەریدا بەر بووەوە خان بە بێ هۆشی تخیلی زەوی بوو.

کیسەڵ کە لە تەویلە چاوەڕێی دەکرد، هەر کە گوێی لە بەربوونەوەی خان بوو و زانی هەموو ئیشەکان بە پێی پێویست ڕۆیشتوون، وارە وارە مێگەلی لە هۆر دەرکردە دەرەوە.

هاوڕێکان، کە هەر کەسە ئیشی خۆی زۆر بە چاکی ئەنجام دابوو، بە خۆش و شادی کۆبوونەوە سەر یەك و کردیانە ئاهەنگ و چێڵ و مەڕەکانیان بە سەر ڕەعیەتەکاندا دابەش کرد.

لە زاری: محەمەد ڕەزایی ٥٨ ساڵە
زستانی ١٣٥١

# ٢- چیرۆکی مشك و پووش و کەستەك و کەوچك

مشکێك و پووشێك و کەستەکێك و کەوچکێك بوون بە هاوڕێ و بڕیاریـان دا بە یەکەوە بژین. بە یەکەوە کاریان کردو خانوویەکیان لە کاغەز چێ کرد. زستان هات. بوو بە هەورو دایکردە باران و خانووەکەیان دڵۆپەی کرد.

مشك بە پووشی گوت: ((ئەی پووش، هـاوڕێی ئـازیز، بـڕۆ نـەختێ بانـەکە بپەستەوە بۆ ئەوەی چیدی دڵۆپە نەکا)). پووش چووە سەربان . بایەکی توند هەڵیکرد و پووشەکەی برد، بردی فڕێی دایە ناو گەڵییەك .

لە بەر ئەوەی پووش هیچ خەبەری نەبوو، مشك بە کەستەکی گوت: ((ئەی کەستەکی ئازیز، تۆ بڕۆ کارێکی وا بکە بەڵکو دڵۆپەکە بوەستێ)). کەستەك بە سەربان کەوت، بەڵام باران لێی داوتلیسایەوەو لێك هەڵوەشایەوەو لە ناوچوو.

لە بەر ئەوەی پووش و کەستەك هیچ خەبەریان نـەبوو، مشـك بـە کـەوچکی گوت: ((ئەی کەوچك، تۆ بڕۆ کارێ بکە)). کەوچك چووە سەربان. لەو کاتەدا هەڵی برینگاندو هەورەکەی پەرت کردو ڕۆژ جۆشاندی و هەتاو لە کەوچکی داو کەوچك قەڵشت و شەقار شەقار بوو. ئەوسا، لەبەر ئەوەی ئەو برادەرانەی چووبوونـە سەر بان هیچ خەبەریان نەبوو، مشك هەستا خۆی چووە سەربان و کە زانی هەر یەکە لە هاوڕێکانی تووشی چتۆ کۆستی گەورە بووە، لە داخانـا کێشـای بـە سـەری خۆیداو قاقا پێکەنی و لە سەر بان کەوتە خوارەوەو قنیاتی لەبەر بڕا.

لە زاری: عەبدوللا ئەمجەدیان، ١١ ساڵە

گوندی چارملان سنقر و کلیایی

زستانی ١٣٥١

# ٣- چیرۆکی پیرە ژن و پشیلە

هەبوو نەبوو، پیرە ژنێك هەبوو. لە داری دونیادا یەك تاقە بزنی هەبوو. ڕۆژێ وەکو هەموو ڕۆژەکانیدی، پیرە ژن شیری بزنەکەی دۆشی و لە بن سەوی دانابۆ ئەوەی نیوەڕۆ بە نانی بخوا. لەو کاتەدا، پشیلەی پیرە ژن هێدی هێدی چووە لای سەوییەکە. سەوییەکەی لابردو کەوتە سەر شیر خواردن. پیرەژن بە سەردا هاتەوەو پشیلەی لە حالی شیر خواردندا بینی . پیرە ژن هێواش هێواش لە پشتەوەڕا لە پشیلە نزیك کەوتەوەو تەورێکی بە دەستەوە بوو، تەوری داوەشاندو کلکی پشیلەی بڕی.

پشیلە گوتی: ((میاو میاو، پیرە ژن بێنە کلکە قورەم وێ دەوە))[1].

پیرە ژن گوتی: ((تۆ بڕۆ شیرەکەم بێنەوە، تا کلکە قورەت بدەمەوە)).

پشیلە چووە لای بزن و گوتی: ((ئەی بزن، شیردە، بۆ داپیرە، داپیرە کلکە قورەم وێ دە)).

بزن گوتی: ((بڕۆ لای درەخت چڵووم بۆ بێنە تا بیخۆم و گوانم پڕ شیر بێ و شیرت بدەمێ)).

پشیلە چووە لای درەخت و گوتی: ((ئەی درەخت، پەلك دە، بۆ بزن دە، بزن شیردا، بۆ داپیردا، داپیرە کلکە قورەم وێ دا)).

درەخت گوتی: ((من تینووم. بڕۆ لای ڕووبارو پێی بڵێ، بێ بە لامەوە تێپەڕێ بۆ ئەوەی ئاوەکە بخۆمەوەو پەلك دەربکەم و تۆش پەلکەکە بۆ بزن ببەی)).

پشیلە چووە لای ڕووبارو گوتی: ((ئەی ڕووبار، بڕۆ بەلای درەختدا تێپەڕە، درەخت پەلك دا، بۆ بزن دا، بزن شیر دا، بۆ داپیردا، داپیرە کلکە قورەم وێ دا)).

ڕووبار گوتی: ((ئەی پشیلە، بڕۆ لای کچ و پێی بڵێ چۆپی کا، ڕووبار ئاودا،

---

[1] هەوڵ دراوە لە وەرگێڕانی ئەم چیرۆکەدا پەیرەوی دەقی لای خۆمان بکرێ.

Scanned with CamScanner

درەخت پەلك دا، بزن شیردا،( بۆ داپیردا)، داپیرە كلكە قورەم وێ دا.

پشیلە چووە لای كچ و گوتی: ((كچەكەم چۆپی بكە!))

كچە گوتی: ((سەیر كە، پێم خواسە! برۆ لای پینەدۆز. پێی بڵێ پینە دۆز، چەكمەدە، (بۆ كچی دە)، كچ چۆپی كا، ڕووبار ئاودا، درەخت پەلك دا، بزن شیردا، (بۆ داپیردا)، داپیرە كلكە قورەم وێ دا)).

پشیلە چووە لای پینەدۆز. پینەدۆز گوتی: ((برۆ لای مریشك و پێی بڵێ: ئەی مریشك، هێلكە بدە بۆ پینەدۆز، پینەدۆز چەكمە چێ كا، كچ چۆپی كا، ڕووبار ئاودا، درەخت پەلك دا، بزن شیردا، بۆ داپیردا، داپیرە كلكە قورەم وێ دا)).

پشیلە چووە لای مریشك و گوتی: ((ئەی مریشك، هێلكە وە دۆ!))

مریشك گوتی: ((برۆ لای خاوەنی خەرمان و پێی بڵێ گەنم بدا تا گەنمەكە بخۆم و هێلكە بكەم، پینەدۆز چەكمەدا، كچ چۆپی كا، ڕووبار ئاودا، دارپەلك دا، بزن شیردا، ( بۆ داپیردا)، داپیرە كلكە قورەم وێ دا)).

پشیلە چووە سەر خەرمان و گوتی: ((ئەی خەرمان گەنم وە دۆ!))

"خەرمان گوتی: برۆ لای (با)، پێی بڵێ هەڵ بكا تا من گەنم بدەم، مریشك هێلكەدا، پینەدۆز چەكمەدا،كچ چۆپی كا، ڕووبار ئاودا،درەخت پەلك دا، بزن شیردا، (بۆ داپیردا)، داپیرە كلكە قورەم وێ دا."

(با) هەڵی كرد. ڕەوسە سووربوو. مریشك هێلكەی كرد. پینەدۆز چەكمەی دا، كچە چۆپی كرد، ڕووبار ئاوی دا، دار پەلكی دا، بزن شیری دا، پشیلە شیرەكەی دایە پیرەژن و پیرە ژن كلكی پشیلەی هێناو بە هەندێ قیر لە كلێنجەی پشیلەی قایم كردەوە.

لە زاری: شێخ مراد كانی قوتی، ٧٥ ساڵە
گوندی: چشمە قوت، سنقر كلیایی
زستانی ١٣٥١

# ٤-چیرۆکی گورگ و ڕێوی

گورگێك چەند ڕۆژ بوو برسی بوو، ڕێی کەوتە ئاواییەك. کەبە قەراغ ئاواییەکەدا تێدەپەڕی، چاوی بە کۆلێتە مریشکێك کەوت، پەلاماری کۆلێتی مریشکەکانی داوکەڵەشێرێکی گرت و بۆی دەرچوو.

خەڵکی ئاواییەکە بە خەبەر هاتن و کەوتنە دووی. لە هەموو لاوە خەڵك ڕاویان دەناو هاواریان دەکرد:

(هێ گەرە گەرە، لە کورە دەرە !)

لەو لاشەوە سەگ شوێنی کەوتبوون، قیامەت هەستا بوو. کە گورگ لە گردۆڵکەی تەنیشت ئاوایی ئاودیو بوو، لە ناکاو چاوی بە ڕێوییەك کەوت لێی نووستبوو. ڕێوی لەگەڵ ترپەی پێی گورگ بە ئاگا هات. گورگ تەنگە تاو بوو، لخە لخی دەهات. ڕێوی لێی پرسی: ((ئەوە بۆ واتەنگاوی ؟ چ بووە؟))

گورگ گوتی:

((چۆن تەنگاو نەبم! پاش ماوەیەکی زۆری برسێتی و سەرکردن بەم ماڵ وبەو ماڵ، تازە ئەمرۆڕێم کەوتە ئاواییەك و ئەم کەڵەشێرەم قەپاند. فەرموو سەیر کە خەڵك کردوویانە بە چتۆ هەراو هۆریا و پاش ملە چ دەڵێن؟! یەکێ دەڵێ: ئاخ کەڵەشێرێکی چەند جوان بوو! یەکێ دەڵێ: سەنگی دە هۆقە دەبوو! یەکێ دەڵێ:پەنجا درهەمی دەهێنا! کەچی خۆت دەبینی کەڵەشێرەکە ئەوەندەش قەڵەو نییە!))

ڕێوی گوتی:

((ئێستا بۆچی خۆت تەنگاو دەکەی !؟ کەڵەشێرەکە دانێ سەر زەوی بۆ ئەوەی بۆتی بکێشم، بزانم سەنگی چەندە ! گوێ بە قسەی خەڵك مەدە!))

گورگ کەڵەشێرەکەی دایە ڕێوی بۆ ئەوەی بیکێشێ. ڕێوی نەختێ دوورکەوتەوە، وای پیشان دا گوایە بە شوێن بەردێکدا دەگەڕێ تا کەڵەشێرەکەی پێ بکێشێ، گوتی:

((برام تەنگاو مەبە، من بە دە هۆقە قبووڵمە)).

بەم جۆرە کەڵەشێرەکەی بردو هەڵات."

لە زاری: محەمەد عەلی ئەمجەدیان
ئاوایی: چارملان سنقر و کلیایی
زستانی ١٣٥١

جامعة صلاح الدين ٤٣٩
عمادة كلية الآداب
المكتبة

جامعة صلاح الدين
عمادة كلية الآداب
المكتبة

Scanned with CamScanner

# ٥- چیرۆکی جۆلا

ڕۆژێکیان کابرایەکی لادێی، کە بێکاری و نەداری تەنگیان پێ هەڵچنی بوو، ماڵئاوایی لە ژن و منداڵەکانی کردو ملی دەشت و چۆڵەوانی گرتە بەر. بەرە بەری نیوەڕۆ گەیشتە گوندێك . کاتێ بە ناو گوندەکەدا دەڕۆیشت ژنێکی دی لە تەك خانوویەك وەستا بوو، خوری دەڕست.

ژنە، کە چاوی بە کابرای لادێی کەوت گوتی: ((برا ئۆغرت خێربێ؟ ئەوە لە کوێ دێی و بۆ کوێ دەچی؟))

کابرای لادێی، کە زۆر دڵتەنگ و ناڕەحەت بوو، لەبەر کەرب و ڕکی خۆی گوتی: ((لە دۆزەخەوە دێم و دەچمەوە دۆزەخ!)) .

ژنە هەڵیدایێ و گوتی: ((مادام لە دۆزەخەوە دێی، توخوا ئاگات لە ئەحمەدی برام نییە))؟!

کابرا بیری کردەوە، زانی هۆی پەیدابوونی دەرامەتێکی باشی بۆ ڕەخساوە. ڕووی خۆی ترش کردو گوتی: ((ئەم قیڕە خەستە ئەحمەد بە سەری منی کردووە و هەموو چارە ڕەشی من لە ژێر سەری برای تۆدایە. چونکە سەبارەت بەو دوو سەد درهەمە قەردەی لە دونیادا لە سەریەتی ئێستا وا لە دۆزەخ هەڵیانواسیوەو خەریکن بە کێرد لە ناوقەدەوە بیکەن بە دوو لەت، ئەویش منی ناردووە بەڵکو هەوڵێکی بۆ بدەم)).

ژنە بە هەردوو دەستان لە سەری خۆی داو بە ناڵان و فوغان ڕایکردەوە ماڵێ. دوو سەد درهەمیان هەبوو، پاشەکەوتی چەند ساڵ ڕەنج و کوێرەوەرییان بوو، هێنای دایە کابرای لادێی بۆ ئەوەی زوو فریای برای بخات لە دۆزەخ.

کابرای لادێی بە شادومانی کەوتە ڕێ و دەوری دیرگا(عەسر) گەیشتە دێیەکیدی و چووە ماڵی جۆلایەك.

با بزانین لەولاوە چ بوو. کە مێردی ژنەکە هاتەوە و بە مەسەلەی دوو سەد

درهەمەکەی زانی، تێکەیشت فێڵێکی گەورەیان لە ژنەکەی کردووە و تەفرەیان داوە. جا سواری ئەسپ بوو و بە پرسیاران کەوتە تاقیبی کابرا.

کابرای لادێی لە پەنجەرەی ماڵی جۆڵاوە سەیری دەشت و چۆڵەوانی دەکرد، لە ناکاو سوارێکی دی، تۆزی دەکرد و دەهات. زانی مەسەلە چییە، یەکسەر بە جۆڵای گوت: ((ئەرێ ئاگات لێیە کچی پاشا نەخۆش کەوتووە و حەکیمان گوتوویانە دەرمانی تەنیا جەرگی جۆڵایە؟ ئێستاش وا سوارێك تەقڵە کوت هێرە دێ؟))

جۆڵا لە ترسان لە سەر کردارەکەی (دەزگاکەی) هەستاو چووە تەویلەو خۆی لە کوژییەك شاردەوە. کابرا چوو لە سەر کرداری جۆڵا دانیشت.

سوارەکە سۆراغی کابرای لادێی لە خەڵکی گوند پرسی و چووە ماڵی جۆلا. دیتی کابرایەك لە سەر کردارەکەیە، لێی پرسی:

((ئەرێ تازە کەس هاتە ئەم ماڵە))!؟

کابرای لادێی گوتی: ((بەڵێ، کابرایەك هات. ئێستا وا لە ناو تەویلە خۆی شاردۆتەوە)).

مێردی ژنە ساویلکەکە چووە ناو تەویلە و کەوتە گەڕان و پشکنین، چرایەکی پێ بوو، بەو چرایە سەری بە هەموو کون و قوژبنی تەویلەدا گرت. لە ناکاو جۆڵای لە کوژییەکدا دی و گوتی: ((هەها!!!))

جۆڵا هاواری کرد: ((هەهاو ژەهری مار! هەهاو دەردی بێ دەرمان! وا هاوار دەکەی هەها، چییە جۆڵات دۆزیوەتەوە! بۆچی چما هەر من جۆڵام ؟ سەد جۆڵا لەم ناوەدا هەیە. تەنیا دەتەوێ جەرگی من ببەی))؟!

کابرا لەگەڵ قسەکانی جۆڵا، بیری کردەوەو گوتی: ((خاڵۆ، وەرە دەرەوە، بزانم حاڵ و مەسەلە چییە؟))

بەڵام لەو لاوە کابرای خاپینۆك کە دیتی سوارەکەچووە تەویلە، کرداری جۆڵایی بردو سواری ئەسپەکە بوو و هەڵات.

جۆڵاو مێردی ژنەی ساویلکە لە تەویلە هاتنە دەرەوە، دیتیان کابرای لادێی

Scanned with CamScanner

ئەسپ و کرداری جۆلاّی بردووەو ڕۆیشتووە.

کابرا ڕووی کردە جۆلاّ و گوتی: ((ئەم هەموو بەدبەختیە لە سەر نەزانی ژنەکەی من بوو!))

ئینجا مەسەلەکەی بۆ جۆلاّ گێڕایەوەو بە پێ گەڕایەوە گوندەکەی خۆیان.

لە زاری: سەید عەلی ئەمجەدیان
گوندی: چارملان، زستانی ١٣٥٢

Scanned with CamScanner

# ٦- شاکەو شووکە

ڕۆژێکیان دوو لادێی بە ناوی شاکەو شووکە ولاغیان بارکردو بەردو ئاشی گوندەکەیان کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی باراشیان بهاڕن.

کە گەیشتنە بەر دەرگای ئاش، لە سەر نۆبەتە ئاش لێیان بوو بە مشت و مڕو وەخت بوو وەرگەڕێنە سەرو گوێلاکی یەکتری. ئاشەوان بە سەرداهات و گوتی:

شاکەو شووکە! بەرمەبنە سەرو گوێلاکی یەکدی. وەرن هەر یەکەو درۆیەك بکەن. درۆی کامتان گەورەتر بوو، ئەو پێشان لێ بکا. قبووڵیان کردو شاکە گوتی: ((ساڵێکیان سەرەتای بەهار بوو، باخچەی ماڵەوەم کێلاو زبڵێکی زۆرم پێ وەرکرد و شووتیم لێ چاند. شووتی وای هێنا هەریەکە پڕ بە جواڵێك دەبوو. شووتیم بە سەر هەموو خەڵکی گوندی خۆمان و گوندەکانی دەوروبەرماندا بەشییەوە، ئەوەی ماوەش فڕێم دایە چۆلەوانی دوور بۆ باڵندان)).

شووکە گوتی: ((ساڵێکیان چوومە ڕاو و چۆلەکەیەکم پێکا. تەورم دەرهێناو چۆلەکەکەم پارچە پارچە کردو لە ناو جواڵانم کرد. بە کەر بە سەر خەڵکی گوندی خۆمان و گوندەکانی تردا بەشیمەوە. لەو گۆشتە هەندێکیشم بۆ حاکمی شار برد کە ناوی عەبدوڵلا کوێر بوو)).

لەو کاتەدا ئاشەوان هاواری کرد: ((براینە، ئێستاش عەبدوڵلا کوێر خەبەری ناردووە شاکە لاکەوێ، نۆرە ئاشی شووکەیە!))

لە زاری: عەلی داد ئەمجەدیان

گوندی: چارملان، زستانی ١٣٥٢

# ٧- کوڕە کەچەڵ

هەبوو نەبوو، کوڕە کەچەڵێك هەبوو. لەگەڵ دایکی پێکەوە لە گوندێکدا دەژیان. گوندەکە موڵکی کابرایەکی زەویدار بوو کە زەوی و زارێکی زۆری لەبەردەستدا بوو و پیوازی بۆ فرۆشتن و بازرگانی دەچاند.

ڕۆژێکیان کابرای زەویدار دیتی ڕەوە قەلەڕەشێك خەریکن توند توند پیواز بە دەنووك لە زەوی دەردێنن و دەیخۆن. دونیاش گرانییەکی سەخت بوو، هەر ڕۆژە چەند کەس لە برسان دەمرد.

ئەوەندەی زەویدار بەردی هاویشتە قەلەکان، سوودی نەبوو . بیری لە چارەیەك کردەوە. لە کابرایەکی بێ ئیش گەڕا. تووشی کوڕە کەچەڵ بوو. زانی لە کوڕە کەچەڵ باشتر نابێ. بە فرت و فێڵ و چاپلووسی لێی چووە پێش و گوتی: ((کوڕە کەچەڵ، باوکی تۆ کابرایەکی ئازابوو. تۆیش کوڕی ئەوی. دەبێ بیسەلمێنی کە تۆش وەکو باوکت ئازاو دلێری. ئایا دەزانی قەل چ دەردێکیان پێ کرددم))؟!

کوڕە کەچەڵ بە سەرسامییەوە گوتی: ((نەخێر دەردی چی؟))

زەویدار گوتی: ((هەموو پیوازەکانیان خواردووە و ئەم ساڵ هەموو لە برسان قڕ دەبین . وەرە، ڕۆژانە ئیشت ئەوە بێ قەلەکانم بۆ دەرکە، یەك هۆقە ئارد کرێت دەدەمێ)).

کوڕە کەچەڵ قبووڵی کرد. لە ڕۆژی پاشییەوە دەستی بە بەرد هاویشتن و قەل دەرکردن کرد. بەڵام هەر چەندە دەری دەکردن دووبارە دەهاتنەوە. شەو، کە شەکەت و ماندوو گەڕایەوە ماڵێ، حاڵ و مەسەلەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە.

دایکی کوڕە کەچەڵ، کە پیرەژنێکی دونیا دیتە بوو، گوتی:

((داویان لێ دابنێوەو بیانگرە!))

بۆ بەیانی کوڕە کەچەڵ داوێکی دروست کرد و دایناوە و خۆڵی بەسەر داکرد. بە ڕێکەوت شاژنی قەلان، کە بەنازو فیزەوە خۆی دەلەنجاندو پیوازی بە دەنووك

دەردەهێنا و دەیخوارد، پێی لە داوەکە ناو پێوە بوو. هەر چەندەی قغە قغی کردو پەڕوباڵی لێك دا بێ هودە بوو. کوڕە کەچەڵ دەرحاڵ گرتی و گوتی:

((دەبێ هەر ئێستا بتبە مە لای ئاغاکەم!))

شاژنیقەلان گوتی: ((کوڕە کەچەڵ، بەرەڵلام کە، بەرامبەر بەمە شتێکت دەدەمێ لە دونیادا مانەندی نەبێ)).

کوڕە کەچەڵ گوتی: ((چم دەدەیتێ))؟!

شاژنی قەلان گوتی: ((مەنجەڵۆکێکت دەدەمێ، هەر کاتێ ڕووی تێ بکەی و بڵێی: (دی لکە بجوش، پرت ئێش و گوشت) یەکسەر هەر چت گوت بۆت حازر دەبێ)).

کوڕە کەچەڵ، کە زۆر تامەزرۆی گۆشت بوو، قبووڵی کردو شاژنی قەلانی بەرەڵلا کرد.

شاژنی قەلان مەنجەڵۆکێکی دایە کوڕە کەچەڵ و گوتی:

((بەو مەرجەی چیتر داومان لێ دانەنێیتەوە!))

کەچەڵ بە خەنی خۆشی مەنجەڵۆکەکەی بردەوە لای دایکی و مەسەلەی شاژنی قەلان و خەسیەتی مەنجەڵۆکەکەی بۆ گێرایەوە. دایکی کەچەڵ لەبەر ئەوەی هەژارو بێچارە بوو، هەر دەیگووت: (دی لکە بجوش، پرت جواهر، پرت لباس، پرت ئێش و گوشت) هەرچی خۆراك و پۆشاکێکی داوای دەکرد حازر دەبوو.

ڕۆژێکیان، دایکی کەچەڵ چووە حەمام. جلی نوێی کردبووە بەرو گەوهەری بە خۆوە کردبوو. خودانی حەمام بە سەرسامییەوە پرسی:

((دایکی کەچەڵ، ماشەڵلا دیارە کاکە کەچەڵ کاروباری باش دەڕوا!))

دایکی کەچەڵ بە شادومانییەوە گوتی: ((نەخێر، بەڵام نهێنییەك هەیە، ئەگەر پێت بڵێم نایدرکێنی))؟!

خودان حەمام، کە کابرایەکی چاپلووس بوو، گوتی: ((نەبە خودا بە کەس نالێم!))

دایکی کەچەڵ گوتی: ((بەخودا کەچەڵ مەنجەڵۆکێکی هێناوە، هەر هێندە (ڕووی تێ بکەی و) بڵێی: (دی لکە بجۆش، پرت ێش وگوشت)هەرچی بتەوێ یەکسەر ئامادەی دەکا)).

خودان حەمام خۆشحاڵ بوو، بۆ پاداشت و خۆ ڕەپێش کردن چووە لای پاشاو حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە.

پاشا، کە کابرایەکی چاو چنۆك بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: (مەنجەڵۆکەکە لە کوڕە کەچەڵ دەسێنم و تەفرەیان دەدەم). سبەینێ بەیانی زوو، وەزیرو چەند نەفەرێکی نارد و بە زۆری زۆردارەکی مەنجەڵۆکەکەیان لە دایکی کوڕە کەچەڵ سەند.

شەو، کوڕە کەچەڵ هاتەوە، دیتی دایکی دەگری. پرسی: ((بۆ دەگری؟))

دایکی گوتی: ((کوڕم، پاشا بە مەسەلەی مەنجەڵۆکەکەی زانی و بە کوتەکی لێی سەندم)).

کوڕە کەچەڵ گوتی: ((دایکی خاسم، هەر گوێ مەدەرێ!))

بەیانی، کوڕە کەچەڵ دووبارە داوی دروست کردو لە ناو پیوازان دانیایەوە و دووبارە شاژنی قەلانی گرت و گوتی: ((ئەی شاژن، پاشا مەنجەڵۆکەکەی بە تۆبزی لە دایکم سەندووە . دەبێ شتێکی وام بدەیتێ پێی بچمە جەنگی پاشاو مەنجەڵۆکەکەی لێ بسەنمەوە)).

شاژنی قەلان نەختێ بیری کردەوەو گوتی: ((شتێکت دەدەمێ، ئیدی نەتوانن لێتی بسەنن. وێردێکت فێردەکەم، هەر چی بتەوێ بە خوێندنی ئەو ویردە دەستت دەکەوێ)).

شاژنی قەلان ویردێکی فێری کوڕە کەچەڵ کردو ڕۆیشت.

کوڕە کەچەڵ، کە لە دەست پاشا هەناوی پڕ خوێن ببوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: (دەبێ مەنجەڵۆکەکە لە پاشا وەربگرمەوەو خەڵك لە گرانیو برسێتی ڕزگار بکەم).

سبەینێ، کوڕە کەچەڵ ویردەکەی خوێند و گوتی: ((سوپایەکم دەوێ!))

دەرحاڵ تیپ تیپ سەرباز پەیدابوون . کوڕە کەچەڵ بەرگی شەڕی پۆشی و سواری ئەسپ بوو و بەرەو کۆشکی پاشا ڕۆیشت.

Scanned with CamScanner

لەولاوە نۆبەتداران خەبەریان دایە پاشا گوتیان: ((سوپایەکی گەورە وا بەرەو کۆشك و سەرات دێ)) . پاشا خێرا سوپایەکی نارد پێشیان بگرێ.

لە دەرەوەی شار، سوپای پاشا بەرامبەر بە سوپای کوڕە کەچەڵ بەزی و کوڕە کەچەڵ هاژوای تا گەیشتە پێش کۆشکی پاشا. پاشا کە دیتی کار ئالۆز بووە، گوتی: ((کوڕە کەچەڵ چت دەوێ))؟!

کوڕە کەچەڵ بە خوڕینەوە گوتی: ((ئەو مەنجەڵۆکەم دەوێتەوە کە بە خورتی لە دایکمت سەندووە!))

پاشا، کە هیچ چارەی نەما، یەکسەر مەنجەڵۆکەکەی دایەوە کوڕە کەچەڵ.

کوڕە کەچەڵ هەموو ڕۆژێ دەیگوت: (دی لکە بجوش، پرت ێش و گوشت)و هەرچی گەواهیرات و جل وبەرگ و شتی دی دەست دەکەوت بەسەر خەڵکی هەژارو برسیدا دەیبەشییەوە.

وا بوو تا پاشا مرد. لەبەر ئەوەی خەڵکی شار زۆر چاکەیان لە کوڕە کەچەڵ دی بوو، کردیانە پاشا.

کەچەڵ بوو بە پاشاو زەوی و زاری کابرای زەویداری بەسەر جوتیاراندا دابەش کرد. شاژنی قەلان، کە ئەم خەبەرەی بیست، لەگەڵ ڕەوە قەلەکان هاتە خزمەت کوڕە کەچەڵ و گوتی: ((مادام تۆ چاکەت لەگەڵ من کردو منت ئازاد کرد و نەتدامە دەست زەویداری ناڕەسەن، هانێ ئەم چەند پەڕەت بدەمێ، هەر کاتێ پێویستت بەمن بوو، پەڕێك هەڵکرووزێنە، وەکات لە خزمەتت حازر دەبم و ڕزگارت دەکەم)).

کوڕە کەچەڵ زۆر شادومان بوو. لەوسا بە دواوە جوتیارەکان لەسەر زەوی خۆیان خەریکی کشت و کاڵ بوون، بەروبووم زیادی کرد، خەڵك لە بەر ئەوەی کوڕە کەچەڵیان زۆر خۆش دەویست پتر چالاکیان دەنواندو زیاتر خۆیان ماندوو دەکرد، تا خەلایی و برسێتی و گرانی بە سەرچوو و کوڕە کەچەڵ و خەڵکی شار بە خێرو بێرێکی زۆرەوە کەوتنە ژیانێکی خۆش و شاد.

لە زاری: عەباس دەروێشی
کرماشان

Scanned with CamScanner

# ٨- فیلْ و تەلەکەی بازرگان

لە سەردەمانێکدا کەچەڵێك لەگەڵ دایکی بەیەکەوە دەژیان.ماڵیان لە کەناری ڕووبارێك بوو.

ڕۆژێکیان بازرگانێك بە خۆی بە قافڵەوە بە نزیك شاردا تێپەڕی و بە دوای یەکێکدا دەگەڕا بیکا بە وشترەوانی خۆی . بە ڕێکەوت لە کوڕە کەچەڵ ڕاست هات بۆ گزرەوچیلکە کردن چوو بووە چۆلە وانی، گوتی: ((ئەی کەچەڵ، لەگەڵ من وەرە هەرچی بتەوێ دەتدەمێ!))

کوڕە کەچەڵ قبووڵی کردو گوتی: ((بە مەرجێك بچم خەبەری دایکم بدەم)) کەچەڵ خێرا ڕای کردەوە ماڵێ. ئەوەندەی دایکی گریاو ناورایەوە و گوتی: ((کەچەڵ، تۆ کوڕی تاقانەی منی و ئەگەر بڕۆی لە شروان ودزگ دەدەم)). کەلکی نەبوو.

ئەنجام کوڕە کەچەڵ لەگەڵ بازرگانەکە کەوتە ڕێ . بازرگانەکە بەرانێکی زلی شاخ گەورەی لە سەر پشتی وشترێك بەستبووەوە. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا لە چۆلەوانییەك گەیشتنە چیایەکی بەرز. بازرگان یەکسەر بەرانەکەی داگرتە خوارەوە، سەری بڕی و گۆشتەکەی برژاندو لەگەڵ کوڕە کەچەڵ خواردیان. ئینجا پێستەکەی بۆ کوڕە کەچەڵ دەست نیشان کرد و گوتی: ((ئەم پێستە چەند جوانە ! یەك بە بەژنی تۆیە! بڕۆ ناوی، بزانم چۆنە؟))

کەچەڵ چووە ناو پێستەی بەران و بازرگان دەرحاڵ هەر چوار پەلی پێستەی بەرانەکەی بەست و بردیە داوێنی چیاکەو خۆیشی خۆی لە حەشارگەیەك شاردەوە. دوای سەعاتێك خەرتەلێکی گەورە هاتە خوارەوەو پێستەکەی هەڵگرت و بردیە سەر ترۆپکی چیاکە. کوڕە کەچەڵی بێچارەش وا لە ناوە. خەرتەل لەوێ بە چەنگ و دەنووك پێستەکەی هەڵدڕاند.

Scanned with CamScanner

کوڕە کەچەڵ کە هاتە دەرەوە بە بەردان خەرتەلی هەڵبڕی و کە خەرتەل بینی باری بابا، هەڵفڕی و چووە تەشقی ئا سمان.

کوڕە کەچەڵ [چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا] دیتی تا چاو بڕ دەکا ئەلماس وەك هەزاران پارچە بلوور دەدرەوشێتەوە. کە هاتە سەر لێوی چیاکە، بازرگانەکە چاوی پێ کەوت و گوتی: ((ئەی کوڕە کەچەڵ، ئەگەر دەتەوێ بتهێنمە خوارەوە تا پێت دەکرێ ئەلماسم بۆ بەردەوە خواری!))

کوڕە کەچەڵ دەستی پێ کرد هەر ئەلماسی بەردایەوەو بەری دایەوە، ئینجا گوتی: ((ئەی بازرگان، دە ئێستا بمهێنە خوارەوە !))

بازرگان کابرایەکی فێڵبازو ساختە چی بوو، قاقا پێکەنی و گوتی: ((ئەی کوڕە کەچەڵ، ئەم چیایە ڕێی هاتنە خوارەوەی تێدا نییە)). ئەمەی گوت و بە خۆو بە قافڵەوە ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت.

کەچەڵ بە تەنێ مایەوە. وەخت بوو دڵی شەق بەرێ. ئەوەندەی گەڕا ڕێگای هاتنە خوارەوە بدۆزێتەوە، سوودی نەبوو. چیایەکە زەردو ماهی بوو، وەك پارچە شوشەیەکی لووس وابوو. کە چاوی بە ئێسك و پروسکی بنیادەم کەوت لە کەلەن و قوژبنی چیاکە کەوتبوون، لە فێڵ و دەهۆی کابرای بازرگان گەیشت. بە غەمگینی دانیشتبوو هەنسکی بۆ دایکی هەڵدەکێشا کە لە پڕ چاوی بە کۆترە کێویلکەیەکی قەشەنگ کەوت هێلانەی لە قەد چیا کردبوو و هاتبوو دان بۆ فەرخەکانی ببا. کە کۆترەکە کوڕە کەچەڵی بینی سکی پێ سووتا، لێی هاتە پێش و گوتی: ((ئەی کوڕە کەچەڵ، ئەوە لێرە چ دەکەی؟))

کەچەڵ حاڵ و مەسەلەی خۆی بۆ گێڕایەوەو گوتی: ((ئەی کۆترە کێویلکە، ئەو لای بنی چیا ڕووبارە. من برادەری ماسییەکانی ئەوێم. بڕۆ لەسەر ئاوەکە بنیشەو پێیان بڵێ کەچەڵ کەوتۆتە چ بەڵاو تەنگانەیەك)).

کۆترە کێویلکە فڕی و ڕۆیشت. چووە سەر ئاوەکەو هاواری کرد ((هۆ ماسینە، ماسینە، کوڕە کەچەڵ لە سەر چیا گیری خواردووەو ڕێگای دابەزینی بۆ نییە)). کە کۆترەکە لە قسەکانی بووەوە، کت و پڕ ئاوی ڕووبارەکە جماو هەزاران

ماسی گەورەو گچکە هاتنە سەر ئاو. شاژنی ماسییەکان گوتی: ((ئەی کۆترە کێویلکەی نازدار، ئێمە هەموو پشتمان پێك دەدەین، بە کورە کەچەڵ بڵێ نەترسێ و خۆی هەڵداشتە خوارێ: ئێمە بە ساغ و سەلامەتی دەیگەئینەوە کەناری ڕووبار)).

کۆترە کێویلکە گەڕایەوە لای کورە کەچەڵ و مەسەلەکەی پێ ڕاگەیاند. کوڕە کەچەڵ لە وەفاداری ماسییەکان خاتر جەم بوو. لەو سەر چیایەوە خۆی هەڵداشتە خوارێ. هەستی کرد لەشی سووکە. پاش نەختێ کەوتە سەر پشتی ماسییەکان کە وەکو هەزاران گۆسکەی گەورەو گچکە لەتەك یەك ڕیزیان بەستبوو. ماسییەکی خورت سواری پشتی خۆی کردو هێنایەوە کەناری ڕووبار. کوڕە کەچەڵ سوپاسی فیداکاری ماسییەکانی کرد، چوو هەندێ نانی هێناو هاویشتییە ناو ڕووبارەکە.

ڕۆژگار هات و چوو. پاش چەند ساڵێك، ڕۆژێکیان کوڕە کەچەڵ بۆ کۆکردنەوەی گزرەو چیلکە چووبووە دەشت و چۆلەوانی. بە ڕێکەوت تووشی هەمان بازرگان هات. بازرگان کە کوڕە کەچەڵی دی هەر شاش ما، بە ترس و مەراییەوە لێی پرسی: ((کەچەڵ، ئەوە چۆن هاتیتە خوارەوە؟))

کەچەڵ وەڵامی دایەوە: ((زۆر بە ئاسانی . ڕێگایەك لە پشت چیاکە هەبوو، بەوێدا هاتمە خوارەوە)).

بازرگانەکە پیاوێکی پارە پەرست و چاوچنۆك بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەم جارە خۆم دەچم هەرچی ئەلماس هەیە فڕێی دەدەمە خوارێ و پاشان کوڕە کەچەڵ لەناو دەبەم).

بە کەچەڵی گوت: ((لەگەڵم دێی))؟!

کەچەڵ کە بەتەمای تۆڵە سەندنەوە بوو، گوتی: ((هەڵبەت!)) ئیدی لەگەڵ کابرای بازرگان ملی ڕێی گرت.

بازرگان دووبارە بەرانێکی سەر بڕی. ئەم جارە خۆی چووە ناو پێستەکەو کەچەڵ توند چوار پەلی پێستەکەی بەست و بردییە داوێنی چیاکە. دوای

سەعاتێك، سەرو سەکوتی خەرتەل پەیدا بوو. پێستەکەی هەڵگرت و بردییە سەر چیاکە و بە چەنگ و دەنووك پێستەی پارچە پارچە کرد. بازرگان یەکسەر دەرپەڕییە دەرێ و بە بەردان شالاوی بۆ خەرتەل بردو خۆی خزاندە کەلەنێکەوە. خەرتەل فڕی و ڕۆیشت. بازرگان هاتە سەر لێوی چیاکەو گوتی: ((کەچەڵ، ئەوەی فڕێی دەدەمە خوارێ هەڵی گرەوە!)) ئەلماسێکی زۆری فڕێ دایە خوارێ. کەچەڵ هەموو ئەلماسەکانی کۆکردەوەو لە وشترانی بار کرد.

بازرگان گوتی: ((کەچەڵ، دەوجا پێم بڵێ کوا ئەو ڕێیەی پێدا هاتیتە خوارەوە))؟!

کەچەڵ قاقا پێکەنی و گوتی: ((هەی قەحپە داك! سەیری دەوروبەری خۆت بکە. تەماشاکە چەند مرۆی بێ تاوانت کردۆتە قوربانی پارە پەرستی خۆت؟ ئەم چیایە هیچ ڕێگای تێدا نییە. لەوێ بەو سزای تاوانەکانی خۆت وەرگرە!))

ئەوەندەی بازرگان گریاو نووزایەوە کەلکی نەبوو. کەچەڵ وشترەکانی هاژاو کەوتە ڕێ. بە درێژایی ڕێگا، تا گەیشتەوە ماڵێ هەر ئەلماسی بە هەژاران دەبەخشی و چیرۆکی نامەردیی کابرای بازرگانی بۆ خەڵك دەگێڕایەوە.

کەچەڵ هەموو ڕۆژێ نانێکی زۆری بۆ ماسییەکان دەهاویشتە ناو ڕووبارو دایکی کەچەڵیش کە باسی چاکەی ماسییەکانی دەرهەق کەچەڵ بیستەوە، هەمیشە چاکەی لەگەڵ ماسییەکان دەکرد.

هەقایەتخوان: عەباس دەروێشی، کرماشان

# ٩- چیرۆکی گوڵ و سنۆبەر

پاشایەك هەبوو بەناوی (گوڵ)و ژنێکی جوانی هەبوو بە ناوی (سنۆبەر). جوانیی سنۆبەر ببوو بە ویردی سەر زاری سەراپای خەڵکی شار. لە نزیك ئەو شارەش، سی و نۆ دز لە ژێر سەرکردایەتی گەنجێکی عارەبی کۆك بە ڕێگری ژیانیان دەگوزەراند.

سەر دز ناوبانگی جوانیی سنۆبەری بیست و ڕۆژێ ملی ڕێی گرت و هاتە شارو چووە بەر دەرگای کۆشك و سەرای سنۆبەر. بە ڕێکەوت سنۆبەر لە حەوشە پیاسەی دەکرد. سەر دز تێی هەڵکردە گۆرانی. سنۆبەر هاتە بەر دەرگای کۆشك و سەراو کە چاوی بە عارەبی دز کەوت، نەك بە دڵێك بە سەد دڵ ئەشقی بوو. سەر دزیش کەوتە داوی جوانیی سنۆبەر و هۆشی لەسەردا نەما. لەگەڵ یەکتر کەوتنە ڕازو نیاز. سەر دز گوتی: ((ئەم شەو خواردن و شەراب و کەبابمان بۆ بێنە، ئێمە وا لەو کێوە نزیکەین!))

سەر دز دەرمانی بێهۆشی دایە سنۆبەرو گوتی: ((بۆی لە شەراب بکەو بیدەرێ بێ هۆش دەبێ)).

شەو، کاتێ کە گوڵ داوای شەرابی کرد، سنۆبەر دەرمانی بێهۆشی بۆ لە شەرابەکە کرد و پێشکەشی کرد. گوڵ بێ هۆش بوو. سنۆبەر کەباب و شەرابی ئامادە کرد. گوڵ دوو ئەسپی هەبوو بە ناوی (با) و (باران). سنۆبەر (با)ی لە تەویلە ڕاکێشایە دەرێ، زینی کرد و سواربوو و ڕۆیشت.

سەر دزو دزەکانیدی چاوەڕێیان دەکرد. سنۆبەر تا بەرە بەری بەیانی لەگەڵ سەر دز خەریکی بەزم و سەماو ڕابواردن بوو. بەرە بەری بەیانی سواری (با) بوو و گەڕایەوە ناو کۆشك و سەرای خۆیی و بە شێنەیی لە پاڵ گوڵ ڕاکشا.

گوڵ گەوزی دایە خۆی و بە ئاگا هات، دیتی سنۆبەر لەشی سارد وەکو شەختە وایە. پرسی: ((ئەوە بۆ وا ساردی))؟! سنۆبەر گوتی: ((لێفدروو

دۆشەکەکەی باش نەدوریوە: دۆشەکەکە ساردە)).

بەیانی گوڵ فەرمانی دا لە سەری لێفدروویان دا. بەم جۆرە هەر ڕۆژە و لە سەری یەکێکیان دەدا: ڕۆژێ چێشتکەر، ڕۆژێ پینەدۆز، ڕۆژێ کراسدروو.... هەر ڕۆژە یەکێ. ئیدی گوڵ قڕانی بۆ شار هێنا.

ڕۆژێ وەزیری ڕاستگۆ گوتی: ((پاشام سەلامەتدار بێ. تۆ کەست نەهێشت! شەوێك ئێشك بگرەو مەخەوە، بزانە هۆی ئەم ڕازە چییە!))

گوڵ شەو نەنووست. پەنجەی خۆی بڕیو خوێی پێ وەرکرد، شەرابی نەخواردەوە. پاش سەعاتێك دیتی سنۆبەر هەستا چووە دەرەوە. سواری (با) بوو. گوڵیش سواری (باران)بوو و کەوتە دووی. کە گوڵ هات بڕوا سەگەکەی، کە سەگێکی بە وەفا بوو، دەستی بە نووسکە نووسك کرد. گوڵ سەگەکەی زۆر خۆش دەویست، ئیدی سەگەکەی لەگەڵ خۆی برد. پاش ماوەیەك گوڵ دیتی سنۆبەر لە نزیك کێوێك ڕاوەستا. چل دز،کە سەرۆکەکەیان پێشیان کەوتبوو، هاتنە پێشوازی و سنۆبەریان بردە ناو ئەشکەوتێك و سەر دز تانەو تەشەری لێ داو گوتی: ((ئەوە بۆ تاخیر بووی؟))

سنۆبەر گوتی: ((خەوی لێ نەدەکەوت!))

کەبابیان خواردو شەرابیان نۆشی و سەر خۆش بوون و گۆنایان سوور هەڵگەڕا. گوڵ لەبەر دەرگا وەستاو هەر دزێکی هاتە دەرەوە سەری پەل دا تا سی و نۆ دزی کوشت. ئینجا چووە ناو ئەشکەوت و بەسەر سەر دزەکەدا نەڕاندی: ((هەی قەحپە داك، وەرە بەری؟ یان ئەمن دەبم یان ئەتۆ))

خۆیان تێك ڕوو کرد. سەر دز زۆر بە تاقەت بوو هەر جارەی تەنگەی گوڵی ڕادەگوشی، گوڵ چۆقە چۆقی ددانی دەهات و هەر جارەی بە سنۆبەری دەگوت: ((بگەرە فریام))، سنۆبەر پەلاماری گوڵی دەدا.

سەگەکە دیتی گوڵ کەوتۆتە مەترسی و زانی سەر دز عارەبەو شەلواری لە پێدا نییە، چووە ژێرییەوەو قەپالی لە دەعباکەی گرت.

کە سنۆبەر ئەمەی بینی قژی گوڵی ڕاکێشاو پشتاو پشت بەری دایەوە.

Scanned with CamScanner

سەگەکەی پەلاماری سنۆبەری داو قەپی لە مەمکی گرت. لەو کاتەدا، گوڵ بە شمشێر سەری سەر دزی پەڕاند. گوڵ تا بڵێی شەکەت بوو. سنۆبەر و سەگەکەی هێناو هات. (باران) دیتی خاوەنەکەی پەشۆکاوە، حیلاندی و گوتی: ((گەورە و سەرداری من ئەوە چیتە))؟!

گوڵ گوتی: ((ئەی (باران) ی نازدارم، لەبەر ئەو شەرمەزاری و ڕسواییەی سنۆبەر بە سەری هێنام، تازە جارێکیدی ڕووی چوونەوە کۆشک و سەرای خۆمم نییە. بریا لە ناوەندی دەریادا کۆشکێکم هەبایە و کەس لە ڕازم نەگەیشتبایە)).

لە ناخی دڵەوە ئاخێکی هەڵکێشا. (باران) گوتی: ((خەمت نەبێ !))

(باران) خولێکی خواردو گوڵ لە ناوەندی دەریادا خۆی لە ناو کۆشکێک دیتەوە هەموو لایەکی ئاوبوو.

ڕۆژێکیان، کە گوڵ (باران) ی ئەسپی دەدواند، گوتی: ((ئەی (باران)، گوڵ چی لە سنۆبەر کردو سنۆبەر چی لە گوڵ کرد))؟!

مەلێك لە سەر دیوار هەڵنیشتبوو، گوێی لەم قسەیە بوو و بە دونیادا بڵاوی کردەوە. بەڵام کەس مانای ئەم ڕازەی نەدەزانی .

با ئەم مەسەلەیە بۆ دوایە لێرە جێ بێڵین.

لە وڵاتێکدا کوڕی حاتەمی تەی ئەشقی کچی پاشا ببوو. کە چووە داخوازی کچەکە، پاشا پێی گوت: ((ئەمن هیچ قسەم نییە، بەڵام دەبێ مانای ئەم ڕازەم بۆ بێنی کە: گوڵ چی لە سنۆبەر کردو سنۆبەر چی لە گوڵ کرد)).

کوڕە، کە عاشقی بێ قەراری کچەکە بوو، ڕازی بوو و کەوتەڕێ. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا لە چۆڵەوانییەك گەیشتە دامەنی کێوێك. لە سەر کانییەك، لە ژێر درەختێك خەوی لێ کەوت. پاش سەعاتێك گوێی لە دەنگی جووکە جووکێك بوو. سەری بڵند کرد دیتی مارێك چۆتە سەر درەختەکەو دەیەوێ فەرخە سیمرغەکان بخوا. شمشێری هەڵکێشا، مارەکەی کوشت و پارچە پارچەی کردو فڕێی دایە بەر فەرخەکان

سیمرغ لە ڕاوو شکار هاتەوە، دیتی سوارێك لە ژێر درەختەکە نووستووە. لە

دڵـی خۆیـدا گوتـی: (بـابچم بـزانم فەرخـەکانی منـی نـە کوشـتووە!). کـە دیتی فەرخـەکان وا گۆشـتی مار دەخۆن، سـەری سـوڕما. فەرخـەکان لـە سـیر تـا پیـواز هەقایەتەکەیان بۆ دایکیان گێڕایەوە. سیمرغ باڵەکانی لە سـەر کـوڕی حاتـەم کردە سێبەر. کە کوڕە لە خەو ڕابوو، سیمرغ گوتـی: ((ئـەی گـەنجی ڕەشـید و نـازا، تـۆ فەرخەکانی منت لە مردن ڕزگار کرد. هـەر داخوازییـەکت هەیـە بڵـێ بـۆت جـێ بـە جێ دەکەم)). کوڕە حاڵ و مەسەلەی خۆی بۆ باس کرد. سیمرغ گوتـی: ((گـوڵ لـە ناو کۆشك و سەرایەکدا دەژی و کۆشکەکەش لە ناوەندی دەریا دایە))

سیمرغ کوڕەی سواری پشتی خـۆی کـرد و لـە بـەردەم کۆشـکی گوڵـدا دایناو پـەڕێکی خـۆی دایـە و گوتـی: ((هـەر گـاوێ پێویسـتت بـە مـن بـوو، ئـەم پـەڕەم بسووتێنە دەم و دەست حازر دەبم)).

کوڕی حاتەم بەرەو دەرگای کۆشك و سەرا چوو، سەگ بە عـەو عـەو پـەلاماری دا. گوڵ لەو نزیکانە بوو، هات و کە گەنجەکەی دی گوتـی: ((گەنجۆ، تـۆ لـە کـوێ و ئێرە لە کوێ؟ ئەوە چۆن گەیشتیتە ئێرە؟))

کوڕی حاتـەم هیـچ قسـەی نـەکرد... هـەر ئـەوەندەی گـوت: ((ئەمشـەو میوانـی ئێوەم!)) شەو، کە گوڵ سفرەی داخست، کوڕی حاتەم دەستی بـۆ خـواردن نـەبردو گوتی: ((دەبێ مانای ئەم ڕازەم پێ بڵێی کە: گـوڵ چـی لـە سـنۆبەر کـردو سـنۆبەر چی لە گوڵ کرد!))

گوڵ گوتی: ((واز لەم ڕازە بێنە. کەس بەم ڕازەی نـەزانیوە. ئێسـتا ئەگـەر پێـت بڵێم دەبێ لە سەرت بدەم)).

کوڕی حاتـەم قبووڵـی کـرد. گـوڵ لـە سـیر تـا پیـواز هـەمووی بـۆ کـوڕی حاتـەم گێڕایەوەو بردییە ژووری سنۆبەر. کوڕە دیتی ژنێکـی جوانـی لـە چـوار مێخـەك کێشـاوەو بـەرماوی سـەگی دەرخـوارد دەدا و ڕۆژێ چـل قـامچی لێ دەدا، کـەچی سەگەکە دەلاوێنێتەوە. گوڵ گوتی: ((ئێستاش دەبێ بتکوژم!))

کوڕی حاتەم گوتی: ((ماوەم بدە نوێژێك بکەم ئینجا...)).

ئەوسا کوڕە بە بیانووی دەستنوێژ هـەڵگرتن چـووە حەوشـە. لـە قوژبنێکـدا

پەڕی سیمرغی سووتاند. سیمرغ دەرحاڵ پەیدا بوو، کوڕی حاتەمی خستە سەر پشتی خۆی و فڕی.

گوڵ هەر چەندە چاوەڕێی کرد کوڕەکە نەهاتەوە. چووە حەوشە دیتی کوڕەکە نەماوە.

گوڵ کە زانی تازە ڕازی ئاشکرابوو، خەنجەری هەڵکێشاو یەکەم جار سنۆبەرو ئینجا خۆی کوشت.

سەگ کە ئەم کارەساتەی دی نەیتوانی یەك نەفەس بێ گوڵ بژی. چوو ملی خۆی لە خەنجەری خوێناوی گوڵ خڕاندو گەرووی خۆی هەڵبڕی و خۆی کوشت.

بەم جۆرە ڕازی: (گوڵ چی لە سنۆبەر کردو سنۆبەر چی لە گوڵ کرد) ئاشکرابوو.

هەقایەتخوان: عەباس دەروێشی، کرماشان

Scanned with CamScanner

# ١٠- چیرۆکی گوڵخەندان

هەبوو نەبوو بازرگانێك هەبوو، سێ کچی هەبوو. ڕۆژێ کەلەسەر سەفەر بوو بە کچەکانی گوت: ((کچەکانم، چ دیارییەکتان دەوێ لەم سەفەرە بۆتان بێنم))؟!

کچەکان هەریەکە داوای شتێکی کرد. کچی گچکە گوتی: ((باوکە، من چلێك گوڵخەندانم دەوێ)).

کە وەختی گەڕانەوە داهات، بازرگانەکە دیارییەکانی ئامادەکرد بەڵام ئەوەندەی بە دوای گوڵخەنداندا گەڕا پێی پەیدا نەبوو. ئاخیری لە پیرەژنێکی پرسی: ((دایە، چلێك گوڵخەندانم لە کوێ دەست دەکەوێ؟)).

پیرە ژن گوتی: ((باغێك لە نزیك چیا هەیە، بڕۆ قەراغ باغەکەو بڵێ: ئەی خاوەن باغ، یەك چل گوڵخەندانم دەوێ))

بازرگان بە قسەی کرد. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە قەراغی باغەکەو گوتی: ((ئەی خاوەن باغ، یەك چل گوڵخەندانم دەوێ!))

دەنگێك لەناو باغەکەوە هات: ((کێ ڕایسپاردووی گوڵخەندانی بۆ ببەی))؟!

بازرگانەکە گوتی: ((کچی گچکەم!))

دەستێکی سەوز لەو دیو تەیمانەکەوە دەرکەوت و چلێك گوڵخەندانی دایە بازرگانەکە. بازرگان چلە گوڵخەندانەکەی وەرگرت و بە شادومانی ملی ڕێی گرت و بەرەو شاری خۆیان گەڕایەوە. ئەو دیارییانەی پەیدای کردبوو دایە کچەکان و گوڵخەندانیشی پێشکەشی کچی گچکە کرد.

کچی گچکە شەو دەرگای ژووری خۆی گارە داو، دوور لە چاوی خوشکەکانی، گوڵخەندانی بۆن کردو ماچی کردو گوتی: ((ئەی گوڵخەندان، خۆزی بە خۆزیداران زمانت هەباو قسەت کردبا بۆ ئەوەی بەتەنێ دڵم نەگوشری)).

لە پڕ گوڵخەندان زاری کردەوەو گوتی: ((کچەکە، من کوڕی شای پەریانم و ئەگەر داوام لێ نەکەی ڕازی خۆمت پێ بڵێم لەو بەرگە دێمە دەرەوە)).

کچەکە ڕازی بوو و لە پڕ دیتی گەنجێك پەیدا بوو، ئەوەندە جوان بوو دەتگوت ڕۆژە. کچە نەك بە دڵێك بەسەد دڵ ئەشقی بوو، کوڕەکەش ئاشقی کچەکە بوو. گوڵخەندان بە ڕۆژ دەچووە ناو پێستەی خۆی و بەشەو دەهاتە دەرەوەو لای کچەکە دەمایەوە. شەوێکیان کچی بازرگانەکە زۆر گریا. گوڵخەندان گوتی: ((نازەنینەکەم، بۆچی دەگری؟))

کچە گوتی: ((دەبێ تۆ ڕازی خۆتم پێ بڵێی))

ئەوەندەی گوڵخەندان کردی کچە وازی نەهێنا. گوڵخەندان گوتی: ((باشە ڕازی خۆمت پێ دەڵێم بەڵام ئەگەر تۆ ڕازی من بەکەس بڵێی دەڕۆم و نامبینیتەوە)).

کچە ڕازی بوو. گوڵخەندان گوتی: ((من کوڕی شای پەرییانم. بە ڕۆژ دەچمەناو ئەو پێستەی لەپەنا پەردە شاردوومەتەوەو بەشەو دێمە دەرەوە. نەکەی ئەم ڕازە بەکەس بڵێی، ها))

ڕۆژێکیان خوشکەکان چووبوونە حەمام، بە خوشکی گچکەیان گوت: ((تۆ بۆچی مێرد ناکەی؟ ئیتر وا ترشاوی و تازە کەس نایەتە داخوازیت)) ئەوەندە سەرکۆنەیان کرد تا کچە تووڕە بوو و ڕازی گوڵخەندانی ئاشکرا کرد.

یەکێ لە خوشکەکان، کە زۆر حەسوود بوو، لە حەمام هاتە دەرەوەو چووە دوای تاقیبی پێستەی گوڵخەندان و سووتاندی. کە کچی گچکە گەڕایەوە ماڵێ دیتی گوڵخەندان هیچ دەوسی دیارنییە و پێستەیان سووتاندووە. کچە ئەوەندە گریا هەردوو چاوی وەك گۆمی خوێنیان لێ هات.

بەرە بەری نیوەڕۆ، کۆترێك هات لەسەر دیوار نیشت و بە کچەکەی گوت: ((ئەی بنیادەمی شیری خاو خواردوو، لەبەر ئەوەی تۆ ڕازی منت ئاشکرا کرد تازە نامبینیتەوە مەگەر حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بە پێ بڕۆی ئەوسا لە لێواری کانییەکدا دەوسی منت بۆ دەردەکەوێ)).

کۆترەکە لە شەققەی باڵی داو ڕۆیشت.

کچەکەش ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت، دوای حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بە تینوێتی و برسێتی گەیشتە سەر کانییەك دیتی قەرەواشێك گۆزەیەکی پێیە دێتە

سەرکانی. کچە لێی پرسی: ((ئەم ئاوە بۆ کێ دەبەی؟))

قەرەواشەکە گوتی: ((بۆ کەوا سەوز))

کچە زانی ئەم کەوا سەوزە هەمان گوڵخەندان خۆیەتی. ئەو ئەنگوستیلەی کاتی خۆی گوڵخەندان پێشکەشی کردبوو، بە بیانووی ئاو خواردنەوە خستییە ناو گۆزەکە.

قەرەواش گۆزەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. کە گوڵخەندان ئاوی گۆزەکەی خواردەوە، هەستی کرد گۆزەکە شتێکی تێدایە. گۆزەکەی بەتاڵ کردو ئەنگوستیلەکەی ناسییەوە.

لە قەرەواشەکەی پرسی: ((ئەم ئەنگوستیلە چییەو هی کێیە)؟

قەرەواشەکە گوتی: ((گەورەم، کچێك لەسەر کانی بوو. ئاوی گۆزەکەی خواردەوە. بێ‌شك ئەو، ئەم ئەنگوستیلەی خستۆتە ناو گۆزەکە)).

گوڵخەندان یەکسەر هاتە سەر کانی و کچەی بینی. ویردێکی خوێندو کچەی کرد بە دەرزییەك و لەبەرۆکی خۆی داو گەڕایەوە ماڵێ. دایك و باوکی گوتیان: ((ئەی گوڵخەندان، بۆن دێ، بۆنی بێگانا ندێ (لە عەردو بانان دێ)...))

گوڵخەندان گوتی: ((بە ڕەنجی باوك و بە شیری دایك سوێند بخۆن کە ئازاری نادەن!)) ڕازی بوون. دایکی گوتی: ((بە مەرجێك کە ژنت هێنا ئەم کچە ببێ بە قەرەواشت)) گوڵخەندان قبووڵی کرد.

بۆ سبەینێ دایکی گوڵخەندان بە کچەی گوت: ((ئەمشەو زەماوەندی گوڵخەندانە، دەبێ حەفت جۆرە خواردن لێ بنێی و حەوشە بڕشێنی و بیماڵی)).

کچە قبووڵی کرد، بەڵام ئەوەندەی بە دوای ئاودا گەڕا نەیدۆزییەوەو خواردنیش هەر نەیدەزانی لێ بنێ. لە کوژییەك دانیشت و فنگ فنگ گریا. کە گوڵخەندان بەمەی زانی خۆی هێنایە سەر شکڵی هەورو بارانێکی بە خوڕی باراندو زەوی شووشتەوە، ئینجا ویردێکی خوێند حەفت جۆرە خواردنی خۆش و جۆراو جۆر ئامادەبوو. دایکی گوڵخەندان کە هات و دیتی هەموو شتێ ئامادەیە، زانی ئەم ئیشە ئیشی گوڵخەندانە. کە شەو داهات دە مۆمی لەسەر هەر دە

پەنجەی کچەکە داناو مۆمەکانی داگیرساندو پێی گوت بچێتە پێشوازی بووك. کچە لەبەر دڵۆپەی توانەوەی مۆمەکان، کە بەردەبوونەوە سەر پەنجە ناسکەکانی، دەینالاند و دەیگوت: ((گوڵخەندان لە کوێی؟ هەموو پەنجەکانم سووتا!))

کە گوڵخەندان پێی زانی، هەڵی کردە بایەکی توندو مۆمەکانی کوژاندەوە.

شەو کە بووکیان بردە پەردە، گوڵخەندان نیوە شەو سەری بووکی بڕی و تەشتێکی لەبن خوێنەکەی دانا بۆ ئەوەی خوێنەکە نەڕژێتە سەر عەرد و بۆنی نەگاتە بەر لووتی دایك و باوکی. ئینجا دووبارە کچەی کردەوە دەرزی و لە بەرۆکی خۆی داو بە شەو هەڵات و بۆی دەرچوو.

چەند سەعاتێکی پێ چوو، دیتیان گوڵخەندان هەر لە پەردە نەهاتە دەرەوە. دایکی گوڵخەندان کەوتە دڵەڕاوکێ. چووە پەردە، دیتی سەری بووکیان بڕیوەو ڕۆیشتوون. ئەوانیش لەگەڵ چەند پەرییەك خۆیان کردە کۆترو بە دوای گوڵخەندان و کچەکەدا فڕین.

گوڵخەندان بینی ڕەوە کۆترێك هاتن و خەریکە بیانگەنێ. زانی ئەمانە چین. ویردێکی خوێند و کچەی کردە ئاش و خۆی کردە ئاشەوان و ئاردی بە سەرو سەکوتی خۆی داکرد.

کە دایك و باوکی گەیشتن، لێیان پرسی: ((ئەی ئاشەوان، ئەگەر ئەو ژن و پیاوەت دیبێ کە بێرەدا ڕۆیشتن، یەك کیسە زێڕت دەدەینێ!))

گوڵخەندان گوتی: ((نەخێر، من لەناو ئاش بووم، هیچم نەدیووە)).

گوڵخەندان دووبارە کچەی کردەوە دەرزی و لە بەرۆکی خۆی داو فڕی. ماوەیەك ڕۆیشتن دیتیان دیسان کۆترەکان نزیك کەوتنەوە. گوڵخەندان ویردێکی خوێند و کچەی کردە باغ و خۆی کرد بە باغەوان و خەریکی میوە ڕنین بوو.

باوك و دایك گەیشتنە بەر دەرگای باغەکە و گوتیان: ((ئەی باغەوان، یەك کیسە زێڕت دەدەینێ پێمان بڵێ ئەو ژن و پیاوەت نەدیوە کە بێرەدا ڕۆیشتن)).

گوڵخەندان گوتی: ((قسەی وا چییە! من لە ناو باغی خۆم خەریکی میوە ڕنین بووم، کەسم نەدیوە!))

Scanned with CamScanner

گوڵخەندان دووبارە کچەی کردەوە دەرزی و لەبەرۆکی خۆی داو فڕی. پاش ماوەیەک دیتی دیسان کۆترەکان نزیک کەوتنەوە. ویردێکی خوێند کچەی کردە ماکەرو خۆیشی کردە پیرە مێردێکی ڕدێن درێژ. دایک و باوکی هاتن و پرسیان:

((ئەی پیرەمێرد، یەک کیسە زێرت دەدەینێ پێمان بڵێ چ ژن و پیاوت نەدیوە؟))

گوڵخەندان گوتی: ((من چاوم کت و کوێرە، هیچم نەدیوە)).

گوڵخەندان دووبارە کچەی کردەوە دەرزی و لە بەرۆکی خۆی دا، ئیتر گەیشتنە نزیک شاری بنیادەمان و دایک و باوکی نەیانتوانی بێن.

گوڵخەندان لەگەڵ کچەکە لە ژێر درەختی سەر کانییەک نیشتن. کچەکە بە گوڵخەندانی گوت: ((ئەی گوڵخەندان، من ئەم هەموو کوێرەوەری و بەدبەختیەم بەسەر تۆ هێنا. وەرە نەچینەوە شاری خۆمان. با هەر لێرە خانوویەک دروست بکەین و تێیدا بژین)).

گوڵخەندان ویردێکی خوێند کۆشکێکی گەورە لە ناو باغێکی سەوز پەیدا بوو. گوڵخەندان چیدی نەچووەوە ناو پێستەکەی و لەگەڵ کچە بازرگانەکەدا ژیانێکی خۆش و شیرینیان بەیەکەوە بردە سەر.

هەقایەتخوان: عەباس دەروێشی،کرماشان

Scanned with CamScanner

# ١١- بزنی بزبزۆك

هەبوو نەبوو لە خودا زیاتر هیچ کەس نەبوو. ماڵێك هەبوون لە گوندێك دەژیان. پاش ماوەیەك ژنیان بۆ کوڕیان هێنا.

ڕۆژێکیان ئەو ماڵە هەموو بە ئیش چوونە بازاڕو تەنیا بووك لە ماڵێ مایەوە. کە نیوەڕۆ داهات، بووکە لەسەر خواردن بوو لەناکاو بێ دەستی خۆی بایەکی لێ بەربوو. کارژۆلەیەك لە گۆشەیەکی ژوورەکە بوو سەری دەلەقاند. بووکە بە هەردوو دەستان لەسەری خۆی داو وای زانی کارژۆڵە دەچێ ڕووداوەکە بۆ مێردی دەگێڕێتەوە. چ بکەم؟! چ نەکەم؟! بیرێکی بۆ هات. هەستا هەرچی خشڵ و زێوەری هەبوو وەك گەردەنلغ و موورووی ڕەنگاو ڕەنگ هەمووی بە مل و قۆچی کارژۆڵەوە کرد. ئینجا کە کارەکەی تەواو کرد، چوو لە گۆشەیەکی ژوورەوە خۆی شاردەوە. کەبوو بە عەسر خەسووی هاتەوە و ئەوەندەی گەڕا بووکەکەی نە دۆزییەوە. تەماشای گۆشەی ژوورەوەی کرد، دیتی گەردەنلغ و موورووی بووکەکە هەمووی بە مل و قۆچی کارژۆڵەوە کراوە. ئەم لا بگەڕێ، ئەو لا سەراو بن کە. ئاخیری، دوای ماوەیەك بووکەکەی دۆزییەوەو بە سەر سامی لێی پرسی: ((ئەمە بۆ وات کردووە؟ ئەوە چ قەوماوە؟ بۆ چی گەردەنلفی خۆت بە ملی کارژۆڵەوە کردووە؟))

بووکە بە فینگە فینگ، دەستی بە گریان کردو گوتی حاڵ ومەسەلە ئەوەیە: ((من ئیشێکی ناوەهام لێ قەوماو کارژۆڵە گوێی لێ بوو، منیش گەردەنلفی خۆم دایە بۆ ئەوەی بەکەس نەڵێ)).

خەسوو ماوەیەك بیری کردەوە، گوتی: ((قەیدی نییە. منیش پارمەتیت دەدەم تا کەس هەست بەم ئیشە نەکا، بە تایبەتی خەزوورت کە پیاوێکی زۆر ناجسنە)).

خەسووش چوو گەردەنلغ و دەستوانەی خۆی بە قۆچ و ملی کارژۆڵەوە

هەڵواسی. کارژۆڵە دەستی بە قارە قارپ کرد. ئەم دووانەش دەست پاچە و سەراسیمە چوون خۆیان شاردەوە. خەزوور هاتەوە ماڵێ. ئەم لاو ئەو لا گەڕا کەسی نەدۆزییەوە. لە پڕ چاوی بە کارژۆڵە کەوت دەستنوانەی بە قۆچ و ملەوە کراوە و بەم لاو ئەو لادا ڕادەکاو یاری دەکا. خەزوور گەردەنلغ و دەستوانەی ژن و بووکی خۆی ناسییەوە. پاش ماوەیەک گەڕان و سووڕان ئاخیری ژنەکەو بووکەکەی دۆزییەوەو لێی پرسین: ((ئەوە چ بووە؟ مەسەلە چییە؟ ئەوە خەو دەبینم یان ڕاستە؟))

ژن و بووکە بە ناچاری پێیان گوت حاڵ و مەسەلە ئاوهایە و ئێمە بۆیە وامان کرد تا ئێوە تێ نەگەن. خەزوور گوتی: ((من هەر باشم، قەیدی من ناکا. وەرن کارێکی وا بکەین کوڕەکە تێ نەگا)).

ئینجا خەزووریش بەرگی خۆی داکەندو بەسەر کارژۆڵەی دادا. کارژۆڵەکە لەبەر جل و بەرگی کابرا سەخڵەت و نارەحەت بوو، پێی هەڵنەدەگیرا، لە پەستا قارە قارو ناڵە ناڵی بوو.

خەسوو و خەزوورو بووک چوون خۆیان شاردەوە.

دوای ماوەیەک کوڕە هاتەوە. دیتی کەس نییە. چاوی بە کارژۆڵە کەوت، دیتی جل و بەرگی باویان بەسەردا داوە و گەردەنلغ و دەستوانەی دایک و ژنیشی بە مل و قۆچییەوە کراوە. ئەم لا بگەڕێ، ئەو لا بگەڕێ، ئاخیری دۆزینییەوەو لێی پرسین: ((مەسەلە چییە؟ ئەم کارژۆڵەیە بۆچی وای بەسەر هاتووە؟)) ئەوانیش دوای ماوەیەک سوورو مۆرو سپی هەڵگەڕان گوتیان: ((بابە، ڕووداوەکە بەم جۆرەیەو بووک ئیشێکی ئاوهای لێ قەوماوە)).

کوڕە کە بینی چییان کردووە زۆر سەخڵەت بوو، گوتی: ((باوکم، کارژۆڵە زمانی نییە قسە بکا، ئەوە ئیشە ئێوە کردووتانە؟))

کوڕە دیتی ژیان لەگەڵ ئەمانەدا زەحمەتە، هەستا ئەو شارەی بە جێ هێشت و ڕۆیشت.

هەر ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە گوندێك. بانگی کابرایەکی کرد بە بن

Scanned with CamScanner

دیواریدا تێدەپەڕی، گوتی: ((برسیم، ئەختیَ خواردنم بدەنیَ)).

چوون مەنجەڵێکی گەورەیان بۆ هێنا. سەیری ناو مەنجەڵەکەی کرد دیتی بە ئەندازەی‌جەمە ماستێك خواردنیان بۆ لەبنی مەنجەڵ کردووە. لەبەر ئەوەی زۆر برسی بوو، بە ناچاری خواردی و مەنجەڵەکەی شووشت و لەبن دیوارەکەی دانا.

کە خاوەن ماڵ هات و دیتی بەڵێ مەنجەڵ شووراوەو بە پاك و خاوێنی لەولاوە داندراوە. لە پڕ کردی بە هات و هاوار: وەرن خەڵکینە بگەنیَ، ئەم کابرایە موعجیزەی نواندووە. کابرا خەڵکی بەسەر وەربوو، وەخت بوو لەبن دەست و پێیان پان بێتەوەو هەموو جل و بەرگی زیوار بە زیوار بکەن و بە تفەرك بیبەن. لە پڕبڕێکی بۆ هات و هاواری کرد: ((باوکم من بەرامبەر بەم موعجیزەیە پارەم دەویَ)). بەم جۆرە پارەیەکی باشی دەست کەوت و خەڵکەکەی فێری هێربار شووشتن کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی: (ژیان لەگەڵ ئەمانەشدا زەحمەتە. یەکیَ نەزانیَ هێربار شووشتن چییە، بە کەلکی ژیان نایە..) ئیدی ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت.

هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە گوندێکی تر. دیتی لە لایەکی گوند خەڵك شایی و هەڵپەڕکێیانەو زەماوەندو گۆوەندە، کەچی لە لایەکی تر شین و واوەیلایەو تازی و بەهێیە. چووە پێش و پرسی: ((باوکم، ئەم شایی و هەڵپەڕکێیەتان لە چی و ئەم شێوەن و بە هێیەتان لەچی؟))

گوتیان: ((ماشەللا بووك زۆر کەڵەگەتەو دەرگای ژوورەوە سەردەرەی نزمە، بڕیارمان داوە یان پێی بووك بڕینەوە یان سەری، بۆیە لەو لاوە ماڵی بووك شێوەن و زاریانەو تازییەیان داناوە)).

کابرا گوتی: ((ئەختیَ پارەم بدەنیَ چارەی گیروگرفتەکەتان دەکەم و پێتان دەڵێم چ بکەن. چ پێویست ناکا پیَ، یان سەری بووك بڕنەوە)).

ئەوان زۆر شادمان بوون و گوتیان: ((ئەگەر ئەم ئیشەمان بۆ بکەی هەرچی هەمانە پێشکەشت دەکەین)).

کابرا چوو شەپێکی لە ملی بووك داو سەری پیَ ئەوی کرد و بردییە ژوورەوە.

Scanned with CamScanner

کردەوەکەی دووبارە کردەوە. بووکی هێنایە دەرێ و بردییەوە ژووری. خەڵک گوتیان ئەمە موعجیزەی نواندووە، پارەیەکی زۆریان دایەو بە سەڵەوات لێیان دەورەیان دا. کابرا لە دڵی خۆیدا لێکی دایەوە، زانی ژیان لەگەڵ ئەمانەشدا زەحمەتە. لەوێ نەمایەوە لێیدا ڕۆیشت.

هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە گوندێکی تر. کە شەنگ و شەکەت بوو، لە بن دیواری ماڵێکدا دانیشت. خاوەن ماڵ هاتە دەرەوە گوتی: ((ئۆ مام، توخوا بەخێر لە کوێوە هاتی؟)) کابرا لەبەر ئەوەی زۆر بێزارو ناڕەحەت بوو، لە خەمی دڵی خۆی گوتی: ((لە دۆزەخەوە هاتووم!))

خاوەن ماڵ یەکسەر پێی گوت: ((توخوا لێرە مەڕۆ هەر ئێستا دێمەوە))

کابرای خاوەن ماڵ چوو بە ژنەکەی خۆی گوت: ((حورمێ، نەتزانیوە کابرایەک لە دۆزەخ هاتۆتەوە، بۆ ناچی لە ئەحواڵی باوکت بپرسی؟))

ژنە گوتی: ((چۆن ناچم. توخوا با بچین لە ئەحواڵی بپرسین)).

هەردووکیان چوونە لای کابرا. ژنە ڕووی کردە کابراو گوتی: ((مامە، توخوا کاتێ کە لە دۆزەخەوە هاتی باوکم لەوێ چی دەکرد؟))

کابرا گوتی: ((بەخوا خانم باوکت بە تەمابوو دوکانی تەڕە فرۆشی لە دۆزەخ بکاتەوە، بەڵام سەرمایەی نەبوو)).

ژنەبە شڵەژاوی گوتی: ((باشە، باوکم چەندی سەرمایە پێ دەوێ، تۆ و ئیمامی عەلی پێم بڵێ تا بتدەمێ بۆی ببەی!))

کابرا گوتی: ((تا پارەی زیاتر بدەی ئەو دوکانێکی باشتر دەکاتەوە، زیاتر بدە، خۆ خراپ نییە!))

ژنە گوتی: ((باشە!))

ژنە چوو، هەزار درهەمی هەبوو هێنای و دایە کابرا، بەڵام کابرا تۆزێ سەری خۆی خوراند و گوتی: ((ئەم پارەیە وا بە ئاسانی ناگاتە ئەوێ. دەبێ باج و هەستەش بدەی بۆ ئەوەی بە مسۆگەری بگاتە دەستی)).ژنە چوو هەندێ پارەی تری لە مێردی دزییەوەو هێنای دایە کابرا. لەو کاتەدا کارەکەر لێی پرسی:

((توخوا ئەدی دایکی من چ دەکا؟ لە دۆزەخدا چاوت پێ نەکەوت؟))

کابرا گوتی: ((بەدی! ئەویش دەیەویست خوریڕێسی بکا بەڵام پارەی خوری کرینی نەبوو)).

کارەکەر چوو کرێی چەند مانگی خۆی هێناو کرێی چەند مانگیشی پێشەکی لە خانم وەرگرت و هەمووی دایە کابراو گوتی: ((ئەمانە بدە دایکم بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ خۆی خوریڕێسی بکا)).

کابرا لە دڵی خۆی لێکی دایەوە و گوتی: (ئەمانە نازانن دۆزەخ چتۆ جێیەو کەس ناتوانێ پارە بباتە دۆزەخ، ئەوانەی تر خەریك بوون سەرو پێی بووکیان دەبڕییەوە، ئەوانەی ئەولاتریش نەیاندەزانی هێربار شووشتن چییە. ئەمانە ئەم جۆرە کەسەن! کەواتە ژن و دایك و باوکی خۆم لە چاو ئەمانە هیچ عەیبیان نییە، ئەوان لەمانەش تێگەیشتووترن، وا چاکە هەر بگەڕێمەوە لای ئەوان و لەگەڵ ئەواندا بژیم).

کابرا کلاشی هەڵکێشا و بەرەو گوندەکەی خۆیان کەوتە ڕێ.

هەقایەتخوان: مەشهەدی عەزیز تەهماسبی

دێی بیستون، کرماشان

Scanned with CamScanner

# ١٢- مریشکی پێ کورت

برام سەلامەتداربێ، پیرەژنێك هەبوو مریشکێکی هەبوو. ئەم مریشکە پێ کورت و جوان بوو. هەر کاتە ئەو مریشکە هێلکەی دەکردو جووجەلەی هەڵدەهێنا، پیرە ژن جووجەلەکانی بەسەر دراوسێکاندا دابەش دەکردو دەیدان بەم و بەو. پیرەژن ئەوەندە ئەم کارەی دووبارە کردەوە تا ڕۆژێ مریشکەکە لە داخان ڕکی هەستاو سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت. لە ڕێگادا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (مادام هەرچی جووجەلەیێ هەڵدێنم پیرەژن بەم و بەو یان ددا وا چاکە بڕۆمە دوای ئیشی خۆم بەڵکو بتوانم چەند جووجەلەیەك پێ بگەیەنم، ئەگەر لای پیرەژن بمێنم هەروا بێ جووجەلە دەبم. ئاخر وجاغی کوێر چ کەلکی هەیە؟!)

مریشکەکە هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە لای درەختێك و لەوێ لای درەختەکە گیرسایەوە. هێلکەی کردو جووجەلەی هەڵهێنا.

ڕۆژێ، ڕێوییەك سەرو سەکوتی لە لای درەختەکە پەیدا بوو. ڕێوی بە عەراییەوە گوتی: ((ڕۆژ باش، وەی بەخێر هاتی براژن، حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟))

مریشك لە وەلامدا گوتی: ((وەی سەلامەت بی، شووبرا! ئەی تۆ حاڵت چۆنە؟!!)) ڕێوی بە کەسەرەوە سەری باداو بە مریشکی گوت: ((باشم، براژن! ئێستا تۆ بە خۆی بەو هەتیوانە دەتەوێ چ بکەی؟!!))

مریشك گوتی: ((هیچ. تۆ شووبرای منی و ئەمانە هی خۆتن!)) لەو حانەدا ڕێوی باوێشکی هاتێ. بێگومان دەیەویست بەم کارە مریشکەکە بخوا، بەلام پەشیمان بووەوە و بە مریشکی گوت: ((وەرە پێکەوە زەماوەند بکەین بۆ ئەوەی چاویشم لە جووجەلەکانت بێ)).

مریشك گوتی: ((باشە، زدماوەند دەکەین. پێکەوە شایی و چۆپییەکی باش دەگێڕین بۆ ئەوەی تۆ ببی بەهی من و من ببم بە هی تۆ)). هاتن، پێکەوە

دایانبەستە شایی و هەڵپەرکێ، ڕێوی بەستەی چڕی:

خیل ور او خوارە و خیل ور او ژیرە

مامرە کلە پوپانە سویرە

خێل بەرەو خوارو خێل بەرەو ژوورە

مریشکە پیٚکوتە لەبەزم و سوورە

گوندێك لەو نزیکانە هەبوو بە ناوی (داشکەسان)و ماڵی ڕاوچییەکی لێ بوو کە دوو توولە سەگ و تاژییەکی هەبوو. ئەو ڕاوچییە ناوی (ئاشێخ عومەر) بوو.

مریشك بە دزی خۆی گەیاندە لای (ئا شێخ عومەر)و گوتی: پارووییەکی چەورم بۆ پەیدا کردووی.

ئا شێخ عومەر گوتی: ((پارووی چەوری چی؟))

مریشك گوتی: ((ڕێوییەکی چاك، ڕێوییەکی کەتەو پێستە نایاب! تۆ تاژی و توولەکانت لە شوێنێك بشارەوە. بەیانی کە ڕێوی هاتەوە لام ئەوسا ئاگادارت دەکەمەوەو تۆش وەرە بیگرە)).

کە بەیانی داهات ڕێوی وارە وارە بۆ لای مریشکەکە هات و گوتی: ((ئازیز گیان، وەرە شایی و هەڵپەرکێیەکی باش بکەین!)) مریشك قبووڵی کرد. ڕێوی هەڵی کردە گۆرانی:

خیل ور او خوارە و خیل ور او ژیرە

مامرە کلە پوپانە سویرە

ئەوسا مریشکە پیٚ کورتە گوتی: ((ئێستا نۆرەی منە بەستەیەك بڵێم)).

ڕێوی گوتی: ((دەباشە، ئەم جارە تۆ بڵێ!))

مریشك دەستی پیٚ کرد:

ئا شیخ عمر داشکە سانی

سەتلە رش و تانجی فانی

پوس روی ئەکنی دیدی یە چانی؟

***

ئا شێخ عومەری داشکە سەنی
سێ توولەی ڕەش و تاژییەکی فەنی
ڕێوی کەوڵ دەکەی دەیدەی بە چەنی

ڕێوی یەکسەر پەلاماری مریشکی داو گوتی: ((سەگباب قسەی وا بۆ دەکەی؟ قسەی وا نەکەی ها!))

مریشک گوتی: ((کە تۆ گۆرانیت گوت، من هیچ سەخڵەت نەبووم و پێم ناخۆش نەبوو؟)) ٭

ئا شێخ عومەر لەو نزیکانە خۆی مەلاس دابوو. گوێی لە دەنگی مریشکەکە بوو.

مریشک و ڕێوی دووبارە دایانبەستە شایی و هەڵپەڕکێ، مریشک بە دەنگێکی بەرزتر هەڵی کردە بەستە و گۆرانی:

ئا شیخ عمر داشکە سانی
سەتلە رش و تانجی فانی
پوس رَوی یَکنی دیدی یە چانی؟

لە پڕ ئا شێخ عومەر لە حەشارگەی خۆی دەرپەڕی و خنخنۆکی ڕێوی گرت و کەوڵی کرد.

مریشکەکەش لەگەڵ جووجەڵەکانی گەڕایەوە لای پیرە ژن. پیرەژن کەیفخۆش بوو، بەڵام دیسان دەستی پێ کرد جووجەڵەکانی مریشکەکەی دایە ئەم و ئەو. مریشکەکەش لە داخان دیقی کردو مرد.

هەقایەتخوان: مەشهەدی شوکروللا شێرزادی، ٧٥ ساڵە
دێی: بێستون / کرماشان

# ١٣- دز

هەبوو نەبوو

لەخوا زیاتر کەس نەبوو

لە بەندە درۆزنتر نەبوو

لەقەل ڕووڕەشتر نەبوو

کابرایەك هەبوو، دوو کوڕی هەبوو، ناویان حەبیب و سەیفی بوو. کابرا ئیشی دزی بوو. کە باوکە کەوتە سەرە مەرگ، بانگی ژنەکەی کردو وەسیەت و ئامۆژگاری خۆی پێ ڕاگەیاند و گوتی: ((توخوا، لە چوونە بەرگاران زیاتر کوڕەکانم فێری هیچ مەکە!))

ژنە قبووڵی کرد و گوتی: ((باشە!))

کابرا مرد و بە خاکیان سپارد.

کە سبەینە داهات هەر دوو کوڕەکە چوونە بەرگاران، بەڵام سەیریان کرد گاوانەتی ژیانیان هەڵناسووڕێنێ و هیچ سوودێکی تێدا نییە. خاوەنی مانگاکان هەمیشە جوێنی پێ دەدان و ئازاری دەدان، دەیگوت: ((نەفرەت لە باوکە دزەکەتان، بۆ خۆتان و مانگا لەوەڕاندنتان!))

کە شەو داهات، حەبیب بە دایکی گوت: ((دایە، دەبێ پێمان بڵێی باوکمان چ کارە بوو!))

دایکە دوای ئەختێ حەپەسان، ڕاستی مەسەلەکەی پێ گوتن و نهێنییەکەی ئاشکرا کرد و گوتی: ((بەخوا چتان لێ بشارمەوە باوکتان دز بوو!))

بۆ سبەینێ، حەبیب و سەیفی ملی ڕێیان گرت و دنیان جێ هێشت و ڕۆیشتن، گەیشتنە باغێك. حەبیب، کە برا گەورە بوو، بە سەیفی گوت: ((ئەگەر توانیت بچیتە سەر ئەم درەختە و هێلکەکانی ئەم حاجی لەقلەقە لەژێری دەربێنی و وانەکەی حاجی

لەقلەق هەست پێ بکا دیارە دزێکی باشی، ئەگەر نا دەبێ بیرێکی تری لێ بکەینەوە)).

سەیفی چووە سەر درەختەکە و هێلکەکانی لە ژێر حاجی لەقلەق دەرهێناو حاجی لەقلەق هەر هەستیشی پێ نەکرد.

کە هاتە خوارەوە، حەبیب گوتی: ((ئافەرین، زۆر تەڕدەستی! بەڵام ئەدی کوا شەلوارت؟))

سەیفی سەیری کرد شەلواریان لە پێ داکەندووە. بێ گومان ئەمە ئیشی حەبیب بوو، بە جۆرێکی وا شەلواری لە پێی برای کردبووەوە، برای هەر هەستیشی پێ نەکردبوو.

کە زانییان هەردووکیان تەڕدەستن، کردیانە پێکەنین و گوتیان: ((کەواتە دەرکەوت ئێمە دزی چاکین!))

هێلکەکانی حاجی لەقلەقەکەیان لە جێی خۆی دانایەوەو ڕێگەی خۆیان گرتەبەر. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە پایتەخت. کە شەو داهات ڕوویان کردە خەزێنەی پاشاو بە چاپووکی نیوەی زێڕو گەوهەری پاشایان دزی.

شەوی دووەم برای گچکە، کە سەیفی ناو بوو، بە تەنێ چوو چی گەوهەر ماوە بیدزێ، بەڵام ئەو شەوە پاسەوان قیرێکی زۆریان بە دەوری خەزێنەدا ڕشتبوو. سەیفی کەوتە ناو قیرو گیری خوارد.

برای گەورە کە دیتی برای گچکە درەنگی بەسەردا هات و هەر نەهاتەوە، دڵی خەتەرەی کرد و چووە لای خەزێنەی پاشا، دیتی برای لە ناو قیردا چەقیوەو تێدا مردووە. ناچاربوو، بۆ ئەوەی نەناسرێن، سەری برای بڕی و گەڕایەوە لای دایکی. دایکە کە چاوی بەسەری سەیفی کەوت، دەستی بە شین و واوەیلاکردو بە حەبیبی گوت: ((کەشەو داهات بڕۆ کەلەشی برات بێنەوە)).

کەشەو داهات، حەبیب ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت. کە گەیشتە نزیک خەزێنە،دیتی پاسەوان کەلەشی براکەیان بە دارەوەکردووەو خەریکی نارەق و شەراب خواردنەوەن. حەبیب چوو سازو دەهۆڵێکی پەیدا کردو بۆی لێدان تا هەموو خەویان لێ کەوت. کە پاسەوانەکان خەوتن، حەبیب کەلەشی برای لە

قەلاندۆ شکان کردو هێنایەوە ماڵێ، دایە دایکی و خۆی گەڕایەوە لای خەزێنەو دیتی وا پاسەوانەکان بە دوای کەلەشەکەدا دەگەڕێن. یەکێ لە پاسەوانەکان بە یەکێکی تری گوت: ((گەڕان بێ هوودەیە. دیارە باڵدارێکی زل لە ئاسمانەوە دابەزیوەو کەلەشەکەی بردووە)).

سبەینێ، پاشا فەرمانی دا جاڕ بدەن هەرکەسێ ئەم کەلەشە بدۆزێتەوە زاری پڕ گەواهیرات دەکەم.

پیرە ژنێك چووە بارەگای پاشاو گوتی: ((ئەم ئیشە بە من گەیشت)).

بەقسەی پیرەژن گەواهیراتی زۆریان لە وشترێك بارکردو دوورو نزیك خۆیان لێ مات دا بۆ ئەوەی بزانن کێ دەیدزێ. بەڵام تا پیرەژن ڕووی وەرسوڕاند، وشتر بزر بوو.

حەبیب وشتری بە بارەوە ڕاکێشایە ماڵێ و بارەکەی لێ داگرت و وشترەکەی کوشتەوە. پیرەژن بەلەخۆدان و قژ ڕنین چووە بارەگای پاشاو گوتی: ((وشترەکە بزر بووە)). ئەو ڕۆژە بۆ سبەینێ، پیرەمێردێك چووە بارەگاو گوتی: ((من ئەو دزە دەدۆزمەوە، بەڵام هەرچی داوام کرد دەبێ بمدەیتێ!)) پاشا بەڵێنی دایە.

پیرەمێرد گوتی: ((چەند کەسێك بنێرە جاڕ بدەن هەر کەسێ گۆشتی وشتری هەیە، پیرەمێردێك نەخۆشە بۆی بێنێ)).

گزیرو خوبزەکانی پاشا بە ناو کووچەو کۆڵانان وەربوون و جاڕیان داو سەریان بەم ماڵ و بەو ماڵدا کرد. پیرەمێردەکە گەیشتە بەر دەرگای ماڵی حەبیب، حەبیب پێی گوت: ((وەرە ژوورەوە گۆشت وشترت بدەمێ)).

حەبیب پیرەمێردی ڕاکێشایە ژوورەوەو کوشتی. ئینجا شەو لەگەڵ دایکی چی گەواهیراتی هەبوو لە وڵاغێکی بارکرد و لەشار دەرچوون و لە دەست خوبزەو گزیرانی پاشا دەرباز بوون و ئەو تەمەنەی مابوویان بە خۆشی و شادی بەسەریان برد.

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز

مەرگت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز

حەقایەتخوان: عەبدوڵلا دارایی، ١١ ساڵە

دێی ئاب باریك – صحنە

# ١٤- ڕێوی فێڵبازو گورگی گەمژە

ڕێوییەك و گورگێك و شێرێك لانەیان لە چیایەك بوو. کەناری چیاکە باخێکی سەوزو خۆش بوو. دونیا بەهاربوو، کانی پڕ ئاوو باغ خۆش!

ڕۆژێکیان بزنە کێوییەکی قەڵەو و تەڕو پڕ هاتە سەر کانی بۆ ئەوەی ئاو بخواتەوە. ڕێوی و گورگ و شێر بە کۆمەڵ دانیشتبوون تەماشایان دەکرد.

ئەم سێیانە تەماشای یەکیان کرد وەك ئەوەی بەم کارە بیانەوێ بڵێن کێ ئامادەیە بزنە کێوی ڕاوبکا.

ڕێوی گوتی: ((من دەچم!))

شێر گوتی: ((نە . بەتۆ ناکرێ!))

گورگ گوتی: ((من دەچم!))

شێر گوتی: ((نە . تۆ هەقت نییە. من خۆم دەچم!))

ئەوانیش گوتیان: ((فەرموو ئەی شێر، تۆ بڕۆ ڕاوی بکە!))

شێر بازرەقەی دا بە هەڵمەتێك بزنە کێوی ڕاوکردو هەمووی خوارد. گورگ کە بینی ئەمە سوودی نییەو لە برسان لاکەی لێوە دێ، لە دڵی خۆیدا بیرێکی کردەوەو لە شێر چووە پێش و بە کلکە قوتێ و ملە مووسێ و مەرایی تەواوەوە خۆی گەیاندە تەك شێرو لە هیکڕا کەڵبەی لە گەرووی شێر گیر کردو خنکاندی و کەوتە سەری خواردی. کە ئەو تێر بوو ڕێوی هات و گوتی: ((برام بەشی منیش نادەی))؟!

گورگ گوتی: ((نە . بۆ بتدەمێ، خۆم زەحمەتم پێوە کێشاوە)).

ئینجا ڕێوی ڕووی کردە گورگ و گوتی: ((ماڵکاوڵ، خەبەرێکی خۆشم پێیە نێچیرێکی باش هاتۆتە ئەم ناوە، وەرە پێکەوە بچین ڕاوی بکەین)).

گورگ گوتی: ((باشە، ڕازیم)).

ڕێوی چوو سەوییەکی هێناو دایە گورگ و گوتی: ((تۆ لەناو ئەم سەوییە

دانیشە. من لێرە گلۆرت دەکەمەوە خواریێ بۆ لای ئەو خانووە. کە گەیشتیتە ئەوێ وریا بە کەس لەوێ نەیەتە دەرەوە. نێچیرێکی چاکی تێدایە. ڕاوی بکە)).

گورگ گوتی: ((زۆر باشە. بەڵام کاکە ڕێوی، بە جۆرێکی وا گلۆرم کەوە کە تێنەچم و ئێسك و پرووسکم وردو خاش نەبێ)).

ڕێوی گوتی: ((زۆر باشە، بەچاوان!))

ئیذجا ڕێوی زۆر بە توندی زارکی سەوییەکەی بەست و سەراوژێر فڕێی دایە خوارێ. گورگ لەحانی گلۆربوونەوەدا هاواری کرد: ((برام، ئەوە تۆ چیت کرد؟))

ڕێوی گوتی: ((هیچ نییە. هەر ئێستا دەگەیتە جێ)).

سەوییەکە گەیشتە بنی گەڵی. دوو نەفەر، کەیەکەو داری درێژیان بە دەستەوە بوو، گەیشتنە سەری، ئەوەندەیان گورگ دارکاری کرد تا پێستیان لەبەر داکەلاند.

ڕێوی لە سەر چیاوە قاقا پێدەکەنی.

گورگ بەتەپ و کۆ هەڵات و دوای چەند ڕۆژێك ڕێوی دۆزییەوەو گوتی: ((برام، ئەوە بۆ چی ئەم دەردەت بەسەر من هێنا)).

ڕێوی گوتی: ((هەی ماڵ خراپ، ئەو جێیەی تۆ چووی ماڵی ڕێوی فێڵبازبوو، تۆ بۆچی چوویتە ئەولا. کە تۆ گەیشتیتە ئەوێ دوو نەفەرەکە دەیانەویست ڕێوی فێڵباز ڕاو بکەن)).

ئەوسا ڕێوی وەك ئەوەی خۆی لەسەر هەق بێ، ڕووی کردە گورگ و گوتی: ((وەرە پەیمان ببەستین و پێکەوە ژیان بەسەر بەرین)).

گورگ گوتی: ((چ بکەین؟))

ڕێوی گوتی: ((وەرە، ببینە برا))

گورگ گوتی: ((چۆن؟))

ڕێوی گوتی: ((من سێ بێچووم هەیە، ئەی تۆ چەندت هەیە؟))

گورگ گوتی: ((منیش چوارم هەیە)).

ڕێوی گوتی: ((وەی ڕەحمەت لە مردووت! وەرە ببینە شەریك و بە نۆرە بێچووەکان بەخێو بکەین)).

گورگ ڕازی بوو.

بۆ بەیانی گورگ بە ڕێوی گوتی: ((تۆ چاوت لە بێچووەکانی من بێ، من تا ئەو خوارە دەچم. مێگەلێکی لێیە بەڵکو چەند مەڕێك بقاپێنم!))

کە گورگ ڕۆیشت، ڕێوی دوو بێچووە گورگی خوارد. کە گورگ هاتەوە، ڕێوی دەستی بە گریەوزاری و دادو بێدادو هات و هاوارێکی سەیر کردو خۆی لە قوڕ هەڵکێشا.

گورگ گوتی: ((چ بووە؟ مەسەلە چییە؟))

ڕێوی گوتی: ((بەخوا دوو بێچوومان مردوون!))

گورگ گوتی: ((لە پێ گەورەکان، یان لەپێ گچکەکان)).

ڕێوی خۆی پەست کردو گوتی: ((من وتۆ ئیدی برایەتیمان نەما، من وا ڕۆیشتم، خوا حافین)).

گورگ گوتی: ((بۆ دەڕۆی، ئاخر چ بووە؟))

ڕێوی گوتی: ((تۆ مادام هێشتا فەرق و جیاوازی لە بەینی بێچووی‌من و بێچووی خۆت دەکەی، برایەکی باش نی!))

گورگ گوتی: ((باَوکم، وەرە بگەڕێوە. ئەوەی چوو چوو، ئەوەی مرد مرد، قەیدی نییە)).

ڕێوی گەڕایەوە.

ماوەیەکی پێ‌چوو دیسان ڕۆژێ گورگ چووبووە ڕاو، ڕێوی دوو بێچووەکەی تری گورگی خوارد. ئێوارێ کە گورگ هاتەوە، ڕێوی بە گریەو زاری گوتی: ((دوو بێچووی تریشمان مردوون!))

گورگ گوتی: ((پێ گەورە، یان پێ گچکە))؟!

ڕێوی گوتی: ((من ئیتر براو شەریکی تۆ نابم. تۆ هەمیشە بیرت هەر لەلای پێ گەورەو پێ گچکەیە. فەرقی چییە! هەردووکیان بێچووی خۆمانن. ئێستا مادام وایە وەرە دابەشیان بکەین و هەر کەس هی خۆی بباتەوە)).

گورگ گوتی: ((ئاخر چۆن دابەشیان بکەین؟ تۆ هەموو بێچووەکانی منت

Scanned with CamScanner

خواردووە؟))

ڕێوی گوتی: ((تاوانباریشم دەکەی))؟!ئیدی دەستی بە گریان کرد.

ئاخری ڕێوی بە زمانلووسی بە گورگی گوت: ((برام، ئەوەی چوو چوو، بێچووەکانی تۆ عومریان لە دونیادا هەر ئەوەندە بوو! هەر لە سەرەتاوە دیاربوو دەمرن. وەرە شتێکت پێ بڵێم: شەرغە مێشێك پێ دەزانم، بڕۆ دەری بێنە پێکەوە بیخۆین و هێزێکمان بێتەوە بەر. دوور نییە ئەو هەنگانە ڕۆژێ بێ و بێچووەکانمان لە ناو ببەن. کە شەرغەکەیان دەربێنین و بیخۆین ئەوان لێرە دەڕۆن)).

گورگ گوتی: ((ئەو شەرغەیە لە کوێیە؟))

ڕێوی گوتی: ((لەقەدی ئەم چیایەیە)).

ئینجا ڕێوی پەتێکی هێناو لەناو قەدی گورگی بەست و بە قەدی چیادا شۆڕی کردەوە. کە گورگ گەیشتە نزیك هەنگوینەکە، ڕێوی لە دواوە لێی وەرسووڕایەوەو سەری لە پاشەڵی گورگ ناو کەوتە درین و خواردنی.

گورگ هاواری کرد: ((ڕێوی، خشتەکی لە پشتەوە دەو وەرە پێشەوە. ماڵ کاوڵ، تۆ بۆچی ئەوە دەخۆی، نازانی هەموو گەندو گووە. وەرە سنگم بخۆ، هەموو چەورەو بەزە)).

ڕێوی زانی گورگ چ فێڵێکی لە بن سەری دایەو گوتی: ((نە . ئێرە باشە، هەمووی بەزە. لێرەوە دەخۆم و پێدا دێم تا دەگەمە ئەوێ)).

ئیدی گورگی خوارد.

هەقایەتخوان: عەباس عەسکەری
خەڵکی بیستوون، ٥٠ ساڵە

# ١٥- ئەحمەد بازرگان

هەبوو نەبوو، لەخودا زیاتر هیچ کەس نەبوو، کابرایەکی بازرگان هەبوو، سامانێکی زۆری هەبوو. ناوی ئەحمەد بازرگان بوو. ژنێکی هەبوو هەر گاوێ پێ بکەنیبایە یەک چەپکە گوڵی لە دەم دەهاتە دەرێ.

ئەحمەد بازرگان ڕۆژێ بە بازرگانی چووە وڵاتی چین. بارو بنەو زێوەرێکی زۆری هەڵگرت و بردەی. کە گەیشتە وڵاتی چین، بۆ ئەوەی لەوێ ڕێگای بازرگانی لێ نەگرن سینییەکی پڕ دیاری و گەواهیراتی بۆ قاقای چین ئامادەکرد.

یەکێ لە نۆکەرەکانی ئەحمەد بازرگان گوتی: ((ئەی ئەحمەد بازرگان، ئەگەر چەپکە گوڵێکت پێیە لەوانەی لەزاری خانم دەرهاتوون، بدەی لە تەک ئەم سینییەی دابنێین، زۆر باش دەبێ. لەوانەیە قاقان خەڵاتێکی باشت بکا، چونکە سەری لەم گوڵانە سڕ دەمینێ، لەبەرئەوەی لەم کەژەی ساڵدا گوڵ بە هیچ جۆرێك دەست ناکەوێ)).

سینییەکەیان بە گوڵ و گەواهیرات بردە خزمەت قاقان. ئەو هەموو وەزیرانەی لەوێ دانیشتبوون لە سەرسامییان پەنجەی حەپەسانیان لەزار ڕاکردو گوتیان: ((ئەی قاقان، ئەمڕۆ گوڵ پەیدا نابێ، ئەوە ئەمەیان لە کوێ هێناوە)).

قاقان وەزیرێکی بەدگۆو ناقوڵای هەبوو. ئەو وەزیرە ڕووی کردە قاقان و گوتی: ((قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ، من ئاگام لە ئیشی ئەم ئەحمەد بازرگانە هەیە. خەفیەکانم دەڵێن ئەحمەد بازرگان ژنێکی هەیە هەر جارەی کە پێدەکەنێ چەپکە گوڵێکی لەزار دێتە دەرێ. بێگومان ژنەکەی ئەحمەد بازرگان لەگەڵ خۆما دەستی تێکەڵاوە)). قاقان واقی وڕماو گوتی: ((وەزیر، شتی وا ماقووڵ نییە. تۆ خۆت لە چین و ئەو لە ئێرانە!))

وەزیر پێی لە بێ شەرمی هەڵبڕی و گوتی: ((بۆ ڕاستی قسەکەشم ئامادەم نیشانەی لەشی ژنە بۆ جەنابی قاقان هەڵبدەم)).

قاقان گوتی: ((ئەگەر تا حەفتەیەکی تر نیشانەی لەشی ژنەکەت بۆ هێنام، ئەمر دەکەم دەست بەسەر هەموو سامانی ئەحمەد بازرگان دابگرن و ئەگەر درۆش بکەی هەموو بنەماڵەکەتان دەسووتێنم)).

وەزیری بەدگۆ قبووڵی کردو سبەینێ پشت لە شارو ڕوو لە چۆڵەوانی بەرەو وڵاتی ئێران کەوتە ڕێ. پاش ماوەیەك گەیشتە پایتەخت کە ماڵی ئەحمەدی لێ بوو. لەم و لەوی پرسی: ماڵی ئەحمەد بازرگان لە کوێیە؟

ماڵی پیرەژنێك لە تەنیشت ماڵی ئەحمەد بازرگان بوو. پیرەژن یەك تاقە کوڕی هەبوو. وەزیری بەدگۆ چووە ماڵی ئەو پیرەژنەو مستە پارەیەکی دایەو گوتی: ((پیرەژن، ئەگەر نیشانەی لەشی ئەو ژنەم بۆ بێنی هەرچی بتەوێ دەتدەمێ)).

پیرەژن قبووڵی کردو بۆ سبەینێ زوو جل و بەرگی کردە بەرو چووە خزمەت خانمی ئەحمەد بازرگان و بەگریەو زاری گوتی: ((خانم، کوڕە تاقانەکەم نەخۆشە، دوێ شەو تای لێ بوو، ئێستا وڕکی لە گوڵ داگرتووە)).

ژنی ئەحمەد بازرگان گوتی: ((هەرتۆو گوڵ!))

ئینجا پێکەنی و یەك چەپکە گوڵی لە دەم هاتە دەرێ. دوو باقەی دایە پیرەژن . پیرەژن باقە گوڵێکی وەرگرت وبردی.

وەزیر مستە پارەیەکی دایە پیرەژن و گوتی: ((پیرەژن، دەبێ ئەمڕۆ نیشانەی لەشی خانمم هەر بۆ بێنی)). سبەینێ زوو، پیرەژن دیسان چووە ماڵی ئەحمەد بازرگان. ژنە گوتی: ((ئەرێ کوڕەکەت چۆنە؟ باشە))؟!

پیرەژن وەڵامی دایەوە: ((لەسای مەرحەمەتی ئێوە، باشترە. بەڵام من نەزرم لە خۆم گرتووە بۆ ئەوەی کوڕەکەم تەواو چاك بێتەوە لەگەڵ ئێوە بێمە حەمام و خزمەتتان بکەم)).

خانم قبووڵی کرد: ((ئەیدی چییە! نەزرەکەت قبووڵ دەبێ ئینشاللا! وەرە پێکەوە بچینە حەمام)).

خانم قەت لەگەڵ هیچ کەس نەدەچووە حەمام، بەڵام ئەو ڕۆژە دڵی نەرم بوو و پیرەژنی لەگەڵ خۆی برد.

Scanned with CamScanner

پیرەژن بە خانمی گوت: ((خانم، ڕوخسەت بدە لیفکەت پێدا بێنم!))

ژنە گوتی: ((نە . پێویست ناکا، زەحمەت مەخۆ!))

بەڵام پیرەژن هەر سور بوو. خانم بە ناچاری قبووڵی کرد. پیرەژن لەکاتی لیفکەلێداندا دیتی خانم نیشانەیەکی خڕی بەقەد پێنج ڕیالییەکی لەسەر سک پیرەژن نەخشەی نیشانەی لەبەر کرد و هات بە وەزیری گوت و وەزیر نەخشەی لەسەر پارچە کاغەزێك کێشاو مستە پارەیەکی تری دایە پیرەژن وئینجا پشت لەشارو ڕوو لە چۆلەوانی بەرەو وڵاتی چین ڕێی گەڕانەوەی گرتە بەر.

قاقانی چین لەسەر تەخت دانیشتبوو. دەست و پێوەند لە خزمەتی ودستا بوون. ئەحمەد بازرگانیش لەوێ بوو. قاقان کە نیشانەکەی دی ڕووی کردە ئەحمەد و گوتی: ((ئەحمەد، ئەم نیشانەیە ڕاستە!)) ئەحمەد بەو پەڕی سەر سامی و بێچارەیی گوتی: ((بەڵێ، ڕاستە!))

قاقان فەرمانی دا دەستیان بەسەر هەموو ماڵ و سامانی ئەحمەد داگرت و فەرمانی دا ئەحمەدیش سەر بڕن، بەڵام وەزیر گوتی: ((قیبلەی عالەم سەلامەتداربێ، واچاکە لەسەری نەدەی، شار بەدەری کەو لێی گەڕێ)).

ئەحمەد بازرگان، بێچارەو بێ نەوا، لەم شار دەچووە ئەو شار. برسی بوو. گەیشتە بەر دەرگای پاچە فرۆشێك و گوتی: ((کاکە، لەڕێی خوا نەختێ خواردنم بدەنێ، برسیم!))

پاچە فرۆش گوتی: ((سەگباب، بڕۆ دوای ئیشی خۆت. ملت لە ملی من ئەستوورترە. بڕۆ بۆ خۆت ئیش بکەو نان پەیدا کە!))

ئەحمەد گوتی: ((باشە، دەتۆ ئیشێکم بدێ)).

پاچە فرۆش ئەحمەدی کرد بە شاگرد لە دوکانی خۆی. ڕۆژێ دوو درهەمی دەدایە. دوای ماوەیەك ئەحمەد توانی بژێوی خۆی بەدەست بێنێ.

لەولاوە ذێکەران گەڕانەوە ئێران. خەبەریان دایە ژنی ئەحمەد بازرگان. ژنی ئەحمەد بازرگان، کە ڕووداوەکەی بیست، زۆر سەر سام بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەوەی بووە لەناو حەمام بووە).

Scanned with CamScanner

چوو لەکارەکەرەکانی خۆی پرسی. ئەوانیش گوتیان: ((ئەوە تۆ چۆن دۆستی وەزیری چینی بوویت و ئێمە پێمان نەزانیوە))!؟

ژنە زانی سەروچاوەی ئیشەکە لە کوێیە. یەکسەر فەرمانی دا دارتاشێك و زێرنگرێکی باشیان هێنا. فەرمانی دا چەندی پارەیان دەوێ بیاندەنێ بۆ ئەوەی خیوەت و بارەگایەکی نایاب دروست بکەن بە حەفتا ڕەنگ بدرەوشێتەوە.

بە ماوەی مانگێك هەموو شت تەواو بوو. ژنە بەڕێ کەوت .دوو قۆناغی دەکردە یەك، تا گەیشتە وڵاتی چین. ژنە چوو لە نزیك کۆشکی قاقان خیوەت و بارەگای هەڵدا.

سبەینێ زوو کە مەلا چوو بانگی دا، لەبەر سەیری چادری حەفتا ڕەنگ سەری سووڕاو لەسەر منارە بەربووەوە و پێی شکا.

خەبەر گەیشتە قاقان. قاقان گوتی: ((مەسەلە چییە؟))

گوتیان: ((قیبلەی عالەم سەلامەتداربێ، خیوەتێکیان لەم نزیکانە هەڵداوە بە حەفتا ڕەنگ دەدرەوشێتەوە. شتێکی وایە تا ئێستا کەس شتی وای نەدیوە)).

ژنی ئەحمەد بازرگان نامەیەکی بۆ قاقان نووسی و گوتی: ((یاخۆت بۆ شەڕ ئامادەکە، یان کچەکەتم بدەرێ. حەفتا ملیۆن نەفەرم هێناوەتە دەوری پایتەخت بەڵام حەز ناکەم ئازارت بدەم)).

قاقانی چین ناچاربوو لە وەڵامەکەیدا نووسی: ((ئەگەر بێیتە لام، کچەکەمت دەقەبەر دەکەم)).

ژنی ئەحمەد بازرگان بەناچاری خۆی خستە سەر شکڵی پیاوان و دەستە بەرگێکی پیاوانەی پۆشی و چووە خزمەت قاقای چین.

قاقان کە چاوی پێ کەوت فەرمانی دا کچەکەی بۆ بکەن بە بووك و بۆی برازێننەوە. بەڵام ژنی ئەحمەد بازرگان کە خۆی خستبووە سەر شکڵی کوڕێکی گەنج، گوتی: ((قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ، من مەرجم کردووە، تا نەچمەوە ئێران بۆ لای دایك و باوکم، زەماوەند نەکەم)).

قاقان گوتی: ((باشە. بەخێرچی. کچەکە ببەو برۆ)).

Scanned with CamScanner

ئینجا قاقان دوو هەزار سواری بەگەڵدا، بەڵام ژنی ئەحمەد بازرگان گوتی: ((دەبێ وەزیرەکەشتم لەگەڵ بنێری)).

قاقان وەزیریشی نارد.

دوای ئەوەی چەند قۆناغێکیان بڕی، لەپڕ ژنی ئەحمەد بازرگان بەبەرگی پیاوانەوە ڕووی کردە وەزیرو گوتی: ((ئەی وەزیر، ئەتۆ ئەو خودایە، ئەوە چەند ساڵە تۆ لە خزمەت ئەم قاقانەدای، لەوەی فێری بووی شتێکمان بۆ بگێڕەوە، شەوی پێ بقەتێنین و وەڕس نەبین. ڕاستی ژنی ئەحمەد بازرگانمان بۆ باس بکە- چۆنە لەگەڵی بووی ۆ هیچ باسی ناکەی)).

وەزیر، کە خۆی لە تەنگانەدا دی، گوتی: ((بەو خودایەی شان و شەوکەتی بە محەمەد داوە، چاوم بە شێوەو ئەدگاری ژنی ئەحمەد بازرگان نەکەوتووە. کاتێ کە ئەحمەد بازرگان گوڵەکەی هێنا، شەیتان چووە بن کلێشەم ئەو قسەیەی پێ کردمو ئیدی تێکەوتم و نەمتوانی پاشگەز ببمەوە. جا بەهۆی پیرەژنێکەوە ئەو نیشانەیەم وەرگرت.

کە گەیشتنەوە ئێران و چوونەوە شاری خۆیان، ژنی ئەحمەد بازرگان خێوەتی هەڵداو خەڵکی بانگ کرد. بە ڕێکەوت ئەحمەد بازرگانیش خۆی گەیاندبووەوە شارو لەتەك خیوەتی ژنەکەی خەوتبوو. ژنە خەڵکی کۆکردەوەو وەزیری هێنا و گوتی وەرە چی دەزانی بەم خەڵکەی بڵێ.

وەزیر هەموو شتێکی ئاشکراکرد و ژنە لەناکاو کڵاوی لەسەر کردەوەو خۆی ئاشکراکردو گوتی: ((من ژنی ئەحمەد بازرگانم و تۆم هێناوەتە ئێران بۆ ئەوەی ڕاستی بۆ خەڵك ڕوون بکەیتەوە. من ئەو تەرحە ژنەم کە کچی قاقانی ئێوەم بۆ خۆم هێناوەتە ئێران بۆ ئەوەی لە مێردەکەمی مارە بکەم. ئێستا وا لای خەڵکیش پاك بوومەوە)).

ئەحمەد بازرگانیش، کەلەو نزیکانە بوو، لەخەنی خۆشییان لە پێستی خۆی نەدەحەوایەوە.

ژنە نامەیەکی بۆ قاقانی چین نووسی و ڕاستی ڕووداوەکانی پێ گوت و ئینجا

چی هەیبوو ونەیبوو هەمووی بە مێردەکەی سپاردو کچی قاقانیشی لێ مارەکرد.
وەزیری چین بە مل شۆڕی و سەر کزی گەڕایەوە وڵاتی خۆیان.
ئەحمەد بازرگانیش لەگەڵ هەردوو ژنەکانی ژیانێکی خۆشیان بردە سەر.

هەقایەتخوان: عەباس ئەسکەری، ٥٠ ساڵە
گوندی: چم بتان/ب ستون

Scanned with CamScanner

# ١٦- کچی پاشاو کوڕی دەروێش

بەئاغای خۆم بڵێم، سەلاوات لە جەمالی مەحمەد بدەن!

هەبوو نەبوو، لەخوا زیاتر هیچ کەس نەبوو. پیرە دەروێشێك هەبوو کوڕێکی هەبوو. ڕۆژێ دانیشتبوون،دەروێش ڕووی کردە کوڕەکەی و گوتی: ((کوڕی شیرینم، باوەڕناکەم من یەك دوو ڕۆژی دی زیاتر بژیم)).

کوڕە قسەکەی بۆ قووت نەچوو، ڕووی کردە پیرە باوکی و گوتی: ((خوانەکا باوکە گیان، چما عیلمی غەیبت هەیە؟ چییە؟))پیرە دەروێش گوتی: ((نەخێر، کوڕی شیرینم. بەڵام من دونیام دیوە و بایی خۆم ژیاوم. تەمەنم سەدو دە، سەدوبیست ساڵ دەبێ. وا بزانم لە مڕۆو سبەی زیاتر ناژیم)).

کوڕە گوتی: ((باوکە گیان، قسەی وا مەکەو دڵم برینداز مەکە. لەتۆ و پیرە دایکم بەولاوە من چ پشت و پەنام نییە)).

هەر لەو ساتەدا پیرە دەروێش دڵی کەوتە گورپە گورپێکی توندو ناردیان حەکیم هات. تا حەکیم گەیشتە سەرینگانی دەرویش، دەروێش مالاّوایی لە دونیای فانی کردبوو.

دوای گریەو زارییەکی زۆر، کوڕە دەربەدەر بوو. ڕۆژتا ئێوارە ئیشی دەکردو ڕەنجی دەکێشا، بە خورتی پاروە نانێکی پەیدا دەکرد. زۆری پێ نەچوو کوڕە نەخۆش کەوت و لەبەر ئەوەی پێی نەدەکرا لەناو جێ و بالینگان بێتە دەرێ ئیش و کارەکەشی لە دەست چوو.

کوڕە، کە چاك بووەوە، چووە لای دایکی و گوتی: ((ئەرێ دایە گیان، ئاخر ئەو باوکەی من لەم دونیایەدا لەسەر دەمی گەنجێتی شتێکی بۆ جێ نەهێشتووە ڕۆژێ بێ بەکەلکم بێ‌و ببێ بە پشتیوان و هاریکارم؟))

دایکە دڵی بە کوڕەکەی سووتاو گوتی: ((کوڕی شیرینم، باوکت کیسەیەکی بۆ جێ هێشتوویت، بەڵام بەخوا نازانم سوودی چی هەیە، چونکە من هیچ سەرم لەم

کیسەیە دەرنا چی)).

کوڕە کیسەکەی وەرگرت، سەیری کرد، دیتی کیسەیەکی پینەوپەڕۆی بەتاڵ و حەتاڵەو هیچ نرخی نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی یادگاری باوکی بوو خستییە گیرفانی و هەر کاتێ دەستی لە گیرفانی ڕادەکردو دەستی بە کیسەکە دەکەوت باوکی دەهاتەوە بیرو یادی دەکردەوە.

بە ئاغای خۆم بڵێم، زارت گوڵاوی پێوەبێ، باش گوێ ڕادێرە. ڕۆژێکیان کوڕە دەچووە ئاقاری بەڵکو هەندێ دار بکاو بیفرۆشێ. برسی و تینوو، دەستی لە هەموو شت بڕابوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: (خودایە، ئەتۆ بکەی ئەم کیسەیە دوو قرانی تێدا بێ!) کیسەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، دەستی تێڕاکرد دیتی دوو قرانی تێدایە. زۆری بەلاوە سەیر بوو،زۆریشی هەوەس پێ هات. لە دڵی خۆیدا گوتی: (بۆ چی داوای زیاتر نەکەم؟) گوتی: ((خودایە، ئەتۆ بکەی ئەم کیسەیە پێنج قرانی تێدا بێ)) دەستی برد دیتی کیسەکە پێنج قرانی تریشی تێدایە. گوتی: ((خودایە، ئەتۆ بکەی ئەم کیسەیە یەك درهەمی تێدا بێ! )) دەستی برد دیتی کیسەکە یەك درهەمی تێدایە.

کوڕە سەری سوڕما: بە هەڵەداوان گەڕایەوە ماڵێ و دایکی دۆزییەوەو ڕازی کیسەکەی بۆ باس کردو گوتی: ((دایە گیان، ئەم کیسەیە سیحرو جادووی تێدایە، وەرە تۆ ئەم کیسەیە بگرەو هەقت نەبێ. لەوانەیە خودا ڕەحمی بە دەستکورتی من کردبێ، کە گوتم پێنج قران و درهەمێك لەناو ئەم کیسەیەدا بێ، خودا ئەو پارەیەی خستە ناو کیسەکە)).

بە ئاغای خۆم بڵێم، دایکە کیسەکەی وەرگرت و لە خەنی خۆشییان گوتی: ((خودایە، ئەتۆ بکەی ئەم کیسەیە سەد درهەمی تێدا بێ)).دیتی بەیەك جار پارەیەکی سەد درهەمی لەناو کیسەکە پەیدابوو. زانییان !بەڵێ ئەم کیسەیە کیسەی حەزرەتی سلێمانە. سەلاوەتێکیان لێدا. کوڕە لە خەنی خۆشییان کیسەکەی لە دەست دایکی ڕاپسکاندو خستیە گیرفانی خۆی.

بە ئاغای خۆم بڵێم، کوڕە کە باجە پارەیەکی بە پای پیلان خەرج کرد. ئاوی لە

پێستە گەڕاو تەنگەی ئەستوور بوو وهەوای ژن هێنان لەسەری دا. لەدڵی خۆیدا گوتی: (من ئیتر بوومەتە ملیۆنێرو خودا سامانێکی وای پێ کەرەم کردووم، دەست کەس نەکەوتووە).

دایك و کوڕە پێکەوە بە کیسەکەیان گوت: ((خودایە، ئەتۆ بکەی ئەم کیسەیە سەد درهەمی تێدابێ، خودایە، دووسەد درهەمی تێدا بێ..)).بەم جۆرە پارەیەکی ئەستووریان پێکەوە نا. ئینجا هاتن برنج و نۆك و لۆبیاو شەکرو چاو تەوتن و هەرچی دانەوێلە هەیە ماڵیان لێ پڕکرد. کوڕە فەرمانی دا عەنبارێکیان دروست کرد، هەر تەنیا بۆ دانەوێلە.

کوڕە بیری زۆر بەرزبوو، بێگومان لە سۆنگەی ئەوەی کە باوکیشی نەختێ زانا بوو لە دڵی خۆیدا گوتی نەوەك ڕۆژێ ئەم کیسەیەم لە دەست دەربچێ هەستا ئازووقەیەکی زۆری بۆ ڕۆژی تەنگانە کۆکردەوەو پاشەکەوتێکی باشی بۆ خۆی دانا.

ڕۆژێ دانیشتبوون چێشتی حەلیماویان دەخوارد، کوڕە ڕووی کردە دایکی و گوتی: ((دایە !))

دایکی گوتی: ((چێیە، کوڕم؟))

کوڕە گوتی: ((دایە، کچی پاشام دەوێ. دەبێ بۆم بچیتە داخوازی)).

دایکە بەهەردوو دەست لەسەری خۆیداو گوتی: ((کوڕی شیرینم، ئاخر تۆ کوڕە دەروێشی، باوکی تۆ کەی داوای شتی وای کردووە، تۆ ئەم غەڵەتە دەکەی))!؟ کوڕە پێی لێ لەکەوشێ ناو گوتی: ((ئیللا و بیللا کچی پاشام دەوێ. باوکم نەیبوو، من هەمەو دەتوانم بیهێنم!))

دایکە بە ناچاری گوتی: ((زۆر چاکە. بۆت دەچمە داخوازی کچی پاشا، بەلام کوڕی شیرینم ئاگادار بە تووشی بەڵایەکمان نەکەی، نەوەك بمانگرن، سەرمان پەل دەدەن)).

کوڕە گوتی: ((نەخێر، دایە گیان، هەموو ئیشەکە لەملە خۆم!))

دایکە چووە بەردەرگای ماڵی پاشاو لە دەرگای دا: ((تەق، تەق، تەق!)) یەکێ

لە وەزیرەکانی پاشا هاتە بەردەرگاو گوتی: ((ئەوە کێیە لە دەرگەی ماڵی پاشا دەدا؟))

دیتیان پیرەژنێك لەبەر دەرگا وەستاوە.

- چت دەوێ؟

پیرە ژن گوتی: ((قوربان، کوڕەکەم دەیەوێ زەماوەند لەگەڵ کچی پاشا بکا. منیش بۆ خوازبێنی هاتووم)).

وەزیر چووە لای پاشاو بە پاشای گوت: ((قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ، پیرەژنێك هاتووە دەیەوێ کچی تۆ بۆ کوڕی خۆی بخوازێ)).

پاشا بیری کردەوەو گوتی: ((خەم ناکا. ئەو پیرەژنەم بۆ بێنن، بزانم)).

پیرەژنیان بردە حزوور پاشا. پاشا لەگەڵ پیرەژن باسی کوڕەکەی کردو فەرمانی دا چوون کوڕەکەیان هێنا.

پاشا لە کوڕەکەی پرسی: ((کوڕی شیرینم، تۆ دەتەوێ کچی من بخوازی؟ پارەت هەیە بتوانی بیژێنی؟))

کوڕە گوتی: ((بەڵێ هەرچی تۆ بتەوێ من هەمە)).

کوڕە بڕواو متمانەی بە خۆی هەبوو کە پشتی بە زەوی ناکەوێ و پێی لەسەر قسەی خۆی داگرت. ئاخیری پاشا گوتی: ((باشە، من قسەم نییە، بەڵام مەرجێکم هەیە. ئەویش ئەمەیە: سبەی فەرمان دەردەکەم کە خەڵك هەموو لە گۆڕەپانی بچووك کۆببنەوە. ئەوسا کە من لەلایەك پارە بەبەر خەڵك وەر دەکەم و تۆش لەلایەك پارەیان بەبەر وەرکە. کامە دردنگتر پارەی کۆتایی هات، ئەو دەباتەوە. بێگومان ئەگەر تۆ بردتەوە، من کچەکەم بە حەفت قەڵەم ئارایش دەدەم و پێشکێشت دەکەم. خۆیشم خەرجی زەماوەندەکە دەدەم)).

بە ئاغای خۆم بڵێم، کوڕە قبووڵی کرد. بەیانی جاڕچی لە جادەدا جاری دا کە هەموو خەڵکی کوچەو کۆڵانان و خەڵکی ئاوەدانی لە گۆڕەپانی بچووك کۆببنەوە. کە سبەینە هات، خەڵك هەموو لە گۆڕەپانی بچووك کۆبوونەوە. پاشا فەرمانی دا پارەی خەزنە بێنن. ئەوسا لەلایەکی گۆڕەپانەکە دانیشت، خراری پارەی لە

Scanned with CamScanner

تەنیشت بوو، چەنگی لە پارەکەداو بۆ نەفەرێکی درێژکردو گوتی: ((ئەمە سەد درهەم بۆ تۆ!)) کورە دەروێش دەستی بردە ناو کیسەکەو دەری هێناو بۆ نەفەرێکی درێژ کردو گوتی: ((ئەمە هەزار درهەم بۆ تۆ!))

پاشا گوتی: (( ئەمە دووسەد درهەم بۆ تۆ!))

کورە دەروێش گوتی: ((ئەمە هەزارو پێنج سەد درهەم بۆتۆ!))

بەکورتی؛ سەرتان نەیەشێنم. حەفت شەوو حەفت ڕۆژ لە دوولاوە پارە بەبەر خەڵك وەرکرا. لە دیماهیدا خەزێنەی پاشا بەتاڵ بوو. پاشا پەست و دەستەپاچە ڕووی کردە وەزیرو گوتی: ((ئەی وەزیر، خەزێنە بە تاڵ بوو، وەزعمان شڕە، ئیشێکی وا بکە ئابڕوومان نەچێ، ئیتر پارەم نەما!))

لەو لاوەش کورە دەروێش لە چەپ و ڕاستەوە پارەی بڵاودەکردەوەو لە پەستا دەیگوت: ((ئەمە هەزار درهەم بۆ تۆ! ئەمە دوو سەد درهەم بۆتۆ! ئەمە پێنج سەد درهەم بۆتۆ!..)).

ئەنجام پاشا وای بە چاك زانی فەرمانی بە وەزیر کرد کچەیان بە حەفت قەڵەم ئارایش دا وبردیانە نهۆمی سەرەوەی کۆشك و شێو و فراوینیان دروست کرد و هەموو گردبوونەوە سەر یەك.

پاشا چووە تەنیشت کچەکەی و بە هێواشی پێی گوت: ((کچی نازدارم، کە لەگەڵ کوڕەکە دانیشتی لێی بپرسە: ڕازی ئەم ئیشە چ بوو، کە تۆ هەموو پارەی باوکمت لەبن هێنا، کەچی پارەی تۆ هەر تەواو نەبوو، ئەم سیحرو جادووە لە چ دابوو؟!!))

بەم جۆرە پاشا کچەکەی فێرکرد چۆن پێی کوڕە بکێشێتەوە و ڕازەکەی پێ بدرکێنێ.

کاتێ کچە لەگەڵ کوڕە لەسەر سفرەی خواردن دانیشت، ڕووی لە کوڕە کردو گوتی: ((مێردی نازیزم، هاوسەری نایندەم، ئەگەر منت خۆش دەوێ پێم بڵێ ئەم سیحرو جادووە هی چی بوو کە تۆ خەزێنەی باوکمت بەتاڵکرد، کەچی خۆت هێشتا پارەت ماوەو هەر خلاس نەبوو)).

کوڕە بە ساویلکەیی خۆی گوتی: ((مـن هـەموو ز ت و توانـام بـەم کیسـەیە بەسراوەتەوە)).

هەر هێندە کوڕە ئەم قسەیەی لە زار هاتە دەرێ، کچە یەکسەر کیسەکەی لە دەست ڕاپسکان و شەپ شەپ دەستی لێکدا. لەگەڵ دەنگی شەپ شەپی کچە نۆبەتدار ڕژانە ژوورەوەو بە لەقەو سەرەسمکان کوڕە دەرویشیان وە دەرنا.

کوڕە دەرویش دەست لە (پێیان)درێژتر، بە تێماوی و حەپەساوی و لە هەموو جێ براوی، گەڕایەوە ماڵێ.

بە ئاغای خۆم بڵێم، نەفرەت بۆ زەیدو زالم بنێرن بۆ ئەوەی هەقایەتەکەمان تەواو بکەین.

کوڕە دەرویش بە گریان و لەسەر خۆدان گەیشتەوە بەر دەرگای ماڵی خۆیان، چووە ژوورەوە. دایکی کە بەم حاڵەوە بینی، دەتگوت مەقەڵە پشکۆیەکیان بە سەرو ڕوخساری داکردووە، بە دەستەپاچەیی گوتی: ((کوڕم، ئەوە بۆ دەگری؟))

کوڕە وەڵامی دایەوە: ((دایە گیان پشتیان شکاندم))

((ئاخر چ بووە؟ بە چ لێیانداى؟))

کوڕە وەڵامی دایەوە: ((نەخێر دایە، خۆزیا پشتیان وردوخاش کردبام لەوە خراپتر یان پێ کردووم. کیسەکەیان لێ سەندووم، کیسە!))

دایکە دانیشت و ماوەیەك بیری کردەوە. کە زانی باری پاشا نابا، ڕووی کردە کوڕەکەی و گوتی: ((ئێستا چ بکەین؟ چیمان لەسەرە بیکەین؟))

کوڕە گوتی: ((دایە گیان، باوکم هیچ شتی تری بە میرات بۆ بە جێ نەهێشتووم؟))

دایکە بیری کردەوە، گوتی: ((بەدی کوڕم، کۆنە کڵاوێکیشی بۆ بە جێ هێشتووی. لە بنەبانی ماڵێیە، سەبرکە بچم بۆتی بێنم..)).دایکە کڵاوەکەی هێناو دایە کوڕە.

کوڕە سەرنجێکی لە کڵاوەکەدا، بە شتێکی بێ سوودی تێ گەیشت، بەڵام هەر چۆنێ بێ لەسەری نا. کەلەسەری نا یەکسەر لە چاو بزربوو.

Scanned with CamScanner

دایکە، کەلە پڕ کوڕەکەی لەبەرچاو بزربوو، بە هەر دوو دەست لەسەری خۆی داو گوتی: ((نای های، کوڕەکەم چووە کوێ!؟ چی بەسەر هات؟ هەر ئێستا لێرە بوو . توخودا کوڕەکەم خۆت لەکوێ شاردۆتەوە... دڵم تەقی، زوو وەرەوە، چوویتە کوێ؟))

کوڕە کڵاوەکەی داکەند، دووبارە دەرکەوتەوە.

دایکە شادو کەیفخۆش بوو. کڵاوەکەی لە کوڕەکەی وەرگرت و لەسەری خۆی ناو گوتی: ((بابزانم منیش بزر دەبم))

دایکەش لە چاو بزر بوو

کوڕە لە دڵی خۆیدا گوتی: ((دایکم ئەو زیرەکییە نەکا بۆی دەربچی و بڕوا!))کوڕەکە هاواری کرد: ((هۆ هۆ دایە! ئەوە چوویتە کوێ؟ زووبە کڵاوەکەلەسەرکەوە)) دایکە سکی بە کوڕەکەی سووتاو یەکسەر کڵاوەکەی لەسەر کردەوەو دەرحاڵ دەرکەوتەوە. کوڕە کڵاوەکەی لە دەست دایکی ڕاپسکاندو لەسەری خۆی ناو لەبەر چاو بزر بوو. خاتری خواست و ڕووی کردە ماڵی پاشا.

- تەق، تەق، تەق !

کوڕەکە لەدەرگای دا. نۆبەتدارێکی سمێڵ با بڕ دەرگای کردەوە بەڵام دیتی کەس لەبەر دەرگا نییە. کوڕە دەرفەتی وەرگرت و خۆی بە ژووریدا کردو چووە ئەو شوێنەی یەکەمجار کچی پاشا لەوێ خاپاندبووی.

کوڕە دیتی کچی پاشا لەسەر سفرە دانیشتووەو بە ئاسوودەیی خەریکی خواردنی پلاوو خۆراکی حەفت چەشنە.

کوڕە چوو لە لاکەی تر لەسەر سفرە دانیشت. کچی پاشا کەوچکێکی لەلای خۆیەوە دەخوارد، دەیدی لەولاش بە ئەندازەی کەوچکێک کەمی کردووە کەوچکێك لەم بەرو کەوچکێك لەو بەر. لەم لاو لەو لا. لەم لاو لەولا. لەپڕ کچی پاشا، کە ڕەنگی پەڕی بوو، زریکاندی: ((تۆ خودا تۆ ئەجندەی، یان بنیادەمی، پەری یان پەریزادی، نادەمی، یان نادەمیزادی، هەرچی هەی، من وەختە زارەترەك بم، هەرچی هەی، تۆو شیری دایکت و ڕەنجی باوکت خۆت دەرخە، ئەوەك هەر

ئێستا دیق دەکەم و دەمرم)).

کوڕە دیسان سکی بە کچەکە سووتاو کڵاوەکەی لەسەر کردەوەو یەکسەر دەرکەوت. کچە بەو پەڕی سەرسامییەوە دیتی ئەوە کوڕە دەروێش خۆیەتی.

بە ئاغای خۆم بڵێم، کچی پاشا بە مەرایی و ملە مووسێ گوتی: مێردی ئازیزم، هاوسەری ئایندەم، زاوای پاشا، هاوڕازی من، ئەمە چییە هەتە بیدە سەیری کەم)).کڵاوەکەی لە کوڕە وەرگرت و لەسەری ناو یەکسەر لەبەر چاو بزر بوو.

کوڕە دەستی بە هات و هاوار و گاڵە گاڵ کرد. کچە کڵاوەکەی لەسەر کردەوەو دووبارە دەرکەوتەوە. تا کوڕە بەخۆ کەوت بۆ ئەوەی کڵاوەکەیلێ بسەنێتەوە، کچە دووبارە کڵاوەکەی لەسەر ناو بزربوو وقیژاندی. نۆبەتدار بە ژووریێ وەربوون و بەفەرمانی کچی پاشا کوڕەیان گرت و تێیان هەڵداو فڕێیان دایە دەرەوە.

هەموو دڵ و زات و سامانی کوڕەکە ئەو کڵاوە بوو ئەویشیان برد. بەئاغای خۆم بڵێم، نەفرەت لە هەموو بنیادەمێکی قۆڵبڕو ساختەچی! بڵێن سەد جار! بابچینەوە لای کوڕە دەروێش.

کوڕەی بێچارە و ئاوارە و لاپرە سەنگ چووەوە ماڵێ. دایکی گوێی لە شیوەن و زاری و ئهو ئهوی بوو، بە حەپەساوی لە ماڵەوە هاتە دەرێ.

- ((چ بووە؟ دیسان چت بەسەر هاتووە؟کوڕی بەدبەختم!))

- ((دایکی ڕەنجکێشم، کڵاوەکەشیان لە دەست دەرهێنام)).

دایکە بە ناڕەحەتی و تێماوی گوتی:

((بەخوا کوڕم ئیدی هیچم نییە بتدەمێ، بەڵام باوکت کەڕەنایەکی کۆنی بۆ بەجێ هێشتووی. بەخوا نازانم ئەم کەڕەنایە خەسیەتی چییە و چی لێ ڕەچاو دەکرێ. خۆت دەزانی چی پێ بکەی. بەخوا لەوە زیاتر هیچی بۆ بە جێ نەهێشتووی)).

کوڕە شادو کەیفخۆش بوو، کەڕەناکەی وەرگرت. لەدڵی خۆیدا گوتی: (خودایە، ئەم کەڕەنایە چییە؟ خودایە پارچە بەرمیل و تەنەکە نەبێ!))

Scanned with CamScanner

کوڕە ڕووی کردە دەشت و چۆڵەوانی. لەدڵی خۆیدا دەیگوت: ئەمە هیچ بە کەلکی من نایە. دوای نەختێ گوتی: ((خودایە، با تاقی بکەمەوە بزانم چ خەسیەتێکی هەیە، با فوویەکی پێدا بکەم بزانم چ دەبێ. بەڵکو ئاوازێکی لێ هەڵبسێ دڵم فێنك بکاتەوە)).

کوڕە فوویەکی لە کەڕەناکە کرد، لە پڕ دیتی تا چاو بڕ دەکا لەشکر کۆبۆتەوە، هەموو سوورو سپی پۆش، ئەو ناوە هەموو خیوەت و چادرگایە، دام و دەزگایە. کوڕە شلەژاو فووی بەلایەکەی تری کەڕەنایەکەدا کرد، بینی یەکسەر ئەو لەشکرو بنەو بارەگایە هەمووی بزر بوو.

کوڕە زەوقی کرایەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: (بەم کەڕەنایە باوکی پاشا دەسووتێنم!)لە کەیفخۆشییان هەر وەخت بوو پەڕ دەربکا. گەڕایەوە ماڵێ. دایکی کە چاوی پێ کەوت گوتی: ((ها، کوڕم ! چ بوو وا زەوقت کراوەتەوە؟ چ بووە؟ چت کردووە؟))

کوڕە گوتی: ((هیچ دایە، بەو کەڕەنایەی کە تۆ دات بە من،دەتوانم دام و دەزگاو خیوەت و چادرگای پاشا هەمووی بەسەر پاشادا بڕوخێنم)).

بەئاغای خۆم بڵێمَ، خودا هەموو بەندە زولم لێکراوەکانی خۆی شادومان بکا، سەلاوات لێدەن.

کوڕە چاپووك و شادان هاتە بەرماڵی پاشا. فوویەکی توندی لە کەڕەنا کرد. لەشکر دوای لەشکر کۆبووەوە. تا چاو بڕدەکا لەشکری سوارە و پیادە بوو. لەشکر نەسەری دیاربوو نە بنی. هەموو لەتەك خیوەت و چادرگادا لە سەر پێ وەستابوون.

کوڕە دەروێش دوو پاسەوانی ناردە ماڵی پاشا و پێی ڕاگەیاند: یان کچەکەت، یان شەڕ.

پاسەوانانی بەر دەرگای پاشا پەیامەکەیان بە وەزیر گەیاندو وەزیریش بەپاشای گەیاند. لەبارەگای پاشادا بوو بە هەراو هۆریاو واوەیلا. جەنجاڵی د پشێوی و ئاژاوەیەك بەرپابوو ئەوسەری دیار نەبێ.

- چ بووە؟ مەسەلە چییە؟

وەزیر لە پەنجەرەوە سەیری کرد. لەکەس نەقەومێ !! ئای لەشکر هاتووە!؟ وای خێوەت و چادرگا هەڵدراوە. لەشکرێک، نەسەری دیارەو نە بنی.

پاشا هاتە بەر پەنجەرە. فەرمانی دا دووربینی بۆ بێنن. دوو پاسەوان دووربینێکیان لەسەر سینییەکی زێر بۆ پاشا هێنا. پاشا دووربینی چەقاندو لە دڵی خۆیدا گوتی: (خودایە ماڵم کاول بوو، کوڕە دەروێش فەوتاندمی..)).

لەگەڵ ئەوەشدا پاشا مەسەلەکەی بەلاوە ئەوەندە گرنگ نەبوو، گوتی چارەی دەکرێ. بە دەستووری پاشا ویسکی وشەمپانیاو ئەلپانیایان دەرخواردی پاسەوان و سەربازان داو ڕەوانەی شەڕیان کردن، بەڵام هەر هێندە سەبازانی پاشا پێیان بە مەیدانی شەڕ کەوت، لەشکری کوڕە دەروێش بەیەك فوو هەمووی فڕێ دانە سەربانی کۆشکی پاشا.

پاشا دیتی نەخێر چارەی نییە. گێروگرفتەکە گەورەیەو کاری شلۆقە. سیاسەتی بەکارهێنا. کچەکەی بەحەفت قەڵەم ئارایش داو لەگەڵ دە کارەکەر بۆ کوڕە دەروێشی نارد.

کوڕە دەروێش لە شادومانیان زەوقی بووەوەو هاواری کرد: ((ئاخ نازدارەکەم، هاوسەری ئایندەم، تۆ چەند بێ ئەمەکی؟ من تۆم زۆر خۆش دەوێ. تۆ بۆ چی بڕوا بەخۆشەویستی من ناکەی. من ئەم هەموو ڕەنجە بۆ خاتری تۆ دەکێشم، ئەم هەموو فیداکارییە بۆ تۆ دەکەم. تۆش تەفرەم دەدەی))؟!

کچە گوتی: ((ئازیزەکەم، هەستە بچینە ناو کۆشك و سەرای باوکم. من دڵم بۆ تۆ نەمابوو. هەموو ڕۆژێ فاڵم بۆ دەگرتیتەوەو پێشانی دەدا کە ئەمڕۆ سبەی دێیت)).

بەئاغای خۆم بڵێم، کچە دیسان کوڕە دەروێشی لەخشتەبردو لەگەڵ خۆی بردی بۆ ژووری پێشوازی. ئەوانەی دەربار کردیانە هات و هاوار. سفرەیان بەحەفت جۆر خواردن ڕازاندەوە: خواردنی حەفت جۆر، خۆراك، میوە، شیرناتی، نوقڵ ونەبات، بسکوێت... شەمپانیا ونەلپانیا. سفرە پڕ بوو.

Scanned with CamScanner

کچی پاشا بادە ویسکییەکی پێشکەش کورە دەروێش کردو کورە دەروێش بەنەزانی بەیەك بێن بەسەر دەمی وەرکردو مەست و سەرخۆش بوو. کچە لەم حاڵەتەدا دەستی لەگەردەنی کورە وەرهێناو گوتی: ((باشە، ئازیزەکەم، ئەوە چۆن چۆنی تۆ ئەم هەموو لەشکرەت هێناو ڕژاندتە ئێرە؟))

کورە دەروێش بە سادەیی گوتی: ((ئەمە هەموو کاری کەرەناکەمە کەباوکم بە میرات بۆی بەجێ هێشتووم)).

کورە بەشەراب مەست ببوو. کچە کەرەناکەی لێ وەرگرت وفووی پێداکرد. لەشکر ئامادەبوو. دەرکەوت ئەم کەرەنایەش وەکو کیسەکەو کڵاوەکە هی حەزرەتی سلێمان بووە. ئەمانە بکەوتنایە دەست هەر کەسێ، بەفەرمانی ئەو کەسە ئیشیان دەکرد.

بەهەر حاڵ لەشکر ئامادەبوو. بەفەرمانی کچی پاشا کورە دەروێشیان گرت و قۆڵبەستیان کردو فڕێیان دایە ئەوبەری ڕووباری جیحون. کورەی چارەڕەش دووبارە تووشی نەگبەتی و نەداری هات.

بەئاغای خۆم بڵێم، یاخوا خەم و خەفەت لە دەرگاتان نەدا. کورە لەولاوە کەوتبووە غەریبایەتی و دایکەش لەم لایە بێ خەبەر بوو و دەستی لە هەموو جێیەك بڕابوو.

کورە هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا شل و شەکەت بوو. لەشەکەتییان لە ژێر درەختێك پاڵی دایەوەو خەوی لێ کەوت. لەوکاتەدا لەدەنگی فیشکە فیشکێك بە ئاگاهات. دیتی وا مارێك خەریکە بەدرەختەکەدا هەڵدەگەڕێ. کورە هەستایەوە، تەماشای کرد، دیتی چەند فەرخە سیمرغێك لەسەر درەختەکەن، جووکە جووکیانە. کورە یەکسەر دەستی دایە بەردێك و بەسەری مارەکەی داداو مارەکەی کوشت. فەرخە سیمرغەکان هەر جووکە جووکیان بوو. کورە بستێکی لەسەری مارەکەو بستێکی لە کلکی بڕی وئەوەی تری بۆ فەرخە سیمرغەکان فڕێ دایە سەر درەختەکە بۆ ئەوەی بیخۆن.

کاتێ کە فەرخەکان خەریکی خواردنی مارەکە بوون، سیمرغ بەسەردا هاتەوە،

دیتی دەست و پلی فەرخەکانی بە خوێنە و کابرایەکیش لەژێر درەختەکە خەوتووە، لەدڵی خۆیدا گوتی: (هەی نامەردی زەمانە، ئەوە لێرە چ دەکەی؟ وچت بەسەر فەرخەکانی من هێناوە؟! کەواتە ئەوە تۆ بووی تا ئێستا هەموو جارێ فەرخەکانی منت دەکوشت. ئەوە دەیەمین جارە فەرخان هەڵدێنم و تۆ دەیانخۆی؟ ئێستا وا دەکەم دایکت ماتەمت بۆ بگرێ).

سیمرغ وای گوت و چوو بەردێکی زلی هێنا بۆ ئەوەی لەسەر ڕا بەسەری کوڕە دەروێشی دا بەربداتەوەو بیکوژێ بەڵام فەرخەکانی کردیانە جووکە جووک وهات و هاوارو گوتیان: ((ئەکەی، دایە نەکەی! بەخوا ئەو کابرایە ژیانی ئێمەی کڕییەوە. مارێك هات بۆ ئەوەی بمانخوا، ئەم کابرایە مارەکەی کوشت و ئێمەی نەجات دا. ئەمەش نیشانەی مارەکەیە. سەیری سەرو کلکی کە! ئەوەی تریشی دا بە ئێمە خواردمان)).

کوڕە دەروێش تازە لەخەو هەستابوو، سیمرغ ڕووی تێ کردو گوتی: ((ئەی جوامێر، چیت دەوێ لە تۆڵەی ئەو چاکەیە بۆت بکەم!))

کوڕە گوتی: ((هیچم ناوێ. تەنیا بمگەیەنەوە شاری خۆم!))

سیمرغ گوتی: ((دڵنیابە دەتگەیەنم، بەڵام شارەکەت لە کوێیە؟))

کوڕە گوتی: ((شارەکەم ناوی صافستانە!)

سیمرغ گوتی: ((بەماوەی چل ڕۆژ دەتگەیەنمە ئەوێ، بەڵام تۆش تا چل ڕۆژی تر دەبێ چل کوندە ئاوو چل کەلەشە مەڕ بۆ توێشووی ڕێگا پەیدا بکەی)).

کوڕە دەروێش لەبەر ئەوەی دەستکورت و بێ نەوابوو، دەستی بە گریە کردو گوتی: ((باوکم من چل کوندە ئاوو چل کەلەشە مەڕ لەکوێ بێنم))؟!

سیمرغ گوتی:

تەمبەڵی کاری حیزو بێ خێرە      دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە[1]

---

[1] لەدەقەکەدا ئەم شیعرە نووسراوە:

از کار کرم خیزدو دیزی پر از گوشت

Scanned with CamScanner

بڕۆ بۆ خۆت ئیشێ بدۆزەوەو ئەوەی گوتم پەیدای بکە.

کوڕە دەروێش بە نائومێدی ملی ڕێگای چۆل و بیابانی گرت و ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا لە شوانێك ڕاست هات. گوتی: ((هۆ شوانەکە، من بێ کارم، کارێکم بدەرێ)).

شوانەکە سکی پێ سووتاو هەندێ شیری بۆ گەرم کردو دەرخواردی دا. کوڕە دانیشت و باسی ژیان و دەربەدەری خۆی بۆ شوانەکە گێڕایەوە. شوانەکە، کەسەر بردەی ژیانی کوڕەی بیست، بەزەیی پێدا هاتەوەو لای خۆی ئیشی دایە.

کوڕە دەروێش سێ مانگ ئیشی بۆ شوانەکە کرد. دەوری سی وپێنج، سی و شەش سەر مەڕی پەیداکرد. چل کوندە ئاویشی لە شوانەکە وەرگرت و پڕ ئاوی کردن و بەڕێکەوت.

بەئاغای خۆم بڵێم، تەنیا پێنج ڕۆژی مابوو بۆ ئەو وادەی بە سیمرغی دابوو. کوڕە دەروێش ئەوەی پەیدای کردبوو هێنای و لەشەکەتییان لە ژێر درەختێك ڕاکشاو خەو بردییەوە. ئەو درەختەی لە ژێری خەوتبوو دار مێو بوو. لە تەنیشت ئەو درەختەش، چەند پێیەك بەولاوە، دار گوێزێکی زل هەبوو.

لەو کاتەدا قەلێك لەسەر دار مێوەکە نیشت بۆ ئەوەی ترێی لێ بخوا، دنکە ترێیەك بەربووەوە. کوڕە بە ئاگا هات، دنکە ترێیەکەی هەڵگرتەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: (خودایە، ئەمە چییە؟) زمانی لێ دا هەستی کرد شیرینە. ترێیەکەی خوارد، بەڵام هێشتا ترێکە لە گەرووی ئاوانەببوو لە پڕ سەری خورا. لە سەغڵەتییان لەتەك درەختەکە بەربووەوە. ئەو شوێنانەی لەشی کە خورشتیان لێ بوو چڵ وەگ و درەختیان لێ دەهاتە دەرێ.

بەئاغای خۆم بڵێم، یاخوا ڕۆژی ڕەش نەبینی، ئەم درەختە درەختی جادوو

---

از بیکاری صدلگە خوری و سیلی بن گوش

بەڵام من لەباتی وەرگێڕانی ئەم دێرە شیعرە، دێرە بەناوبانگەکەی حاجیم دانا چونکە ناوەرۆکی هەر دوو دێرە شیعر لە یەك نزیکە (و).

Scanned with CamScanner

بوو. بەڕێکەوت قەلەکە چوو لەسەر دارگوێزەکە نیشت و گوێزێکی بەردایەوە. کوڕە یەکسەر لەتاو ترسی ڕۆحی خۆی گوێزەکەی هەلگرتەوەو خواردی، دەم و دەست خورشتەکەی نەما، وەکو جاران چاك بووەوەو ئەو چل و ڕەگانەی لەلەشی ڕوابوون هیچ دەوسیان نەما.

کوڕە کە ئەم ڕووداوەی دی، لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئینجا باوکی پاشا دەسووتێنم. ئەمە شتێکی چاکە. ئیدی چیتر فێلم لێ ناکرێ. چیتر تەفرەی پاشاو کچەکەی ناخۆم، چیتر بەقسەی ژنان فریو ناخۆم).

بڕام سەلامەتداربێ، کوڕە دەرحال دوو سەبەتە (قەرتاڵە)ی لە شواڕ دروست کرد: یەکێکی پڕ ترێ و ئەوەی دی پڕ گوێز کرد. کە ماوەی چل ڕۆژەکە تەواو بوو، چل سەر مەڕو چل کوندە ئاوی ئامادەکردو هاتە لای سیمرغ و گوتی هەموو شتێکم ئامادەکردووە.

سیمرغ گوتی: ((زۆر باشە، ئەوەی پەیدات کردووە بیهێنە و لەسەر باڵەکانم قایمی کە بۆ ئەوەی سبەی بەرەو نیشتمانەکەت بکەوینە ڕێ)).

کوڕە چل کوندە ئاوو چل سەر مەڕەکەو هەردوو سەبەتەی ترێ و گوێزی لەسەر باڵی سیمرغ داناو بەرەو صافستان بەڕێکەوتن. پێش ئەوەی بەڕێ بکەون، سیمرغ بە کوڕە دەروێشی گوت: ((کە چووینە ئاسمان، هەر کاتێ گوتم گۆشتم بدێ تۆ ئاوم بدێ و هەر کاتێ گوتم ئاوم بدێ تۆ گۆشتم بدێ. لەبیر نەکەی!))

سیمرغ لەشەققەی باڵی داو بەرزبووەوە ئاسمان و لە ڕێگادا هەر گوتی: ئاو، کوڕە گۆشتی دایە، گوتی: گوشت، کوڕە ئاوی دایە.

لە نزیك صافستان گۆشتەکە تەواو بوو. سیمرغ گوتی: ئاو، دەبوو کوڕە گۆشتی بداتێ بەلام لەبەر ئەوەی هیچ گۆشت نەمابوو، خەنجەری هەلکێشا و لەناو ڕانی خۆیهەندێکی لێ کردەوە لەزاری سیمرغی ڕاکرد.

سیمرغ گۆشتەکەی تام کرد، هەستی کرد شیرینە. زانی گۆشتی بنیادەمە، نەیخوارد، لەبن لێوی خۆی نا. لەوە بەدواوە سیمرغ هەر چەندە گوتی: ئاو، کوڕە هەر ئاوی دایە و هەر چەندە گوتی: گۆشت، کوڕە دیسان هەر ئاوی دایە. تا

Scanned with CamScanner

ئاخیری گەیشتنە شاری صافستان و کوڕە لەسەر پشتی سیمرغ پیابوو وبەرەو ماڵی خۆیان کەوتەڕێ. کە گەیشتەوە ماڵێ، دایکی کەیفی سازاو بەسەر کۆتی و بە پێی خواسی هاتە پێشوازی و گوتی: ((ئاخ کوڕم، کوڕە تاقانەکەم! دوڕدانەکەم، ئەوە لە کوێ بووی؟ وەزعت چۆنە؟ ئەوە چووبویتە کوێ؟ لە عا سمانانم دەویستی. لەعاردانم بۆ پەیدابووی)).

بە کورتی، یاخوا کەس جەرگی نەسووتێ. دیارە دەردی دڵی دایک و منداڵ چ جۆرێکە. کە دایک و کوڕ بکەونە غەریبایەتی کە دەگەنە یەک دەڵێی چل ساڵە یەکتریان نەدیوە.

ئاخیری چاو ماچ کردن وڕووماچ کردن و ئەنیە ماچ کردن تەواو بوو.

کوڕە دەروێش سەبەتە ترێکە [و سەبەتە گوێزەکەای هەڵگرت و چووە بەر دەرگای ماڵی پاشا. لەدەرگای دا. پاسەوانێك هاتە بەردەرگا. کوڕە گوتی: ((برۆ بە پاشا بڵێ کوڕە دەروێش هاتووە دیاری بۆ هێناون)).

پاسەوان چوو بە وەزیری گوت، وەزیریش بە پاشای گوت، پاشا فەرمانیدا پاسەوان کوڕەکەی بێنێتە لا.

کوڕە بە سەبەتە گوێزو ترێوە چووە ژوورەوەو لە پێش پاشا لەسەر زەوی دانان. پاشا دەستی درێژکرد مێشووە ترێیەك هەڵگرێ بەلام کوڕە گوتی: ((قیبلەی عالەم سەلامەتداربێ! ئەم ترێ وگوێزە خەسیەتی تایبەتییان هەیە. هەر دانەیەکی تەمەنی مرۆڤ دەقات لێدەکا. بە مەرجێ دەتدەمێ فەرمان بدەی جاڕبدەن سبەی هەموو عالەم لە گۆڕەپانی گچکە کۆببنەوە بۆ ئەوەی هەریەکەو تلیە ترێیەك بخوا تا خەسیەتەکە بەر هەموو کەس بکەوێ: چونکە ئەگەر خەڵك نەبێ پاشا بە کەڵك چ دێ. ئەگەر خەڵکەکە ئەم ترێیە بخۆن تەمەنیان زۆر دەبێ و بەختییان دێتەوەو ئاوەدانی زۆر دەبێ و دەبێتە هات و هەرزانی)).

پاشا نەیدەزانی ئەم ترێیە چییە و خەسیەتی چییە، قبوولی کرد، سبەینێ خەڵك لە گۆڕەپانی گچکە کۆبکەنەوە.

سبەینێ جاڕچی جاڕی دا: ((جاڕ جاڕی پاشایە، خەڵکینە هەموو لە گۆڕەپانی

گچکە کۆببنەوە. جاڕ جاڕی پاشایە و کەس مل پێچی نەکا! خەڵکینە کوڕە دەروێش ترێیەکی هێناوە هەر کەس بیخوا تەمەنی درێژ دەبێ، پارەی زۆر دەبێ، بەختی لەبار دەبێ و گرێی ئیشی دەکرێتەوە)).

هەموو عالەم لە گۆڕەپانی گچکە کۆببوونەوە. پاشای کلۆڵ و بەدبەخت ئاگادار نەبوو کوڕە دەروێش چ پلانێکی بۆ داناوەتەوە. کوڕە دەروێش یەکەمجار دنکە ترێیەکی دایە پاشا و ئینجا سەبەتە ترێکەی بەسەر خەڵکدا دابەش کرد.

لەپڕ پاشا هاواری کرد: ((ئای سەرم دەخورێ! ئای پشتم دەخورێ! ئای تەرۆکم دەخورێ!))

خەڵکەکە هەموو هاواریان کرد: ئای سەرم! ئای تەنگەم!

بەکورتی هەموو بوون بە درەختی پڕ چل و گەلای خەست و ڕەگ و ڕیشەی زلیان لە ژێر هاتە دەرێ.

خەڵکەکە لەو گۆڕەپانە کەوتبوون، هات و هاواریان بوو. نەڕە نەڕی پاشا لە هەموویان خراپتر بوو.

بە ئاغای خۆم بڵێم، کوڕە دەروێش چووە لای پاشاو گوتی: ((کچەکەت دەدەی؟ کلاّو کەڕەناو کیسەکە دەدەیتەوە؟ ئەگەر ئەمانەم بدەیتەوە هەر ئێستا چاکت دەکەمەوە، ئەگەر نا دختۆری ئەو سەری دونیاش بێنی چارەی تۆی پێ ناکرێ. دەرمانی ئەم دەردە تەنیا لای منە)). ئینجا گوێزێکی پێشان دا.

پاشا کەتا ئەو کاتە گوێزی نەدی بوو، واتە گوێزی وای نەدی بوو، سەری دانەواندو گوتی: ((کوڕە دەروێش، بەخوا هەرچی بتەوێ دەتدەمێ)).

کوڕە گوتی: ((باشە، کەوایە من یەکەمجار خەزنەدار چاك دەکەمەوە. ئەگەر چیم ویستووە خەزنەدار دایمێ ئەوا ئێوەش چاك دەکەمەوە)).

پاشا لە دڵی خۆیدا گوتی: ((بە ڕاستی ئەم کوڕە کوڕێکی زیرەکە! بەخوا زاوایەکی چاکەو هەر ئەوە بە کەڵك من دێ. ئەو هەموو ڕەنجەی کێشا بۆ ئەوەی بە درازی دڵی خۆی بگا)).

پاشا گوتی: ((باشە، قبووڵمە. لەمڕۆ بەدواوە تۆ زاوای خۆمی! توخودا دەستم

دامێنت زوو چاکم بکەوە)).

سەرتان نەیەشێنم، کوڕە دەستی برد گوێزێکی دایە خەزنەدار، خەزنەدار بە هەلەداوان چوو کلیلی هێنا و بەهەرندوو دەست دایە کوڕە دەروێش.

دوای ئەوەی کوڕە لە ناڕەحەتی خەڵکەکە ناڕەحەت بوو، هەر یەکە گوێزێکی دانێ و وەکو جاران چاکی کردنەوە، دوای هەمووشیان گوێزێکی دایە پاشا.

کوڕە کیسەو کەڕەناو کڵاوەکەی وەرگرتەوەو کچی پاشاشی برد کە بە حەفت قەلەم ئارایش درابوو، چووەوە شاری صافستان.

حەفت شەوو حەفت ڕۆژ شار ڕازایەوەو زەماوەند گەڕا. دایکەش لە کەیفخۆشییان تێر لە زەماوەند هەڵپەڕی.

بە ئاغای خۆم بڵێم، هیوادارم ئێوەش بە خۆشی و خۆشەویستی ژیان بەسەر بەرن.

هەقایەتخوان: ئوستاد ئەسغەر بینا، ٥٠ ساڵە

دێی گەوهەرە.

Scanned with CamScanner

# ١٧- ڕێوی و پشیلەی زیرەك

ئاغایەك ماڵی لە خانوویەك بوو، خانووەکە پڕ مشك بوو. شەو وڕۆژ لەبەر مشکی زۆر خەوی لێ نەدەکەوت. هەر چەندە پشیلەی دەهێنایە ماڵەوە، سوودی نەبوو. تا ڕۆژێ چووە سەردانی برادەرێکی و حاڵ و مەسەلەی خۆی بۆ گێڕایەوە.

برادەرەکەی پێی گوت: پشیلەیەکم هەیە لە ڕاوە مشکدا مانەندی نییە، دەتدەمێ.

ئاغا پشیلەکەی لە برادەرەکەی وەرگرت و بەری دایە ناو ماڵەوە، بەڵام ڕۆژێ لە درزی دەرگاوە تەماشای کرد، دیتی پشیلەکە نەك هەر مشکەکان ڕاو ناکا، بەڵکو لەگەڵیان کەوتۆتە گەمەو شادی و قسەو پێکەنین. ئاغا لە ڕکان پشیلەکەی خستە ناو گونیەیەك و بردی لەناو جەنگەل و لێڕەوار بەرەللای کرد.

پشیلەکە وێڵ و پەرێشان و سەرگەردان سەیری دەورووبەری خۆی کرد. ڕێوییەك لە دوورەوە پەیدا بوو. هاتە لای پشیلەکەو گوتی: ((ها فلانەکەس، ئەوە لێرە چ دەکەی؟))

پشیلە بە نارەحەتی وەڵامی دایەوە: ((بەخوا حاڵ و مەسەلە ئاوها بوو، ئێستاش فڕێیان داومەتە ناو ئەم لێڕەوارە)).

ڕێوی گوتی: ((وەرە بچینە ماڵی ئێمە. ماڵمان زۆر دوور نییە)).

پشیلە گوتی: ((ئاخر کاکە ڕێوی، تۆ ماڵت لە کوێیە؟))

ڕێوی گوتی: ((زۆر دوور نییە. هەر لە پشت ئەم درەختانەیە!))

هەر چۆن بوو ڕێوی پشیلەی بردەوە ماڵێ. پێنج شەش ڕۆژ هەردووکیان بە برسێتی مانەوە. پشیلە تاقەتی بڕاو گوتی: ((کاکە ڕێوی،ورگ ئەم شتانە نازانێ، چ بکەین باشە))؟!

ڕێوی گوتی: ((من تەگبیرێکم لەلایە. ئەگەر سەربگرێ زۆر باشە)).

Scanned with CamScanner

پشیلە گوتی: ((چ تەگبیرێکت لەلایە. بڵێ، با منیش گوێم لێ بێ!))
ڕێوی ڕۆیشت و تووشی ورچ هات. کە چاوی بە ورچ کەوت ویستی ڕابکات بەڵام ورچ گوتی: ((ئەوە بۆ ڕادەکەی؟ وەرە ڕامەکە! ئێمە هەردووکمان براین. چەند لە مێژە پێکەوە لەم لێرەوارە دەژین و هەمیشە هەر تەباو تفاق بووین)).
ڕێوی گوتی: ((ئەرێ بەخوای وایە! هاوڕێی ئازیزم! بەڵام ماوەیەکە پڵنگێک هاتۆتە ناو لێڕو داوای باج و خەراجمان لێ دەکات، ئێمەش دەستکورت و بێچارەین)).
ڕێوی وای گوت وَ ئهو ئهوو دەستی بە گریان کرد.
ورچ گوتی: ((پڵنگ چی لە ئێوە دەوێ؟))
ڕێوی گوتی: ((بەخوا مەڕی دەوێ)).
ورچ گوتی: ((مەگری، ئەو ڕۆژەی کە وەعدەتە، هەر چیم هەیە بۆتی دێنم، بەڵام پێم بڵێ بیهێنمە کوێ؟))
ڕێوی گوتی: ((بیهێنە ژێر درەختەکەی نزیک ماڵی من. بەڵام وریابە زۆر نەیەتە پێش چونکە پڵنگەکە لەبرسان زۆر ناڕەحەتە)).
ڕێوی ڕۆیشت. گەڕایەوە لای پشیلەو ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.
پشیلە گوتی: ((گورگیشت دی؟))
ڕێوی گوتی: ((نەخێر. هێشتا نەمدیوە!))
پشیلە گوتی: ((دەبێ بچی قسە لەگەڵ ئەویش بکەی بەڵکو ئەویش شتێکمان بۆ بێنێ)).
ڕێوی چوو گورگی دۆزییەوە. گورگ کە چاوی بە ڕێوی کەوت گوتی: ((ئەوە چ بووە؟ چۆنە منت کەوتۆتەوە بیر؟))
ڕێوی گوتی: ((بەخوا ماوەیەکە پڵنگێک هاتۆتە ناو لێڕەوار و باج و خەراجی لە ئێمە مانان دەوێ. خۆشت دەزانی من و تۆ و ورچ برای یەکترین و ناڕەحەتی هەر یەکێکمان ناڕەحەتی ئەوانی ترە. ورچم دیوە وقەولی داوە شتێکمان بۆ بێنێ بەڵام پێی گوتم سەرێکی تۆش بدەم. ئێستاش واهاتووم بەڵکو تۆش یارمەتییەکم بدەی)).

گورگ گوتی: ((قەیدی نییە. منیش دوو سەر مەڕ دێنم، بەڵام بیانهێنمە کوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((بیانهێنە ژێر درەختەی نزیك ماڵی من، بەڵام وریا بەزۆر نەیەیتە پێش چونکە پڵنگەکە لەبەر دواکەوتنی باجەکە زۆر نارەحەتە. تەنیا لە دوورەوە تەماشاکەو بزانە چ جانەوەرێکە!!)).

بەهەر حاڵ. بە پێی بڕیاری ڕێوی، گورگ هات و لە نزیك درەختەکە خۆی لەبن گەلاکان شاردەوە. ئینجا ورچ هات و چووە سەر درەختەکەو چاوەڕێی کرد تا پڵنگەکە دێتە دەرەوەو خواردنەکە دەخوا.

لەو کاتەدا پشیلە لە خواردنەکە نزیك کەوتەوە،بەڵام گوێی گورگی لەبن گەڵاکان دی و وای بۆچوو ئەمە سەگە و لەوێ خۆی لەبۆسە ناوە، زیرەیەکی لێوە هات و بازرەقەی داو بەسەر درەختەکەدا هەڵگەڕا. ورچ وای زانی ئەم پشیلەیە پڵنگ خۆیەتی، لەترسان لەسەرڕا خۆی هەڵداشتە خوارەوەو یەکەو ڕاست بەسەر گورگەکەدا بەربیوەوە. ئەویش وای بۆ چوو ئەمە پڵنگە بەسەری دا بەربووەوە، لەترسان بە لوورە لوورە تێی تەقاندو هەڵات.

پشیلە و ڕێوی کەوتنە سەر خواردنەکەو ورگی خۆیان پێ تێر کرد.

هەقایەتخوان: عەباس شێرزادی،٣٠ساڵە

چمبتانی عولیای بیستون.

# ١٨- چۆلەکەی دێو

هەبوو نەبوو، چۆلەکەیەك هەبوو. ڕۆژێ ئەم چۆلەکەیە چووە خۆڵەپەتانێ. لەکاتی خۆڵەپەتانێدا چقڵێکی لە پێ چەقی: چ بکەم؟ چ نەکەم؟! چووە لای دایە کابان و گوتی: ((دایە کابان، ئەم چقڵەم لە پێ دەربێنە!))

دایە کابان چقڵەکەی لە پێی چۆلەکە دەرهێنا.

دوای سەعاتێك چۆلەکە گەڕایەوە لای دایە کابان و گوتی: ((دایە کابان، چقلەکەم بدەوە!))

دایە کابان گوتی: ((ئاخر گیانەکەم، عومرەکەم. چقڵەکەتم خستە ناو تەندوورو نانم پێ کرد)).

چۆلەکە گوتی: ((چقڵەکەم دەدەیتەوە، بیدەوە. نایدەیتەوە:

ای لا جی‌کنم ئ‌و لا جیکنم    ئەم لا دەپشکنم    ئەو لادەپشکنم

گردە قرمزیەکت اروا کنم    نانە سوورکراوەت دەفڕێنم))

دایە کابان گوتی: ((هەرچی دەکەی بکە! من چقلەکەت نادەمەوە)).

چۆلەکە ئەم لای پشکنی و ئەو لای پشکنی، لێی دا نانی سوورکراوەی فڕاند.

چۆلەکە فڕی ڕۆیشت تا لە شوانێك ڕاست هات. دیتی شوانەکە لەبرسان لەباتی نان قشپڵ لەشیر دەکوشێ. چۆلەکە گوتی: ((ئەی شوانەکە، قشپڵ لەشیر مەکوشە. من نانێکی سوورکراوەم بۆ هێناوی)).

شوانەکە نانەکەی وەرگرت. چوو شیرەکەی ڕشت و دووبارە هەندێ شیری تازەی دۆشی و نانەکەی لە شیرەکە کوشی و دانیشتن بە دووقۆڵی خواردیان.

چۆلەکە دوای سەعاتێك گوتی: ((شوانەکە!))

شوان وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ!))

چۆلەکە گوتی: ((نانە سوورکراوەکەم بدەوە)).

شوانەکە گوتی: ((هەی بابت مریّ. ئەدی تازە بە دووقۆلی نەمانخوارد))؟!

چۆلەکە گوتی: ((من شتی وانازانم. ئەگەر نانەکەم نەدەیتەوە:

ای لاجی کنم اولا جی کنم ئەم لادەپشکنم ئەولا دەپشکنم

او د سمال وڵ ات اروا کنم ئەم (مەڕە) دەسماڵ لە ملەت دەفرێنم)).

شوانەکە گوتی: ((منیش بەم گۆچانە لێت دەدەم و ئەم پێیە وردیلانەت وردو خاش دەکەم)).

چۆلەکە گوتی: ((چۆن دەتوانی؟ بۆ وا دەزانی من چۆلەکەم؟ ئێستا سەیرکە!))چۆلەکە ئەم لای پشکنی، ئەو لای پشکنی، لێی دا مەڕی دەسماڵ لە ملی برد. بردی بردی بردی تا گەیشتە گوندێك. لەو گوندەدا بەزم و زەماوەند بوو. دیتی خەڵك دێ و دەچێ، زوڕنا فیقەی دێ و دەهۆڵ دەکوتێ. چۆلەکەکە دیتی خەڵکەکە خەریکن لەم زەماوەندە لە باتی مەڕ، سەگ سەر دەبڕن.

چۆلەکە چووە پێش و بەخاوەن زەماوەندی گوت: ((ئەی خاوەن زەماوەند، ئەوە بۆچی سەگ سەر دەبڕی؟ سەگ سەر مەبڕە! من مەڕێکم بۆ هێناوی)).

خاوەن زەماوەند کە چاوی بەمەڕەکە کەوت، سەگەکەی بەرەڵلا کردو مەڕەکەی لە چۆلەکە وەرگرت و سەری بڕی.

دوای چێشت خواردن، سەعاتێکی پێ نەچووبوو، چۆلەکە بەخاوەن زەماوەندی گوت: ((مەڕەکەم بدەوە!))

خاوەنی زەماوەند گوتی: ((هەی بابت چا، هەی دایکت چا! ئەدی سەرمان نەبڕی و خواردمان)).

چۆلەکە گوتی: ((ئەگەر مەڕەکەم نەدەیتەوە:

ای لاجی کنم اولا جی کنم ئەم لادەپشکنم، ئەولا دەپشکنم

عروس خوشگلە کە اروا کنم بووکی خشکۆك دەفرێنم!))

خەڵکەکە گوتیان: ((تۆ؟ بەخۆت و بەم بەژن و بالآیەت؟!))

چۆلەکە گوتی: ((بەڵێ، من!))

چۆلەکە لەوەڵامدا ئەم لای پشکنی، ئەو لای پشکنی و لێی دا بوکی برد. عالەم کەوتنە دواوەیە: ئەها ئەڕۆی! بیگرن، بردی!

چۆلەکە هەڵات و چووە سەرچیایەك و بووکەکەی بۆ خۆی گلدایەوە.

تومەز ئەمە دێو بوو خۆی خستبوە سەر شکڵی چۆلەکە.

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز

مەرگت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز

هەقایەتخوان: ئومێد عەلی خامۆشی، ١٥ ساڵە

گوندی: چمبتانی سوفلی بیستون

# ١٩- کەڵە مێروو

هەبوو نەبوو، لەخودا زیاتر هیچ کەس نەبوو. سوارێك هەبوو، ئەسپێکی زۆر ئازیزو سەلارو عەڕای هەبوو. ڕۆژێ ئەسپەکەی بردە بازاڕ بۆ ئەوەی نالی بکا. ئەسپەکەی نالْ کرد و سواربوو. قامچییەکی سێ سووچی بەدەستەوە بوو، خۆیشی سوارێکی کۆك و چاپووك بوو. قامچی بڵند کردو لە ڕەفیسکی ئەسپی تازە نالکراوی دا. ئەسپ لەسەر ڕێگای پاك و بەردەلاندا تێی تەقاند.

لەپڕ سوارەکە دەنگێکی لە دواوە کەوتە بەرگوێ دەیگوت: ((ئەی سوار، لەبەر دەنگی نالی ئەسپەکەت سەد باتمان گۆشتی لەشم بوو بە ئاو)).

سوارەکە وەرسووڕایەوەو گوتی: ((خودایە، کەس لەوناوە نییە، ئەدی ئەم دەنگە لە کوێوە هات؟))

دەنگەکە دووبارە بەرزبووەوەو گوتی: ((سوارە، مەترسە! من کەڵەمێرووم. دابەزە قسەیەکت لەگەڵ بکەم)).

سوارەکە لە ئەسپ دابەزی و گوتی: ((ئەی مێروو، تۆ خۆت هەموو داروبارت یەك مسقاڵە، چۆن سەد باتمان گۆشتی لەشت بوو بە ئاو؟))

مێروو گوتی: ((سوارەی ئازیز، ئێمەش بەندەی خواین. هەرکەسە بە سەنگی خۆی دەکێشرێ. منیش بە قورسایی خۆمان سەد باتمان گۆشتی لەشم بوو بە ئاو)).

دەوڵەمەند بە سەنگ و تەرازووی خۆی، هەژاریش بە سەنگ و تەرازووی خۆی.

هەقایەتخوان: بەگ مراد گەوهەری، ٤٠ ساڵە
گەوهەرەی بێستون

Scanned with CamScanner

# ٢٠-چۆلەکەو بەرد

هەبوو نەبوو، چۆلەکەیەك و بەردێك هەبوون. ڕۆژێ بەردەکە بە چۆلەکەکەی گوت: ((چۆلەکە، بڕۆ مەنجەلێك لەماڵی (بنیار)[1] بێنە چێشت لێ بنێین)).

چۆلەکە چووە ماڵی بنیار، کە کابرایەکی پیرو بە ساڵداچوو بوو، گوتی: ((جووك جووك، ئەو مەنجەڵەم بدێ چێشتی تێ لێ بنێیین، قاپە چێشتێکت بۆ دێنین)).

چۆلەکە مەنجەڵی وەرگرت و بردی دایە بەردەکەو چوو ئاو بێنێ بەلاّم مەنجەڵی لەدەست بەربووەوەو شکا. بەرد هات بەرۆکی چۆلەکەی گرت و گوتی: ((ئەوە بۆ چی مەنجەڵەکەت شکاند؟))

وەرگەڕایە چۆلەکە و لێی دا.

کە لەو پارچەی مەنجەڵەکە هاتە دەنگ و گوتی: ((بەردە، بۆچی لە چۆلەکە دەدەی؟))

بەرد گوتی: ((ئەدی بۆ چی گیا لەسەر من دەڕوێ؟))

مەنجەڵ گوتی: ((ئەی گیا، تۆ بۆچی لەسەر بەرد دەڕوێی؟))

گیا گوتی: ((ئەدی بۆچی مەڕ من دەخوا؟))

مەنجەڵ گوتی: ((ئەی مەڕ، تۆ بۆچی گیا دەخۆی؟))

مەڕ گوتی: ((ئەدی بۆچی گورگ من دەخوا؟))

مەنجەڵ گوتی: ((ئەی گورگ، تۆ بۆچی مەڕ دەخۆی؟))

گورگ گوتی: ((ئەدی بۆچی شوان بە قۆچەقانی چاوی من دەردێنی؟))

مەنجەڵ گوتی: ((ئەی شوان، تۆ بۆچی چاوی گورگ دەردێنی؟))

---

[1] ناوی کابرایەکی خەڵکی گوندی گەوهەرەیە.

شوان گوتی: ((ئەدی بۆچی دایە کابان نانی سووتاوم دەداتی؟))

مەنجەڵ گوتی: ((دایە کابان، تۆ بۆچی نانی سووتاو دەدەیتە ئەم شوانە؟))

دایە کابان گوتی: ((ئەدی بۆچی مشك نانی من دەدزی؟))

مەنجەڵ گوتی: ((ئەی مشك، تۆبۆچی نانی دایە کابان دەدزی)).

مشك گوتی: ((ئەدی بۆچی پشیلە ئەمن دەخوا؟))

مەنجەڵ گوتی: ((ئەی پشیلە، تۆ بۆچی مشك دەخۆی؟))

پشیلە گوتی: ((چونکە زۆردارم، لێم دێ. لە هەموو هێزێك هەورازترم. بن کورسی جێگامەو سەر کورسی تەختمە. هەموو خەڵکی ئەم شارە ئامۆژای دایکمن!))

هەقایەتخوان: عەزیز عەلی گەوهەری، ١٢ ساڵە
گەوهەرەی بێستون

# ٢١- ڕێوی و شێر

ڕێوییەك لە چۆلەوانی پیاسەی دەكرد. بەدەم ڕۆیشتنەوە بلوێرێكی دۆزییەوە. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شوانێك.

شوانەكە گوتی: ((هۆ كاكە ڕێوی، ئەم بلوێرە بە چەند دەدەی))؟!

ڕێوی گوتی: ((بە مەڕێكی قەڵەوی دەدەم!))

شوان گوتی: ((باشە، قبووڵمە! برۆ كامە مەڕت دەوێ بۆ خۆت ببە)).

ڕێوی بلوێرەكەی دایە شوانەكەو چووە ناو مێگەل. ئەم مەڕەی هەڵسەنگاندو تەماشای ئەوی كرد،تا گەیشتە مەڕێكی لەڕو مردەنی،ئاوی لە لمووزی دەهاتە خوارێ.

ڕێوی لە دڵی خۆیدا گوتی: (ها!، دۆزیمەوە. ئەمە شتی چاكە! سەیركە چۆن لە قەڵەوییان ڕۆنی لە لووتی دێتە خوارێ).

ڕێوی كەوتە لستنەوەی دەم و قەپۆزی مەڕەكە و مەڕەكەی هەڵگرت و بردی.

ڕێوی سواری پشتی مەڕەكە بوو و ڕۆیشت. لەڕێگا تووشی شێرێك هات.

شێر گوتی: ((ها، ڕێوی، خێرە))؟!

ڕێوی گوتی: ((ئا، خێرە! دەمەوێ بچمە حەج)).

شێر گوتی: ((ئەی ڕێوی، ئەگەر منیش لەگەڵ خۆت نەبەی حەجت قبووڵ نابێ)).

ڕێوی گوتی: ((باشە، تۆیش وەرە)).

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە پڵنگێك.

پڵنگ گوتی: ((ئەی ڕێوی،ئۆغرت خێر، ئەوە دەچیتە كوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((سەلامەت بی. دەمەوێ بچمە حەج))

پڵنگ گوتی: ((توخودا منیش لەگەڵ خۆت ببە ئەوەك حەجت قبووڵ نابێ)).

ڕێوی گوتی: ((باشە، شوێنم کەوە)).

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە ورچێك.

ورچ گوتی: ((کاکە ڕێوی، ئەوە خێرە!؟ دەچیتە کوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((دەچمە حەج)).

ورچ گوتی: ((ئەگەر منیش نەبەی حەجت قبووڵ نابێ)).

ڕێوی گوتی: ((باشە، تۆیش وەرە)).

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە گورگێگ.

گورگ گوتی: ((ئەی ڕێوی، ئەوە بۆ کوێ دەچی؟ خێرە ئیشەڵلا!))

ڕێوی گوتی: ((خێرت بێتە ڕێ. دەمەوێ بچمە حەج)).

گورگ گوتی: ((ئەگەر منیش نەبەی حەجت قبووڵ نابێ)).

ڕێوی گوتی: ((شوێنم کەوە)).

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە کەمتیارێك.

کەمتیار گوتی: ((ئەی ڕێوی، بۆ کوێ دەچی واتەنگاوی؟))

ڕێوی گوتی: ((دەمەوێ بچمە حەج)).

کەمتیار گوتی: ((منیش ببە بۆ ئەوەی حەجت قبووڵ ببێ)).

کەمتیاریش لەگەڵیان کەوتە ڕێ.

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە کەروێشکێك.

کەروێشك پرسی: ((ئەی ڕێوی، ئەوە دەچیتە کوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((دەچمە حەج!))

کەروێشك گوتی: ((ئەگەر منیش نەبەی حەجت قبووڵ نابێ)).

کەروێشکیش لەگەڵ ئەوان ملی ڕێی گرت.

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە چەقەڵێك و ئەویشیان برد.

کە ماوەیەك ڕۆیشتن برسی بوون.

ڕێوی ڕووی کردە شێرو گوتی: ((ئەی شێر، ئەقڵێك بگێڕەوە بۆ ئەوەی سەرمان گەرم ببێ)).

شێر وەڵامی دایەوە: ((ئەی ڕێوی، من هیچ نازانم. تۆ خۆت نەقلێك بگێڕەوە)).

ڕێوی دەستی بە گۆرانی کرد:

| | |
|---|---|
| روی دم باز | ڕێوی کلك زل (فێڵباز) |
| پیچ پیچ میزر خاص | بەکلکی ڕەنگ و ڕەنگ و ڕەقسانەوە |
| له هوز القاص | لە هۆزی (القاص)ە |
| خاس جوانیگه | گەنجێکی خاسە |
| شیر وك شمشیر | شێر بە شمشێری |
| خاص جوانیگه | گەنجێکی خاسە |
| پلنگ له پرتاو | پڵنگ لە هەڵمەت |
| خاص جوانیگه | گەنجێکی خاسە |
| خرسه بولنه | ورچی بۆلە بۆلکەر |
| خاص جوانیگه | گەنجێکی خاسە |
| گرگ لولنه | گورگی لوورە لوورکەر |
| خاص جوانیگه | گەنجێکی خاسە |
| کمتار قین شله | کەمتیاری قوون شل |
| خاص جوانیگه | گەنجێکی خاسە |
| خروش دم بله | کەروێشکی کلك قوت |
| خاص جوانیگه | گەنجێکی خاسە |
| چغل کله بر | چەقەڵی خۆشبەز |
| بد جوانیگه | گەنجێکی بەدکارە. |

لەگەڵ گوتنی ئەم قسەیە، هەموو داڕژانە سەر چەقەل و خواردیان.

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن. دیسان برسی بوون. ڕێوی دووبارە گوتی: ((ئەی شێر نەقلێ بگێڕەوە)). شێر گوتی: ((خۆت شارەزاتری. خۆت بگێڕەوە)).

ڕێوی تێی هەڵکرد:

Scanned with CamScanner

ڕوی دم باز
پیچ پیچ میزر، خاص
لە هوز القاص
خاس جوانیگە
شیر وك شمشیر
خاص جوانیگە
پلنگ لە پرتاو
خاص جوانیگە
خرسە بولنە
خاص جوانیگە
گرگە لولنە
خاص جوانیگە
کمتار قین شلە
خاص جوانیگە
خروش دم بلە
بد جوانیگە

هەموو بەربوونە سەر کەروێشك و پارچە پارچەیان کردو خواردیان.

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن. دیسان برسی بوون.

ڕێوی بە شێری گوتی: ((ئەی شێر نەقلێ بگێڕەوە)).

شێر گوتی: ((ئەی ڕێوی، تۆ لەمن دونیا دیتە تری، خۆت دەست پێ کە!))

ڕێوی تێی چریکاند:

ڕوی دم باز
پیچ پیچ میزر، خاص
لە هوزی القاص
خاس جوانیگە

شیر وك شمشیر
خاص جوانیگه
پلنگ له پرتاو
خاص جوانیگه
خرسه بولنه
خاص جوانیگه
گرگه لولنه
خاص جوانیگه
کمتار قین شله
بد جوانیگه

هەموو پەلاماری کەمتیاریان داو لە عەردیان داو خواردیان.

خێلی حەجاجان دووبارە کەوتنەوە ڕێ.ڕۆیشتن ڕۆیشتن. دیسان برسی بوون. ڕێوی سەری بۆ لای شێری وەرسوڕاندو گوتی: ((ئەی شێر نەقڵێ بگێڕەوە)).

شێر گوتی: ((کاکە ڕێوی، تۆ لەمن دونیا دیتە تری، تۆ بگێڕەوە)).

ڕێوی چڕی:

روی دم باز
پیچ پیچ میزر، خاص
له هوزی القاص
خاس جوانیگه
شیر وك شمشیر
خاص جوانیگه
پلنگ له پرتاو
خاص جوانیگه
خرسه بولنه
خاص جوانیگه

گرگە لولنە

بد جوانیگە

گورگیشیان لەعەردی داو خواردیان.

ڕۆیشتن ڕۆیشتن.کەم ڕۆیشتن زۆر ڕۆیشتن. دیسان برسی بوون.

ڕێوی بە شێری گوتی: ((ئەی شێر نەقلێ بگێڕەوە)).

شێردیسان نەقل گێڕانەوەی بە ڕێوی سپاردو ڕێوی تێی هەڵکرد:

روی دم باز

پیچ پیچ میزر، خاص

لە هوزی القاص

خاس جوانیگە

شیر وك شمشیر

خاص جوانیگە

پلنگ لە پرتاو

خاص جوانیگە

خرسە بولنە

بد جوانیگە

دارژانە سەر ورچ و پەل پەلیان کردو خواردیان.ڕۆیشتن ڕۆیشتن. دیسان برسی بوون.

ڕێوی دیسان دەستی بە گۆرانی کرد:

روی دم باز

پیچ پیچ میزر، خاص

لە هوزی القاص

خاس جوانیگە

شیر وك شمشیر

خاص جوانیگە

پلنگ لە پرتاو

بد جوانیگە

پڵنگی کلۆڵیشیان خوارد. ڕۆیشتن ڕۆیشتن. دیسان برسی بوون ئەوسا گەیشتبوونە سەر چیای (پڕ ئاو)[1]. ڕێوی لەباتی توێشوو هەندێ ڕیخۆڵەی جانەوەرە کوژراوەکانی لەسەری خۆی پێچابوو. ئەو ڕیخۆڵانە ئەوەندە زۆر بوون گەیشتبوونە خوار پشتێنی و ئەوەندە قورس بوون ئەو مەڕەی سواری ببوو لەبارگرانییان ورگی لە زەوی دەخشا.

ئەنجام کار وا کەوتەوە مەڕەکەشیان لە عەردی داو خواردیان.

ڕێوی گوتی: ((بە پێ چوونە حەج خێری زیاترە!))

ڕۆیشتن ڕۆیشتن. کەم ڕۆیشتن زۆر ڕۆیشتن. دیسان برسی بوون.

ڕێوی هەندێ ڕیخۆڵەی دەوری سەری خۆی لێ کردەوە و خواردی.

شێر گوتی: ((کاکە ڕێوی، ئەوە چ بوو خواردت؟))

ڕێوی گوتی: ((چاوێکی خۆمم دەرهێناو خواردم)).

شێر گوتی: ((کەواتە چاوێکی منیش دەربێنە تا بیخۆم)).

ڕێوی چاوێکی شێری دەرهێنا بەڵام خستییە زاری خۆی و خواردی و لەباتی چاوەکە هەندێ قەرسە قولی خستە ناوزاری شێرەکە.

ماوەیەکی تر ڕۆیشتن. ڕێوی هەندێ ڕیخۆڵەی تری بڕی و خواردی.

شێر گوتی: ((ئەی ڕێوی، ئەوە چ بوو خواردت؟))

ڕێوی گوتی: ((لەبرسان چاوەکەی تری خۆم دەرهێناو خواردم)).

شێر گوتی: ((دەکەواتە چاوەکەی تری منیش دەربێنە تا بیخۆم)).

ڕێوی چاوەکەی تری شێریشی دەرهێنا بەڵام خۆی خواردی ودیسان لەباتی چاوەکە هەندێ قەرسە قوڵیلە زاری شێرەکە نا.

شێر گوتی: ((ئەوە بۆچی ئەم چاوە تام قەرسە قولی لێ دێ؟))

---

[1] ناوی چیایەکە لە باکووری کرماشان. لە زنجیرە چیای زاگرۆسە.

Scanned with CamScanner

ڕێوی گوتی: ((چاوی منیش هەر تام قەرسە قولی لێ دەهات)).

ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە سەر چیای پڕ ئاو. لەناکاو ڕێوی بە شێری گوت: ((ئەی شێر، مێگەلە مەڕێکی تەڕو قەڵەو لەو خوارەوە دەلەوەڕێ. ئەگەر لێرەوە خۆت هەڵداشتییە سەریان دەتوانی چەندێکیان لێ ڕاو بکەی!!))

شێر بە هەوای مەڕەکان لەو بڵندەوە خۆی هەڵداشتە خوارێ ولەبەرئەوەی کوێربوو بەقسەی ڕێوی فریوی خواردو بەربووەوە سەر بەردان.

ڕێوی چووە سەری و لەبن کلکییەوە دەستی بە خواردنی کرد. شێر لەدوا هەناسەی ژیانیدا گوتی: ((کاکە ڕێوی، بۆچی ئەوێ دەخۆی؟ ئەوێ هەمووی گەندووگووە. وەرە سینەم بخۆ هەمووی بەزو چەوراتییە)).

ڕێوی گوتی: ((نەخێر. ئێرە دەخۆم و وردە وردە پێدا دێم تا دەگەمە ئەوێ))

بەم جۆرە ڕێوی شێرەکەی خواردو ملی ڕێی خۆی گرت و چووە دوای کارو کاسبی خۆی.

هەقایەتخوان: زەهرا عەباسی، ٥٥ ساڵە

گوندی: گەوهەرەی بێستوون.

# ٢٢- بیبیلەو چیچیلە

ڕۆژێك و سەردەمانێك، مەڕێك و بزنێك گەیشتنە کاولە ئاشێك. گوتیان: با لێرە یەکەو میز بکەین. هەر کەسیّ میزی کەفی کرد لەم ئاشە بچیّ بەم لاوەو ئەوەی میزی کەفی نەکرد لەم ئاشەدا بمێنێتەوە.

هەردووکیان میزیان کرد. میزی مەڕەکە کەفی کرد و ناچار بوو لەویّ ڕۆیشت. بزنەکە لە ناو ئاشەکە دا گیرسایەوە. لەویّ زاو پێنج کارژۆلەی هێنا. ڕۆژیّ کە ویستی بچێتە ئاقاری بە بێچوەکانی گوت: ئەی چیچیلە، بیبیلە، کەستەك بەسەرە، قوڕبەسەرە، بەرد بەسەرە! ئێوە لێرە بن تا من دەچم نەختیّ دەلەوەڕێم و گوانم پڕ شیر دەبیّ و شیرتان بۆ دێنم. هەر کەسیّ لە دەرگای دا، بێجگە لە من، دەرگا لە هیچ کەس مەکەنەوە.

کارژۆلەکان قبوولیان کرد و دایکە بۆ لەوەڕ چووە ئاقاری. سەعاتێکی پیّ نەچوو لە دەرگا درا: تەق، تەق، تەق!

چیچیلە گوتی: ((کێیە لە دەرگا دەدا؟))

گورگێك بوو، دایکەکەیانی لە ئاقاری دی بوو وئێستا هاتبووە بەر دەرگا. گورگە کە گوتی:

((منم، دایکتانم. دەرگا بکەنەوە)).

بێچووەکان چوونە پشت دەرگاو گوتیان: ((دایکی ئێمە بۆرە!))

گورگ گوتی: ((منیش بۆرم)).

کارژۆلەکان گوتیان: ((دایکی ئێمە ڕەشە!))

گورگ گوتی: ((منیش ڕەشم)).

کارژۆلەکان گوتیان: ((دایکی ئێمە سەوزە)).

گورگ گوتی: ((منیش سەوزم)).

Scanned with CamScanner

کارژۆلەکان گوتیان: ((دایکی ئێمە قاوەییە!))

گورگ گوتی: ((منیش قاوەییم)).

کارژۆلەکان گوتیان: ((دایکی ئێمە مۆرە)).

گورگ گوتی: ((منیش مۆرم)).

گورگ حەوسەلەی نەما. توند دەرگای پاڵداو کردییەوەو چووە ژوورەوە. بیبیلەو چیچیلە و کەستەك بەسەرەو قوڕ بەسەرەی خوارد، بەلام بەرد بەسەرە ڕای کرد چوو خۆی لە ناو کەندوو شاردەوە.

کە دایکیان لە ئاقاری هاتەوە و گەیشتە لای دەرگای ئاشەکە، هاواری کرد: ((هۆ بیبیلە، چیچیلە، قوڕ بەسەرە، کەستەك بەسەرە، بەرد بەسەرە! ئێوە لە کوێن؟ من دایکی ئێوەم هاتوومەتەوە)).

بەلام هیچ وەلام نەبوو. ئینجا بەرد بەسەرە لە ناو کەندوو هاتە دەرەوەو گوتی: ((دایە گیان، گورگ هات هەمووی خواردن)).

بزن گوتی: ((ڕاوەستە ئێستا باوکی دەسووتێنم !))

کە شەو داهات، بزن مەنجەڵێکی پڕ ماست کردو چووە دوکانی سەید فەرخی ئاسنگر[1] و پێی گوت: ((ئەی ئاسنگر، ئەم ماستە بخۆو شاخەکانم تیژ کەوە))

لەو لاوەش کە شەو داهات، گورگ هەمبانەیەکی هێنا پڕ فسی کرد و دنکە نۆکێکی لە دەرکی قایم کردو چووە دوکانی ئاسنگرو گوتی: ((هانی ئەم هەمبانە پڕ ترخێنە بگرەو کەڵبەکانم تیژکەوە!))

ئاسنگر چووە پشتەوەی دوکانەکەی و دەرکەی هەمبانەکەی کردەوە. دنکە نۆکەکە دەرپەڕی بە چاوی کەوت و چاوێکی بریندار کردو فسەکەش چووە ناو گەرووی. ئاسنگر لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئێستا ئەژدادت دەردێنم، گورگی فێڵباز!)

کە بزن گوێی لە هات و هاواری ئاسنگر بوو، زوو چوو کەوچکێکی ماستی خۆی لە زارو کەوچکێکی لە چاوی ئاسنگر کردو چاکی کردەوە. ئاسنگریش

---

[1] ناوی ئاسنگرێکی گوندی شاهسوندە.

شاخەکانی بزنی زۆر باش تیژکردەوە، بەلاّم کەڵبەکانی گورگی بەگاز دەرکێشاو لبادی لە جێی دانا.

کە بوو بە سبەینە، گورگ و بزن چوونە مەیدانی شەڕ.

بزن گوتی: ((تۆ یەکەم جار پەلاماردە!))

گورگ گوتی: ((نە ، تۆ یەکەم جار هێرش بکە)).

بزن گوتی: ((تۆ دەبێ یەکەم جار پەلامار بدەی)).

گورگ پەلاماری بزنی دا، بەلاّم هەر چەندە قەپی لێ گرت نەیتوانی ورگی بزن هەڵدڕێ و هەموو دانە لبادەکانی بەربوونەوە.

بزن لەبەر کشایەوەو هات بە شاخە تیژەکانی لە ورگی گورگی داو هەڵیزڕاند. بیبیلە و چیچیلە و قورپەسەرە و کەستەك بەسەرە دەرپەڕینە دەرێ و لە دەوری دایکیان کۆبوونەوە.

بزن پێی گوتن: ((کارژۆڵەکانم، ئەوە چووبوونە کوێ؟))

ئەوانیش گوتیان: ((چووبووینە ماڵی خاڵۆمان)).

دایکە گوتی: (چیتان خوارد؟))

گوتیان: ((شامی کەباب))

دایکە پرسی: ((ئەدی کوا بەشی من؟))

گوتیان: ((خستمانە سەر دەستمان دەستمان سووتا، خستمانە سەر سەرمان، سەرمان سووتا. لە ناو ورگمان دانا، ورگمان سووتا. ئیدی خستمانە سەر تاقچەو پشیلە بردییە ناو باخچە)).

شەهێن مرادی، ١٢ساڵە

گوندی شاهسوند - صحنە

# ٢٣- گۆلکی قاوەیی

کاکە خوا باشت بۆ بێنێ، سەرت بگاتە کاکێشانی فەلەك. هەبوو نەبوو لە خودا زیاتر هیچ کەس نەبوو. لە شارێکا ژنێك و پیاوێك هەبوون حەفت کوڕیان هەبوو. ژنە دیسان دوو گیان بوو و خەریك بوو منداڵی ببێ. ڕۆژێ حەفت کوڕەکە چوونە لای دایکیان و گوتیان: ((دایە، ئێمە هیچ خوشکمان نییە. ئەم جارە دەبێ کچێکت ببێ ئەگەر نا ئێمە پشت لە دونیا دەکەین و ڕوو دەکەینە چۆلەوانی و تا پێمان لە دوو بێ دەڕۆین)).

پاش چەند حەفتەیەك باوکیان عەمری خوای کرد. کوڕەکان دیسان هەمان قسەیان لەگەڵ دایکیان کرد و داوایان لێ کرد کە هەر دەبێ کچی ببێ.

ڕۆژێ کوڕەکان هەستان ئەسپەکانیان زین کردو بە دایکیان گوت: ((ئێمە دەچینە ڕاو. کە سکەکەت داناو منداڵت بوو ئەگەر کچ بوو ئەم گەردەنلغە بە دەروازەی شارەوە هەڵواسە، ئەگەر کوڕیش بوو ئەم تیرو کەوانە هەڵواسە بۆ ئەوەی بزانین)).

براکان چوونە شاخ. دوای چەند ڕۆژێك دایکە کچێکی بوو. شادو کەیف خۆش بوو، شوکری خودای کردو بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە گەردەنلغی دایە ژنە دراوسێکەیان بۆ ئەوەی بچێ بە دەروازە هەڵیواسێ، بەلام لە بەدبەختیان، ژنە دراوسێکە حەسوودی بە شادی و خۆشی دایکی کوڕەکان بردو چوو لە باتی گەردەنلغ تیروکەوانی بە دەروازەوە هەڵواسی.

براکان لە ڕاو وشکار گەڕانەوە کە دیتیان تیروکەوان بە دەروازە هەڵواسراوە، گوتیان: چ لە برا بکەین، ئێمە خۆمان حەفت براین. ئیدی پشت لە شارو ڕوو لە چۆلەوانی بۆی دەرچوون و ڕۆیشتن.

Scanned with CamScanner

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن. کەم ڕۆیشتن زۆر ڕۆیشتن، گەیشتنە قەڵاتگەیەك. چوونە ژوورەوە، بینایەکی گەورە بوو هەرچی خوا حەز بکا تێی دا بوو.

یەکێ لە براکان گوتی: ((زۆر باشە. جێی لێرە باشترمان دەست ناکەوێ. وا چاکە بە ڕۆژ یەکێکمان بۆ پاککردنەوەیماڵەوە لێرە بمێنێتەوەو ئەوانی تر بچنە ڕاووشکار)).

با بزانین دایکە چ دەکا.

دایکە لە داری دونیادا لە یەك گۆلکی قاوەیی زیاتر قەت هیچی نەبوو، ئەویشی بە گاوانێك سپاردبوو بە ڕۆژ بۆی بلەوەڕێنێ. ڕۆژێکیان ئێوارێ گاوان هاتەوە گوتی: ((ژنەکە، گۆلکەکەت گیایەکی پیسی خواردو هەر وەخت بوو بمرێ، منیش سەرم بڕی)).

ژنە زۆر ناڕەحەت بوو گوتی: ((ئاخ، ئەم گۆلکە قاوەییە بەختی ئێمە بوو. ئیدی دیارە بەختمان نەماوەو بەدبەختی ڕووی تێ کردووین. ئەرێ هیچ شتێکت لێ لەگەڵ خۆت نەهێناوەتەوە؟!)).

گاوان گوتی: ((با. ورگەکەم هێناوەتەوە)).

ژنە ورگەی وەرگرت. بردییە سەرکانی و پاکی کردەوەو شووشتی. بە دەم شووشتنەوە هۆڕ هۆڕ دەگریا. لەو کاتەدا مەلێکی زل لە ئا سمان هاتە خوارەوەو لە تەنیشت کانییەکە نیشت و گوتی: ((ژنەکە، بۆچی دەگری؟ هۆی بەدبەختیت چییە؟))

ژنەکە گوتی: ((بەخوا حاڵ و مەسەلە ئاوهایە. من حەفت کوڕم هەیە. کوڕەکانم گوتیان ئەگەر کچت نەبێ جێت دەهێڵین. هەر چەندە کچیشم بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوڕەکان لە شاخ و کێو نەهاتنەوە. نازانم چییان بەسەر هاتووە)).

مەلەکە گوتی: ((مەگری. من چت پێ دەڵێم وا بکە، دەتگەیەنمە لای کوڕەکانت)).

ژنەکە قبووڵی کرد. مەلەکە دەستووری دا حەفت تەشتە هەویر و حەفت کوندە ئاو ئامادە بکا. ژنە چوو بە هاوکاری کچەکەی حەفت تەشتە هەویرو حەفت کوندە

ئاوی ئامادە کرد.

کە ڕۆژی خۆی داهات مەلەکە هات. ژنە تەشتە هەویرەکان و کوندە ئاوەکانی لە سەر باڵی مەلەکە قایم کردو خۆی و کچە بچوکەکەشی لە سەر پشتی، لە بەینی باڵەکانی دانیشتن و مەل لە شەققەی باڵی دا وفڕی.

لە ڕێگادا، مەلەکە پەی دەرپەی دەیگوت ئاو، ژنە کوندە ئاوێکی دەخستە ناو زاری. دەیگوت نان، یەک تەشتە هەویری دەخستە ناو زاری. تا تەشتە هەویرەکان تەواو بوون. ئەو جارە مەلەکە گوتی: نان، ژنەکە ناچار بوو پارچەیەکی لە نەرمەی قاچی خۆی بڕی و خستییە ناو زاری. مەلەکە بە تامەکەی زانی گۆشتی بنیادەمە. نەیخواردو لە بن لێوەکانی شاردییەوە.

کە گەیشتنە قەلاتگەکە ژنە لە سەر پشتی مەلەکە دابەزی. بەڵام کە مەلەکە دیتی ژنەکە دەشەلێ یەکسەر لە مەسەلەکە گەیشت. گۆشتەکەی لە بن لێوی دەرهێناو بە تفی زاری بە قاچی ژنەکەی لکاندەوە وژنەی گەیاندە ناو قەلاتگەکە و گوتی: ((کوڕەکانی تۆ لێرەن))

ژنە کچەکەی لەسەر کەندووی ئارد داناو خۆشی لە ناو کەندووەکە خۆی شاردەوە.

کە ئێوارە داهات براکان هاتنەوەو دوای شێو خواردن خەوتن. بۆ سبەینێ یەکێ لە براکان لەماڵەوە بە جێ ماو ئەوانیدی چوونە شاخ و کێو.

ئەو برایەی لە ماڵەوە بە جێ مابوو هەر زوو لە شەکەتییان خەوی لێ کەوت. دایکە لە ناو کەندوو هاتە دەرەوەو بە هاوکاری کچە ماڵەوەیان ڕشاندو ماشتیان و هەموو شتێکیان خاوێن کردەوەو جل و بەرگەکانیان شووشت و دووبارە لە شوێنی پێشوو خۆیان شاردەوە.

شەو کە براکان هاتنەوە وخانوویان بە شووراوی و هەڵبژاردراوی دی، واقیان وڕما، بە تایبەتی کە براکەیان گوتی من نووستم و هیچ ئیشم نەکردووە.

یەکێ لە براکان بە دەنگێکی بەرز گوتی: ((ئەی ئەو کەسەی هاتوویتە ئێرە، ئادەمی، ئادەمیزادی! دێوی، پەریزادی؟ هەرچی هەی خۆت بە دەرخە!))

بەڵام هیچ دەنگ و هەست و خوست نەبوو.

Scanned with CamScanner

هەموو ڕۆژێ ژنەو کچە ئیش و کاری ماڵەوەیان دەکرد و دەچوونەوە ناو کەندووەکە.

ڕۆژێ یەکێ لە براکان کچەی لە سەر کەندوو بینی. دایگرتە خوارەوە. زۆر شادومان بوو و وای زانی ئەم کچەیە هەموو ئیش و کاری ماڵەوە دەکا، بەڵام هەر چەندەی پرسیاری لە کچەکە کرد، کچە هیچ وەڵامی نەدایەوە. ناچار براکان کچەیان لە ماڵەوە جێ هێشت و خۆیشیان چوونە ڕاوو شکار.

براکان پشیلەیەکیان هەبوو. ڕۆژێ کە کچە لە ماڵەوە ئیشی دەکرد، قەیسییەکی دۆزییەوە و خستییە زاری. پشیلە گوتی: ئەوە چ بوو خواردت بێنە بیدە من. دەبێ نیوەی بدەیتە من. ئەگەر نەمدەیتێ دەچم میز بە کونی سۆبا دا دەکەم و ئاگرەکە دەکوژێنمەوە بۆ ئەوەی نەتوانی چێشت لێ بنێی.

لەبەر ئەوەی کچە قەیسییەکەی خواردبوو، پشیلە چوو میزی بە کونە سۆبا داکردو ئاگرەکە کوژایەوە. کچە دەستە پاچە مایەوە. چووە سەربان بۆ ئەوەی بزانێ دووکەڵ لە کونی دووکەڵکێشی کام ماڵ هەڵدەستێ تا بچێتە ئەو ماڵە ئاگر بێنێ.

کچە دیتی لە دوورەوە دووکەڵێك تا ئا سمان بەرز بۆتەوە. ڕووی کردە لای دووکەڵەکە. کە گەیشتە ماڵەکەو چووە ژوورەوە، دیتی حەفت ژن لە ژوورێك دانیشتوون و نەڕە دێوێکی حەفت سەر نووستووەو هەر سەرێکی بە کۆشی ژنێك کردووە.

یەکێ لە سەرەکان مڕاندی و گوتی: ((ئەی بنیادەم، ئەوە لە کوێوە هاتووی؟ هاتووی چت دەوێ؟))

کچەکە گوتی: ((هاتووم ئاگر ببەم)).

نەڕە دێو گوتی: ((ئەم ئاگرە ببە و ئەم فەردەکایەش بۆ خۆت ببە)) دێوەکە بنی فەردە کایەکەی کون کردبوو. کچە بەرەو ماڵ بووەوە. ڕێ و ڕێ کا لە بنی فەردەکە دەڕژا. نەڕە دێو بە دوای شوونی کایەکەدا چوو تا گەیشتە قەڵاتکەگە. نەڕە دێو لە دەرگای دا. ژنێك وەڵامی دایەوەو گوتی: تاکوڕەکانم نەیەنەوە دەرگا ناکەمەوە.

نەڕە دێو پڕی دایە ئەنگوستی ژنەو هەرمژی مژی تا ژنە بورایەوەو بەربووەوە.

ڕۆژاوا کە کوڕەکان لە کێو هاتنەوە، دیتیان دەرگای قەڵاتکە داخراوە. لە کونی

Scanned with CamScanner

دەرگاوە تەماشایان کرد ژنێکی ڕەنگ پەڕیو لەو گۆڕە کەوتووە. کە باش سەیریان کرد ناسیانەوە دایکیانە. دەرگای قەڵاتگەیان بە بەردو قوڵنگ شکاندو وچوونە ژوورەوە. دەورەیان لە دایکیان داو بە پەتە سۆ هێنایانەوە هۆش خۆی و پرسیان: ((دایە گیان، ئەوە چ بووە؟))

دایک حاڵ و مەسەلەکەی بۆ گێڕانەوە.

کوڕەکان گوتیان: ((دایە، تۆ بۆ چی کچت نەبوو تا ئێمەش خوشکێکمان ببێ؟)) دایکە وەڵامی دایەوە: ((کوڕەکانم، من کچێکم بوو، بەو ناوونیشانەو گەردەنلغی خۆم دایە ژنە دراوسێکەمان بەڵام ژنە حەسوودی پێ هات و ئیشەکەی بە بەرەواژی کرد. خوشکیشتان هاتووەو وا لە سەر کەندووە)).

براکان بە دیداری خوشکیان زۆر شادو خۆشحاڵ بوون.

ئینجا براکان گوتیان دەبێ بچینە دوای تاقیبی دێوی حەفت سەرو بیکوژین. لەبەر دەرگای قەڵاتگە چاڵێکیان لێدا، چەقۆو کێردو تەورو نێزەیان لە بنی چاڵەکە چەقاند و چوون دێوەو حەفت ژنەکەیان داوەت کردە ماڵەوە. هەر حەفت برا دێوەکەیان خستە ناو چاڵەکەو کوشتیان و لەگەڵ حەفت ژنەکە زەماوەندیان کرد.

بە کورتی، ڕۆژێ هەر حەفت برا لەگەڵ ژنەکان و دایک و خوشکیان پێش ناشتاکردن سواربوون و کەوتنە ڕێ. گەیشتنەوە شاری خۆیان و ژنە دراوسێ نا جنسەکەیان کردە دوو لەت و بەم لاو بەو لای دەروازەدا هەڵیانواسی. چەند ڕۆژێکی پێ چوو، لە پڕ گۆلکی قاوەیی بە ژووریّ کەوت. دەرکەوت گاوان درۆی کردووەو گۆلکی قاوەیی نەمردووە.

دایکە زۆر شادومان بوو. گوتی: گۆلکی قاوەیی بەختی ئێمەیە. بەخت دووبارە ڕووی کردەوە ماڵەکەمان.

چۆن براکان و دایک و خوشکیان یەکیان گرتەوە و پێک شادبوونەوەو کەوتنە خۆشی، ئێوەش ئاوها هەر شادو کەیف خۆش بن.

ڕەمەزان حەیدەریان، ٢٨ ساڵە

صحنە

# ٢٤-ڕێوی و لەق لەق و گورگ

ڕێوییەك و لەقلەقێك بوون بە برادەر. ڕۆژێ لەقلەق كە ڕێوی بینی گوتی: ((برام، بۆ نایەیتە ماڵمان؟))

ڕێوی گوتی: ((تۆ داوەتم بكە تا بە چاوان بێم)).

لەقلەق ڕێوی داوەت كرد. گەنمە كوڵیوی لێ ناو لە سەر بنە دڕكێك ڕووی كرد. دەستیان بە خواردن كرد بەڵام ڕێوی هەر چەند جارەی زمانی لێ دەدا چقڵی لە زمان دەچەقێ و خوێنی بە دەم و دوودا دەهاتە خوارێ، كەچی لەقلەق خێرا خێرا دانی لەم لاو لەولای چقڵەكان هەڵدەگرتەوە.

ئەم جارە ڕێوی لەقلەقی داوەت كرد. ڕێوی لۆلكەی لیناو لەسەر تاتە بەردێكی لووس ڕووی كرد. لەقلەق هەر چەند جارەی دەنووكی لێ دەدا هیچی بەر دونووك نەدەكەوت و دەنووكی دەئێشا. ئاخیری دەنووكیشی خوار بوو، كەچی ڕێوی خێرا خێرا لۆلكەی بە زمان دەلستەوە تا تێرو پڕی خوارد.

لەقلەق لە دڵی خۆیدا گوتی: بكەویە بەردەستم دەبێ ڕێ و ڕەچەڵەكت دەربێنم.

ڕۆژێ لەقلەق بە ڕێوی گوت: ((برام، بۆ نایەی بەسەر ئەم شارانەدا بتگێڕم؛ بۆ ئەوەی دونیا ببینی. لە ناو ئەم لێرەوارە ڕزیوی، تۆ دڵت نییە؟ چییە؟))

ڕێوی گوتی: ((چۆن؟ دڵم دەیەوێ و زیاتریش، خوشكە))

لەقلەق گوتی: ((كەواتە وەرە سەرباڵەكانم تا بڕۆین)).

ڕێوی چووە سەرباڵەكانی لەقلەق و لەقلەق فڕی و بەرز بووەوە ئا سمان. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شوێنێ لەوێ لە ڕێوی پرسی: ((برام، زەویت چەند لێ دیارە؟))

Scanned with CamScanner

ڕێوی گوتی: ((بەقەدەر قاڵیچەیەک))

لەقلەق بڵندتر بووەوەو گوتی: ((برام، ئێستا بەقەد چەندی دەبینی؟))

ڕێوی گوتی: ((بەقەدەر چاوی مانگایەک)).

لەقلەق دیسان بەرزتر بووەوە وپرسی: ((برام، ئەدی ئێستا؟ زەویت لێ دیارە؟))

ڕێوی گوتی: ((نەخێر. هیچ دیار نییە)).

لەقلەق باڵەکانی لە ژێر ڕێوی کێشایەوەو لە ئا سمانەوە فڕێی دایە خوارەوە.

ڕێوی کە دەهاتە خوارەوە، لە ترسان هاواری دەکرد:

ئەللا وەرمان

یاعەلی نەرمان

بانی خەرمان

جایی گەرمان

هات هات لە زەوی نزیک کەوتەوە. دەرویشێک خەریکی نوێژ بوو. لەناکاو سەری هەڵبڕی، دیتی وا جانەوەرێك لە ئا سمان دێتە خوارەوەو هاوار دەکا:

ئەللا وەرمان

یاعەلی نەرمان

بانی خەرمان

جایی گەرمان

کابرا لە ترسان کەل و پەلی خۆی بە جێ هێشت و ڕای کرد.ڕێوی یەکەو ڕاست بەربووەوە سەر فەروەی کابرا. ڕێوی هەستا فەروەکەی بە شانی داداو ملی ڕێی گرت.

لە ڕێگادا گورگێك چاوی پێکەوت و گوتی: ((ها، کاکە ڕێوی، ئەم فەروە جوانەت لە کوێ هێناوە؟))

ڕێوی گوتی: ((ئەی گورگ، ئێستا لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتووم و شل و شەکەت بووم. باوەڕ بکە دوو مانگ ڕەنجم کێشا تا ئەم فەروەیەم لە پێستەی دە مەڕ دروست کرد)).

گورگ گوتی: ((فەروەیەکیش بۆ من دروست بکە، چەندت مەڕ دەوێ بۆت دێنم)).

ڕێوی گوتی: ((باشە، لەبەر ئەوەی ناسیاوی؛ چل مەڕت لێ وەردەگرم)).

گورگ قبوولی کردو چوو مەڕەکان بێنێ.

لەولاوە ڕێوی کونێکی بۆ خۆی ڕێك خست. گورگ هەموو ڕۆژێ مەڕێکی دەهێناو لە دەرگای کونی ڕێوییەکەوە فڕێی دەدایە ژووریّ. ڕێوی تا تێر دەبوو مەڕەکەی دەخواردو پاشماوەکەی بۆ ڕۆژی تەنگانە هەڵدەگرت و پێستەکەی لە بنەبانی کونەکە دەشاردەوە.

ڕێوی ئەوەندە قەڵەو ببو بە خورتی لە کونەکەی دەرو ژووری پێ دەکرا. هەمیشە بیری دەکردەوە چ جوابێکی گورگ بداتەوە.

گورگ نزیکەی سەد مەڕی هێنابوو، هێشتا هیچ فەروە دیار نەبوو. تا ڕۆژێکیان گورگ شەرمی لە ڕوو هەڵمالی و داوای فەروەی لە ڕێوی کرد.

ڕێوی گوتی: ((ئەی گورگ، من فەروەکەی تۆم دروست کردبوو بەڵام نەختێ پێش ئێستا، ها ئەو سوارەی بە وێدا دەڕوا، بێرەدا هات و فەڕوەکەی فڕاندو بۆی دەرچوو)).

گورگ بە کەرب و کینەوە کەوتە شوێن سوارەکە. بەڵام سوارەکە ڕاوکەرێکی هۆزان بوو تیرێکی لە گورگەکەداو کوشتی.

هەقایەتخوان: برجعلی چێری، ٥٨ ساڵە
خەڵکی گوندی چێر هەرسین

Scanned with CamScanner

# ٢٥- دوو برا

لە سەردەمی کۆن، دووبرا لە ماڵە هەژارێکا هەبوون: یەکی عاقڵ و یەکی شێت. باوکیان مردو لە داری دونیادا تەنیا یەك خالیچەو یەك مانگای بۆ بە جێ هێشتن.

پشکیان هاویشت بۆ ئەوەی بزانن هەر یەکە چی بەر دەکەوێ. برای شێت مانگاو برای عاقڵ خالیچەی بەرکەوت.

هەر دووبرا سەریان هەڵگرت و ڕۆیشتن. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە دووڕیانێك. برای عاقل گوتی: ((چ بکەین؟)) برای شێت گوتی: ((من دەچمە ئەم ڕێیەو تۆ بڕۆ ئەو ڕێیە)).

ئەوەندەی برای عاقڵ بە بەری داکەوت کە پێکەوە بڕۆن و پێکەوە بژین، برای شێت قبووڵی نەکرد. ئیدی لەوێ لێك دابڕان.

برای عاقڵ ماوەیەك ڕۆیشت، گەیشتە پایتەخت و بوو بە نۆکەری پاشاو وردە وردە ئیشی هەوراز هەڵکشا.

کەچی برای شێت هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا مانگاکەی ڕەتی بردو بەربووەوە. برای شێت بە داردەستێك وەرگەڕایە مانگاکە، هەر لێیدا لێیدا تا مانگا قیت بووەوە. ڕۆیشت تا گەیشتە ئاوەدانییەك. خەڵکی ئەو ئاوەدانییە زۆر مردوو پەرست بوون. مردووی خۆیان زۆر خۆش دەویست.

برای شێت چووە سەر قەبرستان و هەمووی پیس کرد. خەڵك پێیان زانی؛ هاتن بە دارو خوتورمان وەریگەڕانێ، لێدانێکی باشیان بۆ کرد.

برای شێت هانای بۆ ماڵێك برد. خانە خوێ مەسەلەکەی تێگەیاند (کە لە سەرچی دارکارییان کردووە).

برای شێت گوتی: ((کەواتە منیش قەرەبووی خراپەی خۆم دەکەمەوە)). چوو سەری مانگاکەی بڕی و پەل پەلی کرد و هەر پارچە گۆشتێکی لەسەر قەبرێك دانا

بۆ ئەوەی مردووەکان بیخۆن، بەڵام هەر چەندە دانیشت و چاوەڕێی کرد هیچ مردوویەك گۆشتەکەی نەخوارد.

برای شێت گەڕایەوە لای خەڵکەکەو گوتی: ((دەبێ پارەی گۆشتی مانگاکەم بدەنەوە)).

کە دیتی کەس قسەی نەکردو وەڵامی نەدایەوە، گوتی: ((سبەی دێم پارەی خۆم دەوێتەوە)).

ئیدی چووە سەر قەبرستان و دیتی پارچە گۆشتەکان نەماون. دووبارە گەڕایەوە شارو داوای پارەی خۆی کرد؛ بەڵام خەڵك هیچ وەڵامیان نەدایەوە.

برای شێت لە دڵی خۆیدا گوتی: (بێشك ئەمانە بەدبەختن! قەیدی نییە. دووسبەی دێمەوە)).

ڕۆیشت و بۆ دووسبەی هاتەوە. دیسان هیچ پارە نەبوو. چووە سەر قەبرستان و بە تێلایەك وەرگەرایە قەبرەکان. لە پڕ قەبرێك داتەپی و کیسە پارەیەك بە دەرکەوت. برای شێت لە دڵی خۆیدا گوتی: (ها! دیتت! ئاخری بە خورتی پارەکەمت دا. زۆر سوپاس.)

پارەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە بەر دەرگای باغێك. پیرەمێردێك لەوێ وەستا بوو. ئەو پیرەمێردە جادووگەر بوو. پیرەمێرد کە چاوی بە برای شێت کەوت گوتی: ((ها، برای شێت، چەندت پارە هەیە؟))

برای شێت بە سەرسامییەوە پرسی: ((تۆ لە کوێ من دەناسی؟ و چۆن دەزانی پارەم هەیە؟))

پیرەمێرد گوتی: ((من ئاگام لە هەر چوار گۆشەی دونیا هەیە)).

برای شێت گوتی: ((کەواتە دەزانی من کیسە پارەیەکم هەیە)).

پیرەمێرد گوتی: ((بڕۆ پارەکە بخەرەوە شوێنی خۆی)).

برای شێت گوتی: ((ئەمە پارەی گۆشتی مانگای خۆمەو نایفەوتێنم)).

پیرەمێرد گوتی: ((کەواتە وەرە بۆ ئەوەی تا دوو سەدساڵی تر بتخەوێنم)).

پیرەمێرد برای شێتی خستە خەوی دوو سەد ساڵەوە.

جاریٚ لە جاران برای شێت دیتی وا لە چۆلەوانییەك دەڕوا. شتی چوار پێچکە بە گوڕ بە تەنیشتی دا تێدەپەڕن. خەڵك جل و بەرگی سەیرو سەمەرەیان لەبەرە و پارەو خۆراك لە دوکانان دەکڕن و بە سەر پێوە دەیخۆن و دەڕۆن و کەس قسە لەگەڵ کەس ناکا.دەنگی نەڕەی چوار پێچکەکان دەگەیشتە تەشقی ئا سمان و گوێی گەردوونی کەڕ دەکرد. دووکەڵی بۆن پیس هەموو جێیەکی داگرتبوو. دووکەڵەکە زیاتر لە کلکی ئەو ئامێرانە دەهاتە دەرەوە.

برای شێت لە دڵی خۆیدا گوتی: (سەیرکە من ئەم هەموو ڕێگایەم بڕیوە کەچی چوار پێچکەیەك بە پێش من دەکەویٚ!) گەیشتە ڕۆخ قوتابخانەیەك دیتی دووزەلە لیٚ دەدەن و منداڵ هەڵدەپەڕن و بەزم و ئاهەنگە.

دوو کەسی لە قەوم و قیلەی خۆیان دی هاتنە لایەوە بەڵام ئەو وای بۆ چوو دەیانەویٚ پارەکەی لیٚ بسەنن، لەبەریان هەڵات ولە پڕ لە خەو بەخەبەر هات.

سەیری کرد چ پیرەمێرد دیارنەبوو بەڵام کیسە پارەکەی لە جێی خۆی بوو.

برای شێت هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شاری برای عاقل وبرای عاقڵی دۆزییەوەو پێکەوە ژیان.

هەقایەتخوان: خودا مراد روتابی،٥٠ ساڵە

گوندی: عالی گرزان - صحنه

# ٢٦- ڕێوی و لەقلەق

لەقلەقێك هێلانەی لەسەر درەختێك کردبوو، لەگەڵ بێچووەکانی دوژیا کە تازە لە هێلکە جووقا بوون.

ڕۆژێ ڕێویەك بە ژێر درەختەکەدا تێپەڕی و سەری هەڵبڕی، دیتی لەقلەق بە خۆو بە بێچووەکانی بە خۆشی و شادی هەڵکوڕماون. کە چاوی بە بێچووە تەڕو پڕو قەڵەوەکانی لەقلەق کەوت، ئاو بە لالغاوەکانی دا هاتە خوارێ.

ڕێوی بیری لە تەلەبازییەك کردەوە. چوو پارچە تەنەکەیەکی هێناو لە درەختەکەی خڕاند. لەقلەق پەشۆکاو ملی لارکردەوە، کە چاوی بە ڕێوی کەوت، لێی پرسی: ((هۆ ڕێوی، ئەوە خەریکی چیت؟))

ڕێوی گوتی: ((هاتووم کرێی خانووم وەرگرم. ئەگەر کرێم نەدەیتێ درەختەکە بەم مشارە دەبڕمەوە)).

لەقلەق گوتی: ((چیت دەوێ بتدەمێ)).

ڕێوی گوتی: ((یەکێك لە بێچووەکانت)).

لەقلەق لە ترسی ئەوەی نەوەك درەختەکە بەربێتەوەو هەموو بێچووەکانی بمرن، ناچاربوو یەکێ لە بێچووەکانی بۆ ڕێوی بەردایەوە. ڕێوی بێچووەکەی خواردو ڕۆیشت.

دوای چەند ڕۆژێك ڕێوی دووبارە لە ژێر درەختەکە پەیدا بوو. دەستی پێ کرد پارچە تەنەکەکەی لە درەختە خڕاند. لەقلەق بە شلەژاوی سەری لارکردەوەو دیسان هەمان ڕێوی لە ژێر درەختەکەدا دی و هاواری کرد: ((هۆ ڕێوی، دیسان هاتووی چت دەوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((هاتووم پارەی ئاودێریم بدەیتێ. ئەوە نییە هەموو ڕۆژێ ئاو لە

ژێر درەختەکە دەکەم، باغەوان پارەی ناوی لە من دەوێ)).

لەقلەق گوتی: ((چت دەوێ بتدەمێ؟))

ڕێوی گوتی: ((بێچوویەکی تر!)) و تەنەکەی لە قەدی درەختەکە خڕاند.

لەقلەق پەشۆکاو بەناچاری بێچوویەکی تری بۆ ڕێوی بەردایەوە.

ڕێوی بێچووەکەی هەڵگرتەوەو بردی.

قەلێك لەسەر درەختی تەنیشت لەقلەقەکە دەژیا. ڕۆژێ کە لەقلەق لە خەفەتان دەگریا، قەل هاتە لایەوەو گوتی: ((ئەوە بۆ دەگری؟))

لەقلەق بەسەرهاتی خۆی بۆ قەل گێڕایەوە.

قەل زۆر پەست و تووڕە بوو، گوتی: ((ئەی لەقلەق، ئەم ڕێوییە ناجسنە درۆ دەکا. نە مشاری هەیەو نە تەور. ئەگەر ئەم جارە بۆ کرێی خانوو هات، بڵێ نایدەم، بڕۆ چ دەکەی بکە!))

حەفتەیەکی پێ چوو، ڕێوی دووبارە لە ژێر درەختەکە پەیدا بوو و کەوتە بەرێ تەنەکەی لە درەختەکە خڕاند. لەقلەق گوتی: ((ها ڕێوی، دیسان چت دەوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((فەرمانی چۆل کردنی خانووم هێناوە. یان شتێکم بدەرێ، یان هەر ئێستا درەختەکە بەردەدەمەوە)).

لەقلەق گوتی: ((بڕۆ هەرچی دەکەی بکە من ئیتر هیچت نادەمێ)).

ڕێوی دەست لە (پێیان)درێژتر بە لمووز شۆڕی گەڕایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: ((بێشك یەکێ ئەم قسەیەی فێری لەقلەق کردووە. سەری هەڵبڕی بینی قەل پێی پێ دەکەنێ)).

ڕێوی لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ڕاوەستە دەبێ دەردێکت پێ بکەم تا دونیا دونیایە بیگێڕنەوە)).

ڕۆژێ ڕێوی چووە ژێر ئەو درەختەی قەلی لەسەر بوو، لەوێ ڕاکشاو خۆی مراند. قەل ئاگاداری فێڵی ڕێوی بوو، (پێی هەڵنەخەلەتا). چوو خەبەری دایە سەگێك کە لەو نزیکانە دەژیا. سەگ هات خۆی لەپەنا درەختەکە شاردەوە.

Scanned with CamScanner

قەلیش هێدی هێدی لە ڕێوی نزیک کەوتەوە و دەنووکی لە چاوی دا. کەڕێوی بازرەقەی داو ویستی گەرووی قەل بگرێ، لەولاوە سەگ لەپەنا درەختەکە لێی دەرپەڕی. ڕێوی فێڵبازی گرت و شەت و پەتی کرد. بەم جۆرە لەقلەق و ئەو بێچووانەی مابووی لەدەست ڕێوی حەسانەوە.

هەقایەتخوان: حسین روتابی، ٤٠ ساڵە

عالی گرزان، صحنە

# ٢٧- پاشاو دەروێش

دووبرا هەبوون: یەك پاشا بوو ناوی موختار بوو، ئەوەی تر هیچی نەبوو، دەروێش بوو. موختار پاشا دووکوڕی هەبوو و دەروێش یەك کوڕی هەبوو ناوی ئیبراهیم بوو. ئەم منداڵانە هەموو پێکەوە دەچوونە قوتابخانە. کوڕەکانی پاشا پسکوێت و میوەیان لەناو جانتا دەناو دەیانبرد، کەچی کوڕی دەروێش هیچی نەبوو، بەسکی برسی دەرسی دەخوێند و لە دەرسەکانی باش دەچووە پێش.

ڕۆژێ ئیبراهیم بە باوکی گوت: ((باوکە، ئەگەر ڕاست دەکەی برات ئەم هەموو سامانەی هەیە و یارمەتی هەژارو لێقەوماوان دەدا دەتۆش بڕۆ داوای شتێکی لێ بکە، چۆن دەستت ناگریٚ؟))

بە کورتی، ئیبراهیم ئەوەندە بە بەر باوکی داکەوت، تا باوکی ناچاربوو چووە بەر دەرگای ماڵی پاشا. پاشا کە پێی زانی، بە وەزیری گوت بڕۆ هێندەی لێدە تا هەموو لەشی خەڵتانی خوین دەکەی.

وەزیر چووە بەر دەرگاو بە دەروێشی گوت: ((هەی، بەدبەخت ! ئەم برایەت ڕکی لێت دەبێتەوە، تۆ بۆ هاتوویتە ئێرە؟))

دەروێش گەڕایەوەو بە کوڕەکەی گوت: ((چوومە بەر دەرکی پاشا، بەڵام پاشا دەری کردم)).

ئیبراهیم ڕۆژێکی تر دیسان باوکی ناردە بە دەرکی ماڵی پاشا.ئەم جارە پاشا زۆر دەهری بوو. وەزیری ناردو فەرمانی پێدا کە هەر دەبێ هەموو لەشی خەڵتانی خوێن بکاو ئەگەر وای لێ نەکا چی خراپە وای پێ دەکا.

وەزیر چوو ئەوەندەی لە کابرا دا تا کابرا چوو بە لەشی خوێنینەوە لە بن درەختێك کەوت. ئیبراهیم هات لە شتێکی پێچاو بردییەوە ماڵێ و دەرمانی کرد تا چاك بووەوە.

نیوە شەو لە خەو ڕابوون. هەرچی هەیانبوو باریان کردو پشت لە شارو ڕوو لە چۆلەوانی ملی ڕێیان گرت. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە شارێك. ئیبراهیم بە باوکی گوت: ((باوکە، بمبە بازاڕو بە ناوی نۆکەر بمفرۆشە)).

باوکە گوتی: ((ئاخر کوڕم، من لە تۆ بەولاوە کەسم نییە، چۆن بتفرۆشم؟))

کوڕە گوتی: ((چیت پێ دەڵێم وا بکە، تۆ هەقت نەبێ)).

باوکە کوڕەی بردە بازاڕو دەستی پێ کرد بانگی ڕاهێشت: ((باوکە، نۆکەرێکی فرۆتەنیم هەیە. نۆکەرێکی کەتەو زرنگ !))

شەمعوونەجوو بە وێدا ڕابرد. چاوی بە کوڕەکە کەوت، دڵی گرتیو بە باوکی کوڕەی گوت: ((من کڕیارم. ئەمە بەمن گەیشت !))

دەروێش کوڕەکەی دایە و سێ سەد درهەمی لێ وەرگرت.

کوڕە بەشەمعوونی گوت: ((شەمعوون، یەك ڕۆژ مۆڵەتم بدە !)) شەمعوون قبووڵی کرد.

کوڕە چوو بە پارەکە خانوویەکی بۆ باوکی کڕی و بۆ گوزەران کردن دوکانێکی ڕەژوو فرۆشیشی بۆ کردەوەو کە مۆڵەتی تەواو بوو گەڕایەوە لای شەمعوون.

شەمعوون دوکانی لە بازاڕی جوولەکان بوو. لەو کاتەوە کە ئیبراهیمی هێنایە دوکان، ئیش و کاری ڕەواجی پەیداکرد و دوکاندارەکانی دی ئیشیان ڕوو لە کەسادی بوو. ناچار بوون چوونە لای پاشاو شکاتیان لە شەمعوون کرد، گوتیان: ((لەو ڕۆژەوە شەمعوون ئەم کوڕەی هێناوە، ئێمە کاروبارمان ڕوو لە کەسادییە، هەموو کڕیارەکانی ئێمەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە)).

پاشا لە دوای شەمعوونی ناردو گوتی: ((شەمعوون، ئەم نۆکەرەت بە چەند کڕیوە؟))

شەمعوون گوتی: ((قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ، بە سێ سەد درهەم)).

پاشا گوتی: ((من سێ هەزار درهەمت دەدەمێ بیدە بە من، من لێت دەکڕم)).

شەمعوون ڕازی بوو. پاشا ئیبراهیمی بردە دەرباری شاهانەو کردی بە وەزیری دەربار.

با بزانین موختار پاشا چ دەکا. شەوێك لە خەودا دی لافاو هەستاوە و شاری هەموو بردووە. بە پەشۆکاوی لە خەو ڕاپەڕیو فەرمانی دا جاڕ بدەن. جاڕچی جاڕی دا:

((ئەی خەڵکینە، فریا کەون بۆ ئەوەی لەگەڵ موختار پاشا شتێکی وا بکەین شار لە لافاوی دادیٚ ڕزگار بکەین)).

خەڵکەکە ڕکیان لە موختار پاشا دەبووەوە. لە دڵی خۆیان گوتیان: ((ئەم کوڕی نامەردە برای خۆی لە برسان کوشت، چۆن شار ڕزگار دەکا)).

کە شەو داهات، لافاوێکی گەورە هات و شاری داگرت. ئاو هەموو شتێکی ڕامالی. موختار پاشا لەگەڵ وەزیرەکەی لە شار چوونە دەرەوە. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەو شارەی ئیبراهیمی لیٚ بوو بوو بە وەزیری دەربار.

موختار پاشا خۆی بە پاشا ناساند. پاشا کردی بە وەزیرو دوو کوڕەکەشی کرد بە پاسەوانی گورزی زیو بە دەستی بەر دەرگا.

ڕۆژێکیان پاشا گوتی: ((ئەی وەزیر، بابچینە ناو باغ و پیاسەیەك بکەین)).

لەکاتی پیاسەدا، پاشا گوتی: ((ئەی وەزیر، ئەم باغەی من چ شتێکی کەمە؟))

موختاری وەزیر گوتی: ((قیبلەی عالەم، قوربان، ئەم باغە هەموو شتێکی تەواوە، تەنیا گوڵی قاقای کەمە)).

پاشا گوتی: ((ئەی وەزیر، گوڵی قاقا لە کویٚ وەدەست دەکەویٚ؟ من تا ئێستا شتی وام نەدیوە)).

وەزیر گوتی: ((گوڵی قاقا بە ئیبراهیم پەیدا دەبیٚ)).

پاشا لە دوای ئیبراهیمی ناردو پێی گوت: ((دەبیٚ گوڵی قاقام بۆ پەیدا بکەی؟))

ئیبراهیم گوتی: ((من نازانم گوڵی قاقا چۆن چۆنییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەچم پەیدای دەکەم، بەلاٚم دەبیٚ دوو کوڕەکەی موختاری وەزیر لەگەڵم بێن)).

هەر سێکیان ملی ڕێیان گرت و ڕۆیشتن تا گەیشتنە سیٚ ڕیانێك: یەکیٚ ڕێی (هات)و یەکیٚ ڕێی (نەهات)و یەکیٚ ڕێی (هات و نەهات) بوو.

ئیبراهیم و دوو ئامۆزاکەی ئەنگوستیلەی خۆیان لەژێر بەردێك شاردەوەو هەر یەکە چووە ڕێگایەك.

ئیبراهیم چووە ڕێی (هات)و دووەکەی تر چوونە ڕێی (نەهات) و ڕێی (هات و نەهات).

دوو کوڕەکەی موختاری وەزیر گەیشتنە شارێك و لەبەر ئەوەی هیچ هونەریان نەدەزانی و خوێندەواریشیان نەبوو، لەبرسان بوون بە دەرۆزەکەر.

بەڵام ئیبراهیم پاشا هەر ڕۆیشت تا گەیشتە تراویلکەیەك. خدری زیندە هاتە ڕێی‌و گوتی: ((ئیبراهیم، ئەوە لە کوێ دێی؟ و دەچیتە کوێ؟))

ئیبراهیم گوتی: ((دەمەوێ بچمە سۆراغی گوڵی قاقا !))

خدری زیندە گوتی: ((پەیداکردنی گوڵی قاقا زەحمەتە، بەڵام من نامەیەکت دەدەمێ. بڕۆ لای فلانە دێو، بڵێ من کوڕی فلانە کەسم و بۆ گوڵی قاقا هاتووم، دەمەوێ بۆ دەرمانی چاوێشەی دایکم بیبەم)).

ئیبراهیم نامەکەی وەرگرت و ڕۆیشت. ڕۆیشت تا گەیشتەوە لای دێوەکە. دێوەکە نامەکەی خوێندەوەو گوتی: ((ئەگەر گوڵی قاقات دەوێ، لێرە بە تا من دەچم و دێمەوە)).

کە ئیبراهیم لە ئەسپ دابەزی، دێوە ڕانێکی ئەسپەکەی لێکردەوەو خستییە زاری و ویردێکی خوێندو کوڕەی کردە دەرزییەك و لە بەرۆکی خۆی داو چووە وە ماڵێ.

کوڕەکانی دێوەکە هاتنەوە ماڵێ. ئەم لایان پشکنی، ئەولایان پشکنی، هەر دەیانمڕاند: ((بۆنی بنیادەم دێ)).

دێوە گوتی: ((بنیادەم لێرە چ دەکا؟))

کوڕەکانیان گوتیان: ((وەرە سوێند بخۆ بنیادەمت نەدیوە)).

دێوە گوتی: ((نە . یەکەم جار ئێوە سوێند بخۆن ئەگەر بینیتان ئازاری نەدەن)).

کوڕەکان بە ڕەنجی باوك وبە شیری دایك سوێندیان خوارد. دێوە ویردێکی

خوێندو فوویەکی لە دەرزییەکە کردو ئیبراهیم لەوێ پەیدا بوو.

دێوە گوتی: ((کوڕینە، ئەم گەنجە گوڵی قاقای دەوێ. لنگە پێلاوێکتان دەدەمێ فڕێی دەنە ئا سمان. لەکوێ کەوتەوە گوڵی قاقا لەوێیە)).

پێلاوەکەیان فڕێ دا. پێلاو لە چۆلەوانییەك کەوتەوە. چوون، بەردێك لە تەنیشت پێلاوەکە بوو. بەردەکەیان هەڵدایەوە. دەریچەیەك دەرکەوت. چل پایە چوونە خوارەوە. چەپکە گوڵێك لەتەك گۆڕێك کەوتبوو. هەڵیان گرت و هێنایانەوە.

ئیبراهیم گوڵەکەی دایە پاشا. موختاری وەزیر کە بینی ئیبراهیم لەم مۆتەکەیە دەرچوو، شەو هەیبەی لێکردو هەڵات. چوو لە شارێکی دوورلە برسان مرد.

ئیبراهیمیش چوو باوکی خۆی دیتەوە و بە خۆشی و شادی پێکەوە ژیان.

**هەقایەتخوان: حاجی مراد تو شمالانی،٧٠ ساڵە**

**دەربەند، صحنە**

# ٢٨- سندرو مندر

هەبوو نەبوو، بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو، کابرایەك هەبوو، دوو کوڕی هەبوو: یەکی عاقڵ و یەکی شێت. عاقڵەکە ناوی مندر بوو، شێتەکە ناوی سندر بوو.

باوکە پیربوو، لە سەرە مەرگا وەسیەتی خۆی کردو عومری درێژی بۆ ئێوە بە جێ هێشت.

پاش ماوەیەك، دوو کوڕەکە چی پارەو پوولێکی بە میرات لە باوکیان بۆیان مابووەوە هەموویان خەرج کرد. تەنیا مانگایەك و کەرێکیان ما.

ڕۆژێکیان سندر مانگایەکەی دایە پێش خۆی و بە مندری برای گوت: ((دەچم مانگاکەم دەفرۆشم)).

هەر چەندە مندر پێی گوت برام بۆچی مانگاکە دەفرۆشی؟ چیت لێ دەوێ؟ ئەم مانگایە سبەی نانمان دەداتێ. ئیشی وا مەکە. سندر گوێی نەدایەو گوتی: ((تۆ چ ئیشت هەیە. ئەم مانگایە بە بەر من کەوتووەو ماڵی خۆمە)).

هەر چۆن بێ سندر مانگای بە پێش خۆیداو لە ماڵەوە بۆی دەرچوو. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە چۆلەوانی. مانگاکەی لە درەختێك بەستەوە. کاولە خەرابەیەك لە نزیك درەختەکە هەبوو، کوندە بۆیەکی لەسەر بوو.

سندر ڕووی کردە کوندەبۆو گوتی: ((هاپۆ کوندەبۆ، ڕۆژباش))

کوندە بوو سەری وەرسوڕاند و گوتی: بوووو...

((سندر گوتی: ئەم مانگایە دەکڕی؟))

کوندەبۆ گوتی: بووو...

سندر گوتی: ((بەخوا مانگایەکی چاك و بێ عەیبە. بیفرۆشیتەوە زۆر قازانج

Scanned with CamScanner

دەکەی؟))

کوندە بۆ قیڕاندی: بووو...

سندر گوتی: ((دیارە ڕازی. مرۆیەکی بە ئینسافی. باشە، مامەڵەت لەگەڵ دەکەم)).

کوندەبۆ گوتی: بووو....

سندر گوتی: ((خەمی پارەت نەبێ. ئەگەر ئێستا پارەت نییە، سبەی بۆ پارە دێمەوە...خواحافیز)).

سندر گەڕایەوە ماڵێ. کە گەیشتەوە ماڵێ، مندری برای پێی گوت: ((سندر، چت لە مانگاکە کرد؟ !))

سندر گوتی: ((بە کوندە بۆیەکم فرۆشت، بەڵام فەقیرەی هیچ پارەی بە دەستەوە نەبوو. گوتی سبەی بۆ پارەکە وەرەوە)).

مندر بە سەرسامییەوە گوتی: ((ڕەحمەت لە بابت، چما کوندەبۆ قەسابە؟ کوندەبۆ جوتیارە؟ کوندەبۆ زەوی دەکێڵێ؟ کوندەبۆ چ کارەیە؟ تۆ مانگای پێ دەفرۆشی؟ ئەو چ لە مانگا دەکا؟))

سندر گوتی: ((جا بەتۆ چ؟ مانگا مانگای خۆم بوو و فرۆشتم. دەبینی داخۆ کوندە چەندم پارە دەداتێ)).

سبەینێ زوو، سندر لە خەو ڕابوو چووە سۆراغی خرابە و کوندەبۆ. کە گەیشتە خرابەکە دیتی گورگ مانگاکەیان دڕاندووەو خواردوویانەو ئێسك و پرووسکی بە دەوری درەختەکەدا بڵاوبۆتەوە. کلکی لەم لا کەوتووە، شاخی لەو لا کەوتووە.هەمووی پەل پەل بووەو پەرت و بلاوبۆتەوەو کوندە بۆش لە جێگای بۆژی پێشوو لە سەر خرابەکە هەڵنیشتووە.

سندر گوتی: ((هۆ کوندەبۆ!؟))

کوندە بۆ گوتی: بووو...

سندر گوتی: ((توخوا ئێستا کە مانگاکەمت سەر بڕیوەو قەسابی خۆت کردووە، بە ڕاستی پێم بڵێ چەندت پێ بڕاوە؟))

Scanned with CamScanner

کوندەبۆ گوتی: بووو...

سندر گوتی: ((ئەلحەمدولیلا باشە، قازانجت کردووە. ئێستا پارەکەی من بدە)).

کوندە بۆ گوتی: بووو، بووو، بووو...

سندر تووڕە بوو گوتی: ((سەگباب، چ (بووو، بووو)تە دەتەوێ پارەکەم بخۆی؟))

لە پڕ داردەستەکەی باداو ڕایوەشاندە کوندەبۆ. کوندەبۆ لەسەر دیواری خرابەکە هەڵفڕی. دارەکە بە توندی بە دیوارەکە کەوت و دیوار ڕووخا: وای خوایە، بە نسیبی هەموومان بێ!! حەفت گۆزە خوسرەوی لە ناو دیوارەکە دەرکەوت. کە سندر چاوی بە پارەو لیرەو زێڕەکان کەوت، لە دڵی خۆیدا گوتی: (تۆ سەیرکە، ئەم کوندە بۆیە مانگای منی فرۆشتووەو ئەم هەموو پارەی دەست کەوتووە کە چی دەیەوێ پارەی من بخواو نەمداتەوە. وەی بێ ویژدان!)) سندر لەبەر دانیشت، تاگرتی لیرەی لەناو کراسی و لە کۆشی خۆی و لە شەلواری کرد. لنگە کلاشەکانیشی پڕ کردو هێنایەوە ماڵێ. کە گەیشتەوە ماڵێ هەندێ جنێوی بە مندر داو گوتی: ((سەیرکە چیم هێناوە. تۆ دەتگوت کوندە بۆ قەساب نییەو پارەی نییە، بەڵام درۆت فەرموو. ها، کوندەبۆ ئەم هەموو پارەی دامێ)).

مندر عاقل بوو، زانی بێ شك برای خەزێنەی دۆزیوەتەوە. بۆیە بە سندری برای گوت: ((باشە، برام لەمن کەرو لە تۆ جەواڵ. بابچین ئەو لیرە و پارانەی ماون بیانهێنین و لە بەینی خۆمان دابەشی بکەین)).

سندر ڕازی بوو و لەگەڵ مندر ملی ڕێیان گرت. گەیشتنە کاولە خرابەکەو هەموو پارەکەیان کێشایەوە ماڵێ و لە ژێر زەمینی ماڵەوە شاردیانەوە.

کە لێبوونەوە، مندر بە سندری گوت: ((نەکەی ئەم مەسەلەیە لای کەس باس بکەی، ها! نەوەك یەکێ تێ بگا هەموو پارەکەمان لێ دەسەنێ. ئێستا بڕۆ ڕبەی ماڵی کێخوا بێنە. ئەگەر پرسی بۆ چیتە؟ بڵێ دەمانەوێ گەنمی پێ دابەش بکەین)).

سندر چووە ماڵی کێخوا. کێخوا ژن لە ماڵەوە بوو. سندر گوتی: ((کێخوا ژن، هاتووم ڕەم بە ئەمانەت بدەنێ)).

کێخواژن گوتی: ((سندر، ئەوە دەتانەوێ چی پێ دابەش بکەن؟))

سندر گوتی: ((بەخوا هەندێ پارەمان هەیە، دەمانەوێ لەگەڵ برام بیکەین بە نیوە)).

کێخوا ژن گوتی: ((پیرۆز بێ! بەڵام دەبێ نیو بەم ڕەبەش لە باتی کرێی پێوانەکە بۆ من بێنی)).

سندر گوتی: ((وەی بەسەر چاو، کێخوا ژن!)).

کێخوا کە گوێی لەم قسانەبوو بانگی ژنەکەی کردو گوتی: ((حورمێ، ئەم ماستە موویەکی تێدایە. بڕۆ هەندێ قیر لە بنی ڕەبەکە بدە بۆ ئەوەی بزانین چ شتێك دابەش دەکەن)).

ژنە هەندێ قیری لە بنی ڕەبەکە داو دایە سندر.

سندر ڕەبەی بۆ برای هێنا. دانیشتن و پارەکەیان دابەش کرد. لەو کاتەدا کێخوا بۆ ڕەبەکە هات.

سندر خۆی لە پەنا دەرگا شاردبووەوە، تێڵایەکی لە کێخواداو جێی پێ کردە ئەوجێ.

پاش ماوەیەك، مندر پارەی خۆی لە قومار دۆڕاندو هەمووی فۆتاند بەڵام سندر پارەی خۆی برد لە ناو قۆرتەك شاردییەوە.

مندر وای لێ هات شێوی شەوی نەبوو. ڕۆژێ هەستا چووە (عەلافخانە) مەیدانی کرێکاران و ڕاوەستا بەڵکو یەکێك بێ بیباتە ئیش، یان بە نۆکەری ڕایگرێ. لەو کاتەدا کابرایەك بە وێدا تێپەڕی، تەماشای کرد کابرایەکی بە شان و شەوکەت ڕاوەستاوە. کابرا لە مندر چووە پێش و گوتی: ((کاکە، چ کارەی؟))

مندر وەڵامی دایەوە: ((بەخوا هیچ کارە نیم. لێرە وەستاوم بەڵکو کارێکم دەست کەوێ و ببم بە نۆکەر)).

کابرا گوتی: ((دەبی بە نۆکەری من؟))

مندر وەڵامی دایەوە: ((ئا، بۆ نابم)).
کابرا گوتی: بە نۆکەری ڕات دەگرم بەڵام هەندێ مەرجم هەیە دەبێ پێیان ڕازی بی.
مندر ڕازی بوو. لەگەڵ کابرا چوو. کە گەیشتنە ماڵی کابرا، کابرا بە مندری گوت: ((من ئیشی قورس و گرانم نییە. تەنیا هەندێ مەڕو بزنم هەیە، دەبێ بچیتە بەریان و بیانلەوەڕێنی. سێ مەرجیشم لە تۆ دەوێ. ئەگەر پاشان بە من ڕازی نەبووی و پەشیمان بوویتەوە، یەك زوێڵە چەرم لە پشتت دەکەمەوە، ئەگەر منیش بە تۆ ڕازی نەبووم و پەشیمان بوومەوە، تۆ زوێڵە چەرمێك لە پشتی من بکەوە... هەردووك مەرج و گرەویان کردو بڕاندیانەوە.
کە سبەینە داهات، کابرا مانگاو مەڕو بزنەکانی خۆی ژماردو بە مندری سپاردو گۆزەیەکی پڕ ماست و نانێکی دایەو گوتی: ((ئەمەش بۆ فراوینت، بەڵام دەبێ نانەکە بە جۆرێك بخۆی دەورەکەی دانەپسێ و ماستەکە بە جۆرێك بخۆی سەرتووی سەری تێك نەچێ)).
مندر نان و ماستەکەی وەرگرت و مێگەلەکەی بردو چووە ئاقاری. دانیشت و ئەم مێگەلەی بەردایە ناو باغ و بێستانی خەڵك. کە نیوەڕۆ داهات برسی بوو. هات نانەکە بخوا. دیتی هەر چۆنی بخوا دەورەی نانەکە دەشکێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: ((چۆنی بخۆم؟ چۆنی نەخۆم؟)) سەیری کرد هیچی پێ لەگەڵ ناکرێ. بەهەر حاڵ سەرتووی ماستەکەی نەشکاند و نانەکەی کەرت نەکردو فراوینی نەخوارد. ئێواری مەڕی دایە پێش و هاتەوە ماڵی ئاغای.
کابرا لە ماڵەوە لەسەر کورسی دانیشتبوو. مەڕەکانی ژمارد، دیتی هەمووی تەواوە. گوتی: ((ئێی نۆکەر، بە من ڕازی؟))
مندر بە نا دڵی گوتی: ((یاخوا، خوا لێت ڕازی نەبێ، وەختە لەبرسان بمرم. لە سبەینێوە تا ئێستا لەگەڵ ئەم ماڵاتە چوومەتە ئاقاری، هەمووم بە تێرو پڕی هێناونەتەوە کەچی خۆم لە برسان سکم بە پشتەوە نووساوە. ئاخر چۆن ئەو نانە بخۆم و دەورەکەی دانەپسێ و چۆن ئەو ماستە بخۆم و سەرتووەکەی تێك

نەچی؟))

کابرا گوتی: ((باشە، مادام بە من ڕازی نی، درێژ بە!))

مندر درێژ بوو. کابرا زوێڵە چەرمێکی لە پشتی هەڵگرت و دایە دەستی و شاپێکیشی لە ناو گەلانی داو گوتی: ((دەوجا بڕۆ!!))

مندر بە گریان و لۆرە لۆر گەڕایەوە ماڵێ. سندر گوتی: ((کورە، ئەوە چ بووە؟))

مندر گوتی: ((چووم بووم بە نۆکەر. چۆنم دەبینی ئاوام بەسەر هات)).

سندر گوتی: ((ئێ، بزانە چۆن بیسوتێنم. تۆ لە کوێ وەستابووی کە هات تۆی برد؟))

مندر گوتی: ((لە مەیدانی کرێکاران!))

کە سبەینە داهات، سندر چووە مەیدانی کرێکاران. برای لە کوێ وەستا بوو، چوو لەوێ ڕاوەستا. زۆری پێ نەچوو هەمان کابرا لە دوور پەیدا بوو. کە چاوی بە سندر کەوت گوتی: ((گەنجۆ، نۆکەراتی من دەکەی؟))

سندر گوتی: ((بەڵێ، قوربان، بۆ ناکەم!؟))

کابرا گوتی: ((چەند مەرجێکم هەیە. ئەگەر قبووڵ بکەی لەگەڵ خۆمت دەبەم)).

سندر گوتی: ((هەر مەرجێکت هەبێ قبووڵمە، قەیدی نییە)).

کابرا گوتی: ((مەرجی یەکەم ئەوەیە: ئەگەر تۆ بە من ڕازی نەبووی یەک زوێڵە چەرم لە پشتت دەکەمەوە. ئەگەر منیش بە تۆ ڕازی نەبووم، تۆ یەک زوێڵە چەرم لە پشتی من بکەوە. مەرجەکانی تریش سبەی پێت دەڵێم)).

سندر مەرجی یەکەمی قبووڵ کرد و لەگەڵ کابرا چووەوە ماڵیان. ئەو ڕۆژە بۆ سبەینێ کابرا مێگەلی بە سندر سپارد و گۆزە ماستێ و نانێکیشی لە دەست ناو گوتی: مەرجی دووەم ئەوەیە: دەبێ بە جۆرێ ئەم ماستە بخۆی کە سەرتووەکەی تێک نەچێ و مەرجی سێیەم ئەوەیە: بە جۆرێ ئەم نانە بخۆی دەوراندەوری بە ساغی بمێنێ)).

Scanned with CamScanner

سندر مەرجەکانی قبوولْ کرد و ڕووی کردە ئاقاری. کە نیوەڕۆ داهات لە برسان سکی پێچی کردو دەستی بە قۆڕە قۆڕ کرد. ناچاربوو گۆزە ماستەکەی ڕاکیشایە پێش خۆی. پارچە ئێسکێکی پەیدا کردو بنی گۆزەکەی پێ کون کرد. نانەکەشی هێنا ناوەڕاستەکەی دەرهێناو دەوراندەورەکەی بە ساغی خستە لاوە و ناوەڕاستی نانەکەی ڕاکێشایە پێش خۆی. هەر پارچە نانێکی دەخستە زاری و دەمی بە کونی گۆزەکە وەدەناو دەیمژی، تا تێر بوو. سەرتووی ماستەکەش بە دەقە خۆی مایەوە.

مەڕەکان گیایان خواردبوو خەریکی کاوێژ بوون. سندر هەستا چووە لای مەڕێك و پێی گوت: ((ئێ ئێ. دیارە بنیشت دەجووی! پارچە بنیشتێکیش بدە بە من، باشە؟ بۆ ئەوەی منیش خۆمی پێوە خەریك بکەم. نەختێکیشم بدەرێ بۆ ئاغاژنی ببەم)).

مەڕەکان سەریان دانەواندبوو کاوێژی خۆیان دەکرد و ئاگایان لە قسەی سندر هەر نەبوو. سندر تووڕە بوو. گوتی: سەگباب ما خۆینە! بنیشتم نادەنێ، دەبگرن بزانم!))

بە داردەستەکەی کەوتە ناو مێگەلەکە. دوای ئەوەی دارکارییەکی باشی کردن، چەقۆی دەرهێناو هەمووی سەر بڕین. ئینجا چوو خەبەری دایە مندرو بە دوو قۆلی هەموو مەڕەکانیان ناشت.

ئێوارێ سندر گەڕایەوەو دەوراندەوری نانەکەو گۆزەو سەرتووەکەی دایەوە حاجی.

کابرا گوتی: ((ئەدی کوا مەڕو بزنەکان؟)).

سندر گوتی: ((قوربان، ئەمانە مالآتی بەدنمەك وبێ وەفا بوون. خێرا خێرا بنیشتیان دەجوی. هەر چەندە گوتم نەختێکم بدەنێ بۆ خانمی ببەم نەیاندا، منیش هەمووم سەر بڕین))..

ئاغا پێی گوت: ((باشە، سندر ئێستا تۆ بە من ڕازی؟!)).

سندر بە پێکەنینەوە گوتی: ((بەلێ ئاغا، خوا لێت ڕازی بێ، من چۆن لێت

ڕازی نیم)).

ئاغا لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ها، ئەوەی بە فەلاکەتم بدا ئەمەیە!)) ئینجا ڕووی کردە سندرو گوتی: ((ئێستا چ ئیشت بە من نییە؟)).

سندر گوتی: ((بەدی قوربان، ئەمشەو میوانم هەیە. شێوی دوو نەفەرم بۆ بێنن، برام میوانمە)).

کە شەو داهات، کابرا شێوی بۆ بردن. گوێی لێ بوو دەنگی دارکاری و هات و هاوار دێ، نزیك کەوتەوە و گوتی: ((سندر، ئەوە چییە؟ چ هات و هاوارە؟)).

سندر گوتی: ((قوربان، من دوو دوو کەلەشی مەڕەکانم ناشت و ئەم برایەم یەك یەك، کەچی ئێستا ئەو پاروەی لە من زلتر دەخوا)).

کابرا گوتی: ((دەك ماڵی بابت ڕمێ. لەگەڵ خۆتان و شەڕتان! ئاخر ئەمەش بوو بە ئیش. ئەمشەو ئێمەش میوانمان هەیە، وەرە چاوت لە منداڵەکە بێ)).

کابرا لە یەك منداڵ زیاتری نەبوو. هێنای بە سندری سپارد بۆ ئەوەی ئاگاداری بێ تا خانم چێشت بۆ میوانان لێ دەنێ.

سندر منداڵەکەی بردە حەوشە. دوو گەماڵی زل لە حەوشە بەسرابوونەوە. منداڵەکە دەستی بە زیقە زیق و هات و هاوار کرد. سندر حەوسەلەی نەما. پێیەکی لەسەر پێیەکی منداڵەکە داناو لنگی ڕاتەکاندو کردی بە دوو پارچە. هەر پارچەیەکی فڕێ دایە بەر سەگێك. سەگەکان دەستیان بە مڕە مڕو کلکە قوتێ و خواردن کرد. کابرا بە پەشۆکاوی هات گوتی: ((ئەوە چ بووە؟ سندر ئەم مڕە مڕە چییە؟)).

سندر گوتی: ((ئاغا، تۆم بمرێ، بەسەری خانم، بە یەکسانی دابەشم کرد، بێ کەم و زیاد، بەڵام ئەوە دەبینی کردوویانە بەم شەڕو هەرایە. ئەم سەگە دەڵێ بەشی تۆ زیاترە و ئەو سەگە دەڵێ نە بەشی تۆ زیاترە)). ئاغا گوتی: ((چت دابەش کرد؟)).

سندر گوتی: ((قوربان، منداڵەکە، دی!! ئەی دەتەویست چ دابەش بکەم)).

کابرا دیتی جەرگی خراب بووە. لە دڵی خۆیدا گوتی: (چ بکەم؟ چ نەکەم؟

چۆن لە دەست ئەمە ڕابکەم؟ چارەم چییە؟)

بۆ بەیانی، سندر چ بزن لە ماڵەوە مابوو ڕای دان و بردنی بۆ باغێك. لەوێ چووە سەر دار سێوێك و دارەکەی وەشاند. بزنەکان لە ژێر دارەکە کەوتنە سەر سێو خواردن. بە ڕێکەوت سێوێك لە شاخی بزنێك چەقی. سندر هاتە خوارەوە، ڕووی کردە بزنەکەو گوتی: ((دەرکەوت تەنیا تۆ شیر بە حەلال و وەفاداری، ئەم سێوەت بۆ خانم هەڵگرتووە، بەڵام ئەوانی تر هەموو حەرامزادەن)).

هەموو بزنەکانی دی خنکاندو فڕێی دانە ناو قۆرتێك.

ئێوارێ سندر یەك تاقە بزنی دایە پێش خۆی، ئەوەی سێوی لە شاخ چەقی بوو، و گەڕایەوە ماڵێ.

کابرا گوتی: ((سندر، چت لە بزنەکان کرد؟)).

سندر گوتی: ((ئاغا، بەسەری تۆ هەر هەموویان نمەك حەرام بوون. من هەر سێوم وەشاندو ئەوان هەر خواردیان، ئەوەندەی گوتم هەندێ بۆ ئاغا و خانم بێلنەوە، گوێیان پێ نەدا. تەنیا ئەمەیان شیر بە حەلال بوو. دانە سێوێکی بۆ خانم هەڵگرت)).

ئاغا لە دڵی خۆیدا گوتی: (چ بکەم؟ چ نەکەم؟ هەموو مەڕو بزنەکانی لەناو برد، یەك منداڵی تاقانەمان هەبوو ئەویشی لە ناوبرد.)

ژنی کابرا بەکابرای گوت: ((هەستە ئێرە جێ بێڵین، بچینە سەر موڵکی خۆمان و لە دەست ئەم سندرە بحەسێینەوە)).

کابرا گوتی: ((باشە، با بچین!)

ئینجا کابرا بە سندری گوت: ((ئێمە دەمانەوێ بچینە سەر موڵکی خۆمان، تا دەگەڕێینەوە دەبێ ئەم حەوشە وا پاك بکەیتەوە ڕۆنی لێ ڕوکەی و هەنگوینی لێ بلێسیتەوە)).

سندر گوتی: ((بە چاوان قوربان!)).

کابرا و ژنەکەی چوونە سەر موڵکی خۆیان. حاجی دوو ژنی هەبوو. ئەم ژنەیان زۆری پەڕەور هەبوو.

Scanned with CamScanner

خانم بە سندری گوت: ((سندر، وا مریشك و جووجەڵەکانم بە تۆ سپارد، چاوت لێیان بێ)).

سندر گوتی: ((بە چاو، هەڵبەت چاومان لێیان دەبێ)).

تا چەند ڕۆژێك سندر هەر لە بیری نەبوو دان بداتە مریشك و جووجەڵەکان. ئینجا ڕۆژێ بردنیە سەربان و دانی بۆ ڕووکردن و لە گەنێکی پڕ ئاوی لە پێش دانان.

مریشك و جووجەڵەکان کە ئاویان دەخواردەوە، سەریان قیت دەکردەوە حەوا بۆ ئەوەی ئاو لە گەروویان بچێتە خوارێ.

سندر کە دیتی وا دەکەن، گوتی: ((هەی سەگباب خێوینە، نمەك حەرامینە! ئەوە سەر بەرزدەکەنەوە چ دەڵێن؟ ئەوە دەڵێن: خودایە، سندرمان لێ بسێنە!؟ ئەوە تووك و نەفرەتم لێ دەکەن؟ ئەم هەموو ڕەنجەم لەگەڵ ئێوە کێشا، ئەوەیە چاکەو وەفاداریتان؟)) سندر دەستی برد چەقۆی دەرهێنا. هەموو مریشك و جووجەڵەکانی سەر بڕی و فڕێی دانە بەر سەگ و پشیلان. ئینجا چووە حەوشە بۆ ئەوەی پاکی بکاتەوە. حەوشەی زۆر باشماڵی وچووە ژێر زەمینی ماڵی ئاغاو هەرچی دیزەی ڕۆن و شەربەت و هەنگوین هەبوو، هەمووی هێنایە دەرەوەو لە حەوشە ڕشتی.

کە ئاغا بە خۆو بە ژنەوە هاتەوە، سەیری کرد ناتوانن پێ باوێنە حەوشە. پێیان لە هەنگوین و شەربەت و ڕۆن دەچووە خوارێ.

ئاغا گوتی: ((سندر، کورە ئەوە ئیشە تۆ کردوتە؟)).

سندر گوتی: ((ئاغا، قوربان، ئەدی خۆت نەتگوت ڕۆن بڕێژە و هەنگوین بلێسەوە، منیش بە گوێم کردی و قسەکەتم بە جێ هێنا)).

ژنی دووەمی ئاغا کە لە گەڵیان هاتبوو، گوتی: (ئەدی مریشك و جووجەڵەکان کوان؟)

سندر گوتی: ((تۆم بمرێ ئەوەندە نمەك حەرام بوون هەر مەپرسە. من دان و ئاوم دانێ کەچی ئەوان کە ئاویان دەخواردەوە، سەریان بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی

و دەیان گووت: ((خوایە، سندرمان لێ بسێنە)). منیش هەمووم سەر بڕین و فڕێم دانە بەر سەگ و پشیلان)).

بۆ ئێواریێ کابرا لەگەڵ ژنەکەی قسەی کرد و ئەنجام بڕیاریان دا، شەو سندر لە هەیوانێ بخەوێنن و شەو لە سەربانەوە باگوردانی بەسەردا بەر بدەنەوە بۆ ئەوەی بمرێ و لە دەستی بحەسێنەوە. ئەگەر نا لەوە زیاتر هیچ چارەیان نییە.

سندر لە پەنا دەرگاوە گوێی لە قسەیان بوو. کە شەو داهات سندر بە خانمی گوت: ((خانم، ئەوە یەك ساڵە من لای ئێوە ئیش دەکەم، یەك جار لەم هەیوانە نەنووستووم. ڕێم بدەن ئەمشەو لە هەیوان بنووم و تێر سەیری ئەستێران بکەم)).

ئاغا و ژنەکەی بە پستە پست بە یەکتریان گوت: ((بێ شك هەجەلی هاتووە)).

جێیان بۆ لەبەر مانگە شەو ڕاخست و خۆیان چوونە سەربان و گوێیان قولاغ کرد، داخۆ سندر کەی خەوی لێ دەکەوێ.

سندر یەکسەر هەستا چووە ناو ژووری میوانان و هەرچی ئاوێنە و مۆمدان و فەخفووری و قاپی زل و پەرداخ و ئامانی بە نرخ هەیە، لە کەرەستەی سفرەوە تا کەرەستەی سەر تەقچکە، هەمووی هێنا و خستییە ناو جێ‌ی خۆی و لێفی بەسەردا هەڵکێشان و تێلایەکی بە دەستەوە گرت و چوو لە کوژیەك وەستا و دەستی بە پرخ و هوڕ کرد.

ئاغا و ئاغا ژن وایان زانی سندر خەوی لێ کەوتووە، بە نقەنق باگوردانیان بڵند کردو لەو بەرزاییەوە بەسەر نوێنی سندردا بەریان دایەوە. دەنگی شکان و وورد و خاش بوونی کەرەستەی چینی و شووشەوات بەرز بووەوە. لە هەمان کاتدا سندر لە گۆشەی هەیوانێوە دەست بە تێلا هەڵمەتی بۆ پێخەفەکە برد و وەرگەڕایێ چی بە ساغی مابوو ئەویشی وورد و خاش کرد و بەدەم شکاندنی شتەکانەوە هاواری دەکرد:

هەرچی نەشکاوە با من بیشکێنم

هەرچی نەشکاوە با من بیشکێنم

بۆ سبەینێ، سندر هاتە لای ئاغا و گوتی: (باشە، ئاغا تۆ بە من ڕازی؟)

Scanned with CamScanner

ئاغا لە ڕکان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: ((نە بەخوا، خوا لێت ڕازی نەبێ! خۆ تۆ منت نەهێشت)).

سندر گوتی: ((کەواتە ڕاکشێ بۆ ئەوەی یەك زوێڵە چەرم لە پشتت بکەمەوە، چونکە وا مەرجمان بەستبوو)).

ئاغا لەسەر ڕوو درێژ بوو، سندر یەك زوێڵە چەرمی چاکی لە پشتی کردەوە.

ئینجا ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت.

بەم جۆرە تۆڵەی مندری کردەوە.

هەقایەتخوان: سوغرا خانم خەیات (ئەختەر تەبار)، ٧٨ساڵ

کرماشان

Scanned with CamScanner

# ٢٩- پوورەی مل درێژ

هەبوو نەبوو، بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو، کابرایەك هەبوو، ژنێکی شێتی هەبوو. ڕۆژێ ژنەکە بە مێردی گوت: ((پیاویژگە، بڕۆ هەندێ لۆکە بکڕە بێنە بیڕێسم و بیکەمە داوو جووتە کلاشێکی باشت بۆ بچنم)).

کابرا گوتی: ((توخوا وازم لێ بێنە، حەوسەلەی شتی وام نییە)). بەڵام ژنەکە وازی نەهێنا. هەموو ڕۆژێ ملی مێردی دەگرت((یاللا لۆکە بکڕە)). هەر دەیگوت: ((لۆکە بکڕە بۆ ئەوەی بیبەم بۆت بڕێسم و بیکەمە کلاش)).

مێردەکەی ناچار ڕازی بوو. چوو چارەکێك لۆکەی کڕی و هێنای. ژنە لۆکەکەی لە کوژییەکی ماڵێ دانا. ئەمڕۆ زووری گەسك دا هەندێ لۆکە بە دەم گەسکەوە ڕۆیشت. سبەی گەسکی دا هەندێکی تر ڕۆیشت. دووسبەی گەسکی دا...

بەم جۆرە ڕۆیشت تا شەوێك مێردە گوتی: ((ئەگەر سبەی کلاشەکەم تەواو نەبێ، لە ماڵەوە دەرت دەکەم)).

ژنەکە گوتی: (زۆر باشە. تا سبەیش مۆڵەتم بدە!)

کە سبەینە داهات، ژنە هەستا چارۆگەی لەبەر کرد و چارشێوی لە خۆیدا و ئەو لۆکەی مابوو لە کیسەیەکی کرد و ڕووی کردە دەشت و چۆڵەوانی. گەیشتە لای گۆماوێکی پڕ بۆق.

ژنەکە گوتی: (هۆ پوورە بۆق...)

بۆق گوتی: قڕڕڕ...

ژنە گوتی: (ئەم لۆکەیەم هێناوە بۆم بڕێسی.)

بۆق گوتی: قڕڕڕ...

Scanned with CamScanner

ژنە گوتی: ((دە ها بگرە!)).

لۆکەکەی فڕێ دایە ناو گۆمە ئاوەکە. لۆکە تەڕبوو و نقووم بوو و ژنەکە گەڕایەوە ماڵێ.

شەو، مێردی هاتەوە گوتی: ((باشە، حورمێ چت لە لۆکەکە کرد؟ بە ڕستنت دا؟)).

ژنەکە گوتی: ((ئا. گوتیان دووسبەی وەرە بیبەوە. لۆکەکەم بە کرێ دایە کرێکارێك بۆ ڕستن)).

مێردەکە گوتی: ((باشە، تا دوو سبەی ڕادەوەستم)).

دوو سبەی ژنەکە چارۆگەی کردە بەرو چارشێوی لە خۆی داو چووە تاقیبی پوورە بۆق و هەر چەندە سەیری ناو گۆماوەکەی کرد هیچ لۆکەی نەدی.

ژنەکە گوتی: ((پوورە بۆق... !)).

بۆق گوتی: قڕڕڕ...

ژنە گوتی: ((ئەوە لۆکەکەیان لێ دزیوی؟)).

بۆق گوتی: قڕڕڕ......

ژنە گوتی: ((وەی ماڵی باوانت بڕمێ. ئێستا خاکی کوێ بە سەری خۆم بکەم؟ شەو چ جوابی مێردەکەم بدەمەوە؟)).

بۆق گوتی: قڕڕڕ...

ژنە گوتی: ((وەی سەگباب خێو. ئێستا هەر قیڕە قیڕم دەدەیتەوە! دی!)) بەردێکی هەڵگرتەوە بۆ ئەوەی بیهاوێتە بۆقەکە، بەڵام دیتی بەردەکە دەدرەوشێتەوە، یەك پارچە زێڕە.

ژنەکە گوتی: ((وی! لە باتی لۆکەکە ئەم بەردەی خەڕەکەکەتم دەدەیتێ؟ وەی شەرمەزار خۆم! قەیدی نییە. بزرت کرد ئەوە بزرت کرد، چ بکەم؟ ڕازیم. سندان لە لۆکەدا)).

ژنە پارچە زێڕەکەی بردەوە ماڵێ.

شەو کابرا هاتەوە گوتی: ((حورمێ، چت کرد؟ ئەدی کوا ڕیس؟)).

ژنەکە گوتی: ((بەخوا پوورە بۆقی بەدبەخت لۆکەکەی بزرکردبوو و لە باتی لۆکە بەردی خەڕەکی خۆی دامێ)).

کابرا گوتی: ((بێنە بزانم بەردی خەڕەکی چۆن چۆنییە؟)).

کابرا ئاقڵ بوو. کە چاوی بە زێڕەکە کەوت ناسی، زانی زێڕە. سەیری کرد، وەی بابە، یەك باتمان زێڕە!!

کابرا گوتی: ((حورمێ دوو سێ ڕۆژمان ماوە بۆ ڕەمەزان. دیارە خوا ڕزقی مانگی ڕەمەزانی بۆ ناردووین. با بچین بۆ ڕەمەزان هەڵی بگرین. کە کاتی خۆی هات دام و دەزگایەکت بۆ ڕۆ دەنێم، کارەکەرت بۆ ڕادەگرم، نۆکەرت بۆ دەگرم، چێشتکەرت بۆ دێنم)).

ژنە چوو زێڕەکەی برد لە ناو سندووقی دانا.

کە سبەینە داهات و مێردە چووە ئیش، ژنەکە زێڕەکەی هەڵگرت و لە بن چارشێوی خۆی ناو چوو لە کۆڵانێ دانیشت.

هەر پیاوێکی بەوێدا تێدەپەری، ژنە لێی دەپرسی: ((ئەرێ مامە، توخودا ناوت چییە؟)).

یەکێ گوتی ناوم تەقی یەو یەکێ گوتی ناوم نەقی‌یە. یەکێ گوتی ناوم هەیاسەو یەکێ گوتی ناوم حوسێنە.

تا گێزەر فرۆشێك بەوێدا هات. ژنە لێی پرسی: ((مامە، توخودا ناوت چییە؟)).

کابرا گوتی: ((باجی، ناوی منت بۆ چییە؟ من گێزەر فرۆشێکی بەدبەختم. چ ئیشت بە منە)).

ژنەکە کوتی: ((هەی بەدبەخت! ناوی خۆتم پێ بڵێ بۆ ئەوەی شتێك هەیە بتدەمێ)).

کابرا گوتی: ((بە خوا ناوم ڕەمەزانە)).

ژنەکە گوتی: ((دەباشە، کەواتە وەرە ئەم شتەت بدەمێ، بۆ تۆمان هەڵگرتبوو کە هەر کاتێ هاتی بتدەینێ)).

کابرا کە چاوی بەیەك باتمان زێڕ کەوت، سەبەتە گێزەری داناو دوو پێی هەبوو، دووی تریشی قەرز کردو بە - (یاعەلی مەدەد) دەرپەڕی و بۆی دەرچوو.

ژنە سەبەتە گێزەرەکەی هێنایە سەر لێوی حەوزو جوان جوان شوشتی و دەرگای حەوشەی پێوەدا. ئەندێ گێزەری لە ناو حەوشە، لە پشت دەرگا داناو حەوت هەشت دانەیشی لە مۆبەق پەرت کردو چەند دانەیەکی لە چواردەوری حەوشە بلاوکردەوەو بە گێزەرەکانی گوت: ((بەه بەه! ئاوڕشاندن و گەسکدانێکی چەند چاك دەکەن! ئێوە خەریکی ئیشی خۆتان بن تا مێردەکەم دێتەوە، دەبێ هەموو شت حازروئامادە بێ؛ بۆ ئەوەی ببینێ ئێوەی کارەکەرو نۆکەر و چێشتکەر ئیشێکی چەند چاکتان کردووە)).

ئینجا ڕووی کردە ئەوانەی پشت دەرگای حەوشە وگوتی: ((کە ئاغا هاتەوە ئێوە دەرگای لێ بکەنەوە)). بە گێزەرە پەرت و بلاوەکانی ناو مۆبەقی گوت: ((ئێوەش پلاوێکی چەورو خۆش لێ بنێن بۆ ئەوەی کە ئاغا هاتەوە، فراوینی خۆی بخوا. من وا دەچم دەخەوم؛ ماندووم)).

ژنە چووە ژووری سەرەوە، جێی ڕاست و پڕخ و هۆڕ خەوێکی قووڵی لێ کەوت.

ئێوارێ کە مێردی هاتەوە هەر لە دەرگای داو لە دەرگای دا، کەس وەڵامی نەدایەوە. ناچار چوو پەیژەیەکی لە ماڵە دراوسێکەیان وەگیر خست و بە دیواری هەڵپەساردو بەسەر دیواری دا خۆی هەڵدایە ناو حەوشەی خۆیان. دیتی حەوشە پڕ گێزەرە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ((وەی سەگباب، هەر چییەکی بووبێ سەری هاوڕێکەی خواردووە)).

چووە سەرەوە بەلەقان لە دەرگای دا. دەرگای شکاندو لێفی هەڵدایەوەو گوتی: ((حورمێ، ئەوە چ خەوێکە لێت کەوتووە؟ بەخەبەر نایەی؟ هەستە بزانم ئەوە چییە بە حەوشەت وەرکردووە؟))

ژنە گوتی: ((ئەمانە هەموو کارەکەرو نۆکەرن ڕەمەزان بۆی هێنایین لە باتی ئەی بەردەی بۆت دانابوو. چما دەرگایان لێ نەکردییەوە؟ وەی تەمبەڵینە!! فەرمانم پێدابوون: لە مۆبەق پلاو لێ بنێن، لە حەوشە ئاوڕشێنی و ماڵین بکەن..ئەدی

چییان کردووە؟)).

کابرا چوو دارێکی هێناو کەوتە ویزەی ژنەکە: لێدەو بکوتە! تا شل و شەکەت بوو ژنەی دارکاری کرد، ئینجا لەماڵەوە وەدەری ناو دەرگای لە ڕوو خشت کلیل دا. ژنە بە لۆرە لۆر هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە کاولگەیەك. کاولگەکە پڕی شڕو شالات و زبڵ و زاڵ بوو. لایەکی سێبەرو لایەکی هەتاو بوو.

ژنەکە چوو لەبەر سێبەرەکە دانیشت. نەختێ گریاو پاشان فرمێسکی چاوی بە لچکی چارشێوی سڕییەوەو تەماشای چیاو چۆڵی کرد. لەناکاو سەگێك هاتە ناو کاولگەکە. ژنە کە چاوی پێکەوت گوتی: ((پوورە کووچکووچۆ! ڕۆژباش. وەی لە خۆم شەرمەزاریێ! ئاخر ئەوە بۆچ ئەو زەحمەتەت کێشاوە. هاتووی چ بکەی؟ پیاوەکە بە قەستی مردن لێی داوم. تازە نایەمەوە ئەو ماڵە)).

سەگەکە ئێسکێکی لەناو شڕو شیتاڵەکە دۆزییەوەو خواردی و ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشت.

دوای سەعاتێك پشیلەیەك هات. ژنە هەر کەچاوی پێکەوت گوتی: ((پوورە پش پشۆ! وەی لە خۆم شەرمەزاریێ! ئەتو بزانە ئەو کابرایە چ زەحمەتێك دەداتە بەر خەڵك !! سوێندم بە گیانی تۆ، سوێندم بەو کلکە درێژەی تۆ، جارێکی تر پێ نانێمە ئەو ماڵە. ئەوەندەی لێداوم هەموو ئێسکم دەزریکێنێ. سەری شکاندووم. چ مایە پێم نەکا. نە . تازە من نایەمەوە)).

پشیلە مشکێکی تۆپیوی دۆزییەوەو بە دەمیەوە گرت و بردی. دوای سەعاتێك مریشکێك هاتە ناو کاولگەکە. ژنە کە چاوی بە مریشکەکە کەوت، گوتی: ((وەی پوورە قدقدۆ، بەگیانی تۆ نایەمەوە! بەلاش خۆت ماندوو مەکە. زۆری لێداوم. هەموو لەشی شین و مۆر هەڵگەڕاندووم. نایەم و نایەم! تۆ بەلاش خۆت توشی ئەم ئەزیەتە کردووە)).

مریشك پڕپۆڵەیەکی کردو چەند دەنووکێکی لە خۆڵ و دانەوێلە داو ڕۆیشت.

پاش ماوەیەك وشترێکی پاشا بە یەك بار گەواهیراتەوە لە کاروانی وشتران دابڕاو لای دا ئەو کاولگەیە. کە وشترەکە گەیشتە ناو کاولگەکە، ژنە گوتی: ((ئەی پوورەی مل

درێژ، وەی لە خۆم شەرمەزاری! لە خۆم ڕوو ڕەشی! چ لەو ملە درێژەت بکەم؟ پوورە کووچکووچۆ هات نەچوومەوە، پوورە پش پشۆ هات نەچوومەوە، پوورە قدقدۆ هات نەچوومەوە، بەڵام بۆ خاتری ئەم ملە درێژەی تۆ لەگەڵ تۆ دێمەوە. تۆ بەخۆت و بەو بارە سەنگینەوە زۆرت زەحمەت کێشاوە، بۆیە نابێ دەست بە ڕووتەوە بنێم. دانیشە تا ماندووت بحەسێتەوە)) وشترەکە ئەژنۆی گیاندە عەرز و یخ بوو. ماوەیەکی پێ چوو، ژنەکە گوتی: ((هەستە بڕۆین، ئەوە ماندوت حەسایەوە)).

جلەوی وشترەکەی گرت و بەرەو ماڵەوە ڕایکێشا.

کابرا لە ڕکان ئەو ڕۆژە نەچووبوە دوکان. دەستەو ئەژنۆ لە ماڵەوە دانیشتبوو. لە پڕ گوێی لێ بوو دەنگی زرنگە زرنگ لە پشت دەرگای حەوشە هات. لە دەرگا درا. کابرا چووە پشت دەرگا و گوتی: ((کێیە؟)) ژنەکە گوتی: ((بکەوە! زەحمەت دەداتە بەر خەڵك و ئێستاش دەڵێ کێیە!)).

کابرا، کە گوێی لە دەنگی ژنەکە بوو، گوتی: ((ئەوە دیسان هاتیتەوە، هەی واو وا لێ کراو!)).

ژنە بە وشترەکەی گوت: ((ها، دیتت؟ گوتم نایەمەوە!!!)).

دووبارە گوتی: ((تۆ ئەم بێچارەیەت بەم بارە سەنگینەوە تووشی ئەم زەحمەتە کردووە، ئێستاش دەرگا ناکەیتەوە! تۆ سەیرکە بە بارێك گەواهیرات و کەلەشێری سەربارەوە چەند ماندووە؟ لانی کەم دەرگا بکەوە بۆ ئەوەی نەختێ بحەسێتەوە)).

کابرا چووە سەربان و سەیری کرد، دیتی وشتری پاشایە بەم هەموو سامانەوە هاتووە.دەرحاڵ هاتە خوارەوەو دەرگای کردەوەو گوتی: ((حورمێ، غەلەتم کرد. بەخێر هاتیتەوە! بەخێر بێیتەوە سەرچاوان. حورمێ، تۆ ماندووی بڕۆ ژووری سەرەوە بۆ خۆت بخەوە)).

کابرا وشترەکەی بردە ژێر زەمین و سەری بڕی و بارە گەواهیراتەکەی لەبن زەوی شاردەوەو هەندێ کفتەی لە نەرمکی ڕانی وشترەکە دروست کردو ئینجا شۆربایەکیشی لێنا. بە ڕێکەوت پاشای ئەو وڵاتە چاوێکی کوێر بوو.

کابرا، دوای ئەوەی شوونی وشترەکەی تەواو بزرکرد، چووە لای ژنەکەو

گوتی: ((حورمیّ، نەتزانیوە ئەمشەو چ دەقەومیّ؟)) ژنە لە ژێر لێفەوە گوتی: ((وەی لە خۆم بابان وێرانیّ! چ دەقەومیّ؟)).

کابرا گوتی: ((ئەمشەو کفتە لە ئا سمان دەباریّ و شۆربا بە سولاوکەدا دێتە خواریّ و قەل چاوی پاشا دەردێنیّ. وا چاکە تۆ بۆ خۆت سەرت ببەیتە ژێر لێفە نەوەکو قەلەکە تاقیبی تۆش بکا)).

ژنە لێفی ڕاکێشایە سەر خۆی و لە ترسان نووست.

کابرا کفتەو شۆربای لێنا. چووە سەربان. چەند کفتەیەکی هاویشتە ناو حەوشە و قاپە شۆربایەکی ڕژاندە ناو سولاوکە بۆ ئەوەی ژنە گوێی لە دەنگی بیّ. ئینجا یەك کفتەو یەك قاپە شۆربای بۆ ژنەکە برد بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ببینیّو بیخوا تا باوەڕ بکا.

شەو ڕابردو بەیان ئەنگوت.

کابرا چووە لای ژنەکەی و گوتی: ((حورمیّ، هەستە! ئا سمان سامالە و مەترسیمان لەسەر نەماوە. منیش دەبیّ بچمە دوکان)).

کابرا چووە دوکانی خۆی. ژنە هەموو ماڵەوە گەڕا، نە شوونی وشتر دیاربوو، نەبارە گەواهیرات. هەستا چوو لە کۆڵانیّ دانیشت.

وشترەوانان وشترەکانی پاشایان ژمارد دیتیان یەکێکی کەمە. زەمانی خۆی لە باتی بڵندگۆ جاڕچی هەبوو. جاڕچی پاشا هاتە کۆڵان و جاڕی دا: ((جاڕ جاڕی پاشایە. هەر کەسێکی وشترێکی دیوە بە بارێك گەواهیرات و کەڵەشێرێکی زێڕی سەربار، بیهێنێتەوە دەربار. هەر کەسیّ وشترەکەی لابیّ و نەیهێنێتەوە، پاشان لێی بگیریّ، پاشا ئاجەڕاتی دەبڕێنێتەوەو لەسەر کڵاوەی فەرەنگییەوە فڕیّی دەداتە خوارەوەو خاك و خۆڵی لە توورەگە دەکا)).

دوو سیّ نەفەریش لە دوای جاڕچی دەهاتن بۆ ئەوەی ماڵەکان بپشکنن. ژنە لەبەر دەرگا دانیشتبوو بانگی جاڕچی کرد: ((هۆ وەرنە ئێرە، وەرنە ئێرە! وشترەکەتان لای مێردی منە. ڕەنگی قاودیی نییە؟)).

هاریکەرانی جاڕچی گوتیان: ((با)).

ژنەکە گوتی: ((بارەکەی فلانە شت نییە؟)).

گوتیان: ((با. فلانە شتە. باشە ئێستا کوا مێردەکەت؟)).

ژنە گوتی: ((چۆتە دوکان و ئێستا دێتەوە)).

کابرا لەو ساتەدا دیاربوو لە دوور دەهاتەوە. کە جارچی و گزیرەکانی لەبەر دەرگا دی نزیك کەوتەوەو گوتی: ((ئەوە چییە؟ بۆچی لێرە کۆبوونەتەوە؟)).

هاریکەرانی جارچی گوتیان: ((زاتت کردووە وشتری پاشات بردووەو قسەش دەکەی. ئەم ژنەی تۆ دەڵێ تۆ وشترەکەت بردووە)).

کابرا گوتی: ((من، من غەلەتی وام کردووە؟ من بابایەکی پینەدۆزم. لە سبەینێوە تا ئێستا خەریکی کاروکاسبی خۆم بووم، وا هاتوومەتەوە پاروە نانێك بخۆم و بگەڕێمەوە سەر ئیشی خۆم. ئێستاش هەرچی دەفەرموون من ئامادەم جیٚ بە جێی بکەم)).

گزیرەکان گوتیان: ((یاللا پێش کەوە!)).

کابرا گەڕایەوە لای ژنەکەی و گوتی: ((حورمیٚ، تۆ کە سەری منت بە فەتارەت دا. هەر نەبیٚ ئاگات لە مریشك و جووجەڵەکان و لە دەرگای حەوشە بیٚ. من وا ڕۆیشتم. ئاخری بە فەتارەتت دام! وا دەمبەن!)).

ژنەکە گوتی: ((باشە، تۆ بڕۆ!)).

گزیرەکان کابرایان دایە پێش خۆیان و بردیان، فڕێیان دایە ناو زیندان. ژنە شەو نووست و بۆ سبەینیٚ چوو دارتاشی هێناو بە هاوکاری دارتاشەکە دەرگای حەوشەی لە ڕێسمە برد. پێی مریشك و جووجەڵەکانی بەست و لەسەر دەرگا دایان. هەندیٚ نانی لە ئاو کردو لە پێش مریشکەکانی داناو جامە ئاوێکیشی لە تەك دانان. ئینجا دووگردی نوێژی خۆی لوول داو لەسەری دانا. دوو سیٚ کەسی بانگ کردو گوتی: ((گەلۆ، یاریم بکەن ئەم دەرگایەم لەسەر سەری دابنێن بچم بزانم مێردەکەم چی بەسەر هاتووە. چونکە پێی گوتم ئاگام لە مریشك و جووجەڵەکان و دەرگای حەوشە بیٚ)).

خەڵکەکە بە (یا عەلی) دەرگایان لەسەر سەری ژنەکە داناو ژنە بەرەو کۆشك و دیوانی پاشا کەوتە ڕیٚ.

بە ڕێکەوت لەو کاتەدا کە ژنەکە هات، پاشا خەریکی پرس و لێکۆڵینەوە بوو لەگەڵ مێردی ژ... خەریکی تاقیق کردن بوو. کابرا کە چاوی بە ژنەکەی کەوت دەرگای لەسەر سەری داناوە و مریشك و جووجەڵەکانی لەگەڵ خۆی هێناوە، ڕووی کردە پاشاو گوتی: ((قوربان، سەیرکە ئەمە ژنە شێتەکەی منە هات. من پێم گوتبوو چاوی لە دەرگابێ و ئاگای لە مریشك و جووجەڵەکان بێ، کەچی ئەوە چووە دەرگای حەوشەی لێ کردۆتەوەو مریشك و جووجەڵەکانیشی لەگەڵ خۆی هێناوەو کەل و پەل و کەرەستەکانی تری ماڵەوەی بە جێ هێشتووەو هاتووە)).

پاشا گوتی: ((ئەیٚ زەعیفە!)).

ژنە گوتی: ((بەڵێ، قوربان)).

پاشا گوتی: ((کەی ئەم مێردەی تۆ وشترەکەی دزی؟)).

ژنەکە، کە چاوە کوێرەکەی پاشای بینی، گوتی: ((قوربان، ئەو شەوەی کفتە لە ئاسمان باری و شۆربا بە سوولاوکەدا هاتە خوارێ و قەل چاوێکی تۆی دەرهێنا)).

پاشا زۆر سەخڵەت و نارەحەت بوو. گوتی: ((بیگرن، بیگرن ئەم دەویت باوکە ببەن لەسەر کلاوەی فەرەنگی فڕێی دەنە خوارەوە)).

ژنەیان بە ڕاکێش ڕاکێش بردو لەسەر کلاوەی فەرەنگی فڕێیان دایە خوارەوەو هەپروون بە هەپروون بوو.

بەفەرمانی پاشا سەد درهەمیان دایە کابرا بۆ ئەوەی ژنێکی تەڕو تازە بۆ خۆی بێنێ.

کابرا چوو ژنێکی هێناو لە دەست ژنی پێشووی حەسایەوەو بە بارە گەواهیراتەکە ژیانێکی خۆشی بردە سەر.

ئێوەش هەر خۆش بن.

هەقایەتخوان: سوغرا خانم خەیات (نەختەر تەبار)، ٧٨ ساڵە کرماشان

Scanned with CamScanner

# ٣٠- چۆلەکە

هەبوو نەبوو، چۆلەکەیەك هەبوو. چوو خۆڵە پەتانێ بکا. چقڵێکی لە پێ چەقی. هەر چەندە هەوڵی دا چقڵەکە لە پێی دەربێنێ پێی دەرنەهات. چووە لای داپیرەو گوتی: ((داپیرە، ئەم چقڵە لە پێ دەربێنە)).

داپیرە چقڵەکەی لە پێ دەرهێنا. دوای چەند ڕۆژێك چۆلەکە کە هاتەوەو گوتی: ((داپیرە، چقڵەکەم بدەوە)).

داپیرە گوتی: ((چۆلەکە گیان، ڕۆژێ تەندوور دووکەڵی کردو خەریك بوو بکوژێتەوە. چقڵەکەم خستە ناو تەندوور بۆ ئەوەی ئاگرەکە دابگیرسێتەوە)).

چۆلەکە پەست بوو، گوتی: ((لەباتی چقڵەکە نانێك دەبەم)).

داپیرە گوتی: ((بەم کۆڵەوژە لێت دەدەم و باڵت دەشکێنم)).

چۆلەکە بەرز بووەوەو لەم لای نان جیکاندی، لەو لای نان جیکاندی و نانێکی هەڵگرت و جیکاندی و ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت. لە دوورەوە شوانێکی دی نانی نەبوو بیخوا، دەیویست شیرو قشپڵ بخوا. چۆلەکە هاواری کرد: ((هۆ شوان، هۆ!!قشپڵ مەخۆ، نانم هێناوە)).

شوانەکە کەیفخۆش بوو. نانەکەی لەشیر کوشیو بە چۆلەکەکەی گوت: ((تۆ بڕۆ مەڕەکان بگێڕەوە سەریەك و وەرەوە)).

تا چۆلەکە چوو و هاتەوە، شوان هەموو نان و شیرەکەی خوارد و هەندێ شیرو قشپڵی بۆ چۆلەکە دانا. چۆلەکە پەست بوو، گوتی: ((ئەدی کوا بەشی من؟))

شوانەکە گوتی: ((برسی بووم و هەمووم خوارد)).

چۆلەکە تووڕەبوو، گوتی: ((لەباتی نانەکە، شەکێك دەبەم)).

شوانەکە گوتی: ((بەم گۆپالە لێت دەدەم و باڵت دەشکێنم)).

چۆلەکە چوو لەم لای شەکەکە جیکاندی و، لەو لای شەکەکە جیکاندی،

شەکەکەی هەڵگرت و جیکاندی و فڕی ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە جێگایەك زەماوەند بوو. دیتی وا لەباتی مەڕ سەگ و پشیلە سەر دەبڕن. هاواری کرد: ((هۆ خاوەن زەماوەند، هۆ! سەگ سەرمەبڕە، من شەکم هێناوە)).

شەکەکەی دانێ بۆ ئەوەی سەری ببڕن و گوتی: ((دڵ و جگەرەکەی بۆ من هەڵگرن)). خۆی چووە یاری. کە گەڕایەوە دڵ و جگەریشیان خواردبوو. پەست و تووڕە بوو. لەم لای بووك جیکاندی ولەولای بووك جیکاندی، بووکی هەڵگرت و ڕۆیشت. ڕۆیشت تا گەیشتە سازندەیەك بە تەمبوورونەی سازی لێ دەدا. چۆڵەکە بە کابرای گوت: ((هۆ سازندە، سازندە. سازەکەت بە بووکی من دەدەی؟))

کابرا ڕازی بوو. چۆڵەکە بووکەکەی دایەو تەمبوورەکەی وەرگرت و چوو لەسەر چیایەك دەستی بە سازو ئاواز کرد:

دڕکم دا نانم وەرگرت
تەمبوورەم دنگ دنگ
تەمبوورەم دنگ دنگ

* * *

نانم دا شەکم وەرگرت
تەمبوورەم دنگ دنگ
تەمبوورەم دنگ دنگ

* * *

شەکم دا بووکم وەرگرت
تەمبوورەم دنگ دنگ
تەمبوورەم دنگ دنگ

* * *

بووکم دا سازم وەرگرت
تەمبوورەم دنگ دنگ
تەمبوورەم دنگ دنگ

لەو کاتەدا بایەکی توند هەڵی کردو تەمبوورەی چۆڵەکەی شکاندو چۆڵەکە ئەوەندە گریا تا لە داخان دیقی کردو مرد.

گێڕانەوەی: حەمید ڕەزا باقری، ١٥ ساڵە
گوندی: قش کنگاود

Scanned with CamScanner

# ٣١- پیرەمێردی دارکەر

هەبوو نەبوو، پیرەمێردێك هەبوو. بە ڕۆژ دەچووە ئاقارو داری دەکرد. زۆری زەحمەت پێوە دەکێشا تا دارەکانی لە جێگایەك کۆ دەکردەوە. با دەهات لێی دەداو هەمووی پەرت و بلاوەکردەوە. دووبارە کۆی دەکردنەوە سەریەك و بە کۆڵی دا دەداو دەیبردە شارو دەیفرۆشت و پارەکەی بە خواردن دەدا. چەند ساڵ ئەمە ئیش و کاری بوو. تا ڕۆژێکیان کاتێ کە ئێوارە پیرەمێرد بە زەحمەت و مشەقەت کۆڵە داری دەبردە بازاڕ، لە ناو بازاڕ کابرایەکی لێ ڕاست هات. کابرا گوتی: ((مامەی دارکەر، ماندوو نەبی! دارەکانت دەفرۆشی؟))

پیرەمێرد گوتی: ((بەڵێ)).

کابرا گوتی: ((دارەکانم بدێ ئەم دیزەیەت دەدەمێ. هەر کاتێ حەزت لە خواردن بوو، پێی بڵێ: دیزە بجۆش، پڕ ئاش و گۆشت. چەند جۆرە خواردنێکت بۆ پەیدا دەبێ)).

مامەی دارکەر دیزەکەی وەرگرت و دارەکانی دایە کابراو گەڕایەوە ماڵێ. شەو بوو، مامەی دارکەر شەکەت و ماندوو بوو. دیزەکەی هێناو گوتی: ((دیزە بجۆش، پڕ ئاش و گۆشت)). بینی چەند جۆرە خواردنێکی لەبەردەم پەیدابوو. تێری خواردو سفرەکەی پێچایەوەو خستییە لاوە. چەند ڕۆژێکی پێ چوو. میوانێکیان هات. کاتی شێو بوو. پیرەمێردی ساویلکە دیزەکەی هێناو گوتی: ((دیزە بجۆش پڕئاش و گوشت)). کابرای میوان لە خەسیەتی دیزەکە گەیشت و بە دزی دیزەی مامەی دارکەری لەگەڵ دیزەیەکی تر گۆڕی.

ڕۆژی پاشی کە پیرەمێرد بە دیزەی گوت: ((دیزە بجۆش پڕ ئاش و گۆشت)) دیتی نەخێر! ئەمە دیزەی خۆی نییەو خواردنی بۆ ناهێنێ. ناچاربوو دووبارە

بچێتەوە ئاقارو دار ببڕێو بیفرۆشێ.

چەند ڕۆژێکی پێ چوو، دووبارە لە نزیك شار کابرای جاری یەکەم لەبەردەمی قیت بووەوە وگوتی: ((مامەی دارکەر، چت لە دیزەکەکرد)).

- ((کابرایەك هاتە ماڵمان، دیزەکەی لێ گۆڕیم وبردی)).

ئەم جارە کابرا کەرێکی دایەو گوتی: ((مامەی پیرە، هەر کاتێ پارەت ویست بەکەرەکە بڵێ: کەرە ۆۆش! کەرەکە کە لەباتی قەرسەقول چەند درهەمێکت بۆ دەکا، بەڵام کەرەکە نەبەیتە هیچ جێیەکی وا کەس پێی بڵێ:ۆۆش!))

ماوەیەك بەسەرداچوو. پیرەمێرد وەزعی باش بوو. ڕۆژێ بەکەرەکەی چووە حەمام. کەرەکەی لە حەوشەی حەمام بەستەوەو بە خاوەن حەمامی گوت: ((کەرەکەی من وا لێرەیە، پێی نەڵێی: ۆۆش!))

پیرەمێرد چووە ناو حەمام. خاوەن حەمام سەری سوڕما: باشە ئەمە چ کەرێکە نابێ پێی بڵێی: ۆۆش.

حەمامچی چووە بەردەم کەرەکەو گوتی: ((کەرەکە ۆۆش!)).

سەیری کرد لە باتی قەرسەقول چەند درهەمێك لە پاشەڵی کەرەکە هاتە دەرەوە. حەمامچی هەر زوو کەرێکی تری هێناو لەگەڵ کەری پیرەمێرد گۆڕییەوە.

پیرەمێرد لە حەمام هاتە دەرێ. پارەی حەمامی داو بە کەرەکەی چووەوە ماڵێ، بەڵام کە بە کەرەکەی گوت: ((کەرەکە ۆۆش!)) کەرەکە هیچ درهەمی لێ نەهاتە دەرێ. ئیتر زانی کەرەکەیان گۆڕیوە.

ماوەیەك بەسەرداچوو. گوزەرانی زۆر خراپ بوو. دووبارە چووەوە داران. پاش چەند ڕۆژێ دیسان کابرای جاری یەکەم لەبەردەمی پەیدابوو. ئەم جارە دووتۆبزی دایەو گوتی: ((بڕۆ حەقی خۆت وەرگرەوە)).

پیرەمێرد تۆبزەکانی وەرگرت و چووە سۆراغی ئەو کابرایەی دیزەکەی بردبوو و داوای لێکرد دیزەکەی بداتەوە بەڵام کابرا هیچ گوێی پێ نەدا. پیرەمێرد بە تۆبزەکانی گوت: ((تۆبز ببەن، تۆبز ببەن)).

تۆبزەکان بڵندو نەوی بوون و ئەوەندەیان بە کابرا دادا تا کابرا دەستی بە

پارە پاڕکرد و دیزەی پیرەمێردی دایەوە. مامەی دارکەر لەوێوە چووە حەمام و بە حەمامچی گوت: ((دەمەوێ خۆم بشۆم. ئەم تۆبزانە لێرە دادەنێم بەلاّم پێیان نەڵێی: تۆبز ببەن)).

پیرەمێرد چووە ناو حەمام. حەمامچی ئەم جارەش بیری کردەوە کە ئەمە شتێکی چاکەو بە تۆبزەکانی گوت: ((تۆبز ببەن)). تۆبزەکان بڵندو نەوی بوون و دارکارییەکی باشی حەمامچییان کرد. حەمامچی دەستی بەهات و هاوار کرد.

مامەی دارکەر هاتە دەرەوەو بە حەمامچی گوت: ((یان هەر ئێستا بڕۆ کەرەکەم بێنەوە، یان دەبێ هەر لە ژێر دارکاری دابی)).

حەمامچی گوتی: ((غەلەتێك بوو کردم)).

ئیدی چوو کەرەکەی مامەی دارکەری هێنایەوە. مامەی دارکەر سواری کەرەکەی خۆی بوو و چووەوە ماڵێ. ڕۆژ بە ڕۆژ گوزەرانی باشتر دەبوو.

گێڕانەوەی: موزەفەر عەباسی، ١٦ ساڵە
گوندی: شەهین ئاباد، کنگاور

# ٣٢- ئاسك

لەزەمانی کۆن،

ژن و مێردێك هەبوون.

حەفت کوڕیان هەبوو.

براکان بە ڕۆژ دەچوونە ئاقاری بۆ ڕاووشکارو ڕۆژئاوا دەگەڕانەوە ماڵێ. ڕۆژێ دایکیان خەریك بوو منداڵی ببێ. کوڕەکان حەزیان لێ بوو خوشکێکیان هەبێ بۆیە بە دایکیان گوت: ((ئەگەر کوڕت بوو تیروکەوانێك بە دیواری سەربان هەڵبواسە و ئەگەر کچیشت بوو کەرتە مەشکەیەك لەسەربان دانێ)).

دایکە سکەکەی داناو کچێکی بوو. کەرتە مەشکەیەکی بە دیوارەوە هەڵواسی. یەکێ لە دراوسێکان دوژمنداری لەگەڵ هەبوون. چوو کەرتە مەشکەکەی لێ کردەوەو تیروکەوانێکی لەسەربان دانا.

کوڕەکان لە ئاقاری هاتنەوە. لە دوورەوە تیروکەوانەکەیان لەسەربان بینی. وایان زانی دایکیان کوڕی بووە. هەر لەوێ بایانداوە، ڕوویان کردە چۆڵەوانی و ڕۆیشتن.

کچە وردە وردە گەورە بوو. گۆلکێکی ڕەشی هەبوو، پێیان دەگوت: ((گۆلە ڕەشە)). ڕۆژێکیان کاتێ کچەکە لەگەڵ دەستە خوشکەکانی خەریکی یاری بوو، بایەکی لێ بەربوو. منداڵەکان هەموو سوێندیان بە گیانی برایان خوارد کە ئەوان نەبوون، بەڵام کچەکە وای دەزانی هیچ برای نییە، بۆیە سوێندی بە گۆلە ڕەشە خواردو گوتی: ((گۆلە ڕەشەم بمرێ من نەبووم)). کە چووە ماڵێ دیتی گۆلە ڕەشە مردووە. زۆر گریا. گۆلە ڕەشەی بردە سەر کانی بیشوا. قەلێك لەسەر سەری پەیدابوو، دەستی بە قغەقغ کرد، بە کچەکەی گوت: ((مەگری، تۆ حەفت برات

هەنە. ئەگەر جەرگ و دڵی گۆڵە ڕەشەم بدەیتێ بۆ بێچووەکانم بیبەم دەتبەمە لای براکانت)). کچە ڕازی بوو و سواری خەپڵەیەن بوو و کەوتە شوێن قەلەکە. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە ناوەدانییەك. قەل بە کچەکەی گوت: ((ئێرە ماڵی براکانتە)).

کچە چووە ژوورەوە. ماڵی هەڵبژاردو ماشتی و وەختی هاتنەوەی براکانی، چوو خۆی لەناو کەندوو شاردەوە. براکان لە ڕاووشکار هاتنەوە. کە چاویان بە ماڵەوە کەوت سەریان سوڕما. کێ ماڵی خاوێن کردۆتەوە؟ بەڵام بیریان بۆ هیچ شتێك نەچوو. خوشکە چەند ڕۆژێك ئەم کارەی دووپات کردەوە. لە ئەنجامدا براکان بڕیاریان دا نەچنە ڕاوو خۆیان حەشاربدەن بزانن کێیە ئیشی ماڵەوە دەکا. خوشکە وای زانی براکانی چوونەتە ڕاو، لەناو کەندوو هاتەدەرەوەو چاوی بە براکانی کەوت. حاڵ و مەسەلەی خۆی بۆ براکانی گێڕایەوە. براکان زۆر کەیفخۆش بوون و چوونە دەرەوە.

ڕۆژێکیان کە کچەکە خەریکی گەسکدانی ماڵەوە بوو، دنکە کشمشێکی دۆزییەوەو خواردی. لەو حانەدا پشیلەیەك چاوی لێبوو، پرسی: ((ئەوە چ بوو خواردت؟))کچەکە گوتی: ((کشمیش بوو)). پشیلە گوتی: ((بیدە منیش ئەوەك شەو میز بە چراتدا دەکەم)).کچەکە گوتی: ((تازە خواردم. بڕۆ بۆ خۆت کشمیش لەناو کەندوو بێنە)). بەڵام پشیلە ڕازی نەبوو.

شەو کە کچەکە چرای پێکرد، پشیلە چوو میزی بەسەر چراکەدا کردو کوژاندییەوە. کچەکە چوو لە ماڵی دراوسێیان ئاگر بێنێ و چرا دابگیرسێنێ.

ئەو ماڵە سێ خوشکی تێدابوو. لەو خوشکانە دوویان زۆر ناجسن بوون، بەڵام کچی گچکە زۆر میهرەبان بوو، ئاگری دایە. دوو کچەکەی دی پێیان گوت: ((کۆشت گرەوە تا ئاردی جۆت بدەینێ)).

خوشکی گچکە پێی گوت وەرنەگری بەڵام ئەوان هەندێ ئاردیان هەر لە کۆشی کرد. کچەکە کۆشی کون بوو. ڕێ و ڕێ ئاردی لێ دەڕژا تا گەیشتەوە بەردەرگای ماڵێ. ئەو ئاردەی مابوو لەوێ ڕشتی وچووە ژوورەوە.

Scanned with CamScanner

ورچێك لەو نزیکانە هەبوو. کە بۆنی ئاردەکەی گەیشتە بەرکوونە لووت کەوتە دوای تاقیبی کچە تا گەیشتە بەردەرگایماڵیان. بانگی کچەکەی کردو گوتی:

((ئەنگوستت بێنە دەرەوە تا ئەنگوستیلەی تێ بکەم)).

کچە ئەنگوستی بردە دەرەوە. ورچ ئەوەندەی قەپ لە ئەنگوستی کچەکەدا تا کچەکە لەخۆچوو.

ڕۆژئاوا، کە براکان لە ڕاو هاتنەوە، ئەوەندەی لە دەرگایان دا کەس دەرگای نەکردەوە. پەشۆکان و بەسەر دیواردا بازیاندا حەوشە، دیتیان خوشکیان لە هۆش خۆی چووە. هێنایانەوە هۆش خۆی و بە مەسەلەکەیان زانی.

ڕۆژی پاشی قۆرتێکی گەورەیان لە پشت دەرگا لێداو چاوەڕێی ورچەکەیان کرد. بەرە بەری ڕۆژاوا سەروسەکوتی ورچ پەیدابوو. کە ویستی بێتە، ژوورەوە کەوتە ناو قۆرتەکەو براکان خۆڵی دەوروبەری قۆرتەکەیان بەسەر ورچەکەدا کرد. ورچ دەستی بە بۆرە بۆڕو هات و هاوار کرد، کە زانی هیچ چارەی نییە، بە کچەکەی گوت: ((هەرچی ئاو لە ماڵەوە هەیە بە سەرمن داکە. کچەکە کە قبووڵی کردو ئاوێکی زۆری بەسەر قۆرتەکەدا کرد)).

پاش ماوەیەك پیواز و سەوزەیەکی زۆر لەسەر قۆرتەکە شین بوو. خوشکە پیوازەکانی لێ کردەوەو پەرشگە[1]ی بۆ براکانی لێ نا. براکان هەر هێندە پەرشگەیان خوارد، یەکسەر بوونە ورچ و ڕوویان کردە چۆڵەوانی.

خوشکە زۆر گریا. ئاخری بە برای حەفتەمی گوت کە پەرشگەی نەخواردبوو:

((برام، وەرە ڕێگای چۆڵەوانی بگرینە بەرو بڕۆین)).

دەستی یەکتریان گرت و ڕوویان کردە چۆڵەوانی و ڕۆیشتن. لە ڕێگادا برا تینوو بوو. جێ پێی ورچ ئاوی تێدا کۆبووبۆوەوە، ویستی ئاوەکە بخواتەوە، بەڵام خوشکی گوتی: ((برام، بە قوربانت بم، ئەم ئاوە مەخۆوە. ئەوە هی ورچانە. ئەگەر بیخۆیتەوە دەبی بە ورچ)).

---

[1] جۆرە خواردنێکی فۆلکلۆرییە لە ئاردو سەوزە دروست دەکرێ.

Scanned with CamScanner

برا ڕازی بوو. ملی ڕێی خۆیان گرت و ڕۆیشتن. هەر ڕۆیشتن تا گەیشتنە قۆرتێك. جێ پێی گورگ بوو. برا ویستی ئاوی لێ بخواتەوە، بەلاّم خوشکی گوتی: ((برام، بە قوربانت بم، ئەم ئاوە ـی گورگانە. ئەگەر بیخۆیتەوە دەبی بە گورگ)). دیسان کەوتنەوە ڕێ و ڕۆیشتن تا گەیشتنە قۆرتێك. جێ پێی ئاسك بوو. ئاوی تێدا کۆبووبووەوە. برا زۆر تینوو بوو. چیدی خۆی پێ نەگیراو ئاوەکەی خواردەوە و بوو بە ئاسکێکی خشکۆك و بە دوای خوشکیدا کەوتە ڕێ. ڕۆیشتن تا گەیشتنەوە ماڵی خۆیان.

دایکیان لە داخی کچەکەی و کوڕەکانی وە زگی دابوو و مردبوو. باوکیان ژنێکی تری هێنابوو.

ژنەکە هەوەسی بە کچەکەو ئاسکەکە نە دەهات. ئازارو ئەزیەتی دەدان. ڕۆژێك بە بیانووی کول وقەسار کچەکەو ئاسکەکەی بردە دەرەوە. لە ڕێگادا کچەی هاویشتە ناو بیرێك و گەڕایەوە، بە مێردی گوت: ((کچەکەت هەلاّتووە)).

دوای چەند ڕۆژێکیش جەرنەگەی لە گۆشتی ئاسك داگرت و بە مێردی گوت: ((مەگێرانیم بە گۆشتی ئاسك کردووە. سەری ببڕە با بیخۆم. هەموو ڕۆژێ ئەم شیعرانەی دەخوێندەوە:

دردمە، دردانمە، گوشت ئاسگلە درمانمە
دردمە، دردانمە، گوشت ئاسگلە درمانمە

مێردی ڕازی نەبوو، بەلاّم ئاخیری هاتە ڕایی کە سەری ئاسکەکەی ببڕێ. کە ویستی سەری ئاسکەکەی ببڕێ، ئاسکەکە گوتی: ((ڕاوەستن بچم هەندێ ئاو بخۆمەوەو بێمەوە)). ئینجا چووە سەر بیرەکەو سێ جار گوتی: خوشکم، خوشکێ:

چقو، چقو، تیژکرانە سر ئاهو برانە
چقو، چقو، تیژکرانە سر ئاهو برانە

Scanned with CamScanner

چقو، چقو، تیژکرانە
سر ئاهو برانە

ئاسکەکە سێ جار چووە سەر بیرەکەو هاتەوە. جاری سێیەم باوکی بە دوایدا چوو بزانی چ دەکا. کە ئەم قسانەی بیست، چووەسەر بیرەکەو کچەکەی دەرهێنا. کچەکە هەموو بەسەرهاتی خۆی بۆ باوکی گێڕایەوە. بە سێ قۆڵی چوونەوە ماڵێ. دارو گزرەیەکی زۆریان کۆکردەوەو ئاگرێکی گەورەیان کردەوە. باوەژنیان فڕێ دایە ناو ئاگرەکەو باوەژن سووتا.

گێڕانەوەی: حەسەن ڕەزا عەسکەری، ١٥ ساڵە
گوندی: همیانك كنگاور

# ٣٣- کەیقوبادو بەحری

لە ڕۆژێ، لە ڕۆژگارێ، ژن و پیاوێك هەبوون یەك کوڕیان هەبوو، ناوی کەیقوباد بوو. لە بەدبەختی ڕۆژگار دایکی کەیقوباد مردو باوکی ژنێکی تری هێنا. باوەژن کەیفی بە کەیقوباد نەدەهات، دەیەویست بە هەر جۆرێ بێ لەناوی بەرێ. دۆستی هەرە نزیکی کەیقوباد ئەسپێك بوو بە ناوی بەحری، باوکی بۆی کڕی بوو.

کەیقوباد هەموو ڕۆژێ کە لە قوتابخانە دەهاتەوە بەحری ماچ دەکردو نوقل و نەباتی دەدایێ.

ڕۆژێ کە لە قوتابخانە هاتەوەو ویستی وەکو هەموو جارێ نوقل و نەبات بداتە بەحری، سەیری کرد بەحری هۆڕ هۆڕ دەگری. کەیقوباد لە بەحری پرسی: ((گیانەکەم، بەحری، ئەوە چ بووە؟))

بەحری گوتی: ((باوەژن ژەهری بۆ تۆ لە خواردن کردووە بۆ ئەوەی بتکوژێ)).

کەیقوباد چاوەکانی بەحری ماچ کردو چووەوە ماڵێ. کاتی فراوین کە باوەژن خواردنی بۆ هێنا، کەیقوباد خواردنەکەی نەخوارد.

ڕۆژی پاشی کە کەیقوباد چووە دیدەنی بەحری بۆ ئەوەی نوقل و نەباتی بداتێ، دیتی دیسان بەحری وا دەگری. پرسی: ((دیسان چ بووە؟))

بەحری بە دەم گریانەوە گوتی: ((ئەم جارە باوەژن قۆرتێکی لەسەر ڕێی تۆ لێداوە پڕ شمشێرو خەنجەری چقڵی کردووەو مافورێکی بەسەردا داوە. هەر پێ لەسەر مافوورەکەدا بنێی دەکەویە ناو قۆرتەکەو دەمری)).

کەیقوباد گوتی: خەمت نەبێ کە گەیشتمەوە ماڵێ بەسەر قۆرتەکەدا باز دەدەم. ئینجا نوقل و نەباتی دایە بەحری و چاوەکانی ماچ کردو ڕۆیشت. کە

گەیشتەوە بەردەرگای ماڵەوە بەسەر ئەو مافوورەدا بازیدا کە باوەژن بەسەر قۆرتەکەی دادابوو. باوەژن بەسەرسامییەوە گوتی: ((ئەوە بۆ وات کرد؟))
کەیقوباد وەڵامی دایەوە: ((ویستم بزانم داخۆ دەتوانم باز بدەم یان نا؟))
باوەژن تێگەیشت ئەم ئیشە لەبن سەری بەحری دایە. ڕۆژی پاشی باوەژن چووە لای دختۆر و هەندێ گەوهەری دایێ و پێی گوت: ئەگەر سبەی هاتیەلات بڵێ جۆرە دەردە دلێکت گرتووە دەرمانەکەی تەنیا گۆشتی بەحرییە.
لەولاوەش چووە لای مامۆستای کەیقوباد و گوتی: سبەی بە هیچ جۆرێ ئیجازە نەدەیتە کەیقوباد لە قوتابخانە دەربچێ. ئینجا چوو هەندێ زەعفەرانی لە ڕووی خۆی هەڵسوی و خۆی نەخۆش خست.
ڕۆژاوا کە کەیقوباد وەکو هەموو جارێ چووە دیدەنی بەحری. بەحری بەدەم گریانەوە بۆی باس کرد، چۆن باوەژن چۆتە لای دختۆرو خۆی نەخۆش خستووە وپێی گوت: سبەی سەری من دەبڕن. من سێ جار بە قایم دەحیلێنم. حیلەی یەکەم نیشانەی ئەوەیە پێیان کردوومەتەوە، حیلەی دووەم لە عەرزیان داوم، حیلەی سێیەم خەریکن سەرم دەبڕن. ئەگەر بە وەخت فریام کەوتی و ڕزگارت کردم باشە، ئەگەر فریاش نەکەوتی ئەوە زۆر ئاگات لە خۆت بێ چونکە بەبێ من ناژی.
کەیقوباد وەکو هەموو ڕۆژەکانی دی چووە قوتابخانە و چاوەڕێی حیلاندنی بەحری کرد. لەناکاو بەحری بۆ جاری یەکەم بە قایم حیلاندی، کەیقوباد داوای لە مامۆستا کرد ڕێی بدا بچێتە دەرەوە، بەڵام مامۆستا مۆڵەتی نەدا. لەو کاتەدا بەحری بۆ دووەم جار حیلاندی، بەڵام دیسان مامۆستا مۆڵەتی نەدا بڕوا. کە جاری سێیەم حیلەی بەحری هات ئیدی کەیقوباد خۆی پێنەگیراو لە پەنجەرەوە بازی دا دەرێ و بەهەلەداوان خۆی گەیاندەوە ماڵێ. لەو کاتەدا خەریك بوون سەری بەحری بڕن. کەیقوباد بە گریەو زاری داوای لە باوکی کرد ماوەی بدا بۆ دواجار سواری بەحری ببێ. باوکی یەکەم جار فەرمانی دا هەموو دەرگاکان دابخەن نەوەك بەحری هەڵبێ. ئینجا ماوەی کەیقوبادی دا بۆ ئەوەی بۆ دواجار

Scanned with CamScanner

سواری بەحری ببێ.

کەیقوباد سواری بەحری بوو. بەحری کەلە دەست مەرگ ڕەها بوو، خولێکی بە دەوری حەوشەدا خواردەوەو کردی بە تۆزو گەردێکی زۆر و بەسەر دیواردا بازی داو لەناو تۆزو غوباردا بزربوو.

بەحری دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆری بڕی ڕاوەستاو بە کەیقوبادی گوت: ((ئێمە دەبێ لێك جودا بینەوە)). ئینجا قامکە موویەکی خۆی دایە و گوتی: هەر کاتێ پێویستت بەمن بوو تاڵە موویەك بسووتێنە، من دەست بەجێ لەلات حازر دەبم. بەحری ئەمەی گوت و بزر بوو.

لەولاوەش کەیقوباد هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شوانێك. مەڕێکی لە شوانەکە کڕی و سەری بڕی و ئاگری کردەوەو هەندێ گۆشتی مەڕەکەی کردە کەباب و خواردی و پێستەکەی لەسەر سەری خۆی هەڵکێشاو لەبەر هەتاو ڕاوەستا تا وشك بووەوەو بوو بە کوڕەکەچەڵێکی تەواو. ئەوسا بە سواری ولاغێکی بێ خودان، کە لە پێیەکی دەلەنگی، ڕووی کردە، ئەو شارەی لەو نزیکانە بوو. لەبەر ئەوەی هیچ شارەزا نەبوو چووە بەردەرگای ماڵێك. لەدەرگای دا. پیرەژنێك دەرگای لێکردەوەو گوتی: ((گەنجۆ، چت دەوێ؟))

کەیقوباد گوتی: ((لەم شارە غەریبم، لە ئیشێك دەگەڕێم)).

پیرەژن زۆر دڵنەرم و میهرەبان بوو. کەیقوبادی بردە ژوورەوەو گوتی: ((کوڕم ئێمە قازەوانی ماڵی پاشاین. سبەی لەگەڵ خۆمانت دەبەین، بۆ ئەوەی تۆش لەگەڵ ئێمە ئیش بکەی)).

کوڕە کەچەڵ بە ڕۆژ قازی ماڵی پاشای لە باغی شاهانەدا دەلەوەڕاندو بەشەو لەگەڵ پیرەژن دەگەڕایەوە ماڵێ. ڕۆژێکیان دڵی زۆر تەنگ بوو: موویەکی بەحری هەڵکرووزاند، بەحری حازر بوو، پرسی: ((ها، کەیقوباد چت دەوێ؟))

کەیقوباد وەڵامی دایەوە: ((دڵم تەنگ ببوو، گوتم نەختێ بگەڕێم)). ئینجا پێستەکەی لەسەر سەری خۆی داگرتە خواریّو سواری بەحری بوو وچووە گەڕان. ئێواریّ گەڕایەوەو پێستەکەی لەسەر نایەوەو بەحری ماچ کردو گەڕایەوە ماڵێ.

بەحریش بزر بوو. کچە گچکەی پاشا لە پەنجەرەوە ئەم هەموو ڕووداوەی بە چاوی خۆی بینی.

چەند ماوەیەکی پێ چوو، ڕۆژێکیان پاشا لەسەر تەخت دانیشتبوو کچەکانی سێ کاڵەکیان بۆ نارد: کاڵەکێك زیاد گەیی بوو، لەحاڵی چورچ بووندا بوو، کاڵەکی دووەم تەواو پێگەیشتبوو، کاڵەکی سێیەمیش تازە پێڕادەگەیشت. ئەمە هی کچی گچکە بوو.

پاشا بیری کردەوە، درنگەی لەسەرییەوە هات. هیچی بۆ نەچووەوە سەریەك. مەسەلەی کاڵەکەکانی خستە بەردەم وەزیران. وەزیرەکان پێیان گوت: کاڵەکەکان نیشانەی ئەوەن کە کچەکانت کاتی مێردکردنیانە. ئەم کاڵەکە گەورەیە کە چورچ بووە هی کچی گەورەیە کە وەختی شووکردنی تێپەڕیوە. کاڵەکی دووەم کە تەواو پێگەیشتووە هی کچی ناوەنجییە و کاڵەکی سێیەم کە تازە پێڕادەگا هی کچی گچکەیە. پێشنیاز دەکەین کچەکان بە مێرد بدەیت و بە بازهەڵدان مێردیان بۆ دەست نیشان بکەی.

پاشا قبووڵی کرد. ڕۆژی پاشی هەموو خەڵکی شاری کۆکردەوەو بڕیاردرا باز لەسەر هەر کەسێ نیشت ببێ بە زاوای پاشا. کوڕە کەچەڵ و داپیرەش هاتبوون.

یەکەم جار بازیان بۆ کچی گەورە هەڵدا. باز لەسەر سەری کوڕی وەزیر نیشت و کچی گەورەیان دایە کوڕی وەزیر.

جاری دووەم باز لەسەر سەری کوڕی وەکیل نیشت و ئەویش بوو بە مێردی کچی ناوەنجی.

ئینجا بازیان بۆ هەڵبژاردنی مێردی کچی گچکە هەڵدا. باز خولێکی داو یەکەو ڕاست چوو لەسەر سەری کوڕە کەچەڵ نیشت. پاشا ناڕەحەت بوو، فەرمانی دا کوڕەکەچەڵیان لەژێر قۆپەنە پەینێك شاردەوە، ئەوسا بازیان هەڵدا. ئەم جارەش باز چوو لەسەر پەینەکەی نیشت و بە چڕنوك پەینەکەی هەڵدایەوە. پاشا دیسان گوتی باز لێی تێکچووە. فەرمانی دا کوڕە کەچەڵیان لە ژێر توونی حەمام شاردەوەو ئەمری کرد بۆ جاری سێیەم بازیان هەڵدا، بەلام ئەم جارەش باز خۆی

گەیاندە کوڕە کەچەڵ و لەسەر سەری نیشت.

کچی گچکە کەیقوبادی دەناسی، بەڵام لە ترسی باوکی نەیدەوێرا باسی بکا.

ئاخیری خەڵك کەوتنە بەین و کچی گچکەی پاشا بە نسیبی کوڕە کەچەڵ بوو.

پاشا لە ڕکان فەرمانی دا شار بەدەریان بکەن.

پاش ماوەیەك پاشا لەبەر ڕك و داخ و قینی دڵی خۆی کوێر بوو. پزیشکان نەیانتوانی چاکی بکەنەوە. گوتیان تاکە دەرمانی چاك بوونەوەی پاشا گۆشتی جۆرە تەیرێکی چۆڵەوانییە.

کوڕی وەزیرو کوڕی وەکیل کە زاوای پاشا بوون بەخۆو بە سەربازەکانیان چوونە دەشت و چۆڵەوانی. چەند ڕۆژ وێڵ و سەرگەردان بوون و گەڕان و سووڕان بەڵام تەیرەکە لەوانە نەبوو بە هەموو کەس پەیدا ببێ.

لەولاوەش کوڕەکەچەڵ بە ژنەکەی گوت: با منیش بچم بەڵکو ئەم تەیرە پەیدا بکەم. سواری کەرە شەلەی بوو و چووە ئاقاری. تاڵە موویەکی بەحری هەڵکرووزاند، بەحری دەرحاڵ حازر بوو. کەیقوباد مەسەلەکەی بۆ بەحری باس کرد و داوای لێ کرد هەموو تەیرو گیاندارێك حازر بکا.

بەحری خولێکی بە دەوری خۆی داو حیلاندی، هەموو تەیرەکان حازر بوون. وەزیرەکان و زاواکانی پاشا دیتیان هەموو تەیرەکان لە دەوری کوڕەکەچەڵ کۆبوونەتەوە، کوڕەکەچەڵ زمانیان دەزانێ و قسەیان لەگەڵ دەکا. چوونە لای کوڕەکەچەڵ و داوایان لێ کرد، تەیرێکیان بداتێ بۆ چاك بوونەوەی پاشا. کوڕە کەچەڵ گوتی بەو مەرجە تەیرێکتان دەدەمێ کە هەمووتان ببن بە بەندەو غولامی من و بێڵن مۆری خۆمتان پێوە بنێم، وا نەبێ هیچ تەیرتان نا دەمێ.

ئەوانیش ڕازی بوون.

کوڕە کەچەڵ یەکەم جار هەموو وەزیرو زاواکانی پاشای داغ کردو مۆری غولامەتی لە پشتی دان. ئینجا بە دارێك لە پشتی تەیرەکانی داو گوتی: ((تامی بکەونە سەری!))بەم جۆرە هەموو خەسیەتی تەیرەکان کەوتە سەریان. ئینجا تەیرێکی سەر بڕی و لەشەکەی دایە وەزیرو زاواکانی پاشا. زاواکان بە شادومانی

Scanned with CamScanner

گەڕانەوە لای پاشاو گۆشتی تەیرەکەیان کردە کەباب و دایانێ. پاشا خواردی بەڵام چاك نەبووەوە.

لەولاوەش کوڕەکەچەڵ سەری هەموو تەیرەکانی بڕی و هێنایەوە ماڵێ و بە ژنەکەی گوت لەو سەری تەیرانە چەلاوێك دروست بکاو بیبا دەرخواردی باوکی بدا. دەرمانی دەردی پاشا، سەری ئەم تەیرانەیە.

پاشا نائومێد ببوو. بە بێ مەیلی لەگەڵ کچەکەی جوولایەوە بەڵام لەبەر ئەوەی کچەکەی زۆر پێی داگرت، پاشا چەلاوەکەی خواردو چاوی ڕوون بووەوە. لەمەسەلەکەی پرسی و لە دوای کوڕەکەچەڵی نارد بچێتە قەسر.

کوڕەکەچەڵ پێستەکەی لەسەر داگرت. بەحری هێناو سواربوو، چووە کۆشکی پاشا. هەموو سەربردەی خۆی بۆ پاشا گێڕایەوە. پاشا شادو کەیفخۆش بوو. دووبارە ئاهەنگیان سازداو پاشا کەیقوبادی لە جێی خۆی لەسەر تەخت دانا.

گێڕانەوەی: جەواد جەعفەری، ١٦ سانە
شاری کنگاور

Scanned with CamScanner

# ٣٤- کەڵەشێرو ڕێوی و تاژی

کەڵەشێرێك و تاژییەك بوونە برادەر. بڕیاریان دا بچنە گوندێکی خرابەو ئاوەدانی بکەنەوە. بە دوو قۆڵی کەوتنە ڕێ، چوون لە کاولە خانوویەك گیرسانەوەو خەریکی ژیان و گوزەرانی خۆیان بوون.

بە ڕۆژتاژی دەچووە ڕاو و کەڵەشێر ئیش و کاری ماڵەوەی دەکرد. ڕۆژێ ڕێوییەك ڕێی کەوتە ئەو ناوە، چاوی بە کەڵەشێر کەوت و ویستی بەهەر فێڵێك بێ بیخوا. بە شێنەیی خۆی گەیاندە نزیك کەڵەشێرو سەلامی لێ کردو گوتی: ((ئەم خانووە ماڵی منە، ئێوە چەند ساڵە لەو خانووەدا دەژین و کرێتان نەداوە. ئێستا دەبێ کرێی ئەو چەند ساڵەم بدەنێ)).

کەڵەشێر گوتی: ((ڕاوەستە با برام بێتەوە کرێی خانووت دەداتێ)).

ڕێوی وای زانی ئەم کەڵەشێرە براکەشی وەکو خۆی کەڵەشێرێکی چەورو قەڵەوە. کەیفخۆش بوو، گوتی: ((زۆر باشە، ڕادەوەستم!))

کەڵەشێر چووە سەربان و دەستی بە قوونقووقووکرد و بانگی تاژی کرد. تاژی بەهەڵەداوان خۆی گەیاندەوە ماڵێ. ڕێوی هەر هێندە چاوی بە تاژی کەوت، پەشۆکاو دەستی بە پاڕانەوە کرد: کاکە کەڵەشێر، دەستم دامێنت بمشارەوە! کەڵەشێر بە ڕێوی گوت: ((بڕۆ لەناو ئاخوڕی دواوە خۆت بشارەوە)).

تاژی گەیشتەوە ماڵێ و لە کەڵەشێری پرسی: ((برام، چ ئیشت هەبوو؟))

کەڵەشێر بە تاژی گوت: ((ڕێوی هاتووە کرێی خانووی دەوێ و ئێستاش چووە لەناو ئاخوڕی دواوە خەوتووە)).

تاژی پەلاماری ڕێوی داو کلکی لێ کردەوەو لە ئاوایی دەری کرد.

گێڕانەوەی: ئیرەج نووری، ١٥ ساڵە

گوندی: شکر ئاب، کنگاور

Scanned with CamScanner

# ٣٥-ڕێوی و لەقلەق و شێر

هەبوو نەبوو،

ڕێوییەك و لەقلەقێك لە گۆشەی لێڕێك پێكەوە دەژیان. ڕێوییەکە زۆر کەلەکباز بوو. ڕۆژێ لەقلەقی بۆ فراوین داوەت کرد. بۆ فراوین هەندێ گەنم و بەنگی لەسەر تاتە بەردێك ڕۆ کردو بە لەقلەقی گوت بخوا. کە لەقلەق ویستی ئەو گەنم و بەنگە بخوا دنووکی بە بەردەکە کەوت و دەنووکی خوار بوو. لەقلەق زۆر تووڕە بوو. بیری کردەوە چۆن تۆڵەی خۆی بکاتەوە. تا ڕۆژێ ڕێوی بە لەقلەقی گوت: ((ئەرێ چۆن بە ئا سماندا دەفڕی؟))

لەقلەق یەکسەر گوتی: ((حەز دەکەی فێری فڕین ببی؟))

ڕێوی گوتی: ((بەڵێ!))

لەقلەق ڕێوی سواری ملی خۆی کردو فڕی. کە ماوەیەکی زۆر بەرزبووەوە بە ڕێوی گوت: ((ئەرێ ڕێوی! زەوی چەند گەورەیە)).

ڕێوی گوتی: ((بەقەد دەسماڵێکە)).

لەقلەق بەرزتر بووەوە، دیسان لە ڕێوی پرسی: ((ڕێوی، زەوی چەند گەورەیە؟))

ڕێوی گوتی: ((بەقەد دەرزییەکە)).

ڕێوی قسەکەی تەواو لە دەم نەهاتبووە دەرێ، لەقلەق لەو بڵندەوە ڕێوی فڕێدا. ڕێوی لە ئاسمان ویقەویقی دەکرد و لنگەو قووچ دەهاتە خوارێ و لە ڕێگادا هەر دەیگوت:

علی مرجان خان، خرمن جا
علی مرجان خان، خرمن جا
(عەلی مەرجان خان، جێ جۆخین)

هەر وای دەگوت تا کەوتە سەر خەرمانی عەلی مەرجان خان. عەلی مەرجان خان خەریکی نوێژ کردن بوو کە ڕێوی لەناو کاوگەنم هاتە دەرەوە. خۆی داوەشاندو سەلامی کردو گوتی: ((عەلی مەرجان خان، ئێسترەکەت دەفرۆشی؟))

عەلی مەرجان خان بە شادومانی گوتی: ((بەڵێ، دەیفرۆشم)).

ڕێوی گوتی: ((ڕێگام بدە سواری بم بزانم چۆنە)).

ڕێوی کەلەکباز سواری ئێسترەکە بوو و ملی ڕێگای گرت. لە ڕێگادا بیری کردەوە گوتی ئێستا مادام ئێسترم هەیە وا چاکە بچمە حەج.

ڕۆیشت، لە ڕێگادا تووشی شێرێک هات و سەلامی لێکرد.

شێر پرسی: ((ها،ڕێوی، ئەوە دەچیتە کوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((دەچم بۆ حەج)).

شێر گوتی: ((منیش لەگەڵ خۆت نابەی؟))

ڕێوی لە ترسان گوتی: ((با، فەرموو سوار بە، بڕۆین)).

ملی ڕێیان گرت و ڕۆیشتن. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە گورگێک.

گورگ پرسی: ((ئەوە ئۆغرین؟))

ڕێوی وەڵامی دایەوە: ((دەمانەوێ بچینە حەج))

گورگیشیان سوارکردو ملی ڕێیان گرت و ڕۆیشتن تا گەیشتنە کەڵەشێرێک. کەڵەشێر سەلاوی کردو گوتی: ((ئەوە دەچنە کوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((دەمانەوێ بچینە حەج. ئێوەش فەرموون)).

کەڵەشێریش سوار بوو. ملی ڕێیان گرت. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە پڵنگێک. پڵنگ پرسی: ((ئەوە بە عام دەچنە کوێ؟))

ڕێوی گوتی: ((دەمانەوێ بچینە حەج)).

پڵنگیش لەگەڵیان کەوتە ڕێ و ڕۆیشتن. بەکورتی ڕۆیشتن تا گەیشتنە وردچێک. ورچ سواربوو. لە ڕێگادا قەلێکیشیان دی داوای کرد ڕێی بدەن لەگەڵیان بچێتە حەج و ڕێوی قبووڵی کردو ڕۆیشتن.

چەند ڕۆژێک بەڕێوەبوون بەڵام هیچیان دەست نەکەوت بیخۆن و سکیان پێ

تێر بکەن. لە دیماهیدا شێر بە ڕێوی گوت: ((ها، ڕێوی، برسیمانە!))

ڕێوی فێڵباز بیری کردەوەو دەستی بە شیعر خوێندنەوە کردو بەم جۆرە هەڵی کردە گۆرانی:

| | |
|---|---|
| رویلی دمباز | ڕێوی کلك گەورە |
| خاص جوانیکە | گەنجێکی خاسە |
| شیروك شمشیر | شێری وەك شمشێر |
| خاص جوانیکە | گەنجێکی خاسە |
| پلنگ و پرتاو | پڵنگی بە هەڵمەت |
| خاص جوانیکە | گەنجێکی خاسە |
| گرگ گلە در | گورگی مێگەل دڕ |
| خاص جوانیکە | گەنجێکی خاسە |
| خرسکە دوپل | ورچی دوو پەل |
| خاص جوانیکە | گەنجێکی خاسە |
| خروس قویلونە | کەڵەشێری قووقووکەرە |
| خاص جوانیکە | گەنجێکی خاسە |
| غلاك کشکینە | قەلی کەشك دز |
| اری چمانە | بۆ چیمانە؟ |

هەموو داڕژانە سەر قەل و خواردیان و کەوتنەوە ڕێ. دوای ماوەیەك شێر دووبارە گوتی: ((ها ڕێوی، برسیمانە. بیرێك بکەوە)). ڕێوی دووبارە دەستی بە گۆرانی کرد:

رویلی دمباز

خاص جوانیکە

شیروك شمشیر

خاص جوانیکە

Scanned with CamScanner

پلنگ و پرتاو
خاص جوانیکە
گرگ گلە در
خاص جوانیکە
خرسکە دوپل
خاص جوانیکە
خروس قویلونە
اری چمانە

هەموو لە کەڵەشێری کلۆڵ وەرهاتن و ئەویشیان خواردو کەوتنەوە ڕێ. دیسان هیچ خواردنیان چنگ نەکەوت. شێر تاقەتی بڕاو گوتی: ((ها، ڕێوی، برسیمانە)).

ڕێوی دووبارە هەڵی کردە گۆرانی:

رویلی دمباز
خاص جوانیکە
شیروك شمشیر
خاص جوانیکە
پلنگ و پرتاو
خاص جوانیکە
گرگ گلە در
خاص جوانیکە
خرسکە دوپل
اری چمانە؟

ڕێوی هێشتا گۆرانییەکەی تەواو نەکردبوو، کەوتنە سەر ورچ و ئەویشیان خوارد و ملی ڕێیان گرتەوە.

Scanned with CamScanner

شەوو ڕۆژێك ڕۆیشتن. دووبارە برسی بوون.

شێر دووبارە گوتی: ((ها ڕێوی، برسیمانە)).

ڕێوی دیسان دەستی بە گۆرانی کردو ئەم جارە نۆرەی گورگ هات: گورگیشیان خواردو کەوتنەوە ڕێ. چەند ڕۆژێك بە برسێتی مانەوە. هیچ خواردنیان دەست نەکەوت تا ئاخیری شێر گوتی: ((ها ڕێوی، برسیمانە)).

ڕێوی هەڵی کردە گۆرانی:

رویلی دمباز

خاص جوانیکە

شیروك شمشیر

خاص جوانیکە

پلنگ و پرتاو

اری چمانە؟

کەوتنە سەر پلنگ، کە بەقسەی ڕێوی گەنجێکی خاس و بە گوڕم و تین و تاو بوو. ئەویشیان خواردو کەوتنە ڕێ. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن. برسێتی زۆری بۆ هێنان. ناچار بوون ئێستریشیان دڕاندو خواردیان. کە تێربوون ڕێوی پێشنیازی بۆ شێر کرد کە نەختێ پشوو بدەن. هەر هێندە شێر خەوی لێ کەوت و دەستی بە پرخ و هۆڕ کرد، ڕێوی هەندێ دڵ و ڕیخۆڵەی ئێسترەکەی شاردەوە. کە شێر لە خەو ڕابوو، هەستان و بەڕێ کەوتن.

ڕێوی، کە بێ ئەوەی شێر ئاگای لێ بێ خۆی تێرکردبوو، هەندێ گۆشتی ڕیخۆڵەی ئێستری لەسەرچاوی خۆی داناو کە شێر چاوی هەڵبڕی و سەیری ڕێوی کرد، ڕێوی ڕیخۆڵەکەی لێ کردەوەو خواردی. شێر پرسی: ((ئەوە چ بوو خواردت؟))

ڕێوی گوتی: ((چاوم بوو. دەرمهێناو خواردم)).

شێر گوتی: ((بەتامە!))

ڕێوی گوتی: ((بەڵێ، بەڵێ، زۆر بەتامە)).

Scanned with CamScanner

ئینجا شێر داوای لە ڕێوی کرد چاوی ئەمیش دەربێنێ بۆ ئەوەی بیخوا. ڕێوی چاوەکانی شێری دەرهێناو خۆی خواردی و هەندێ تەرسی لەباتی خستە ناو زاری شێر.

شێر گوتی: ((ها ڕێوی، ئەمە تام تەرسی لێ دێ)).

ڕێوی گوتی: ((گرنگ نییە. ئەوەی منیش تام تەرسی لێ دەهات)).

بەم ڕەوشە ڕۆیشتن تا گەیشتنە سەر چیایەك. ڕێوی بە شێری گوت: ((ئایا دەزانی باوکت چەند ئازا بوو، هەموو جارێ لەم بەری ئەم چیایەوە بازی دەدایە ئەو بەر)).

شێر بە بایی بوونەوە گوتی: ((من لە باوکم زیاتر باز دەدەم)). شێر کە ویستی لەسەر چیاوە بازبدا کەوتە ناو گەلی و ئێسك وپرووسکی وردو خاش بوو.

ڕێوی خێرا خۆی گەیاندە سەر شێرو لە پاشەڵییەوە دەستی بە خواردن کرد.

شێر، کە زۆر بێچارە کەوتبوو، بە ڕێوی گوت: ((ها ڕێوی، ئەوێ بۆن تەرسی لێ دێ، وەرە بەزی سنگم بخۆ)).

ڕێوی بە هەموو تەلەکەبازی خۆیەوە بە قسەی شێر تەفرەی خواردو کە ویستی سنگی شێر بخوا، شێر چڕنۆکی لە ملی گیرکردو کوشتی.

گێڕانەوەی: مەنسوور ڕازانی، ١٥ ساڵە
شاری کنگاوەر

# ٣٦- دزو گوندی

هەبوو نەبوو،

بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو،

لە ڕۆژگاری کۆن کابرایەکی گوندی هەبوو. بە ڕۆژ دەچوو کرێکاری دەکردو دە درهەمی وەردەگرت. پارەکەی دەهێنایەوە ماڵێ لەسەر تەقچکەی دادەنا.

ڕۆژێکیان کە ئێوارێ هاتەوە پارەکەی نەمابوو. ڕۆژەکانی دواتریش هەروا (کە دەهاتەوە پارەکەی نەمابوو). دە درهەم کرێی لەسەر تاقچکە دادەنا و دەڕۆیشت، ئێوارێ کە دەهاتەوە ماڵێ پارەکە نەمابوو. دز پارەکەی دەبرد.

کابرای گوندی چووە لای پیرەژنێك و حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە. پیرەژن گوتی: ((ئەگەر دە درهەمم بدەیتێ پێت دەڵێم چ بکەی بۆ ئەوەی چیتر دز پارەکەت نەبا)).

کابرا قایل بوو و دە درهەمی دایە پیرەژنەکە.

پیرەژن گوتی: ((کە لێرە ڕۆیشتی، بڕۆ هەندێ قەرسەقول لەسەر تەقچکە دانێ و دە درهەمەکە لەسەر قەرسە قوولەکان دانێ. ئینجا هەموو دیوارەکان دەرزی ئاژن بکەو تا پێت دەکرێ دەرزی لە دیوارەکان ڕاکە. مارێکیش بخەرە ناو حەوزو دووکۆتر لەسەر درەختێك دانێ و دوو سەگی هار لەبەر دەرگای حەوشە ببەستەوەو بڕۆ دوای ئیشی خۆت.

کابرا هاتەوە ماڵێ، پیرەژن چی گوتبوو هەمووی جێ بە جێ کرد وچووە دوای ئیش و کاری خۆی. دەوروبەری نیوەڕۆ دز هات پارەکە ببا. دەستی لە قەرسەقوول ڕاچوو و پیس بوو. ویستی دەستی بە دیواردا بێنێ و پاکی بکاتەوە، دەرزییەکان لە دەستی چەقین و دەستی خوێنی لێ هات. چووە حەوشە بۆ ئەوەی

Scanned with CamScanner

دەستی بشوا، ماری ناو حەوزەکە بە دەستی وەدا. ڕووی کردە ئاسمان و پاڕایەوە خوا لەم بەڵایە ڕزگاری بکا، کۆترەکان جیقیان بە دوڕ چاوی دا کرد. دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی ڕابکا. سەگەکان گرتیان و لە عەرزیان داو پارچە پارچەیان کرد.

گێڕانەوەی: پەرویزپاکرمی، ۱۷ ساڵە
گوندی: سمنگان کنگاور

Scanned with CamScanner

# ٣٧- چۆلەکە

چۆلەکەیەک هەبوو،

زۆرم خۆش دەویست،

چوو لەسەر شەختە یاری بکا،

کەوت و باڵی شکا.

گوتم: ((ئەی شەختە، بۆچی هێندە بە هێزی؟))

شەختە گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، رۆژ نەیدەکردم بە ئاو)).

چوومە لای رۆژو گوتم: ((ئەی رۆژ، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

رۆژ گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، هەور بەری نەدەگرتم)).

چوومە لای هەورو گوتم: ((ئەی هەور، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام،چیا پێشی نەدەگرتم)).

چوومە لای چیاو گوتم: ((ئەی چیا، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، گیا رووی سەوز نە دەکردم)).

گوتم: ((ئەی گیا، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

گیا گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، بزن نەیدە خواردم)).

چوومە لای بزن و گوتم: ((ئەی بزن، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

بزن گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، گورگ نەیدە خواردم)).

چوومە لای گورگ و گوتم: ((ئەی گورگ، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

گورگ گوتی: ((ئەگەر بەهێز بام، سەگ راوی نەدەنام)).

چوومە لای سەگ و گوتم: ((ئەی سەگ، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

سەگ گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، لەبەر دەرگای حەوشە نەدەنووستم)).

چوومە لای دەرگای حەوشەو گوتم: ((ئەی دەرگا، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

Scanned with CamScanner

دەرگا گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، جێم ناو دیوار نەدەبوو)).

چوومە لای دیوارو گوتم: ((ئەی دیوار، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، مشك كون كونی نەدەكردم)).

چوومە لای مشك و گوتم: ((ئەی مشك، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

مشك گوتی: ((ئەگەر بەهێزبام، پشە نەیدە خواردم)).

چوومە لای پشەو گوتم: ((ئەی پشە، بۆچی هێندە بەهێزی؟))

پشە گوتی: ((میو میو مالمە، مالمو معالمە)).[١]

گێرانەوەی:رەوانبەخشی میرئاتی،١٦ ساڵە

گوندی: فش كنگاور

Scanned with CamScanner

# ٣٨- مەیموونە شوان

هەبوو نەبوو،

ژن و مێردێك هەبوون، سێ کچیان هەبوو، دایکیان مرد، باوکیان ژنێکی تری هێنا.

باوەژن لەگەڵ کچەکان هەڵی نەدەکرد. ڕۆژێ بە مێردەکەی گوت: یان دەبێ من لەمماڵەبم، یان ئەم کچانە.

بە کورتی ئەوەندە مێردەکەی ئازاردا تا مێردەکەی وەتەنگ هات و ڕۆژێ گوتی: ((ئافرەت، هەندێ نان بۆ منداڵەکان دروست کە بۆ ئەوەی بیانبەمە ئاقار و چۆڵەوانی)).

باوەژن گونیەیەکی هێنا. پڕی تەپاڵەی کردو چەند نانێکی لەلای سەرەوە لەسەر تەپاڵەکان دانا. باوکە بانگی کچەکانی کردو ملی ڕێیان گرت و ڕۆیشتن. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە بیابانێکی بێ گیاو بێ ئاو. کچەکان شەکەت بوون. لەژێر دارگوێزێك دانیشتن. باوکیان گوتی: ((ئێوە پشوویەك بدەن، من دەچمە سەر ئەم درەختەو گوێزتان بۆ دەوەشێنم)).

کچەکان وردە وردە خەویان لێ کەوت و کابرا تەنەکەیەکی بە چلی درەختەکەوە هەڵواسی بۆ ئەوەی (با) لەتەنەکەکە بداو تەنەکەکە بە چلە دارەکە بکەوێ و کچەکان وا بزانن باوکیان هێشتا لەسەر درەختەکەیە. خۆیشی لەسەر درەختەکە هاتە خوارەوەو ڕۆیشت.

بەیانی کچەکان لە خەو ڕابوون، باوکیان دیار نەبوو. ڕێگای ماڵەوەش شارەزانەبوون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ماڵێ.

خوشکی گەورە گوتی: ((خودا کەریمە! گونیە نانەکە بێنن، برسیمانە)). کە

زارکی گونیەکەیان کردەوە، لە بنی دڵەوە ئاخیان هەڵکێشا کە زانیان گونیەکە پڕ تەپاڵەیەو تەنیا چەند نانێکی تێدایە. نانەکانیان خوارد. دوای ماوەیەك دیسان برسی بوون. دەستیان بە گەڕان و سووڕان کرد. ئەنجام، لە شوێنێکی لاپەڕی ئەم ئاقارە تاتە بەردێکیان دی. تاتە بەردەکەیان هەڵدایەوە، ئەشکەوتێکی گەورە دەرکەوت وەکو بینا دروست کرابوو. چوونە ناو ئەشکەوتەکە. ئەشکەوتەکە ژووری جیاجیای تێدابوو و هەر ژوورێك جۆرەها خواردنی تێدابوو. تا تێرو پڕبوون خواردیان. کاتی ڕۆژاوا، هەریەکە چووە ناو کەندوویەك بۆ ئەوەی ئیسراحەت بکا.

خوشکی گچکە چووە ناو ئەو کەندووەی کاکڵە بادامی تێدابوو، خوشکی (ناوەنجی) چووە ناو ئەو کەندووەی کاکڵە گوێزی تێدابوو، خوشکی گەورە چووە ناو ئەو کەندووەی کاکڵە فستقی تێدابوو.

لەو کاتەدا سەرو سەکووتی مەیموونە شوان پەیدابوو.

مەیموونە شوان خاوەنی ئەم ئەشکەوتە بوو. ئەشکەوتەکەو هەموو کەل و پەلی ناوی هی ئەو بوون. لە ئاقاری هاتەوەو مێگەلەمەڕی لە لەوەڕهێنایەوە و مەڕەکانی بردە ناو هۆڕو هات لە ژوورێك دانیشت و لەبەرخۆیەوە کەوتە قسەو گوتی: (مەیموونە شوان بۆ ئێوارە چ بخوا؟ کەرەو مورەببا ! ئاخ! ئەگەر نەخوا ژەهری مار بخوا.)

دووبارە گوتی: (مەیموونە شوان چ بخوا؟ چلووکەباب ! ئەگەر نەخوا دەك کفتە بخوا)

دیسان گوتی: (مەیموونە شوان چ بخوا؟ هێلکەو ڕوون ! ئەگەر نەخوا یاخوا کفتە بخوا.)

بەم جۆرە پرسیاری لەخۆی دەکردو وەڵامی دەدایەوە، تا لە دیماهیدا گوتی: (مەیموونە شوان چ بخوا؟ نانی جۆو سرکە!نۆف، نۆف، نۆشی گیانی بێ.)

نورەی شەوچەرە هات. مەیموونە شوان شەوچەرە بخوا؟ کاکڵە بادام؟ کاکڵە فستق؟ کاکڵە گوێز؟

کچەکان کە گوێیان لەم قسەیە بوو هەموو لەشیان لەرزی، بەڵام مەیموونە شوان وەکو کەسێکی چاوتەنگ و قرچۆك دڵی نەدەهات هیچ بخوا. تەنیا ماڵ و سامانی کۆدەکردەوە.

مەیموونە شوان دووبارە لەبەر خۆیەوە گوتی: (ئەگەر نەخوا، ژەهری مار بخوا، حەیف نییە!)

مەیموونە شوان چوو هەندێ قرچفی هێناو خواردی. کاتی نووستن داهات. مەیموونە شوان دووبارە دەستی بە بۆڵە بۆڵ کرد: مەیموونە شوان لەسەر چی بخەوێ؟ لەسەر جلە تاژی ! ئۆف، ئۆف دەبخەوە خەونی خۆش ببینی.

جلە تاژی ڕاخست بۆ ئەوەی بخەوێ. لەکاتی نووستندا گوتی: ((ئەی پاشەڵی بێ ئەدەب، وریابە شەو پیسایی نەکەی! داغت دەکەم)).

مەیموونە شوان لەسەر جلە تاژیەکە خەوت.

کچی کچکە، کە زۆر زرنگ وچەتوون بوو، نیوەی شەو لەناوکەندوو هاتە دەرەوە و یەك سەتل قوڕەسۆرگاوی ڕژاندە ناو پێخەفی مەیموونە شوان و خێرا گەڕایەوە ناو کەندوو و نووست.

بەیانی کە مەیموونە شوان بەخەبەر هات، هەستی کرد خۆی پیس کردووە. تەندووری جۆش داو ساجێکی گەورەی لەسەر دانا، تا سووربووەوە. ئینجا چوو لەسەر ساجەکە دانیشت بۆ ئەوەی خۆی تەمبێ بکا. لەو کاتەدا کچی گچکە لەناو کەندوو هاتە دەرەوە، پاڵێکی بە مەیموونە شوانەوە ناو فڕێی دایە ناو تەندوورو دەرگای تەندووری قەپات کردو مەیموونە شوان سووتا.

باسی کێ بکەین؟ کوڕەکانی پاشا کە چوونە ڕاو، شەو گەیشتنە قەڵای[1] کچەکان و لە دەرگایان دا وکچەکان دەرگایان کردەوە.

کوڕەکانی پاشا گوتیان: شەومان بەسەردا هاتووە ناگەینە هیچ شوێنێك، شەو دالدەمان بدەن. کچەکان ڕازی بوون و کوڕەکانی پاشا چوونە ناو قەڵا.

---

[1] ئەشکەوتی ژێر زەمین بوو لێرە بوو بە قەڵا (و).

Scanned with CamScanner

ئەسپەکانیان بەستەوە وچوونە ژوورێك. نێچیرێکیان گرتبوو دایانە کچەکان بۆ ئەوەی بیکەن بە کەباب. کچەکان خەریك بوون و بەدەم ئیشەوە قسەیان دەکرد.

کچی گەورە گوتی: ((ئەگەر کوڕە گەورەی پاشا من بێنێ، مافوورێکی بۆ دەچنم جێگای سەراپای لەشکرەکەی بێتەوە لەسەری دابنیشن)).

کچی ناوەنجی گوتی: ((ئەگەر کوڕی (ناوەنجی)پاشا من بێنێ، خواردنێکی بۆ لێ دەنێم سەراپای لەشکرەکەی لێی بخواو تەواویش نەبێ)).

کچی گچکە گوتی: ((ئەگەر کوڕی گچکەی پاشا بە گوێ بێ و گوێی لێ بێ و من بێنێ، دوو کوڕی بۆ دێنم ئەگەر پێ بکەنن چەپك چەپك گوڵیان لەدەم بێتە دەرێ و ئەگەر بگرین لەباتی فرمێسك مرواریان لەچاو بێ)).

کوڕەکانی پاشا گوێیان لەقسەی کچەکان بوو و هەرکەسە بە گوێرەی تەمەنی خۆی کچەکەی بەرامبەری هێنا.

دوای ئەوەی ماوەیەك بەسەر زەماوەندیاندا تێپەڕی، ڕۆژێ کوڕی گەورەی پاشا بەژنەکەی گوت: ((خانم، ئێستا کاتی مافوور چنینە. پێویستم پێیە)).

کچەکە گوتی: ((قەیدی نییە، بەڵام کەرەستەی ئیشەکەم بۆ ئامادە کە)).

پێویستی مافوور چنین و ماشەری خاو ئامادەکرا. کچەکە لەکاتی مافوور چنیندا هەرچی دەرزی و سنجاق و سووژن و جواڵدروو لە ماڵێ هەبوو هەمووی لەناو مافوورەکە چنی.

دوای چەند مانگێك خەبەریان دایە کوڕی گەورەی پاشا کە مافوورەکە ئامادەیە. کوڕی پاشا هەموو میوانەکانی داوەت کردو بردنیە ئەو ژوورەی مافوورەکەی لێ ڕاخرابوو. هەر هێندە میوانەکان لەسەر مافوورەکە دانیشتن، پەشۆکان و کەوتنە هات و هاوار.

کوڕی پاشا واقی وڕما. پرسی: چ بووە؟

یەکێ لە میوانەکان گوتی: ((قوربان، ئێوە بفەرموون لەسەر مافوورەکە دانیشن ئەوسا دەزانن)).

کوڕی پاشا لەسەر مافوورەکە دانیشت. هەموو دەرزی وچقڵەکانی لەلەشی

چەقی. هاواری کردو لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

ئێستا گوێ لە کوڕی ناوەنجی پاشا بگرن. ئەویش خەبەری دایە ژنەکەی کە ئێستا کاتی لێنانی خواردنەکەیە.

کچەکە گوتی: ((بەچاوان)).

کچە دەستی بە چێشت لێنان کرد. لەگەڵ هەر دنکە برنجێك چوار قات خوێی لە مەنجەڵ دەکرد و چێشتێکی تا بڵێی سوێری لێ نا. میوان گەیشتنە جێ و لەسەر سفرە دانیشتن. هەر کەسە یەك کەوچك خواردنی داخوارد، دەمی دەگرت و هەڵدەستا.

کچی ناوەنجیش لای میوانان ئابڕووی چوو.

ئێستا گوێ لەسەر بردەی کچی گچکە بگرن کە پاش نۆ مانگ دووگیانیی. وەختی منداڵ بوونیهات. خوشکە ناجسنەکانی کەلەلای مێردیان ڕووڕەش ببوون و دەترسان نەوەك خوشکی گچکە ئەو دوو کوڕەی ببێ کە بەڵێنی دابوو ببێ.

هەستان بە هاوکاری پیرەژنێك دوو توولە سەگیان پەیداکرد.کە کچی گچکە سکەکەی داناو دووکوڕی قشتی بوو، ئەوان یەکسەر کوڕەکانیان شاردەوەو دوو توولە سەگەکەیان لە جێ دانان و خەبەریان دایە کوڕی بچووکی پاشا: ((چاوت ڕوون خانمت دوو توولە سەگی بووە)).

کوڕی بچووکی پاشا تووڕەو نارەحەت بوو. لە گەرمەی تووڕەییدا فەرمانی دا جەللاد ژنەکە ببەنە چۆڵاتی و سەری ببڕن و بەرگی بە خوێن بکەن و بە نیشانە بۆی بێننەوە.

جەللادان ژنەیان بردە چۆلەوانی، بەڵام دڵیان نەهات سەری ببڕن. لەباتی ژنەکە دوو توولە سەگیان سەر بڕی و بەرگی ژنەکەیان لە خوێنی توولەکان وەرداو بۆ کوڕی پاشایان بردەوە.

باسی کێ بکەین؟ باسی خوشکە ناجسنەکان کە منداڵەکانی خوشکیان لەناو سندووقێك ناو سندووقەکەیان بەئاودا هێلا. ناو سندووقەکەی بردە ناو جۆگەی

Scanned with CamScanner

ئارگێڕی ئاشێك و بەری ئاوی ئاشەکەی گرت و ئاش ڕاوەستا.

ئاشەوان هاتە دەرەوە. چووە سەرایی جۆگاکە دیتی سندووقێك بەری ئاوی گرتووە. سندووقەکەی هەڵگرتەوە. کردییەوە، دیتی دوو کوڕی قشتی تێدایە کە دەگرین لە باتی فرمێسك مرواریيان لەچاو دێ.

ئاشەوان منداڵەکانی بردەوە ماڵێ بە خێوی کردن.

با بچینە سەر باسی دایکی منداڵەکان. ژنە بەحاڵی شڕو لەشی کەم خوێنەوە ڕووی کردە چۆڵەوانی. دوای چەند ڕۆژێك چارەنووس گەیاندییە لای هەمان ئاش. چووە ناو ئاشەکە. ئاشەوان بە میهرەبانی بەخێری هێنا. کچە سەربردەی خۆی بۆ ئاشەوان گێڕایەوە.

ئاشەوان بە کچەی گوت: ((سەخڵەت مەبە، تۆش کچی منی و منداڵەکانت وا لەلای منن.))کچە لە خەنی خۆشییان لە پرمەی گریانی دا، بەڵام بڕوای نەکرد تا چووە ناو ماڵی ئاشەوان و بە چاوی خۆی منداڵەکانی دی.

حەفتەیەك پێ چوو، مانگێك پێ چوو، کوڕەکان گەورە بوون. منداڵەکان مرواریيان لە چاو دەهات و ئاشەوان مراوییەکانی بۆ خۆی دەفرۆشت و تا دەهات ژیان و گوزەرانی باشتر دەبوو. بۆ دڵدانەوەی منداڵەکانیش دوو کۆتری داری بۆ دروست کردبوون(یارییان پێ دەکرد).

باسی چ بکەین؟ باسی کوڕی گچکەی پاشا بکەین کە پاش ماوەیەك نارەحەتی، ڕۆژێ کەیفی ڕاوێ هەستا و لەگەڵ چەند نۆکەرێکی چوونە ڕاوو شکار. هیچی ڕاونەکرد. شەو داهات. گەیشتنە نزیك ماڵی ئاشەوانەکە. لەدەرگایان دا. ئاشەوان دەرگای کردەوە.

کوڕی پاشا گوتی: ((ڕاوچیم. شەوم بەسەردا هاتووە و ئاشێ شەو لە کێوان بمێنمەوە. تا سبەینێ داڵدەمان بدەن)).

ئاشەوان ڕازی بوو، گوتی: ((فەرمووون!))

چوونە ژوورەوە. کچەکە لەپەنا پەردەوە مێردەکەی ناسییەوە. بە کوڕەکان و بە ئاشەوانی گوت: ((ئەم کابرایە مێردی منە)).

کوڕەکان مەسەلەی دەربەدەری دایکیان دەزانی. کاتی شێو خواردن دوو کۆترە دارینەکانیان بردە سەر سفرە. هەموو خەریکی شێو خواردن بوون، بەڵام کوڕەکان نەیانخوارد.

کوڕی پاشا ڕووی کردە کوڕەکان و گوتی: ((منداڵینە، ئێوەش شێوی خۆتان بخۆن!))

منداڵەکان ڕوویان کردە کۆترە دارینەکان و گوتیان: ((کۆترینە، ئێوەش شێوی خۆتان بخۆن!))

کوڕی پاشا پێکەنی و گوتی: ((منداڵە ئازیزەکان، چما کۆترە دارینەش شێو دەخوا؟))

یەکێ لە کوڕەکان بە کوڕی پاشای گوت: ((ئێوە خۆتان بڵێن، ئەدی قەت دەبێ ژن توولە سەگی ببێ؟)).

کوڕی پاشا ڕاچڵەکی و گوتی: ((مەبەستتان چییە؟ تێ ناگەم)).

یەکسەر ژنەکە لە پشت پەردە هاتە دەرەوەو دانیشت. کوڕی پاشا ژنی خۆی ناسییەوە. ژنە هەموو سەربردەی خۆی بۆ گێڕایەوەو پێی گوت: ((ئەمانەش کوڕەکانی تۆن!))

کوڕی پاشا منداڵەکانی خۆی لەباوەش کردو لە خۆشیان دەستی بەگریان کرد. ژنەکەی ماچ کردو تەوازۆی بۆ هێنایەوە.

ئینجا هەموو سوپاسی ئاشەوانیان کردو دەستیان ماچ کردو چوونەوە ماڵی خۆیان.

دوو خوشکە ناجسنەکانیان بە دەستی جەللادان سپارد. جەللادان قژی ژنەکانیان لە کلکی ئێستران بەست و ئێسترەکانیان بەرەللای چۆڵەوانی کرد. ڕۆژئاوا کە ئێسترەکان هاتنەوە تەنیا قژی سەری ژنەکان بە کلکی ئێسترەکانەوە مابوو، لەشیان هەموو تیکە بە تیکە ببوو.

کچی گچکە بە مرازی خۆی گەیشت ئێوەش بە مرازی خۆتان بگەن.

گێڕانەوەی: غولامرەزا تەفەزولی، ١٧ ساڵە

کنگاوەر

Scanned with CamScanner

# ٣٩- پاشاو وەزیر

هەبوو نەبوو. شارێك هەبوو پاشایەکی تێدابوو. پاشاکە ژنێکی هەبوو لە جوانیدا هاوتای نەبوو. هەم پاشا ئەوی خۆشدەویست و هەم ئەویش دڵی بۆ پاشا نەمابوو.

پاشا وەزیرێکی هەبوو زۆر چاو لەدەرو نارەسەن بوو. دالغەی لە ژنی پاشا دابوو، بەڵام نەیدەوێرا ئەم ڕازە لای کەس بدرکێنێ، چونکە دەیزانی ئەگەر بە پاشا بگاتەوە، پاشا لەت لەتی دەکا، پارچەی گەورەی گوێ بێ. وەزیر شەوو ڕۆژ لەو بیرو خەیاڵەدا بوو کە بەهەر جۆرێ بێ پاشا لابدا و خۆی لە جێی پاشا لەسەر تەخت دابنیشێ بۆ ئەوەی ژنی پاشای بۆ ببێ و بە مرازی دڵ بگات.

ماوەیەك پێ چوو، ڕۆژێ دەروێشێکی دونیا دیتە، کە زۆر شتی دەزانی، هاتە ئەو شارە. دەرویش هەموو ڕۆژێ لەناو مەیدانی شاردا دەیکرد بە هەللاو خەڵکی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوەو کاری وای دەکرد خەڵکی لە دیاری دەم بەش و سەراسیمە دەمان. خەبەریان دایە پاشا گوتیان دەروێشێك هاتووە، کاری سەیرو سەمەرە دەکا.

پاشا داوای وەزیری کردو گوتی: ((وەزیر، بڕۆ بزانە ئەم دەروێشە کێیە؟ و چ کردەوەیەك دەنوێنێ؟ وبۆچی هاتۆتە ئێرە؟))

وەزیر چوو دەروێشی دی و گەڕایەوە لای پاشاو گوتی: ((دەروێش تەلەکەبازە. هەندێ جۆرە کار دەزانێ نانی پێ پەیدا دەکاو لەم ڕێیەوە گوزەران دەکا)).

پاشا گوتی: ((بڕۆ بیهێنە ئێرە بۆ ئەوەی منیش سەیری کردەوەکانی بکەم)).

وەزیر چووە لای دەرویش و هێنایە حزوور پاشا. پاشا کردەوەکانی دەروێشی دی و واقی وڕما، بەڵام خۆی نەشکاندو بە دەروێشی گوت: ((ئەمانە هەر هیچ نین،

من شتی لەمانە باشتریشم دیوە)).

دەروێش غیرەتی بزووت و گوتی: ((مادام وایە ئەمر بکە ژوورەوە چۆل بکەن بۆ ئەوەی کردەوەی وا بنوێنم تا ڕۆژی قیامەت دەمت لەدیار بەش بێتەوە)).

پاشا گوتی: ((ئێرە چۆل کەن)).

هەموو لە ژووریٚ چوونە دەریٚ. پاشاو دەروێش بە تەنیٚ مانەوە.

دەروێش گوتی: ((ئەی پاشا، کردەوەی من ئەمەیە کەلە پێستەی خۆم دێمە دەرەوەو دەچمە ناو پێستەی تر. ئێستا ئەمر بکە مریشکێك بێنن. پاشا پێی گوتن و مریشکیان هێنا. دەروێش مریشکەکەی خنکاند. ئینجا لە پێستەی خۆی هاتە دەرەوەو چووە ناو پێستەی مریشکەکە. پاشا سەری سوڕما. مریشکی مردوو زیندوو بووەوە و دەستی بە قورتە قورت کرد، دەروێشیش وەکو مردوان لەشی ساردبوو ولە گۆشەیەکی ژووریٚ کەوت. دوای چەند دەقیقەیەك دەروێش دووبارە لە پێستەی مریشکەکە هاتە دەرەوەو چووە ناو پێستەی خۆی. مریشك مردو لەعەرد ڕاکشاو دەروێش زیندوو بووەوە.

پاشا لە کردەوەی دەروێش مات و سەرسام بوو، گوتی: ((ئیٚ بەخودا، ئەمە تەواوە!))ئینجا ملی دەروێشی گرت و پێی داگرت گوتی: هەرچی بتەویٚ دەتدەمیٚ هەر هێندە ڕازو هونەری ئەم کردەوەیەم فێربکە)).

دەروێش گوتی: ((کووپە لیرەیەکی خوسرەویم دەویٚ)).

پاشا کووپە لیرەیەکی خوسرەوی دایە دەروێش. دەروێش گوتی: ((مەرجێکیش هەیە: نابیٚ ئەم ڕازە بەکەس بڵێیت و بە بیٚ ڕوخسەتی من نابیٚ ئەم هونەرە فێری خەڵکی تر بکەی)).

پاشا گوتی: ((زۆر باشە)).

دەروێش هونەری کردەوەکەی فێری پاشا کردو گوتی: ((شەو کە دونیا تەواو تاریك داهات، کووپە لیرەکەم بە جۆریٚ بۆ بنێرە کە وەزیر تیٚ نەگا)).

ئیتر پاشا کاری تەواو بوو. هەر دەچووە ناو پێستەی ئەم و ئەو. پاش ماوەیەك وەزیر زانی ئەم کردەوەیە دەروێش فێری کردووە. شەوێکیان بەدزی

ماردبیە شوێن دەروێش و گوتی: ((هەرچی بتەوێ دەتدەمێ ئەو کردەوەی فێری پاشات کردووە، فێری منیشی بکە)).

دەروێش کە عاشقی دڵسووتاوی کچی وەزیر بوو وبەم ئەدگارو تەدارەکەوە هاتبوو کچی وەزیر بە دەست بێنێ، گوتی: ((بەیەک مەرج فێرت دەکەم کە کچەکەم بدەیتێ)).

وەزیر یەکەم جار ڕاوەستا. پاشان گوتی: ((زۆر باشە!))

وەزیر چووە لای کچەکەی و مەسەلەکەی پێ گوت.

کچەکە گوتی: ((باوکە گیان، من قەت ئیشی وا ناکەم و مێرد بە دەروێش ناکەم، چونکە ناتوانم لەناو دۆست و خزمان سەر بڵند بکەم. تۆ بە دەروێش بڵێ ئەگەر کچی منت دەوێ بە پێی دەستووری شاری ئێمە دەبێ یەک کووپە لیرەی خوسرەوی بدەی ئینجا کچەکە ببەی)).

وەزیر بانگی دەروێشی کردو گوتی: ((ئامادەم کچی خۆمت بدەمێ، بەڵام کچەکەم ڕازی نابێ، دەڵێ دەبێ یەک کووپە زێر بێنێ)).

دەروێش گوتی: ((ڕازیم)).

لەولاوەش وەزیر چووە لای کچەکەی و گوتی: ((تۆ وا پیشان بدە کە ڕازی. ئینجا کە دەروێش کووپە زێرەکەی هێناو هونەرەکەی فێری من کرد دەیخاپێنین)).

دەروێش هەرچی وەزیر ویستی بە جێی هێنا، بەڵام کە ویستی دەستی کچەکە بگرێ و بیبا، وەزیر گوتی: ((بەم جۆرە نابێ. من وەزیری پاشام و لەناو خەڵک دیارم. دەبێ خۆم ئامادە بکەم و خەڵکی شار ئاگادار بکەمەوە، ئەوسا. دەبێ چل ڕۆژ چاوەڕێ بکەی بۆ ئەوەی تەدارەکی زەماوەند ساز بدەم)).

وەزیر هەر بیانووی گرت تا ئاخیری دەروێشی لە ماڵەوە وەدەرنا. دەروێش لە داخی کچەکە سەری هەڵگرت و ملی چۆڵ و بیابانی گرتەبەر. وەزیری ناپەسەن، کە دەروێشی بێ ئەنوای تەفرەداو هونەرەکەی لێ فێربوو، چووە لای پاشاو گوتی: ((ئەی پاشا، ئەو کردەوەی تۆ دەیزانی، منیش دەیزانم، بەڵام باش نییە تۆ

Scanned with CamScanner

هەمیشە ئەو کردەوەیە بنوێنی، تۆ پاشای پێ سووک دەبی، بەڵام بۆ ئەوەی لە بیرت نەچێتەوە کە من و تۆبەتەنێ بووین ئەم کردەوە دەکەین)).

پاشا گوتی: ((ڕاست دەڵێی!))

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم قسەیەدا تێپەڕی. ڕۆژێکیان وەزیر بە پاشای گوت: ((با بچینە ڕاووشکار بەڵام کەس لەگەڵ خۆمان نابەین: بۆ ئەوەی ئەگەر ویستمان بچینە پێستەی ئاژەڵێ یان باڵدارێ کەس نەبینێ)).

پاشا گوتی: ((زۆر باشە)).

بە دووقۆڵی ڕۆیشتن. کەم ڕۆیشتن، زۆر ڕۆیشتن، دوو سێ قۆناغیان بڕی. لەڕێگادا مامزێکیان دی. وەزیر ڕای کرد تیرێکی لە مامزەکەداو کوشتی. وەزیر بەپاشای گوت: ((ئێستا وەختی ئەوەیە بچیتە ناو پێستەی ئەم مامزە)).

پاشا لە ئەسپ دابەزی و چووە ناو پێستەی مامزەکە. وەزیریش یەکسەر چووە ناو پێستەی پاشاو بە ڕاکردن ڕۆیشت تا گەیشتە ئاوەدانییەك. خەڵك وایان زانی پاشایەو سەفیان لە پێش بەست.

وەزیر، کە ئێستا ببوو بە پاشا، ڕووی کردە خەڵکەکەو گوتی: ((من و وەزیرەکەم هاتبووینە ڕاووشکار. لە پڕ وەزیر دڵی وەستاو مرد. ئێستا سێ چوار کەستان وەرن و بەهاوکاری کەلەشەکەی ببەنەوە شارو بیدەنەوە ژن و منداڵی)).

خەڵك بەهاوکاری جەنازەی وەزیریان بردەوە شارو دایانەوە ژن و منداڵی. وەزیریش، کە چوو بووە پێستەی پاشا، یەکەو ڕاست ڕووی کردە کۆشکی پاشا. لەناو کۆشکی پاشادا بوو بە غەڵبە غەڵب و هەراو زەنا، گوتیان پاشا هاتەوە سەراپای دەربارو کاسەلێسەکان چوونە پێشوازی و ئیکلامیان بۆ کێشا و لەبەردەم کۆشکدا ڕکێبیان بۆ گرت و لە ئەسپ دایانبەزاند.

وەزیر یەکەو ڕاست چووە حەرەمسەرا. ژنە ئازیزەکەی پاشا، کە وەزیر مرخی لێ خۆش کردبوو، کە لە دوورەوە دیتی پاشا وادێ، چووە پێشوازی بەڵام کە نزیك کەوتەوە هەستی کرد ئەمە تەنیا ئەدگارو بەرگ و شێوەو ڕوخساری پاشای پێوەیە؛ بەڵام ڕەوشی پاشاو بۆنی پاشای پێوە نییە. نەیزانی چۆن بوو لەدڵەوە

بێزی لێ بووەوە. هەر چەندە وەزیر زیاتر لە ژنەکە نزیک دەکەوتەوەو میهرەبانی لەگەڵ دەنواند، ژنەکە زیاتر لەبەری هەڵدەهات و هەر بەلای دا نەدەچوو.

ئێستا با باسی پاشا بکەین.

پاشا کە چووە پێستەی مامزەکەو وەزیر چووە پێستەی پاشا، پاشا زانی وەزیر تەفرەی داوە. ترسا ئەوەك وەزیر تیرێکی لێ بداو بیکوژێو بەیەکجاری لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بۆیە دەرپەڕی و هەڵات. لەو ئاقاری دەچووە ئەو ئاقاری تا گەیشتە ناو دارستانێك. تووتییەکی مردوو لە ژێر درەختێك کەوتبوو، شادومان بوو، لەناو پێستەی مامزەکە هاتە دەرەوەو چووە ناو پێستەی تووتییەکەو لە شەققەی باڵی دا و چوو لەسەر درەختێك نیشت و تێکەڵی تووتیان بوو.

ڕۆژێکیان کەلەگەڵ تووتییەکان یاری دەکرد، دەچوونە سەر درەختەکان و دەهاتنە خوارەوە، دیتی ڕاوچییەك لەپەنا درەختەکان داوی دادەنایەوە. بە تووتییەکانی تری گوت کە ڕابکەن. هەموو تووتییەکان فڕین و ڕایان کرد، بەڵام خۆی دابەزییە سەر زەوی و وەك ئەوەی هیچ ئاگای لە داودکە نەبێ بەدەم چینەکردنەوە چوو تا بە داوی ڕاوچییەوە بوو.

ڕاوچی کەیفخۆش بوو. تووتییەکەی گرت. تووتی سەیری کرد، دیتی شێوەی ئەم ڕاوچییە دەکا. لە مێشکی خۆیدا هەڵگێڕو وەرگێڕی کرد بە بیری هاتەوە بەڵێ ئەمە هەمان دەروێشە کە فێری کراس گۆڕینی کرد. بەڵام هیچ بەسەر خۆی نەهێناو هەر هێندە گوتی: ((ئەگەر دەتەوێ سوودم لێ وەربگری بمبە فلانە شارو بە پاشای ئەوێم بفرۆشە)).

ڕاوچی دیتی ئەو شارەی ئەو دەڵێ کچی وەزیری لێیەو ئاشنایەتی لەگەڵ پاشای ئەو شارەش هەیە. قسەی تووتی تروسکایی ئومێدی خستە دڵ و گوتی: ((ڕاست دەکا دەچمە ئەوێ وتووتییەکە لەوێ دەفرۆشم و ئەگەر کرا لای پاشاش شکات لە وەزیر دەکەم)).

تووتییەکەی هەڵگرت و بردییە شار.کەو چووە لای پاشا. پاشا، کە وەزیرە نارەسەنەکە بوو، هەوەسی بە تووتییەکە هات و کڕی.

ڕاوچی هەوەسی بەپاشا نەهات و شکی پەیدا کرد ئەمە نابێ پاشای جاران بێ، ئەمە ڕەوشت و کردەوەی لەهی وەزیر دەکا. بەسەر خۆی نەهێنا. تووتییەکەی دایە، سەد درهەمی وەرگرت و ڕۆیشت.

پاشا دەست بەجێ نۆکەرێکی بانگ کردو تووتییەکەی بۆ ژنەکەی نارد بۆ ئەوەی دلی پێ بکرێتەوە.

کاتێ توتی چاوی بەژنەکەی کەوت زۆر شادومان بوو بەلام سەیری کرد ژنەکەی زۆر لاواز بووەو بێ کەیف و زەوقە.

تووتی گوتی: ((خانم، ئەوە بۆ چی مێشکت هێندە ماندووە؟ بۆ وا لاوازی؟))

ژنە گوتی: ((بیبی تووتی، هەردەستم لێ مەدە، دەردم گرانەو ناتوانم دەردی خۆم بەکەس بلێم)).

تووتی گوتی: ((بەمنی بلێ)).

ژنە گوتی: ((ئاخر تۆ هیچت لەدەست نایە)).

تووتی گوتی: ((تۆ بلێ بەلکو شتێ بکرێ، دەبلێ!))

تووتی هەر گرنەگەی داگرت و ژنە هەر ملی نەدا، تا لەدیماهیدا ژنە گوتی: ((بیبی تووتی، من ژنی پاشا بووم. پاشام زۆر خۆش دەویست و هەمیشە دلم پێوە بوو. ڕۆژێکیان کەپاشا لەگەل وەزیر چووبووە ڕاو، خەبەریان هێنا وەزیر دلی ڕاوەستاوەو مردووە. پاشا بەتەنیا هاتەوە. دیتم ڕەوش و بۆنی پاشای پێوە نییە. زانیم ئەم ماستە موویەکی تێدایە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا مانگێک دەبێ شەوو ڕۆژ هەدادانم نییە، هەر بیردەکەمەوە. ئەم کابرایەش هەرچی کردوویە بۆ ئەوەی من دەستەمۆ بکا بۆی نەچۆتە سەر. هەموو ئارەزووم ئەوەیە لێرە ڕزگارم ببێ)).

تووتی گوتی: ((خانم، وەرە من بۆن کە، بزانە بۆنی مێردی تۆم لێ دێ)).

ژنە هاتە پێش و تووتی بۆن کردو مات بوو، گوتی: ((ئۆی، ئۆی، بۆنی پاشا خۆیەتی!))

تووتی گوتی: ((ئەمشەو کەهاتە لات یەکەم جار دەرگەی قەفەس بکەوە، ئینجا نەختێ بەڕووی پێبکەنەو ڕووی بدەرێ. پاشان ئەو لێت دەپرسێ: ((چت دەوێ؟))

بلێ: ((دەمەوێ وەکو هەموو جارێ ڕازو نهێنییەکانت بزانم. تۆ دوای ئەوەی کە لە ڕاو هاتیتەوە لەگەڵ من وەکو جاران نەماوی)).

ئەوسا دەڵێ: ((نە وەکو جاران ماوم)).

بلێ: ((ئەگەر ڕاست دەکەی ئەو هونەرەی لە دەروێش فێری بووی، فێری منیشی بکە)). کە ڕەزامەندی پیشان دا، تۆ ئەوەی تر بۆ منی لێ گەڕێ.

(تووتی چی گوت)ژنی پاشا وای کرد. کە وەزیر ڕەزامەندی پیشان دا هونەرەکەی فێر بکا، ژنە چوو سەگێکی ڕەشی هێناو کوشتی. وەزیر لە پێستەی پاشا هاتە دەرەوەو چووە ناو پێستەی سەگەکە.

پاشاش یەکسەر لەناو پێستەی تووتی هاتە دەرەوەو چووەوە ناو پێستەی خۆی و گوتی: ((ئەی وەزیری ناڕەسەن، تەفرەت دام وئیلت لێ کردم، ئێستاش سزات ئەوە بێ تا ماوی ئەم سەگە ڕەشە بیت)).

ژنە زۆر شادومان بوو. پاشا لە دوو دەروێشی نارد. کە دەروێش هات، پاشا سەر بردەکەی بۆ دەروێش گێڕایەوە. دەروێشیش پێی گوت دڵی بە کچی وەزیرەوەیە.

پاشا دەروێشی کرد بە وەزیری خۆی و کچی وەزیری پێشووی بۆ هێنا. وەزیری ناجسنیشی، کە ببو بە سەگ، لەبەردەم تەویلە بەستەوە و ڕۆژێ پارچە ئیسکێکیان دەهاویشتە بەری.

پاشا ساڵەهای ساڵ لەگەڵ ژنەکەی بە خۆشی و شادی ژیا.

چووینە سەرەوە نارد بوو

هاتینە خوارەوە هەویر بوو

هەقایەتی ئێمەش ئەمە بوو.

هەقایەتەکەمان تەواو بوو. هیوادارم خەم و خەفەتیشمان تەواو بێ![1]

گێڕ ئەوەی سودابە غولامی، ١٦ ساڵ

دێی: سمنگان کنگاور

# ٤٠- شێرو کەرمشێر

هەبوو، هەبوو، هەبوو، کابرایەکی لادێیی هەبوو، ویستی باراش بباتە ئاش بیهاڕێ. باراشی لە ولاغان بارکردو کەوتە ڕێ. گەیشتە ناو دارستانێك. یەکێ لە کەرەکان کە چاوی بە گیاو گوڵی دارستان کەوت، ویستی لەوێ بمێنێتەوەو بلەوەڕێ و بۆ خۆی کەیف بکا. ئەوەندەی کابرای لادێیی هەوڵی دا، کەرەکە لەگەڵ خۆی ببا، نەیتوانی. کەرەکە خۆی بە زەوی داداو هەڵنەستا. ئاخری کابرا تووڕە بوو و گوتی: ((با لێرە بمێنێ و گورگ بیخوا.))

باری لە کەرەکە کردەوەو لە ولاغێکی تری بارکردو ڕۆیشت. کەرەکەش لەناو دارستان مایەوە. گیای دەخواردو کەیفی دەکرد.

شێرێك لەو دارستانە دەژیا، خۆی بەشای دارستان دەزانی. ڕۆژێکیان شێرەکە بەوێدا هات و چاوی بەکەرەکە کەوت، واقی وڕما: ئەمە چ جانەوەرێکە زاتی کردووە پێ بخاتە ناو دارستانی من. چووە پێش و گوتی: ((تۆ کێی؟))

کەر گوتی: ((خۆت کێی؟))

شێر گوتی: ((من خاوەنی ئەم دارستانەم و ئێرە موڵکی منەو کەس مافی نییە بە بێ ڕوخسەتی من پێ بخاتە ئێرە و لێرە بلەوەڕێ.))

کەر بە پێکەنینەوە گوتی: ((بفەرموون، ئێوە کێن؟))

شێر گوتی: ((من شێرم شێر!))

کەریش بە بایی بوونەوە گوتی: ((منیش کەرمشێرم، کەرمشێر.))

شێر زراوی لە زات و ئازایەتی کەر چوو و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمە لەمن بەهێزو تواناترەو شای دارستان ئەم جانەوەرە خۆیەتی. جا بە پاڕانەوە گوتی: ((من دەبم بە نۆکەری تۆ!))

کەر قبووڵی کردو بە شێری گوت: ((بەمەرجێك! ئەگەر سێ هەڵمەت لێ بەدو بدا دەتخۆم.))

شێر گوتی: ((باشە!))

چەند ڕۆژێکی پێ چوو کەرەکە گیای دەخواردو کەیفی دەکرد. بەڵام شێر گیای پێ نەدەخورا. ڕۆژێ بە پاڕانەوە گوتی: ((ئەی کەرمشێر، برسیم. من ناتوانم وەکو تۆ گیا بخۆم. من خواردنم گۆشتە.))

کەر سەری لەقاندو گوتی: ((باشە، وەرە بچین شتێکت بۆ پەیدا بکەم، بخۆی.))

ڕۆیشتن لە ڕێگادا گەیشتنە ڕووبارێك.

شێر بەکەری گوت: ((ئێوە فەرموون پێش کەون!))

بەڵام کەر بە شێری گوت: ((نەخێر، تۆ بە پێش کەوە!))

شێر ڕۆیشت. بەڵام کەرەکە لەناو قوڕ چەقیو خەریك بوو بتۆپێ، شێر هات و نەجاتی دا.

کەر بە تووڕەیی بە شێری گوت: ((ئەمە هەڵەیەك. ئەگەر دوو هەڵەی تر بکەی دەتخۆم.))

شێر گوتی: ((باشە!))

ماوەیەك ڕۆیشتن. کەر شەکەت و ماندوو بوو وپاڵیدایەوە. دارێکی نووك تیژ لە پشتی چەقی و خوێن فیچقەی کرد. کەر لەبەر ئازاری لەشی خۆی دەیناڵاند. شێر هات دارەکەی لە پشتی کەر هێنایە دەرێ.

کەر دووبارە بەرغەبابەی پف کردو گوتی: ((ئەمە دوو هەڵە. هەڵەی سێیەم بکەی دەتخۆم.))

ڕۆژی پاشی کەر خورشت لەسەری داو ویستی سەری خۆی بخورێنێ. سەری لە چلە دارێك گیری خواردو بۆی دەرنەهات، خەریك بوو بتۆپێ، بەڵام شێر فریای کەوت و نەجاتی دا.

کەر گوتی: ((ئەمە هەڵەی سێیەم. ئێستا دەبێ بتخۆم.))

شێر لە ترسان ڕای کردو کەر کەوتە شوێنییەوەو هەر هاواری دەکرد: ((ڕاوەستە، کوێوە دەچی؟ خلکت دەبەستن و بۆ منت دێننەوە.))

شێر، کە بە ڕاکردن لە دەست کەر هەڵدەهات، تووشی ڕێوی بوو. ڕێوی سڵاوی

کردو گوتی: ((ها جەنابی شێر چ بووە؟ بۆ ڕادەکەی؟))

شێر بە ترس و لەرزەوە بە ڕێوی گوت: ((کەرەمشێر کەوتۆتە دوام دەیەوێ بمخوا.))

ڕێوی گوتی: ((عەفووی فەرموو! وەرە کلکمان لێك گرێ بدەین و بەمە ڕێگای لێ بتەنین بۆ ئەوەی ساتمەی لێ بکات و بەربێتەوە. کەبەربووەوە بیکوژین.))

کلکیان لێك گرێ دا. کە کەر گەیشتە لایانەوە، ڕووی کردە شێرو گوتی: ((ئەمگوت بە کلك بەسراوی دەتهێننەوە حزوورم. ڕاوەستە، هەر ئێستا دەتخۆم.))

شێر لە ترسان؛ لەپڕ وزاقێکی بەست و کلکی ڕێوی لێ کردەوەو دەرپەڕی هەڵات.

گێڕانەوەی: مورتەزا مرادی،١٧ ساڵە
گوندی: مجنون کرماشان

# ٤١- جووکە جووک

هەبوو، نەبوو لە دێر زەمانەو، ژن و مێردێک هەبوون، دوو منداڵیان هەبوو. لەگەڵ منداڵەکان پێکەوە دەژیان. لەچەرخی چەپگەرد، ژنە مردو کابرا ژنێکی دی هێنا. خوشك و برا بە تەنێ مانەوە. باوەژن کەیفی بە کوڕەکە نەدەهات. ملی لەبەر ملی نابوو. چەند مانگێکی پێ چوو، ڕۆژێکیان ژنەکە بە کابرای گوت: ((پیاویژگە، مەگیرانیم بە گۆشتی کوڕەکەت کردووە. دەبێ سەری بڕی و بیدەی بیخۆم.))

کابرا گوتی: ((ئاخر داکت چا، بابت چا، چۆن دەکرێ سەری کوڕی خۆم بڕم و تۆ بیخۆی؟))

ژنە گوتی: ((یان تەلاقم دە، یان سەری کوڕەکەتم بۆ بڕە.))

ئەنجام، کابرا ڕازی بوو. بە بیانووی سەرگین کۆکردنەوە کچەکەی نارده ئاقارو کوڕەکەی بردە تەویلە و سەری بڕی. کەلەشی کوڕەی خستە ناو مەنجەڵێکی گەورەو لەناو تەندووری دانا بۆ ئەوەی بکوڵێ. کە خوشك لەئاقار هاتەوە، باوەژن پێی گوت: ((لە دیار تەندوور دانیشەو سەرگینی تێ باوێ.))

خوشکە ماوەیەك بەم کارەوە خەریك بوو. بەرە بەری نیوەڕۆ سەری مەنجەڵەکەی هەڵدایەوە بۆ ئەوەی بزانێ بۆ فراوین چییان هەیە؟ پەنجەی بەخەنەو سەری برای لەناو مەنجەڵەکەدا دی و وردە وردە دەستی بەگریان کرد. کە نیوەڕۆ داهات فراوینی نەخوارد. ئێسك و پروسکی برای کۆکردەوەو بە عەترو گوڵاو شوشتی و لەناو باخچە لە ژێر بنە گوڵێك ناشتی. دوای ماوەیەك ئێسك و پڕوسکەکە بوو بە باڵندەیەك و لە شەققەی باڵی داو ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت، چوو لەسەر بانی دوکانێك نیشت و دەستی بە خوێندن کرد:

جیك جیك جیك هاتوومەتەوە
چیاو قەد پاڵ گەڕاوم
باوەژنی بەدکارو بێ ویژدان
دڵی چووە گۆشتی من
باوکی قورمساغم سەری بڕیم
خوشکی بێچارەم، دڵ سووتاوو دڵ برژاو،
بەعەترو گوڵاو شووشتمی
لە ژێر بنە گوڵدا ناشتمی.

دوکاندار گوتی: ((ئەی باڵندە، تۆ چەند خۆش دەخوێنی! خوێندنەکەت دووبارە کەوە.))

باڵندەکە گوتی: ((دەستە سووژنێکم بدەری تا دووبارەی بکەمەوە.))

دەستە سووژنێکی وەرگرت و لە شەقەی باڵی داو ڕۆیشت. ڕۆیشت ڕۆیشت، چوو لەسەر دیواری پینە دۆزێك نیشت و دەستی بە خوێندن کرد:

جیك جیك جیك هاتوومەتەوە
چیاو قەد پاڵ گەڕاوم
باوەژنی بەدکارو بێ ویژدان
دڵی چووە گۆشتی من
باوکی قورمساغم سەری بڕیم
خوشکی بێچارەم، دڵ سووتاوو دڵ برژاو،
بەعەترو گوڵاو شووشتمی
لە ژێر بنە گوڵدا ناشتمی.

پینەدۆز گوتی: ((ئەی باڵندە، تۆ چەند خۆش دەخوێنی! خوێندنەکەت دووبارە بکەوە!))

باڵندەکە گوتی: ((دەستە سووژنێکی جوالدووم بدەری تا دووبارەی بکەمەوە.))

Scanned with CamScanner

باڵندە، یەک دەستە سووزنی جواڵدرووی وەرگرت و لە شەقەقەی باڵی داو ڕۆیشت. ڕۆیشت ڕۆیشت چوو لەسەر بانی دوکانی حەلوا فرۆشێک دەستی بە خوێندن کرد.

جیک جیک جیک هاتوومەتەوە
چیاو قەد پاڵ گەڕاوم
باوەژنی بەدکارو بێ ویژدان
دڵی چووە گۆشتی من
باوکی قورمساغم سەری بڕیم
خوشکی بێچارەم، دڵ سووتاوو دڵ برژاو،
بەعەترو گوڵاو شووشتمی
لە ژێر بنە گوڵدا ناشتمی.

حەڵوافرۆش گوتی: ((ئەی باڵندە، تۆ چەند خۆش دەخوێنی! خوێندنەکەت دووبارە بکەوە!))

باڵندەکە گوتی: ((کووزە نەباتێکم بدەرێ تا دووبارەی بکەمەوە.))

کووزە نەباتەکەی وەرگرت و لە شەقەقەی باڵی داو ڕۆیشت. ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە سەر زەوی و شینایی باوکی. لەوێ نیشت و دەستی بە خوێندن کرد:

جیک جیک جیک هاتوومەتەوە
چیاو قەد پاڵ گەڕاوم
باوەژنی بەدکارو بێ ویژدان
دڵی چووە گۆشتی من
باوکی قورمساغم سەری بڕیم
خوشکی بێچارەم، دڵ سووتاوو دڵ برژاو،
بەعەترو گوڵاو شووشتمی
لە ژێر بنە گوڵدا ناشتمی.

Scanned with CamScanner

باوکە تێ گەیشت و بەترسەوە گوتی: ((چ دەڵێی؟ چ دەڵێی؟))
باڵندەکە گوتی: ((زارت بکەوەو چاوەکانت بنووقێنە تا پێت بڵێم.))
باوکی چاوەکانی نووقاندو زاری کردەوە. باڵندەکە یەک دەستە سووژنی لە زاری ڕاکردو کوشتی و لەشەققەی باڵی داو ڕۆیشت، چوو لەسەر بانی ماڵی خۆیان نیشت. باوەژن خەریکی جل شووشتن بوو.
باڵندەکە دەستی بە خوێندن کرد:

جیک جیک جیک هاتوومەتەوە
چیاو قەد پاڵ گەڕاوم
باوەژنی بەدکارو بێ ویژدان
دڵی چووە گۆشتی من
باوکی قورمساغم سەری بڕیم
خوشکی بێچارەم، دڵ سووتاوو دڵ برژاو،
بەعەترو گوڵاو شووشتمی
لە ژێر بنە گوڵدا ناشتمی.

باوەژن گوتی: ((چ دەڵێی؟ چ دەڵێی؟))
باڵندەکە گوتی: ((زارت بکەوەو چاوەکانت بنووقێنە تا پێت بڵێم.))
باوەژن زاری کردەوەو چاوەکانی نووقاندو باڵندەکە یەکسەر یەک دەستە سووژنی جواڵدرووی ڕشتە ناو زاری باوەژن و ئەویشی کوشت و لەشەققەی باڵی داو ڕۆیشت. ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە خوشکی، وردە وردە دەستی بە خوێندن کرد:

جیک جیک جیک هاتوومەتەوە
چیاو قەد پاڵ گەڕاوم
باوەژنی بەدکارو بێ ویژدان
دڵی چووە گۆشتی من
باوکی قورمساغم سەری بڕیم

خوشکی بێچارەم، دڵ سووتاوو دڵ برژاو،
بەعەترو گوڵاو شووشتمی
لە ژێر بنە گوڵدا ناشتمی.

خوشکی گوتی: ((ئەی باڵندە، تۆ چەند خۆش دەخوێنی! ئەم جارەش بۆم بخوێنە: دڵم تەنگە)). ئیدی دەستی بە گریان کرد.

باڵندەکە گوتی: ((چاوەکانت بنووقێنەو زارت بکەوە تا دووبارە بۆت بخوێنم.))

خوشکی چاوەکانی نووقاندو زاری کردەوە. باڵندەکە کوورزە نەباتێکی هاویشتە ناو زاری خوشکی و فڕی و ڕۆیشت.

گێڕانەوەی: خاس مراد ئیسماعیلی، ١٧ ساڵە
گوندی: سەنگان کنگاوەر.

# ٤٢- توولە

هەبوو نەبوو سێ خوشك هەبوون، هەموو سامانیان پەیژەیەك و دەستارێك و توولەیەك بوو.

خوشکی گەورە پەیژەکەی هەڵگرت و گوتی: ((ئەمە شتی چاکە، بیدەن بەمن، هەر کەسێکی ئیشی خۆی پێ جێ بەجێ بکا، نانێکم دەداتێ.))

خوشکی (ناوەنجی)دەستارەکەی بردو گوتی: ((ئەمەش شتی چاکە، بیدەن بەمن، هەر کەسێکی گەنمی پێ لێ بکاو بیکاتە بڕوش، لەواشە نانێکم دەداتێ.))

خوشکی گچکەش توولەکەی بردو گوتی: ((هەم خۆم نان خۆرم و هەم توولەکەم.))

توولە بە کچەکەی گوت: ((سەخڵەت مەبە، من لێ ناگەڕێم تۆ برسی بیت.))

بە دوو قۆڵی ملی ڕێیان گرت و چوون گەیشتنە کاولگەیەك. توولەکە فیتە بە دەورێکی لێ داو توێشە بەرەیەکی پەیداکرد، هەڵی گرتەوەو بە ملی خۆی وەکردو چووە ماڵی پاشا. هەر چێشت و خواردنێکی دی خستییە ناو توێشە بەردکەو گەڕایەوە کاولگەکە.

کچە نانەکەی خواردو لەگەڵ توولەکەیدا لەناو کاولگەکە ڕاکشاو نووست. ماوەیەك ئیش و کاریان ئەوە بوو - توولەکە دەچووە ماڵی پاشاو خواردنی دەهێناو دەیانخوارد، تا نۆکەرەکانی پاشا بە توولەکەیان زانی. چوون خەبەریان دایە کوڕی پاشا. کوڕی پاشا دیتی هەموو ڕۆژێ توولەیەك دێتە ماڵیان، هەندێ خواردن هەڵدەگرێ ودەیخاتە ناو توێشە بەرەو دەڕوا. دوو بە دووی توولەکە چوون تا گەیشتنە کاولگەکە. توولەکە چووە ناو کاولگەکە و کوڕی پاشایش بە دوویدا چووە ژوورێ. دیتی کچێکی جوان بە جل و بەرگێکی کۆن و دڕاوەوە لە گۆشەیەك کز دانیشتووە. کوڕە نە بە دڵێك بەسەد دڵ ئەشقی کچەکە بوو و داوای

لێ كرد لەگەڵی بێتە كۆشكی پاشاو زەماوەندی لەگەڵ بكا.

كچەكە ڕازی بوو، بەڵام بەو مەرجەی تووڵەكەش لەگەڵ خۆیان ببەن. چوونە كۆشكی پاشاو زەماوەندیان كرد.

دوای ماوەیەك، دایكی كوڕە هەر دەیگوت: ((كچەكە، كەس نازانێ تۆ لە كوێ هاتووی؟ نەباوكت هەیەو نە دایك، نە برات هەیە و نە خوشك. لەوانەیە كچێكی بەرەڵلاو غوربەتی بیت!))

كچەكە زۆر نارەحەت بوو. دەستی بە گریان كرد. تووڵەكە پێی گوت: ((خەم مەخۆ دایك و برات بۆ پەیدا دەكەم.)) ڕۆیشت و لەكاتی ڕۆیشتندا بە كچەكەی گوت: ((تا من دێمەوە زوو زوو برۆ سەربان و ئەگەر گوتیان بۆ چی هێندە دەچیتە سەربان. بڵێ دڵم ئۆقرە ناگرێ، دڵم خەبەری داوە براكانم دێن.))

تووڵەكە ڕۆیشت تا گەیشتە ماڵە لادێییەك. شەو بوو، چووە ژوورەوە. خۆی لە گۆشەیەك شاردەوە. سبەینێ زوو دیتی حەفت كوڕ لەخەو ڕابوون. سەبەتێكی گەورە لەسەر تەختە بوو، یەك یەك ماچیان كردو بۆ ڕاووشكار دەرچوون. تووڵە چوو سەیری ناو سەبەتەكەی كرد. پیرەژنێكی تێدابوو دوا هەناسەی بوو، لەسەرەمەرگ بوو. كوڕەكان هێشتا لە ڕاووشكار نەهاتبوونەوە، پیرە دایكیان مرد. تووڵەكە چووە ناو سەبەتەكەو خۆی لەژێر لێفەنا.

كاتێ كوڕەكان لە ڕاووشكار هاتنەوەو ویستیان سەبەتەكە ماچ بكەن، تووڵەكە دەنگی خۆی گۆڕی و گوتی: ((كوڕەكانم، من دوامینی عومرمە و خەریكم دەمرم. یەك ئارەزووم هەیە: بڕۆن سەر لە خوشكی تاقانەتان بدەن كە ژنی كوڕی پاشایە و لەحاڵ و گوزەرانی بپرسن بۆ ئەوەی لای خاوو خێزانی مێردەكەی زگی بە خۆی نە سووتێ و هەست بە بێ كەسی نەكا.))

كوڕەكان نارەحەت بوون و گوتیان: ((ئەی بۆ چی تا ئێستا پێت نەگوتووین كە خوشكێكمان هەیە؟))

تووڵەكە گوتی: ((تا ئێستا خۆم سەرم لێ دەدا، بەڵام ئێستا كە من خەریكە دەمرم، ئیتر ئەركی سەر شانی ئێوەیە كە ئەم كارەبكەن.))

Scanned with CamScanner

کوڕەکـان گفتیـان دا یەکسـەر بچنـە سـەردانی خوشـکیان و لـە ماڵـەوە بـۆی دەرچـوون. توولـەش لـەناو سـەبەتەکە هاتـە دەرەوەو بـە پێشیان کـەوت و ڕوویـان کردە ماڵی پاشا.

کچە لەسەربانەوە چاوی پێ کەوتن و زانی تـوولەی وەفاداری وەك بەڵێنی پێ دابوو، برای بۆ پەیدا کردوون و هێناوینی. چوو خەبەری دایـە مێردی گوتـی: ((براکانم هاتن.))

هـەموو چوونـە پێشـوازیان و چـەند مـەڕو مانگایـان لەبـەر پـێ سـەر بڕیـن و کردیانە قوربانی.

براکان چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوە. ئینجا خوشکیان ماچ کردو گەڕانەوە.

دوای چەند ڕۆژێك توولەکە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە گوتـی: من زۆرم ڕەنج بۆ ئەم کچە کێشاوە، با بزانم قەدری من دەزانێ، یان نا؟

تولەکە ویستی کچە تاقی بکاتـەوە.... بۆ ئەم مەبەستە خۆی مراند و لەتەك حەوز لنگی ڕاکێشا. خەبەریان دایە کچە گوتیان توولەکەت مردووە. کچە هاتە ژوورسەری توولەو بە بێ تاقـەتی سـەرە سمکێکی لـە توولەکەداو گوتی: ((کلکی بگرن و تێی هەڵدەنە دەرەوە.))

تروولەکە کە ئەم قسەیەی بیست، هێدی سەری قیت کردەوەو گوتی: ((هەی بێ وەفا، کەمم چاکە لـەگەڵ کـردی؟ لـەباتی ئـەو هـەموو ڕەنجەی لەگەڵم کێشای، بەم جۆرە ڕەفتارم لەگەڵ دەکەی؟))

کچە لـە خـۆی تـەریق بـووەوەو دەسـتی بـە گریـان کـردو بـە توولـەی گوت: ((بمبوورە، نەمزانی.))

پەشیمان بووەوە گوتی: ((ئابڕووم مەبە!))

توولـە لێـی قبـووڵ کـرد. بـەڵام پـاش چـەند ڕۆژێـك، توولەکـە بەڕاستی مردو خەبەریان دایە کچە.کچە چووە سەرینگانی توولەو شیوەنی بۆ گێڕاو بە گڵەسەر شووشتی و پەمۆی لێ پێچاو بەڕێزەوە خستییە ناو سندووقێك و قوفڵی دا.

ڕۆژێ پاشی کوڕی پاشا داوای کلیلی سندووقەکەی کرد بۆ ئەوەی بزانێ چی

تێدایە؟

کچەکە ترسا نەوەك مێردەکەی توولەکە لەناو سندووقەکە ببینێ، پاش پێداگرتنێکی زۆر ئینجا کلیلەکەی دایە.

کوڕی پاشا سەری سندووقەکەی کردەوە، بینی توولەیەکی زێرینی زۆر جوان لەناو سندووقەکەدایە. کوڕە واقی وڕماو لە کچەی پرسی: ((ئەم توولە زێرینە هی تۆیە؟))

کچە هێور بووەوە، وەفاداریی توولەی کەوتەوە دڵ و بەکوڕی پاشای گوت: ((ئەم توولە زێڕینە، براکانم بەدیاری بۆیان هێنام.))

بەم جۆرە توولەکە تا دوا هەناسەی ژیانی وەفای بۆ کچەکە هەبوو ودوای مردنیشی ئابڕووی کچەی پاراست.

تەواو بوو، توولە لەناو سندووق بوو.

گێڕانەوەی:میرزا مراد فشی،

گوندی: فش کنگاوەر

کورەکان گفتیان دا یەکسەر بچنە سەردانی خوشکیان و لە ماڵەوە بۆی دەرچوون. توولەش لەناو سەبەتەکە هاتە دەرەوەو بە پێشیان کەوت و ڕوویان کردە ماڵی پاشا.

کچە لەسەربانەوە چاوی پێ کەوتن و زانی توولەی وەفاداری وەك بەڵێنی پێ دابوو، برای بۆ پەیدا کردوون و هێناوینی. چوو خەبەری دایە مێردی گوتی: ((براکانم هاتن.))

هەموو چوونە پێشوازیان و چەند مەڕو مانگایان لەبەر پێ سەر بڕین و کردیانە قوربانی.

براکان چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوە. ئینجا خوشکیان ماچ کردو گەڕانەوە.

دوای چەند ڕۆژێك توولەکە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە گوتی: من زۆرم ڕەنج بۆ ئەم کچە کێشاوە، با بزانم قەدری من دەزانێ، یان نا؟

تولەکە ویستی کچە تاقی بکاتەوە.... بۆ ئەم مەبەستە خۆی مراند و لەتەك حەوز لنگی ڕاکێشا. خەبەریان دایە کچە گوتیان توولەکەت مردووە. کچە هاتە ژوورسەری توولەو بە بێ تاقەتی سەرە سمکێکی لە توولەکەداو گوتی: ((کلکی بگرن و تێی هەڵدەنە دەرەوە.))

توولەکە کە ئەم قسەیەی بیست، هێدی سەری قیت کردەوەو گوتی: ((هەی بێ وەفا، کەمم چاکە لەگەڵ کردی؟ لەباتی ئەو هەموو ڕەنجەی لەگەڵم کێشای، بەم جۆرە ڕەفتارم لەگەڵ دەکەی؟))

کچە لە خۆی تەریق بووەوەو دەستی بە گریان کردو بە توولەی گوت: ((بمبوورە، نەمزانی.))

پەشیمان بووەوە گوتی: ((ئابڕووم مەبە!))

توولە لێی قبووڵ کرد. بەڵام پاش چەند ڕۆژێك، توولەکە بەڕاستی مرد. خەبەریان دایە کچە.کچە چووە سەرینگانی توولەو شیوەنی بۆ گێڕاو بە گڵەسەر شووشتی و پەمۆی لێ پێچاو بەڕێزەوە خستییە ناو سندووقێك و قوفڵی دا.

ڕۆژێ پاشی کوڕی پاشا داوای کلیلی سندووقەکەی کرد بۆ ئەوەی بزانێ چی

تێدایە؟

کچەکە ترسا نەوەک مێردەکەی توولەکە لەناو سندووقەکە ببینێ، پاش پێداگرتنێکی زۆر ئینجا کلیلەکەی دایە.

کوڕی پاشا سەری سندووقەکەی کردەوە، بینی توولەیەکی زێڕینی زۆر جوان لەناو سندووقەکەدایە. کوڕە واقی وڕماو لە کچەی پرسی: ((ئەم توولە زێڕینە هی تۆیە؟))

کچە هێور بووەوە، وەفاداریی توولەی کەوتەوە دڵ و بەکوڕی پاشای گوت: ((ئەم توولە زێڕینە، براکانم بەدیاری بۆیان هێنام.))

بەم جۆرە توولەکە تا دوا هەناسەی ژیانی وەفای بۆ کچەکە هەبوو ودوای مردنیشی ئابڕووی کچەی پاراست.

تەواو بوو، توولە لەناو سندووق بوو.

گێڕانەوەی: میرزا مراد فشی،

گوندی: فش کنگاوەر

Scanned with CamScanner

# ٤٣- لبادۆکە

ئەی برا دووربی لە خراپە،
چەهچەهەی بولبول، نالەیی قومری،
سەردە سێری: گەرمە سێری،
کابرایەك هەبوو، ژنی مرد بوو.
ئەو کابرایە کچێکی هەبوو. کچە هەر جەختی دەکرد دەیگوت: ((باوکە، ژن بێنە، من شل و شەکەت بووم!!))
باوکی گوتی: ((ئەگەر ژنێ هەبێ پێلاوی دایکت یەك بە پێی بێ من دەیهێنم.))
کچە بە ڕۆژ پێلاوی دایکی لەم ماڵ و لەو ماڵ دەگێڕا بۆ ئەوەی بزانێ پێلاوەکە یەك بە پێی کێیە؟
چەند ڕۆژێك،چەند حەفتەیەك ئەمە کارو پیشەی بوو، بەلام کەسی نەدۆزییەوە پێلاوەکە یەك بە پێی بێ. ڕۆژێکیان باوکی گوتی: ((کچم، خۆت پێلاوەکە لە پێ کە.))
کچەکە گوتی: ((ئەگەر یەك بە پێی من بێ، من دێنی؟))
باوکی گوتی: ((چارەم نییە (هەر دەبێ بتهێنم.)))
کچە پێلاوەکەی لە پێ کردو یەك بە پێی دەرچوو. زۆر ترسا. پرسیاری لەخۆی دەکرد: چۆن دەبێ من ببم بە ژنی باوکم؟
لەولاوەش باوکی جەختی دەکرد کە هەر دەبێ ببی بە ژنی ئەو.
کچەکە گوتی: ((بە دوو مەرج - یەکێ ئەوەیە بچی ڕازو سازو دەهۆڵسازم بۆ بێنی و ئەوەی تریش ئەوەیە دەستە بەرگێکم لەپەردەی کاکڵە گوێز بۆ دروست بکەی.))
باوکی سەری هەڵگرت و ڕۆیشت. کچە هەستا چووە لای دارتاشێك و گوتی:

سندووقێکم بۆ دروست بکە هیچ کونی تێدا نەبێ. ئینجا چووە لای پەڕەچی و گوتی: دەستە بەرگێکم لە لباد بۆ دروست بکە کە دەست و پێو زارکی هەبێ. کە کچە گەڕایەوە ماڵێ باوکی دەستە بەرگێکی لەپەردەی کاکڵە گوێز بۆ هێنابوو.

مایەوە سازو دەهۆڵ. ئیدی باوکی نارد بۆ ئەوەی سازو دەهۆڵسازو ڕازی بۆ بێنێ.

لەو لاوەش کچە ئەو دەستە بەرگەی لەبەر کرد کە باوکی بۆی هێنابوو ولبادەکەشی لەسەر هەڵکێشا. سندووقەکەی بردە ڕۆخ ڕووبارو چووە ناو سندووقەکەو سندووقەکەی بەئاودا هێلا. سندووقەکە هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شوێنێ ئاو دەچووە ناو باغی پاشا. سندووقەکە بەری ئاوی گرت. کوڕی پاشا بەخۆو بە نۆکەرانی لە کۆشکێ هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانن بۆ چی ئاو نایە. دیتیان سندووقێك بەری ئاوی گرتووە. سندووقەکەیان دەرهێناو کردیانەوە. شتێکی سەیرو سەمەرە لەناو سندووقەکە هاتە دەرەوە.

کوڕی پاشا گوتی: ((تۆ ئادەمی، ئادەمیزادی؟ یان پەری، پەریزادی؟))

کچەکە گوتی: ((من ئادەمی و ئادەمیزادم!))

کوڕی پاشا کچەکەی بردەوە ماڵێ. دایك و باوکی گوتیان: ((ئەمە چ شتێکە تۆ هێناوتەوە ماڵێ؟))

کوڕە گوتی: ((سکم پێ سووتاو هێنامەوە ماڵێ. بۆ بەخێو کردنی منداڵان باشە.))

بەکورتی، کچە لە ماڵی پاشادا گیرسایەوەو ناویان لێنا لبادۆکە. لبادۆکە بە ڕۆژ منداڵەکانی بەخێو دەکرد.

چەند ڕۆژو چەند مانگ، پێ چوو. شەوێکیان هەموو خانەوادەی ماڵی پاشا ویستیان بچنە سەر ئاهەنگ، و لبادۆکەیان لای منداڵان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن. لبادۆکە منداڵەکانی خەواند و لبادەکەی لەسەر خۆی داکەلاندو بەو دەستە بەرگەی باوکی بۆی هێنابوو چووە کۆڕی ئاهەنگەکە. هەموو میوانەکان بە بینینی ئەم کچە جوان و سپی پۆشە شاش و مەندەهۆش بوون. کوڕی پاشا داوای لێ کرد

سەمای لەگەڵ بکا. لە حانی سەماکردندا لبادۆکە ئەنگوستیلەی خۆی لەگەڵ ئەنگوستیلەی کوڕی پاشا گۆڕییەوە. کە ئاهەنگ تەواو بوو لبادۆکە پێش هەموویان خۆی گەیاندەوە ماڵێ و لبادەکەی دەسەر خۆیدا هەڵکێشایەوە.

کوڕی پاشا نەک بە دڵێک بەسەد دڵ عاشقی کچەکە بوو. ڕۆژی پاشی بە دایکی گوت: ((دایە، ئەگەر لە ئشریق چووبمە مەشریق دەبێ ئەم کچە هەر بدۆزمەوە. لەوە زیاتر خۆم پێ ناگیرێ. هەندێ کولیچەم بۆ بکە، بۆ ئەوەی سبەی بچمە سۆراغی ئەو کچە سپی پۆشە.))

دایکی خەریکی کولیچە کردن بوو، لبادۆکە هات گوتی: ((خانم، ڕێم بدە منیش یەک کولیچە بکەم.))

دایکی کوڕی پاشا ڕێی نەدا، بەڵام کوڕی پاشا گوتی: ((قەیدی نییە دایە، لێ گەڕێ با لبادۆکەش کولیچەیەک دروست بکا.))

لبادۆکە کولیچەیەکی دروست کردو ئەنگوستیلەی کوڕی پاشای، کەلای خۆی بوو، لەناو کولیچە ناو کولیچەکەی لەناو کیسەی کوڕی پاشا دانا. کوڕی پاشا بە خۆو بە هاوڕێکانی بەڕێ کەوتن و ڕۆیشتن. چەند ماوەیەک شار بە شارو گوند بە گوند بە دوای کچەدا وێڵ و سەرگەردان بوون بەڵام هیچ سۆراغی کچەیان گیرنەکەوت.

کە نائومێد بوون بڕیاریان دا بگەڕێنەوە شاری خۆیان. لە ڕێگادا برسی بوون بەڵام خواردنیان تەنیا یەک کولیچە لە بنی کیسەدا مابوو دابەشیان کردو ئەنگوستیلەکە لەناو ئەو پارچەیەدابوو کە بەر کوڕی پاشا کەوت. کوڕی پاشا زانی ئەمە لەبن سەری لبادۆکەدایە. ڕێی حەفت شەوو حەفت ڕۆژیان بە سێ شەوو سێ ڕۆژ بڕی و بەپەلە خۆیان گەیاندەوە ماڵێ.

دایکی گوتی: ((زوو گەڕایتەوە!))

کوڕە گوتی: ((دایە، هیچ قسە مەکە، بە لبادۆکە چێشتم بۆ بنێرە ژووری سەرێ.))

دایکی گوتی: ((کوڕم، ئەم کچە پێی ناکرێ. هەموو کەل و پەلەکان

دەشکێنیٚ.))

کوڕە گوتی: ((قەیدی نییە. بیدەریٚ با ئەو بیٚنیٚ.))

دایکە سنی چێشتی لەسەر دەستی لبادۆکە دانا. لبادۆکە تا پایەی چوارەم سەرکەوت.

کوڕە گوتی: ((بیهێنە سەرەوە.))

لبادۆکە گوتی: ((دس چو، پا چو، میڤتم میشکو- دەست دار، پیٚ دار، بەردەبمەوەو دەشکیٚ!))

کوڕە تووڕەبوو وگوتی: ((دەڵێم بیهێنە سەرەوە!))

لبادۆکە دووبارە گوتی: ((دەست دار، پیٚ دار، بەردەبمەوەو دەشکیٚ!))

کەل و پەلی چێشتی لەدەست بەر بووەو شکا. چوو سینییەکی تری هێناو تا پایەی حەفتەم سەرکەوت، لەویٚ بەربووەوەو کەل و پەلەکان شکان. جاری سێیەم ئینجا سنی بە ساغی گەیاندە ژووری کوڕی پاشا.

کوڕی پاشا چێشتی خواردو بە لبادۆکەی گوت: ((لبادەکەت لەبەر داکەنە.))

لبادۆکە قبووڵی نەکرد. کوڕی پاشا تووڕە بوو، بە شمشێر لبادی لەبەر کچەکە دا دڕی و بەرگی سپی و ڕوخساری جوانی کچەکە دەرکەوت.

کچەکە سەربردەی خۆی بۆ کوڕی پاشا گێڕایەوە.

کوڕی پاشا کەیفخۆش بوو و زەماوەندی لەگەڵ کچەکە کرد.

گێڕانەوەی:همایون کتابی،١٧ ساڵە

شاری کنگاوەر

Scanned with CamScanner

# ٤٤- چیرۆکی میخەر

کابرایەکی کرێکار ڕۆژێ بە (بەرکاری)لای کابرایەك دامەزراو بڕیاریاندا هەر کەسە لە ئیشەکەی پەشیمان بووەوە، ئەوەی تر حەفت پێستەی لە پشت بکاتەوە.

ڕۆژی پاشی، کە کرێکارە چووە دەشت، نانێك و کاسە ماستێکیان بۆ ناردو گوتیان دەبێ بە جۆرێ ئەم نانە بخۆی کەلەت نەبێ و بە تەرزێ ئەم ماستە بخۆی کەکەل نەبێ.

کرێکارەکە هەر چەندەی بیری کردەوە نەیزانی چۆن بیانخوا. زۆر برسیش بوو. ئیدی ئێوارێ کە گەڕایەوە ماڵی کابرای خاوەن کار، کە ناوی (دوخا)بوو، پێی گوت: ((بۆ چی ئەم نان و ماستەت بۆ ناردبووم و گوتبووت بە جۆرێ ئەو نانە بخۆم لەت نەبێ و بە تەرزێ ئەو ماستە بخۆم کەل نەبێ؟))

دوخا پێی گوت: ((دیارە پەشیمان بوویتەوە!))

کرێکارەکە گوتی: ((بەلێ پەشیمانم. ئیش بەم حالە ناکرێ.))

دۆخا حەفت پێستەی لە پشتی کابرا هەڵگرت و دەری کرد.

ئەم کرێکارە خوارزایەکی هەبوو بە ناوی (میخەر). کرێکارەکە زۆر بە زەحمەت و مشەققەت خۆی گەیاندە ماڵی ئەو خوارزایەی و حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە.

میخەر لەگەڵ خاڵۆی چوو، ماڵی دۆخای دۆزییەوەو چووە لای دۆخا گوتی: ((کرێکارت ناوێ؟))

دۆخا گوتی: ((با، دەمەوێ.))

بڕیاریان دا هەر کەسێ پەشیمان بووەوە ئەوەی دی حەفت پێستەی لە پشت بکاتەوە.

دوخا کردەوەی هەمیشەیی خۆی دووبارەکردەوەو ڕۆژی پاشی نان و ماستی بۆ میخەر ناردە ئاقارو بە میخەری گوت: ((دەبێ بە جۆرێ ئەم نان و ماستە بخۆی کە کەل نەبێ.))

Scanned with CamScanner

میخەر هەستا ناوەندی نانەكەی دەرهێناو دەورەكەی لە ملی وڵاغەكە كردو ماستەكەشی خواردو كاسەكەی شكاندو ئەویشی خستە ناو گوێی وڵاغەكە.

كە ئێوارە داهات میخەر هاتەوە ماڵێ. دوخا گوتی: ((میخەر، ئەوە بۆ وات كردووە؟))

میخەر وەڵامی دایەوە: ((ئەی تۆ نەتگوت نانەكە بە جۆرێ بخۆم كەلەت نەبێ و ماستەكە بە تەرزێ بخۆم كە كەل نەبێ. تۆ چت گوتبوو من وام كردووە. خراپم كردووە؟))

دوخا گوتی: ((نەخێر، ئیشێكی زۆر باشت كردووە.))

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی. ڕۆژێكیان دوخا چووە تەویلە بۆ ئەوەی سەرێك لە مەڕو مانگاكان بدا. دیتی ژێر پێی مانگاو مەڕەكان هیچ پاك نەكراوەتەوەو لە برسێتی و تێنوێتی دا زۆر پەرێشانن. دوخا تووڕە بوو و گوتی: ((میخەر، بۆچی ژێر پێی ماڵاتەكانت پاك نەكردۆتەوە؟ (كا)و ئاویشت نەداونێ؟ئەمە ئیش نییە. كاتی خۆی كە من دەچوومە تەویلە ئەوەندە (كا)م بۆ دادەنان تا (كا)لە چاوولوتیان دەهاتەوە، ژێر پێشم ئەوەندە پاك دەكردنەوە كە ڕۆنی تەورێزی لەسەر بلێسیتەوە.))

میخەر گوتی: ((باشە، با سبەی منیش بچمە تەویلە.))

سبەینێ كە چووە تەویلە یەكەم جار بەر پێی ماڵاتەكانی زۆر جوان پاك كردەوە، ئینجا سەری هەموو ماڵاتەكانی بڕی و سەری لەناو ئاخوڕنان و چاوولووتی پڕی (كا)كردن و دوو هێزە ڕۆنیشی لەناو تەویلە ڕشت و هاتە دەرەوە هاواری كرد:

((هۆ هۆ دۆخا، وەرە سەیر كە ژێر ماڵاتەكانم چەند جوان پاك كردۆتەوەو چەند چاك خزمەتم كردوون.))

دوخا هات كە چاوی بەم وەزعە كەوت، لە دڵەوە ئاخێكی هەڵكێشاو زۆر پەست و ناڕەحەت بوو، بەڵام زاتی نەكرد بڵێ پەشیمانم.

دۆخا بە خۆو بە ژنەوە بە غەمباری و ناڕەحەتی دانیشتن و بیریان كردەوە چ

بکەن بۆ ئەوەی لە دەست میخەر بحەسێنەوە. کچێکی بچووکیان هەبوو. ئەو کاتە هەر نقەنقی بوو داوای چوونە دەرەوەی دەکرد. ژنی دوخا بە میخەری گوت: ((ئەم منداڵە ببە دەرەوە!))

میخەر کچەی بردە دەرەوەو پێی گوت: ((چەتیمی سەگباب لێرە بمیزی دەتکوژم.))

کچە هاتەوە ژووریٚ و دووبارە داوای لە دایکی کرد بیباتە دەرەوە. ژنی دوخا توورەبوو، بە میخەری گوت: ((ئەم منداڵە ببە بە دیواری دادەو بیکە شەش پارچە.))

میخەر قژی کچەکەی گرت و تا هێزی تێدابوو بە دیواری داداو قیڕەی بڕی. ئینجا گەڕایەوە ژوورەوەو دانیشت.

ژنی دوخا گوتی: ((میخەر، ئەدی کوا کچەکە؟))

میخەر گوتی: ((ئەدی خۆت نەتگوت بە دیواری دادە. منیش بە دیوارم داداو مرد.))

ژنی دوخا گوتی: ((من لە ڕکان وام گوت.))

میخەر گوتی: ((جا چ بووە؟ ئێستا پەشیمان بوویتەوە؟))

ژنی دوخا گوتی: ((نا،نا. ئیشێکی باشت کردووە.))

پاشان میخەر خەوی لە خۆی خست بۆ ئەوەی ئەوان وا تیٚ بگەن نووستووە. لەو کاتەدا دوخا بەژنەکەی گوت: ((ئەم هەموو زیانەمان پیٚ دەگەیەنیٚ بۆ ئەوەیەتی پەشیمان ببینەوەو حەفت پێستەمان لیٚ بکاتەوە. تا نووستووە با جێی بێلین و بڕۆین.))

میخەر کە ئەم قسانەی بیست، هەستا خۆی لەناو هیزەیەك شاردەوە. کە بەڕیٚ کەوتن هێشتا لە کۆڵانی سێیەم تێنەپەڕی بوون سەگ هەڵمەتیان بۆ هێنان، دوخا بە داخ و کەسەرەوە گوتی: ((وای دەنا ئێستا میخەر لێرە بایە!))

میخەر لەناو هیزەکە هاتە دەرەوەو گوتی: ((دوخا، خەمت نەبیٚ ئەوەتا لێرەم.))

ئینجا ڕاوی سەگەکانی ناو هەڵی بڕین.

کە میخەر خەریکی ڕاونانی سەگەکان بوو، دوخا بە ژنەکەی گوت: ((ئەمشەو کە میخەر نووست فڕێی دەدەینە ناو ئاو.))

Scanned with CamScanner

میخەر زۆر زیرەك بوو گوێی لەم قسەیە بوو. ڕۆیشتن لە ڕۆخ ڕووبارێك جێیان داخست بۆ ئەوەی بخەون. دوخا بە میخەری گوت: تۆ وەکو کوڕی خۆمانیت، وەرە لە ناوەڕاستمان بخەوە.))

میخەر خەوی لەخۆی خست و خۆی مات کرد، تا ئەوان هەردووکیان خەویان لێ کەوت. ئەوسا هێدی هەستا ژنی دوخای لە جێی خۆی خەواندو خۆی لە جێی ژنی دوخا نووست. دوخا نیوەشەو وەئاگاهات و وای زانی ژنەکەی میخەرە. دەست و پێی گرت، فڕێی دایە ناو ئاوێ. سبەینێ بۆی دەرکەوت لەباتی میخەر ژنی خۆی خستۆتە ناو ئاو. زۆر پەست و ناڕەحەت و دڵتەنگ بوو، بە ناڵە ناڵەوە بە میخەری گوت: ((میخەر، زیانی خۆت لێدایین. وەرە وازم لێ بێنە، بچمە ڕێگای خۆم.))

میخەر گوتی: ((دوخا، دیارە پەشیمان بوویتەوە.))

دوخا گوتی: ((بەڵێ، پەشیمانم، پەشیمان!))

ئەوسا میخەر گوتی: ((کەواتە دەبێ حەفت پێستە لە پشتت بکەمەوە!))

دوخا بە ناڕەحەتی گوتی: ((دوای ئەم هەموو بەدبەختییە، دەبێ حەفت پێستەش بدەم.))

میخەر گوتی: ((ئەی مەرجت نەکردووە؟))

ئەوسا حەفت پێستەی لە پشتی دوخا هەڵگرت و دۆخای لە دەشت و چۆڵەوانی بەر هەڵداو خۆی گەڕایەوە ماڵی خۆی. حەفت پێستەکەی دوخای خستە جێی حەفت پێستە هەڵگیراوەکەی خاڵۆی.

گێڕانەوەی: میهرجو حەقیقەتی، ١٧ ساڵە
گوندی: فش کنگاوەر

Scanned with CamScanner

# ٤٥- برای شێت و برای عاقڵ

برام سەلامەتداربێ. هەبوو نەبوو، بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو. کابرایەك هەبوو دوو کوڕی هەبوو: یەکی عاقڵ و یەکی شێت.

کابرا، کە زانی مەرگی نزیك بۆتەوە، کوڕەکانی بانگ کردە لای خۆیەوەو ئەو میراتەکەی کە هەیبوو بەسەری دابەش کردن.

کابرا عەمری درێژی بۆ ئێوە بەجێ هێشت و مرد. برای عاقل ژنی هەبوو. بە هاوکاری ژنەکەی هەرچی هەیانبوو فرۆشتیان و کردیانە پارە و لە قۆرتێکدا شاردیانەوە. بەڵام برای شێت هەموو بەشی خۆی تەفرو توونا و تەخشان و پەخشان کردو لە قومارو سەیرو سەفاو ڕابواردن خەرجی کرد.

شەوێکیان ژنی برای عاقڵ بە مێردەکەی گوت: ((پیاویژگە، وا چاکە لە دەست ئەم برا شێتەی تۆ هەڵێین. ئەم برایەی تۆ قەلۆشمان دەکاو دەمانفەوتێنێ. وەرە نیوە شەو سەرهەڵگرین و بڕۆین و هەرچی هەمانە لە وڵاغی بار بکەین و بیبەین.))

ژن و مێرد دەستیان بە کۆکردنەوەو پێچانەوەی کەل و پەلی خۆیان کرد. هەرچی هەیانبوو لە ناو جواڵنیان کرد.برای شێت گوێی لە هەموو قسەکانیان بوو. هیزە ڕۆنەکەی فڕێ دایە دەرەوەو خۆی لە جێی هیزە ڕونەکە ناو لە ژوورەوە دەرکی جواڵەکەی بەست.

ژن و مێرد بە ڕێ کەوتن و وڵاغەکەیان دەنگ داو هاژوایان، بڕۆ ئەمما بڕۆ. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا بوو بە نیوەڕۆ. برای شێت کە لەناو جواڵ بوو میزی هات و هەر لەوێ میزی کرد. کابرا دیتی شتێك لە بنی جواڵەکە دێتە خوارێ، هاواری کرد: ((حورمێ، ئەوە زارکی هیزەکەت نەبەستووە؟))

ژنە وەڵامی دایەوە: ((بەدی چۆن! زارکم زۆر توند بەستووە!))

Scanned with CamScanner

کابرا گوتی: ((دەنا بێ شك دیارە هێزە ڕۆنەکە دڕاوەو ڕۆنەکە لەبەر هەتاو تواوەتەوە. با ڕۆنەکە بە فیڕۆ نەڕوا.))

لەبەر ئەوەی هیچ دەفریان پێ نەبوو. هەردوو دەستیان لە ژێر جواڵەکە دایە بەرێ و ئەوەی دەڕژا مشت مشت دەیانخوارد.

ژنەکە گوتی: ((پیاویژگە، ئەم ڕۆنە چەند سوێرو بێ تامە.))

کابرا گوتی: ((قەیدی نییە. ئەوە لەبەر هەتاو وای لێ هاتووە.))

ئاخری گەیشتنە جێگایەکی خۆش. باریان لە ولاغەکە داگرتە خوارێ و لەسەر سەوزە گیا دانیشتن. کتری ئاویان بۆ چا هاویشتە سەر ئاگر.

کابرا دەست و دەم و چاوی خۆی شووشت و ڕووی کردە ئاسمان و گوتی: ((خوایە، زۆر شوکر لە دەست ئەم برا شێتە سامەوە!))

یەکسەر برای شێت دەرکی جواڵی کردەوەو هاتە دەرەوەو گوتی: ((ئارێ، ئارێ، بە گیانی بابتان، لەدەست من حەسانەوە. من لەناو جواڵ بووم و لەباتی ڕۆن میزی من بوو خواردتانەوە.))

ژن و مێرد بە پەرێشانی سەیری یەکتریان کردو گوتیان: ((چ بکەین؟ چ نەکەین؟ چارەمان چییە لە دەست ئەم شێتە.))

برای شێت گوتی: ((لە تاوانتان دەبوورم. هیچ قسە مەکەن. دەچم لەم بێستانە شووتی و کاڵەکتان بۆ دێنم.))

کە نزیك بێستانەکە بووەوە، دیتی دوو کێوەلی دەهۆڵ و زوڕنایان لێ دەدا. برای شێت دەستی دا تۆبز و تۆبزێکی لە ملی ئەم و تۆبزێکی لە ملی ئەو داو هەردووکی کوشتن و دەهۆڵ و زوڕناکەی هەڵگرت و بە ملی خۆیەوە کردو دەستی بە ڕنینی شووتی و کاڵەك کرد. سەری دانەواندبوو دەڕۆیشت تا گەیشتە چیایەك. لە چیاکەدا چەند نەرە دێوێکی دی دانیشتبوون شەراب و کەبابیان دەخوارد.

برای شێت لێیان نزیك بووەوە. نەرە دێوەکان کە چاویان پێ کەوت، گوتیان: ((ئەها، ئەوە بنیادەمە!))

برای شێت گوتی: ((بەگیانی دایکتان، من لە ئێوە بەهێزترم. ئەگەر ڕاست

دەڵێن وەرن تڕ بکەن، بزانم تڕی ئێوە چەندی دەنگ دێ؟))

یەکێ لە دێوەکان گرمەیەکی لێوە هێناو گوتی: ((ئەمە هی من!))

برای شێت دەستی بە دەهۆڵ لێدان کرد: ڕمب و ڕمب و ڕمب.

نەڕە دێوەکان لەترسان تێیان تەقاندو هەڵاتن.

برای شێت هاواری کرد: ((ڕامەکەن. وەرن بزانم ئەسپێی ئێوە چەند گەورەیە؟ هەندێ ئەسپێ دەربێنین.))

نەڕە دێوەکان ئەسپێی خۆیان دەرهێنا. هەر ئەسپێیەك بەقەد سیسرکەیەك دەبوو. برای شێت دەستی بردە بن کراسی و هەندێ بۆق و کیسەڵی دەرهێنا کە پێشتر لەکن بێستانەکە گرتبوونی و لەبن کراسی شاردبوونییەوە... دەری هێنان و بۆ دێوەکانی هاویشتن. نەڕە دێوەکان زەندەقیان چوو و هەڵاتن.

برای شێت چوو لە جێی ئەوان دانیشت و دەستی بە شەراب و کەباب خواردن کرد. نەڕە دێوەکان وردە وردە هاتنەوەو لە دەوری کۆبوونەوەو پەیمانی دۆستانەیان لەگەڵ بەست.

کە شەو داهات برای شێت گەڕایەوە لای براو براژنی و هەندێ شووتی و کاڵەکی بۆ هێنان.

شەو کە نووستن، کابرا بە ژنەکەی گوت: ((ئەمشەو برای شێت زۆر شەکەتە، زەبری لە نەڕە دێوەکان وەشاندووە، وا چاکە لە ڕۆخ ئاوی ڕوبار بیخەوێنین. نیوە شەو پاڵێکی پێوە دەنێین دەکەوێتە ناو ئاوو لە دەستی دەحەسێینەوە.

برای شێت لەپەنا درەختێکەوە گوێی لە قسەکان بوو و لە دڵی خۆیدا گوتی: ((باوکتان دەسووتێنم. من دەکوژن؟! باشە!))

کاتی نووستن برای شێت پێی گوتن: ((وەی، وەی، لەو ڕووبارە نازدارە! حەز دەکەم ئەمڕۆ لە ڕۆخی ئەم ڕووبارە بخەوم.))

ژن و مێرد کە ئەم قسەیەیان بیست تەماشایەکی یەکتریان کردو گوتیان: ((بزانە چۆن هەجەلی هاتووە.))

کە نووستن و پرخ و هۆڕی ژن و مێردەکە بەرزبووەوە. برای شێت هێدی لە

Scanned with CamScanner

ڕۆخـی ڕووبارەکـە هەسـتاو چـووە پشـت بـرای و ژنەکـە کەوتـە سـەر ڕۆخـی ڕووبارەکە.

کـە نیـوە شـەو داهـات بـرای عـاقڵ هـەر وای زانـی بـرا شـێتەکەی، ژنیـەتی. دەستێکی لێ داو گوتـی: ((هەستە دەی دردنگە.)) بە هەردووکیان پاڵیان بەرەی ڕۆخ ڕووبارەکە وەنا، کە ژنەکەی بوو، و فڕێیان دا ناو ئاو.

برای عاقڵ هەناسەیەکی ئۆخژنی هەڵکێشاو گوتـی: ((خودایە، زۆر شوکر لە دەست ئەم شێتەیە حەساینەوە.))

برای شێت لەولاوە هەڵیدایێ: ((ئەرێ بە گیانی دایکت، ئەوە ژنی خۆت بوو کەوتە ناو ئاو. خودایە، زۆر شوکر کە لە دەست ژنەکەت حەساینەوە.))

کابرا بە هەردوو دەستان لەسەرو گۆیلاکی خۆی داو گوتی: ((ئاخ! شێتە چ ما پێمان نەکەی؟ میزت دەرخوارد داین، ژنەکەمت فڕێ دایە ناو ئـاو؟ ئیـدی چت دەوێ؟))

برای شێت دوو سێ تۆبزیشی لە برای عاقل داو گەڕایەوە لای دێوەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان بژی.

هەقایەتخوان: سوغرا ئەختەر تەبار، ٧٨ ساڵە

کرماشان.

# ٤٦- مانگ بە تەوێڵ

برام سەلامەتداربێ.

هەبوو، نەبوو،

بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو،

کچێك هەبوو، زڕدایکی هەبوو.

هەموو ڕۆژێ ئەو ژنە هەندێ لۆکەی دەدایە کچە بۆ ئەوەی بچێ بیڕێسێ.

ڕۆژێ کە کچەکە لە کۆڵانێ دانیشتبوو لۆکەی دەڕست. لەپڕ (با)یەك هات و لۆکەکەی فڕاندو بردی. کچەکە کەوتە شوێن لۆکەو دەستی بە پاڕانەوە کرد:

(با)یەکە، قوربانت بم لۆکەکەم بدەوە.

(با)یەکە، دەخیلت بم لۆکەکەم بدەوە.

(با)یەکە، ئامانت بم لۆکەکەم بدەوە.

(با)یەکە، باوەژنم هەیە، لۆکەکەم بدەوە.

(با)یەکە، بۆ خاتری خوا، لۆکەکەم بدەوە.

بەڵام (با)لۆکەکەی برد. بردی، چوو لەسەر چیایەك فڕێی دایە بەر پێی نەڕە دێوێك.

کچە لە نەڕە دێوەکە چووە پێش و گوتی: ((ڕۆژباش!))

نەڕە دێو گوتی: ((ڕۆژباش! ئەی کچی ژیرو زرنگ، وەرە بزانم چت دەوێ؟))

کچەکە گوتی: ((لۆکەی خۆمم دەوێتەوە. خەریك بووم دەمڕست. (با) فڕاندی و هێنای خستییە بەر پێی ئێوە. بۆ خاتری خوا،ئەگەر لۆکەکە نەبەمەوە باوەژنەکەم دەمکوژێ. لۆکەکەم بدەوە.))

نەڕە دێو گوتی: ((کچەکە، وەرە پێش و سەرم بڕۆنە تا لۆکەکەت بدەمەوە.))

Scanned with CamScanner

کچە سەری نەرە دێوی نایە کۆشی خۆی و پرچی ڕۆنی.

نەرە دێو بە کچەکەی گوت: ((کچەکە، سەری من خاوێنترە، یان سەری باوەژنت.))

کچەکە گوتی: ((قوربان، تۆ سەرت پاك و تەمیزە، پڕی مەرجان و مرواریيە، پڕ مرواری بریقەدارە، کەچی باوەژنی من سەری پڕ جانەوەرو مارو دووپشکە.))

کچە لە ترسان ئەم قسانەی کرد، ئەگەر نا دێوەکە سەری پڕ مارو دووپشك بوو.

نەرە دێو گوتی: ((باشە، ئێستا من دەخەوم. تۆ سەیری ئەم جۆگایە بکە، هەر کاتێ:

ئاوی ڕەش هات، خەبەرم مەکەوە.

ئاوی سەوز هات، خەبەرم مەکەوە.

ئاوی مۆر هات، خەبەرم مەکەوە.

ئاوی زەرد هات، خەبەرم مەکەوە.

ئاوی سپی و سوورهات، خەبەرم بکەوە.

نەرە دێو سەری بە عەردی کردو پرخ و هۆڕی گەیشتە ئا سمانی حەفتەم. کە ئاوی سپی و سوور بە جۆگا داهات، کچە نەرە دێوی بەخەبەر هێنا.

نەرە دێو پەلی کچەی گرت و بە ئاوی سپی و سووری داداو کە هێنایە دەرەوە کچەکە ئەوەندە جوان ببوو، نەبکەی، نەبخۆی هەر دانیشی سەیری جوانی بکەی. کچە قژی زەرد ببوو و مانگێکی لە تەوێڵەوە دەرهاتبوو، دەتگوت مانگی چواردەیە. کچە ببوو بە مانگ بە تەوێل.

نەرە دێو لۆکەکەشی بە ئاودکە شووشت و دایەوە دەستی و گوتی: ((دەوجا برۆ، بەخێر هاتی.))

کچە گەڕایەوە ماڵێ. کە باوەژن چاوی پێ کەوت، بە پارچەدارێك کەوتە گیانی. لێدە، کوێت دێشێ. بەری بوێ - ((هەی وا واڵێکراو، ئەوە چوویتە لای کێ؟ کێ وای لێ کردی؟))

کچەکە گوتی: ((بەخوا (با) لۆکەکەی بردمە لای نەرە دێوێك و دێوەکە خستمیە ناو ئاو وبەم جۆرەی لێ کردم.))

باوەژن گوتی: ((ئیتر تۆ هەقت نییە بچیتە کۆلانێ! لێرە، لە ژوورەوە دانیشە.))

کە سبەینە داهات، باوەژن کچێکی خۆی هەبوو. تۆپەڵە لۆکەیەکی دایەو گوتی: ((تۆ برۆ کۆلانێ و لۆکە بریسە.))

کچەکە چووە کۆلانێ و دەستی بە لۆکە رستن کرد. لە پڕ دیسان (با)یەك هات و لۆکەکەی برد.

کچە کەوتە شوێن لۆکەو هاواری کرد:

(با یەکە، هەی سەگباب، لۆکەکەم بدەوە.

(با)یەکە، هەی داك حیز، لۆکەکەم بدەوە.

باوك سەگ، لۆکەکەم بدەوە.

وا والێ کراو، لۆکەکەم بدەوە.

(با) لۆکەکەی برد. بردی و هاویشتییە پێێنگانی نەرە دێوەکە. کچەکە لە نەرە دێوەکە نزیك کەوتەوەو گوتی: ((سەگباب، لۆکەکەم بدەوە!)

نەرە دێو گوتی: ((پەهـ، پەهـ، بەخوا کچێکی ماقوولی ! وەرە، وەرە سەر بنێمە سەر رانت و سەرم بڕۆنە.))

کچەکە گوتی: ((نا، نا. من سەری تۆ ناڕۆنم، هەمووی مارو دووپشکە، جانەوەرە.))

نەرە دێو گوتی: ((ئێستا من دەخەوم. تۆ لێرە دانیشە. هەر ئاوێکی هات با بڕوا خەبەرم مەکەوە، بەلاَم کە ئاوی ڕەش هات خەبەرم بکەوە.))

نەرە دێو نووست. کە ئاوی ڕەش هات، کچە دەستی دایە بەردێك و بەلاقی نەرە دێوی داداو بەخەبەری هێنا.

نەرە دێو بەئاگا هات. پەلی کچەکەی گرت و بە ئاوی ڕەشی داداو کەلە ناو هێنایە دەرەوە کچە دزێو و ڕەش و بەدفەساڵ ببوو. شتێکی پیسیش لە تەویلی دەرهاتبوو، تەکە تەکی بوو. لۆکەکەشی لە قوپڕچلێپاو وەرداو دایەوە.

کچە بە گریان گەڕایەوە ماڵێ.

دایکی گوتی: ((وەی، وەی، ئەوە بۆ وات بەسەر هاتووە؟))

کچە گوتی: ((نەڕە دێو وای لێ کردم.))

باوەژن چووەگژ زڕ کچەکەی و لێدانێکی باشی بۆ کردو گوتی: ((تۆ چووی چت کرد؟))

زڕ کچەکە گوتی: ((چووم بەقسەی خۆش لە گەڵی دوام و هەرچی نەڕە دێو گوتی بۆم جێ بەجێ کرد.))

زڕ دایك بە کچەکەی خۆی گوت: ((ئەی تۆ چت کرد؟))

کچە گوتی: ((من تێرو پڕم جوێن پێدا.))

باوەژن بە مانگ بە تەوێلی گوت: ((تۆ چیتر مافی ئەوەت نییە بێیتەوە ئەم ماڵە. یاللا بڕۆ دوو ئیشی خۆت.)) بەم جۆرە کچەی خانە بەدەرکرد.

مانگ بە تەوێڵ سەری هەڵگرت و ڕۆیشت. ڕۆیشت تا گەیشتە درەختێك. لە ترسی جانەوەران چووە سەر درەختەکە. کوڕی پاشا بەوێدا تێپەڕی و چاوی پێ کەوت. لێی نزیك کەوتەوەو گوتی: ((کچەکە، تۆ کێی؟))

مانگ بە تەوێل گوتی: ((من کچی دارکەرێکم. باوەژنم لێی دام و لە ماڵەوە دەری کردم و پێی گوتم جارێکی تر نەگەڕێمەوە ئەو ماڵە.))

کوڕی پاشا مانگ بە تەوێلی لەسەر درەختەکە داگرتە خوارەوە. سواری ئەسپی کردو بردییەوەو لە خۆی مارەکردو ئاهەنگ و زەماوەندیان بۆ کردن و مانگ بە تەوێل بوو بە ژنی کوڕی پاشا.

کوڕی پاشا قەرەواشێکی هەبوو، حەسوودی بە مانگ بە تەوێلی دەبرد. ڕۆژێ کە کوڕی پاشا چووبووە ڕاو، مانگ بە تەوێلیش سکی هەبوو، قەرەواشەکە پێی گوت: ((مانگ بە تەوێل، وەرە بچینە ڕۆخ دەریاو سەیری ئاو بکەین.))

مانگ بە تەوێل کەوتە شوێن قەرەواشەکە. چوون گەیشتنە ڕۆخ دەریا. قەرەواشەکە پێی گوت: ((خانم، ئێرە هەوای گەرمە. وا چاکە خۆت ڕووت کەیتەوەو مەلەوانی بکەی.))

مانگ بە تەوێل ویستی مەلەوانی بکا. قەرەواشەکە لە پشتەوەڕا پالێکی پێوەناو فڕێی دایە ناو دەریا. دەستێك لە تەرەف خوداوە هات گرتییەوەو بردییە بنی دەریا بۆ لای شاژنی ماسییان. ماسی خزمەتیان کرد تا سکەکەی دانا. کەسکی دانا، دوو کوڕی بوو بەناوی محەمەد پاشاو جەمشید پاشا.

قەرەواشیش چوو تاسێکی لەسەر سکی خۆی بەست و خۆی کردە ئافرەتێکی دووگیان و گەڕایە کۆشك و سەراو لە جێی مانگ بە تەوێل دانیشت و توند ڕووی خۆی داپۆشی.

کە کوڕی پاشا هاتەوە لێی پرسی: ((ئەوە بۆچی ڕووی خۆت داپۆشیوە؟))

قەرەواشەکە گوتی: ((دەستووری ئێمە ئاوهایە، تا کاتی منداڵ بوون دەبێ چارشێومان بەسەرەوە بێ.))

کوڕی پاشا گوتی: ((باشە.))

کوڕی پاشا مامزێکی هەبوو زۆر متووی مانگ بە تەوێل بوو، ناویان نابوو(ئاسك). قەرەواشەکە ڕۆژێ گوتی: ((دڵم گۆشتی ئەم مامزەی دەوێ. دەبێ بۆم سەر ببڕی. بیکەم بە کەباب و بیخۆم.))مامزەکەیان هێنا بۆ ئەوەی سەری ببڕن. مامز بەقسە هات و گوتی: ((لێ گەڕێن بچمە سەرلێوی دەریاو هەندێ ئاو بخۆمەوە ئینجا سەرم ببڕن.))

مامزەکە چووە سەرلێوی دەریا. نۆکەران بە دوایدا چوون. دیتیان مامز پێی لە زەوی کوتاو گوتی:

سەری ئاسك برانە خواهر
شامی کنیزانە خواهر

یەکێ لە بنی دەریاوە گوتی:
تن تنە لولە خواهر

دوگله بگوله خواهر

ملك محمد وملك جمشيد به شيره خواهر

ئەم خەبەرەیان بە کوڕی پاشا گەیاند. کوڕی پاشا خۆی هاتە سەر لێوی دەریاو سەیری کرد مامزەکە شتێ دەخوێنێ و دەنگێکیش لە بنی دەریاوە دێ. دەستووری دا، یەك حەفتە هیچ کەس و هیچ شتێ مافی ئاو خواردنەوەی نییە. پاش حەفتەیەك هەموو عالەم هاتنە سەر لێوی دەریاو پێکەوە ملیان بە ئاوەوە نا تا ئاوی دەریایان بە نیوەکرد. مانگ بە تەوێل و دوو کوڕەکەیان دەرهێنا.

حەفت شەوو حەفت ڕۆژ ئاهەنگیان گێڕاو خەتەنە سوورانەیان بۆ منداڵەکان کرد. کەزی قەرەواشەکەشیان لە کلکی ئێسترێك بەستەوەو بەریان هەڵدا چۆڵەوانی بۆ ئەوەی بە سزای خراپەی خۆی بگات.

چۆن ئەوان بە مرازی خۆیان گەیشتن، ئینشاللا ئێوەش ئاوها بە مرازی خۆتان دەگەن.

هەقایەتخوان: سوغرا ئەختەر تەبار، ٧٨ ساڵە

کرماشان.

# ٤٧- هەباسە

هەبوو نەبوو، پیرەژنێك هەبوو، کوڕێکی هەبوو، لە دیوە خانە گەسکدەر بوو.
هەموو شەوێ کە کوڕە بەشەکەت و ماندوویی دەهاتەوە ماڵێ و دەیەویست بخەوێ، پیرەژن چەند جارێ بەخەبەری دەهێناو دەیگوت: ((هەباسە، لە دیوانان چ باسە؟))

کوڕە دەهات ببۆڕژێ، دایکی دووبارە لێی دەپرسی: ((هەباسە، هەباسە، لە دیوانان چ باسە؟))

کوڕە بە ناچاری دەیگوت: ((دایە، باسی ماڵ و حاڵ بوو، باسی زەوی و زاربوو، باسی شەڕو تەلاق و شکات بوو.))

کوڕە لە ئەنجامی بێ خەوی، ڕۆژ بەڕۆژ لەڕو لاوازو بێ هێزتر دەبوو. تا ڕۆژێ برادەرێکی پێی گوت: ((برای ئازیزم، ئەوە بۆچی ڕۆژ بە ڕۆژ وەکو شوارلەڕو بێ ڕەنگ دەبی. ڕۆژ بە ڕۆژ واوەتر دەچی... بێ شك دیارە تریاك دەکێشی... دەردت چییە؟ پێم بڵێ بەڵکو چارەیەکت بکەم.))

کوڕە ناچاربوو دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕشت و گوتی: دایکم لە ئێوارێ هەتا سبەینێ هەر پرسیارم لێ دەکا: ((لە دیوانان چ باسە؟))

برادەرەکە گوتی: ((هەی ماڵ ئاوەدان، ئەو دایکەی تۆ مێردی دەوێ!))

کوڕە گوتی: ((باوکە قسەی وامەکە. دایکم زۆر پیرە.))

برادەرەکەی گوتی: ((باشە، ئەمشەو کە گەڕایتەوە ماڵێ، کاتێ دایکت لێی پرسیت: لە دیوانان چ باسە؟ پێی بڵێ: دایە ئەمڕۆ باس لەسەر ئەوە بوو کە ئەوەی پیرە ژنە دەبێ مێرد بکا. بزانە داخۆ دایکت چ دەڵێ؟ ئەگەر دیتت مەیلی لێیە، بڵێ: هەر پیرەژنێك حەفت گوێز بە قینگی بشکێنێ دەتوانێ مێرد بکاتەوە.))

حەفت گوێزی وشکیشی دایە.

کە شەو داهات، کاتی نووستن دایکە دووبارە لە کوڕەکەی پرسی: ((هەباسە، هەباسە، لە دیوانان چ باسە؟))

کوڕەکە گوتی: ((بەخوا دایە، چابوو بەخەبەرت هێنام. با پێت بڵێم: ئەمڕۆ باس باسی ئەوەبوو کە ئەوەی پیرەژنە دەبێ مێردبکا. هەر پیرەژنێك حەفت گوێز بە قینگی بشکێنێ دەبێ مێرد بکاتەوە.))

پیرەژن گوتی: ((کوڕی شیرینم، جا بەم شەوە گوێز لە کوێ پەیدا دەبێ؟))

کوڕە گوتی: ((دایە گیان، من حەفت گوێزم لەگەڵ خۆم هێناوە.))

حەفت گوێزەکەی دایە دایکی. پیرەژن هەستا چق وپق، چق وپق، چق وپق..... هەر حەفت گوێزی بە قینگی ئێسکاوی شکاندو گوتی: ((چابوو هەمووم شکاند..جا ئێستا چ بکەم؟))

کوڕە گوتی: ((دەبێ وەکیلێك دابنێی بۆ ئەوەی بە مێردت بدا.))

پیرەژن بە کوڕەکەی گوت: ((تۆ وەکیلی من بە، هەر کێت دەوێ بمدە بەو.))

کوڕە گوتی: ((بەچاوان، دایە گیان.))

کە سبەینە داهات، کوڕە چووە لای برادەرەکەی و گوتی: ((دایکم ڕازی بوو.))

برادەرەکەی گوتی: ((بڕۆ، بەدایکت بڵێ ئەمشەو خۆی ئامادە بکا دێینە لای زاوا.))

کوڕە چوو بە دایکی گوت: پیرەژن هیچی نەبوو. چەند دانە تەشییەکی هەبوو لەناو هەمبانەیەکی ناو سەربەستی گرێ داو پارەی حەمامیشی نەبوو، چووە سەر جۆگایەك و سەری خۆی شووشت. سەرمای بوو، قرچ و هۆڕی ددانی بوو، وو... وو... ی دەکرد. هەندێ سەگ لەو نزیکانە بوون. کە گوێیان لە دەنگی بوو، کۆبوونەوەو دەوریان گرت. پیرەژن هاواری کردە سەگەکان:

سگیل مکن همهمه

امشو سورو زمزمه

گردەی چورو او دومه

(سەگەکان مرە مڕ مەکەن
ئەمشەو سوورو زەماوەندە
نانی چەورو ئاوی دونگە)

سەگەکان ڕۆیشتن. پیرەژن سەرو لەشی خۆی شووشت و گەڕایەوە ماڵێ و هەمبانەو تەشی پێچایەوەو هەباسەو برادەرەکەی هاتن، بن هەنگڵیان گرت و بردیان. بیبەینە کوێ؟ نەیبەینە کوێ؟

برادەرەکەی گوتی: ((تۆ هەقت نەبێ، بیدە دەستە من.)) ئەویش پیرەژنی برد، برد، لەقەد چیایەك لەناو ئەشکەوتێکی دانا.

پیرەژن کە دیتی تاریکە گوتی: ((ئەدی کوا چرا؟))

برادەری کوڕەکە گوتی: ((چرا؟ زاوا لەگەڵ خۆی دەیهێنێ.))

ئەشکەوتەکە لانەی گورگێك بوو. هەندێ خوری لە بنەبانێ کەوتبوو. پیرەژن پەلی لە دەوروبەری خۆی کوتا، خورییەکەی کۆکردەوەو بەتەشی دەستی بە خوری ڕستن کرد. تا نیوە شەو داهات دوو سێ تەشی پڕکرد.

نیوە شەو پیرە ژن دیتی دووچرا لە دوورەوە پرشە پرشیانە. پیرەژن لە خۆشییان چەپلەی لێداو دەستی بە گۆرانی کرد:

هاوردەنی هاوردەنی
دست ان، هێنایان
بە دەستی زاوایان سپارد)

گورگ نزیك کەوتەوە، چووە ناو ئەشکەوت و مڵ ومۆی کرد. سەیری کرد بنیادەمێك دانیشتووە. قەپێکی لە ڕانی لەڕی پیرەژن دا.

پیرە ژن گوتی: هی هی...
نەبوسەو نەبازی
غبغبکی من نازی

بەکورتی: قەپێکی لەم لاو قەپێکی لەولای داو پیرەژنی خوارد و ئێسکەکانی فڕێ داو ڕۆیشت.

کە سبەینە داهات، کوڕە بەخۆو بە برادەرەکەی لەسەر درەختێکی ئەو نزیکانە هاتنە خوارەوە وچوونە ناو ئەشکەوتەکە. دیتیان تەشی لەلایەك کەوتووە، سەربەست لەلایەك کەوتووە، هەمبانە لەلایەك کەوتووەو هەندێ وردە ئێسقانیش لەلایەك کەوتوون.

عەباسە بە دڵێکی پڕ داخ و کەسەر گەڕایەوە ماڵێ، بەڵام ئیتر شەو بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەنووست.

هەقایەتخوان: سوغرا خانم خەیات (ئەختەر تەبار)،٧٨ ساڵە کرماشان.

Scanned with CamScanner

# ٤٨- چیرۆکی باوکی بێڵ بە قینگ

مێروولەیەك وکێچێك بوون بە ژن و مێرد. ڕۆژێکیان مێروولە چوو دنکە برنجێکی هێنا، پاکی کردەوەو دایە کێچەکە بۆ ئەوەی لێی بنێ. کێچ دنکە برنجەکەی وەسەرناو ئەوکاتەی لە دەوروبەری ئاگرەکە فرکە فرکی بوو. لەپڕ کەوتە ناو مەنجەڵ و خنکا.

مێروولە ئەوەندەی چاوەڕێی کرد، ژنەکەی هیچ خەبەری نەبوو. کە چووە سەر مەنجەڵ دیتی بەڵێ کێچ کەوتۆتە ناو مەنجەڵ و تێدا خنکاوەو هەڵمساوەو کوڵاوە. چ بکەم؟ چ نەکەم؟ مێروولە چووە سەر گوفەك...و بەهەردوو دەستان هەر خۆڵی بەسەری خۆی دا کردو خۆڵی بەسەری خۆی دا کرد.

گووفەك گوتی: ((ئەی مێروولە، ئەوە چ بووە؟ بۆچی خۆڵ بەسەری خۆت دا دەکەی؟ بۆچی کردۆتە بەم تۆزو خۆڵە؟))

مێروولە گوتی: کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە

(کێچ کوڵاوەو چێشت سووتاوە)

گووفەك بە بیستنی ئەم خەبەرە هەڵقرچاو لایەکی خۆی سوتاند. قەلێك بەوێدا تێپەڕی. لەسەر گووفەکەکە نیشت بۆ ئەوەی چینە بکاو خواردنێکی دەست بکەوێ. دیتی لایەکی گووفەك دەسووتێ و دووکەڵی لێ هەڵدەستێ. قەل لە گووفەکی پرسی: ((ئەی گووفەك، من هەموو ڕۆژێ لای تۆ شتێکم دەست دەکەوێ و دەیخۆم، ئەوە بۆ چی ئەمڕۆ لایەکی خۆت سووتاندووە؟))

گووفەك گوتی: ((چما نەتزانیوە؟))

قەل گوتی: ((نەخێر.))

گووفەك گوتی: کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە

موورووچ خاك وسر زویلدان لاسوختە

(مێرووی خاك بەسەر گووفەکی لاسووتاو)

قەل کە ئەم خەبەرەی بیست، توند خۆی ڕاوەشاندو هەموو پەڕوتووکی خۆی هەڵوەراندو چوو لەسەر درەختێکی تەك گوفەکە هەڵنیشت.

درەخت گوتی: ((ئەی قەل، ئەوە بۆ وات کردووە؟ کوا باڵەکانت؟ کوا پەڕوتووکت؟ بۆچی وا ڕووت بوویتەوە؟))

قەل سەری لەقاندو گوتی: ((دیارە ئاگادارنیت؟))

درەخت گوتی: ((ئاگاداری چی؟))

قەل گوتی: کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە

موورووچ خاك وسر زویلدان لاسوختە

کولاغی ڕووتەمان

(قەلی ڕووت بووەوە)

درەختەکە خۆی ڕاوەشاندو هەرچی گەڵای پێوە بوو هەمووی ڕژاندە سەر زەوی. کانییەك لە ژێر درەختەکە بوو. کانییەکە لەبەر خۆ ڕاوەشاندنی درەختەکە پڕ چڵ و چێو بوو. کانی سەرنجێکی لە درەختەکەدا وگوتی: ((ئەی درەخت، ئەوە بۆ وات کرد؟ ئێستا خاوەنەکەم دێ گەنم ئاوبدا. تۆ هەرچی چڵ و چێو بوو ڕژاندتە ناوە من.))

درەخت گوتی: ((چما نەتزانیوە؟))

کانی گوتی: ((نەخێر.))

درەخت گوتی: کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە

موورووچ خاك وسەر زویلدان لاسوختە

کولاغی ڕووتەمان درەختی بەرگەشان

(درەختی گەڵا وەریو)

کانی لەولاوە دارێکی پەیداکردو لە خۆی وەرداو خۆی کردە قوڕولیتاو. ئاوی لیل و قوڕاوی چووە بن گەنم و گەنم بەکانی گوت: ((ئەی کانی، تۆ هەمیشە ئاوی پاکت پێ دەداین، چ بووە ئێستا وا شلوێ بووی؟))

کانی گوتی: ((کەواتە دیارە ئاگات لە مەسەلەکە نییە.))

گەنم گوتی: ((نەخێر.))

کانی گوتی:

کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە

موروچ خاك وسەر زویلدان لاسوختە

کلاغی ڕووتەمان درەختی بەرگەشان

ئاوی لیل و ویل

گەنم کە ئەمەی بیست هەموو سەراوێژ بوو. قاتۆر ڕوو لە ئاسمان و گوڵ ڕوو لە عەرد. کابرای ئاودێر کە خەریکی ئاودان بوو، چاوی بە گەنم کەوت و گوتی: ((ئەی گەنم، من بەهیلاك چووم ئەوەندەی ئاوت بدەم تا گەورەم کردی، ئێستا بۆچی سەرەوژێر بووی؟)).

گەنم گوتی: ((بۆکاکە، چما ئاگات لێ نییە؟)).

کابرا گوتی: ((نەخێر!)).

گەنم گوتی: کەواتە بزانە:

کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە

موروچ خاك وسەر زویلدان لاسوختە

کلاغی ڕووتەمان درەختی بەرگەشان

ئاوی لیل و ویل گەنمی سەر بە تە

(گەنمی سەر بەقینگ)

ئاودێر بێڵی دەستی لە زەوی چەقاندو چوو لەسەری دانیشت. کچی کابرای ئاودێر دەوری نیوەڕۆ نانێك و کاسە دۆیەکی هێناو بەرەو کێڵگە هات. گەیشتە

لای تەبارە گەنمەکە، سەیری کرد باوکی لەسەر نووکی بێڵ دانیشتووە و زۆر ناڕەحەت و بێ وەزعە. کچە گوتی: ((باوکە، ئەوە بۆ وات کردووە؟))

ئاودێر گوتی: ((بۆ؟ بۆ؟ چما ئاگادار نی؟))

کچە گوتی: ((نەخێر، مەگەر چ بووە؟))

ئاودێر گوتی:

کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە
مووروچ خاك وسەر زویلدان لاسوختە
کلاغی ڕووتەمان درەختی بەرگەشان
ئاوی لیل و ویل گەنمی سەر بەتە
باوەی بێڵ بەتە
(باوکی بێڵ بە قینگ)

کچەکە، کە ئەمەی بیست، هەندێ خۆلەمشکی پەیداکردو لەناو دۆیەکەی کردو بەسەرو چاوی خۆی داکردو ئاوەندی نانەکەشی دەرهێنا و لە ملی خۆی کردو بە گریان گەڕایەوە ماڵێ. دایکی خەریك بوو ئاگری لە بن ساج دەکردەوە بۆ ئەوەی نان بیپێژێ. کە کچەکەی دی گوتی: ((ڕۆلە، ئەوە بۆ وات لە خۆت کردووە؟))

کچەکە گوتی: ((دیارە ئاگات لە دونیا نییە.))

دایك گوتی: ((بۆ؟ مەگەر چ بووە؟))

کچەکە گوتی:

کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە
مووروچ خاك وسەر زویلدان لاسوختە
کلاغی ڕووتەمان درەختی بەرگەشان
ئاوی لیل و ویل گەنمی سەر بەتە
باوەی بێڵ بەتە دوختەری خۆڵ و دۆ
(کچی خۆڵ و دۆ)

دایکە کراسی خۆی هەڵکردو چوو لەسەر ساجی داغ دانیشت و هەموو لەشی

سووتا. دراوسێیەکی دووگیانیان هەبوو. هەستی کرد بۆنی کزو کەباب دێ، لە دڵی خۆیدا گوتی: ((وا چاکە بە بیانووی ئاگر بچمە ماڵی مامەی ئاودێر بەڵکو قیچە کەبابێکم بدەنێ.)) دەستی دایە مەقەڵەیەك و چووە ماڵیان. کە چووە ژوورەوە دیتی کچە بەم وەزعەیەو دایکە لەسەر ساجی داغ ددانی گرپبۆتەوە. ژنە دراوسێ شڵەژاو پرسی: ((هەی بەدبەختینە، ئەوە چ بووە؟ ژنی مامەی ئاودێر، ئەوە بۆ وات لەخۆت کردووە؟))

ژنە گوتی: ((دایکم. بۆچی چما ئاگات لێ نییە؟))

ژنە دراوسێ گوتی: ((نەبەخوا، بێ خەبەرم!))

ژنە گوتی:

کی کیلە پوختە ئاشەکە سوختە

مورووچ خاك وسەر زویلذان لاسوختە

ئاوی لیل و ویل گەنمی سەر بەتە

باوەی بێڵ بەتە دوختەری خۆڵ و دۆ

نەنەی جزو وز

(دایەی چزو پەز)

دراوسێش لە داخان مەقەڵەکەی پڕ ئاگرکردو بەسەر سەری خۆیدا کردو بە گریان چووەوە ماڵێ.

هەقایەتخوان: سوغرا خاتم ئەختەر تەبار، ٧٨ ساڵە کرماشان.

Scanned with CamScanner

# ٤٩- چیرۆکی چۆلەکەی ماڵ لەقاقەز[١]

چۆلەکەیەك هەبوو ماڵی لە قاقەز بوو

باران باری ماڵی ڕما

ئەوەندە پیێ کەنی قنگی دڕا

زوو فڕیێ چووە لای مامەی دۆزدۆز(بەرگدروو).

گوتی: مامەی دۆز دۆز، پارە دەدەم قینگم بدۆز.

مامەی دۆز دۆز گوتی:

بڕۆ سەر حەوزی تووتیا

قینگت بشۆو زوو وەرەوە

چۆلەکە چوو قینگی بشوا، تۆپەلە لۆکەیەکی دۆزییەوە. لۆکەکەی هەڵگرتەوەو بردییە لای مامەی ڕێس ڕێس(خەرەك ڕێس)

چۆڵەکە گوتی: ((مامەی ڕێس ڕێس، ئەم لۆکەیەم بۆ بڕێس.))

مامەی ڕێس ڕێس لۆکەی ڕست. چۆڵەکە کلافەکەی هەڵگرت و بردییە لای مامەی باف باف (جۆلا)و گوتی: ((مامەی باف باف، ئەم دەزووەم بۆ بباف.))

مامەی باف باف دەزووەکەی وەرگرت و پارچە قوماشێکی چاکی بۆ چۆڵەکە چنی.

چۆڵەکە پارچە قوماشەکەی هەڵگرت و بردییە لای مامەی بڕ بڕ(قوماش هەڵبڕ)و گوتی: ((مامەی بڕبڕ، ئەم پارچەیەم بۆ بڕ.))

مامەی بڕبڕ پارچەی بڕی و دایە.

چۆڵەکە چووە لای مامەی دۆزدۆز و گوتی: ((مامەی دۆز دۆز، ئەم پارچەیەم بۆ بدۆز.))

---

[١] ئەم چیرۆکە هەر بە زاری کرماشانی نووسراوە. بۆیە زۆر شوێنیم وەکو خۆی هێشتۆتەوە.

مامەی دۆزدۆز پارچەکەی بۆ کـردە کەوایـەکی جـوان و دایـە. چۆلەکـە چـوو لەسەر باڵەخانەی پاشا نیشت و گوتی:

پاشای غەمگین، من (تەتە)م هەیە تۆ نیتە.

پاشای غەمگین، من (تەتە)م هەیە تۆ نیتە.

پاشا گوتی: ((بیگرن ئەم سەگبابەی، چۆلەکە چۆن دەوێرێ قسەی وا بکا.))

وەزیری دەستە ڕاست گوتی: ((قوربانی قیبلەی عالەم، هەندێ قیڕ لەسەر بان بڕێژن چونکە ئەم چۆلەکەیە دێتەوە)).

کە چۆلەکە هاتەوە، لەسەر بانی کۆشکی پاشا نیشت و گوتی:

((پاشای غەمگین، من (تەتە)م هەیە تۆ نیتە)).

پاشا گوتی: ((بیگرن ئەم سەگبابەی))

چۆلەکە ویستی ڕابکات، لە پڕ پێیەکانی بەقیڕەکەوە نووسا.

چوون چۆلەکەیان هێنا.

پاشا گوتی: ((سەری ببڕن و بیخە ژێر پڵاوەوە تا بیکەم بەیەك پاروو.))

چۆلەکەی کلۆڵیان لە ژێر پلاو ناو پاشا کردی بە پارووییەکی چەور.

کە چۆلەکە گەیشتە ناو گەرووی پاشا، گوتی: ((جیك جیك جیك... قوقـولی قووقوو... داڵانێکی چەند تەنگە))

چووە خوارترو گوتی: ((قوقولی قووقوو... حەمامێکی چەند گەرمە))

چووە خوارترو گوتی: ((قوقولی قووقوو... ئاودەستێکی چەند بۆن ناخۆشە!))

پاشا بە وەزیری گوت: ((وەزیر، گووم دێ))

وەزیر پاشای بردە سەر دەستاو. پاشا دانیشت و گوتی: ((ئەی وەزیر، کە من لەسەر بەردی ئاودەست دانیشتم، تۆ دەست بە شمشێر ئاگاداربە، ئەگەر چۆلەکە کە هاتە دەرەوە، لێیدەو کەرتی کە! ئەم لەعنەتییە.))

چۆلەکە لە پڕ لەقنگی پاشا هاتە دەرەوە: کەواکەی خۆی بە دەنووکەوە گرت و فڕی و ڕۆیشت. وەزیر تاساو حەپەسا، شمشێری داوەشاندو لایەکی قنگی پاشای بڕی.

Scanned with CamScanner

پاشا بە هات و هاوار ڕای کردەوە ژوورێ. دختۆرو حەکیمیان هێنا. فەرمانیان دا لباد بسووتێنن و لەسەر برینەکەی دابنێن. پاشا ساڵ و نیوێك بوو لەناو جێ و بالینگان کەوتبوو دەینالاند.

چۆڵەکەش چووە حەمام وخۆی جوان جوان شووشت و کەواکەی لەبەر کردو هات خولێکی لەسەر بانی کۆشکی پاشا لێ داو نیشت و گوتی:

پاشای یەلتەکون لەتی نمەد بەر دەری کون
پاشای یەلتەکون لەتی نمەد بەر دەری کون

پاشا لە داخان دیقی کردو مرد.

هەقایەتخوان: والیە راز ئاوەری، ٨٦ ساڵە
گوندی دو ئاب - شمال غربی کرماشان.

# ٥٠- حەسەن ترسنۆك

برام سەلامەتداربێ، سەرت بگاتە کاکێشانی فەلەك!
لەکوێوە دەست پێ بکەین؟ لە کوێوە دەست پێ نەکەین؟
هەبوو نەبوو، بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو.

ژنێك هەبوو، کوڕێکی هەبوو بەناوی حەسەن. ئەم کوڕە زۆر ترسنۆك بوو. تەمبەڵیش بوو. هەموو پێیان دەگوت حەسەن ترسنۆك. حەسەن ترسنۆك ئەوەندە ترسنۆك بوو، بە ڕۆژی ڕوناکیش هەر دووچاوی خۆی توند دەنووقاند بۆ ئەوەی هیچ جێگایەك نەبینێ. کە دایکیشی بیویستایە (پەرژین بێ) بیباتە ئاودەس، دەبوایە وەکو کوێر دەستی بگرێ و ڕایبکێشێ. ژنە ئیدی لەدەست حەسەن وەڕس بوو.ڕۆژێکیان لەو کاتەی کە دەیبردە سەر دەستاو، هێدی پێشی کەوت و دەستی ڕاکێشاو دەرگای حەوشە کردەوەو بردیە کۆڵان و گوتی: ((ئەمە ئاودەستە)) ولە پشتەوە توند دەرگای بەڕوو داخست.

حەسەن ترسنۆك هاواری کرد: ((هەی ئامان! هەی دەخیل! دایە دەرگام لێ بکەوە.))

دایکی گوتی: ((شتی وانابێ. ئیتر تاقەتم نەما. بڕۆ. تاکەی ئەم دەردە سەرییە بکێشم؟ تاکەی وەکو منداڵی ساوا تەڕو وشکت لێ پاك بکەمەوە.))

حەسەن ترسنۆك لەترسان چاوی نەکردەوە. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا کاتێك هەستی بەسەرماکردو بەمەوەزانی گەیشتۆتە چۆل و بیابان. لەوێ ڕاکشاو لەبرسان و لە شەکەتیان خەوی لێ کەوت.

بەرە بەری بەیانی بوو. شەلواری خۆی پڕ پیسایی کردبوو. بە شێنەیی لاچاوێکی کردەوە. دیتی هەتاو گەرمەو مێش ومەگەز سەرتاپان گرتووە. دەستی

بە گرتن و کوشتنی مێشەکان کرد. دووسێ یەکی لێ کوشتن. ماندووبوو. بە پارچە خەڵووزێك لەناو لەپی خۆی نووسی:

جـــان جـــان حەســـەن پاڵـــەوان،

کوشندەی پڵنگ و شێری ژیان

بەیەك زەبر سی و سێ جانەوەری کردووە بێ جان.

ئیدی لێی نووست.

دوو نەرە دێو، کە هەموو ساڵێ لەسەر کچی پاشا لەگەڵ پاشا دەکەوتنە شەڕو هەموو ساڵیش دەشکان، بە بۆڵە بۆڵ بەو نزیکانە دا تێپەڕین. لەپڕ چاویان بە حەسـەن ترسـنۆك کـەوت وناولـەپیان خوێنـدەوە، حـەیران و سەراسـیمە بـوون ولەبـەینی خۆیانـەوە گوتیـان: ((ئـەوەی ئێمـە بـەدوایدا دەگـەڕاین ئەمەیـە، دۆزیمانەوە. بۆ شەڕی پاشا لەمە چاکترمان دەست ناکەوێ.))

حەسەنیان بەخەبەر هێناو گوتیان: ((ئەرێ تۆ پاڵەوانی؟))

حەسەن بە کاوەخۆ گۆشەی چاوی کردەوە ودیتی دوو دێوی شاخدار بەسەر سەریەوە وەستاون وتەماشای دەکەن، بەپەشۆکاوی گوتی:

((بەڵێ، بەڵێ، من حەسەن پاڵەوانم))

نەرە دێوەکان گوتیان: ((دەمانەوێ بتبەین بۆ شەڕی پاشا.))

حەسـەن گوتـی: ((بـەچاوان دێـم. ئێـوە لـێرە دانیشـن، من دەچـم دەم وچـاوم دەشۆم.))

حەسەن چووە دەم ئاوو شەلواری خۆی شووشت وهەر بەتەڕی کردییەوە بەر وئینجا ئاوێکی بەدەم وچاوی خۆی داکردو گەڕایەوە.

نـەرە دێوەکـان گوتیـان: ((دەتبـەین بـۆ شـەڕی پاشـا. لەبـەر ئـەوەی ئەمسـاڵ، سوپاس بۆ خودا، تۆمان هەیە پاشا دەبەزێنین. ئیستا بڵێ چ چەکێکت دەوێ بۆت بێنین. ئەسپی (با)، ئەسپی (باران )، ئەسپی (تۆفان)، ئەسپی (جەنگ)؟ هەرکامەت دەوێ تازوو بۆت بێنین.))

حەسەن لەترسان گوتی: ((ئەسپی (با)...))

Scanned with CamScanner

نەڕە دیوەکان چوون ئەسپی (با) یان بۆ هێنا، دێوەکان هەر چوارپەلیان گرتبووبۆ ئەوەی ڕانەکا.

حەسەن لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ئەگەر چوار پەلی ئەم ئەسپە بەر بدەن، خوا بزانێ چم بە سەردێ.)) ئیدی ڕووی کردە دێوەکان وگوتی: ((ئەگەر ئاوها لەسەر زینی ئەم ئەسپە دامبنێن، دەکەوم، بڕۆن هەندێ قیر بتوێننەوەو لە سەر زینە کە ڕۆی بکەن ولە ناو قیرەکەم بچەقنین.))

دێوەکان چوون مەنجەڵە قیرێکیان تواندەوە وحەسەنیان لەسەر زین لەناو قیرەکە چەقاند.

دەست وپێی ئەسپەکەیان بەرداو بە حەسەنیان گوت: ((ئێمە دەپێشدا دەڕۆین وتۆز بەبا دەکەین وتۆش بە دواماندا وەرە.))

ئەسپی (با) حەسەنی هەڵگرت و وەك برووسکە بەرزی کردەوە ئاسمان. حەسەن ترسنۆك هاواری کرد: ((سەگبابینە، بمگرن !سەگداکینە، بمگرن. هەی هاوار کەوتم بمگرن، هەی ئامان پەریم بمگرن.))

لە درەختێك نزیك کەوتەوە. بەهەردوو دەستان باوەشی لە درەختەکە وەرهێنا. درەختە کە پیرە دار چنارێکی گەندو ڕزیو بوو، لە ڕەگ وریشەوەدەرهات. ئیستا حەسەن دار چناری بە شانەوەبوو ودەینەڕاندو جوێنی دەدا وبەسواری ئەسپی (با) بەغار دەڕۆیشت.

لە شکری پاشا، کە بۆشەڕ هاتبوون، هەر هێندە چاویان بە درەخت وئەسپی (با) و بەحەسەن کەوت بە نەڕە نەڕ دەهاتە پێش ونەدەگەڕایەوە، کچەیان جێ هێشت و ڕایان کرد.

نەڕە دێوەکان گەیشتنێ. حەسەنیان لەئەسپ کردەوە، ئەم لاو ئەو لایان ماچ کرد و گوتیان: ((حەسەن پاڵەوان، ئەم کچە بۆ خۆت !چی تریشت دەوێ بتدەینێ.))

حەسەن گوتی. ((تەنیا ئەوە ندەم لە ئێوە دەوێ بمبەنەوە لای دایکم و هەمبانە پارەیەکیشم بدەنێ.))

نەرە دێوەکان هەمبانە لیرەیەکیان دایەو یەکێکیان حەسەن وکچەکەو هەمبانە لیرەکەی لەسەر ملی خۆی داناو خولێکی داو بەرز بووە وە ئاسمان و ڕۆیشت وچوو لەبەر دەرگای ماڵی دایکی حەسەن دایبەزاندن.

حەسەن لە دەرگای دا. دایکی حەسەن لە حەوشە دانیشتبوو، گوتی: ((کێیە؟))

حەسەن گوتی: ((منم. حەسەن پاڵەوانم.))

دایك دەنگی کوڕی خۆی ناسی وگوتی: ((هەی وا وا لێ کراو ! ئەوە لە کەیەوە بووی بە پاڵەوان؟ دیسان گەڕا یتەوە لای منی کڵۆڵ و بەدبەخت بۆ ئەوەی گەندوگووت لێ بشۆم.))

دایك چووە سەربان ولەسەرەوە تەماشای کرد ودیتی چ ببینێ ـ وەی داو بێداد ـ حەسەن سواری سەر ملی نەرە دێویك بووە و کچێکی نازداریشی لەتەك دانیشتووە. لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ئەمە، کە لە ژوورەوە هیچ جێیێ پێ جێ نەبوو لە ترسان وبەڕۆژی روناك چاوی نەدەکردەوە، ئەوە چۆنە ئیستا سواری سەر ملی ئەو نەرە دێوە بووە؟))

دایکە دەرگای کردەوە وخۆی هەڵات بۆ ژوورەوە.

حەسەن گوتی: ((دایە، مەترسە. من زۆر کردەوەی چاکم بۆ ئەمانە کردووە. ئیستا بڕو مەڕێك بکڕە و قەڕابە شەڕابێك ئامادە کە، بیدەمێ.))

دایکە پارەی لە حەسەن وەرگرت. چوو مەڕێکی کڕی وقەڕابە شەڕابێکی ئامادە کرد و ئاگری کردەوە وگۆشتی لێ نا.

دێوەکە کەباب وشەرابی خواردو لە گۆشەیەکی ژووری لەسەر تەنکێش ڕاکشا. لەپڕ (با) یەکی لێ بەربوو. (با) لە حەسەنی داو هەلێدایە بنمیچی خانوو.

نەرە دێو تەماشای کردو گوتی: ((پاڵەوان، ئەوە بۆ چوویتە ئەوێ.))

حەسەن گوتی: ((ئەگەر ڕاستت دەوێ باوکی ڕەحمەتیم تەپشوو ومشارێکی لەبەر بنمیچ ڕاکردوە هەر کەسێ هاتە ماڵمان ئەگەر شاخ وپێی درێژبوو ولە ژووری جێی نەدە بووە وە، شاخ وپێی نەختێ بڕمەوە تا ئیسراحەت لە خۆی بکا.))

نەڕە دێو، کە ئەمەی بیست، دوو پێی هەبوو دووی تریشی قەرز کردو پڕ بەپێ هەڵات وچووە وە لای برادەرەکەی.

برادەرەکەی گوتی: ((ها، جێ وڕیت پێ زانی بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستمان پێ بوو بچینە دووی؟))

نەڕە دێوی یەکەم گوتی: ((نەکەی نەچیتە دووی ها ! هەر وەخت بوو شاخ وپێی من ببڕێتەوە.))

حەسەن لەگەڵ کچی پاشادا زەماوەندی کرد وناوی لە خۆی نا حەسەن پاڵەوان.

دایك وکوڕ بەمرازی خۆیان گەیشتن، یاخوا ئێوەش بە مرازی خۆتان بگەن.

هەقایەتخوان: سوغرا خانم ئەختەر تەبار (خەیات)، ٧٨ ساڵە کرماشان.

Scanned with CamScanner

# ٥١- پیرەمێردی دارکەر

ئەوان هەبوون ئێمە نەبووین،

خودا هەبوو بەندە نەبوو،

هەبوو، نەبوو،

پیرەمێردێکی دارکەر هەبوو، دووسێ کچ و کوڕی هەبوو ولە داری دونیادا قەت هیچی نەبوو. ماڵیان لە کاولێك بوو. برسی و تامەزرۆ بوون، کڵۆڵ وبێچارە بوون، هەر هیچیان نەبوو.

ڕۆژێکیان ژنەکەی پێی گوت: ((باوکی منداڵان، ئەگەر ئەمڕۆ شتێکت هاتە دەست، سەروپێیەکمان بۆ بکڕە، زۆر تامەزرۆین.))

پیرەمێرد گوتی: ((باشە، حورمێ ئەمڕۆ لەسەر بەختی تۆ دەچمە چۆڵی.))

پیرەمێرد بۆ پووش و پەلاش و درك ودار وچیلکە وچواڵ چووە چۆڵەوانی. هەر تەماشای زەوی دەکردو دەڕۆیشت. پەتێکی کورتی پێ بوو. پەتەکەی لەسەر زەوی پان کردەودو هەر پنج پنج ئەو چیلکانەی کردو هێنای لەسەر یەکی دانا. پنجێك لەسەر چیا ڕوابوو، لەدڵی خۆیدا گوتی: ((بابچم ئەوەش لەسەر بەختی ژنەکەم بێنم.))چوو پنجەکە بکا، شتێ لە بن پنجەکە گوتی: ((زیق!))بەوردی تەماشای کرد دیتی باڵندەیەکی ڕەشە: ((خودایە، هەزارجار شوکر! ئەمە دەبەم و سەری دەبڕم، باژن و منداڵەکان بیخۆن.))پیرەمێرد ڕووی کردە ئاسمان و وای گوت.

دوای ئەوەی شوکری خودای بەجێ هێنا، چوو باڵندەکەی لەناو کەواکەی نا. باڵندەکە چەند هێلکەیەکی لەبن بوو. پیرەمێرد کڵاوی لەسەرکردەوەو لەبەر ئەوەی بنی کڵاوی کون بوو، هەندی پووس و پەلاشی لەبن دانا و هێلکەکانی لەسەر پووشەکە داناو چیلکەکانی بە پەتەکە پێچاو بە کۆڵی خۆی داداو ڕێی ماڵەوەی

گرتە بەر: یا عەلی مەدەد!! - ورگی بەتاڵ بوو، ناشتای نەکردبوو. هات هات گەیشتە سەر ڕێگایەك. دیتی دێوەرەیەك خەریکی بەتاڵ کردنی ئەردە شەکران بوو.

پیرەمێردی دارکەر گوتی: ((کاکە، کلۆیەکم لەم شەکرە بەرێ، دڵم دەخێورێتەوە.))

دێوەرە گوتی: ((شەکر بەپارەیە. بەخۆڕایی نابێ. بۆچی بێ پارەم دەست کەوتووە، تا بێ پارەی بدەم؟))

پیرەمێرد گوتی: ((بەخوا پارەم نییە. بە هێلکە باڵندەی دەدەی!؟))

دێوەرە گوتی: ((ئا. بۆنایدەم!))

پیرەمێرد هێلکەیەکی لە پێش دانا. دێوەرە جوولەکە بوو. سەرنجێکی لە هێلکەکەداو بە پیرەمێردی گوت: ((چەندت بدەمێ؟))

پیرەمێرد گوتی: ((خۆت و بەختت! چەندی دەدەی بدە!))

دێوەرە گوتی: ((دووسەد درهەم بەسە!))

پیرەمێرد بڕوای نەکرد، گوتی: ((خۆت و بەختت!))

دێوەرە گوتی: ((چوار سەد درهەم بەسە؟))

پیرەمێرد گوتی: ((خۆت و بەختت!))

پێداچوو تا گەیشتە هەزار درهەم. ئەوسا پیرەمێردی دارکەر گوتی: ((وا چاکە بڵێم بدە، بزانم دەیدا، یان نە ؟))

گوتی: ((بدە!))

دێوەرە هەزار درهەمی ژماردو لەناو کیسەیەکی کردو لەپێش پیرەمێردی دانا. دوو کەلە شەکریشی سەربار دایە.

پیرەمێرد هەموو شتەکانی هەڵگرت و: یاعەلی مەدەد!! - ڕووەو ماڵ بووەوە. گەیشتەوە ماڵێ. لەدەرگای دا. ژنە هات دەرگای کردەوەو لەکابرای پرسی: ((پیاویزگە، سەرو پێت کڕی؟))

پیرەمێرد گوتی: ((حورمێ، قوربانی ئەو بەختەت بم. لەسەرو پێ باشترم

هێناوە. ئەم باڵندەیە بدە منداڵان سەری ببڕن، ئەمەش هێلكەكانی.))

ژنە ژیرو دونیا دیتە بوو، كەچاوی بە هێلكەكە كەوت گوتی: ((پەه!! سەری ئەم باڵندەیە ببڕن!!؟ ئەمە باڵندەی بەختیارییە. هەر هێلكەیەكی یەك دونیا دێنێ.))

چوو زوو تۆزتێكی لێداو پووش و پەڵاشی لەدەورە كۆكردەوەو كوڵانەیەكی دروست كردو ئاوودانی لەناو دانا.

كابرا گوتی: ((حورمێ، هێلكەیەكم فرۆشت. بزانە چەندیان پارە دامێ. ئەم (دوو)كەلە شەكرەشیان سەربار دامێ.))

ژنە پەنجەی خۆی گەست و گوتی: ((هەی بەدبەختی نەزان، بڕۆ بیدەوە. كەمیان پێ داوی. تۆڵیان برپوی!))

پیرەمێرد گوتی: ((نا. دیارە خودا بژێوی ئەوی لەڕێی منەوە داوە. لێی گەڕێ. نایدەمەوە. تۆ چ نیشت هەیە.))

شەو چوون هەم سەروپێیان كڕی و هەم نانێكی زۆریشیان كڕی و هەرچی حەزیان لێ بوو، كڕیان و خەنی سەد خەنی!! باڵندەكەشیان ماو سەریان نەبڕی.

بابە گیان! هەركاتێ بێپارە دەبوون پیرەمێرد هێلكەیەكی دەبرد دەیدایە جوولەكەی دێوەرەو ئەویش پارەی باشی دەدایە. ئەم زەوییەیان كڕی، ئەو زەوییەیان كڕی. وەستایان هێنا خانوویان دروست كرد، قەڵایان دروست كردو لەناو قەڵاكەدا ژوورێكی حەفت جار لەناو یەكیان دروست كردو باڵندەكەیان لەناو دانا.

وردە وردە ئەو باڵندەیە، كەبە ئەسل پەری بوو، گۆڕاو كەوتە سەر شكڵی كچێك. كچێكی تا بڵێی جوان و نازدار! كە دەپژمی گوڵی نێرگز لە لووتی دەهاتە دەرێ و كە دەگریا مرواری سەغی لەچاوان دەڕژا. كە پێی ڕاستەی بڵند دەكرد خشتی زێری لەژێر پێ پەیدا دەبوو وكە پێی چەپی بڵند دەكرد، خشتی زیوی لەژێر پێ دەردەكەوت.

پیرەمێردی داركەر ئیش وكاری بەرەو باشی هەڵكشا. بوو بە سەرۆك بازرگان.

جوبەی شال! کراسی شال! کەوای زێرکفت! منداڵ بەنازو نیعمەت!! نۆکەر، کارەکەر لەماڵ و حەوشەو موبەق.

لە ژوورەکانی ناو قەڵا، کەکچەی تێدابوو، کونێکیان هێشتبووەوە بۆ ئەوەی ڕوناکی بۆ کچە بچێ و هەر لەو کونەوەش خواردنیان بۆ دەبرد.

ڕۆژێکیان کوڕی پاشا لە پشت قەڵای پیرەمێرد قاشوانەی دەکرد، قاشوی لەگۆدا، گۆی زێڕین لە کونەکەوە چووە ژووریّ.

وەزیر گوتی: ((با بچم بزانم دەرگای ئەم قەڵاتە لە کوێیە؟ بیدۆزمەوەو گۆیەکە بێنمەوە.))

کوڕەکە گوتی: ((نە . خۆم دەچم. گۆیەکە دەدۆزمەوە، بزانم کەوتۆتە کوێ؟))

پەیژەیەکیان هەڵپە سارد و کوڕی پاشا چووە ژوورەوە ورۆیشت ڕۆیشت دیتی لە دەلاقەیەکەوە ڕوناکییەك دێتە دەرەوە، ڕوناکییەکی وەکو ڕۆژ.

کوڕی پاشا لە دەلاقەکەوە هاواری کرد: ((هۆ،هۆ،تۆ پەری، پەریزادی؟ ئادەمی، ئادەمیزادی؟ ئینسانی، جنۆکەی؟ هەرچی هەی، ئەو گۆیەم بدەوە!))

کچەکە گۆیەکەی بەدەستەوە گرت و سەیری کردو گوتی: ((من پەریزادم. ڕاستی بە ئەسل لە پەریانم. ئەم پیرەمێردە دارکەرە هیچ خودانەناسی. هەرچی هەیەتی لەمنەوەیە. ئەم خانووەی کە دەبینی لە خشتی زێڕو زیوە هەمووی لە ژێر پێی من هاتۆتە دەریّ. کچە دەستی بە ڕۆیشتن کرد. کوڕی پاشا دیتی خشتی زێڕو زیو لە دوای یەك ڕێزبوون. کچە پژمی گوڵە نێرگزی لە لووت دەرپەڕی. چاوی سڕییەوە مرواری ساغی لەچاوان ڕژا. چەند مرواریيەکی پێشکەش کوڕی پاشا کرد. کوڕی پاشالەو ساتەدا نەك بەدڵێك بەسەد دڵ ئەشقی بوو.

کوڕی پاشا گوتی: ((ئەگەر هاتینە خوازبینیت بە چ نیشانەیەك بێین و چۆن بتدۆزینەوە.))

کچەکە گوتی: ((من لە ژووری حەفت لەناو حەفت دام ومن نیشانی هیچ کەس نادەن چونکە خۆیان کچیان هەیە.))

کوڕە گوتی: ((من تۆم دیوەو پەسەندم کردووی. خۆم دێم خوازبێنیت دەکەم و

لەم شوێنە ڕزگارت دەکەم.))

کچە قبووڵی کردو کوڕە هاتە دەرەوە.

کوڕە چووەوە ماڵێ، بەباوکی گوت: ((کچی دارکەرم دەوێ.))

پاشا گوتی: ((بابت چیا، داکت چیا، ئێمە شازادەین، میراتگری پاشایەتین. ئاخر ئێمە چیمان داوە لە دارکەر.))

کوڕە گوتی: ((دڵ یەکێکە و چۆتە یەك جێ. من هەر ئەوەم دەوێ. ئەگەر ئەوەم بۆ دێنی بۆم بێنە، ئەگەر نا سەر هەڵدەگرم و ڕوودەکەمە چۆل و بیابان و چاوت بەمن ناکەوێتەوە.))

پاشا بەناچاری فەرمانی دا زیافەت ئامادە بکەن و دەهۆڵ و زوڕنا سازدەن و دەهۆڵ و زوڕناو کەمانچەو سەماکەرو سووڕدەرو خوان و بەرگ و ئاوێنە و قورئان، ئاوگێڕو فلان و فیسارو هەرچی کە پێویست بوو هەموویان ئامادەکردو بەرەو ماڵی دارکەر کەوتنە ڕێ.

با بزانین دارکەر چ دەکا؟ دارکەر هیچ ئاگاداری مەسەلەکە نەبوو. داردەستێکی زێڕی بەدەستەوە بوو لە سەر دیواری قەڵا پیاسەی دەکردو خەمی بەبادا، لووتی بەرزکردبووە:

خوا نەکا گەدا کە موعتەبەر بێ وای لێ بێ لەخواکە بێ خەبەر دەبێ.

بەڵێ دارکەر دووربینی زێڕی دایە بەرچاوی و هاواری کرد: ((حورمێ، بگەیێ، دوژمن هێرشی بۆ هێناوین.))

ژن و منداڵەکان و نۆکەرو کارەکەرەکان هەر ڕایان کردو توند دەرگای قەڵایان داخست و هەرچی دارو بەرد و کورسی شکاو هەبو دایانە بەر دەرگاو بە غەمگینی دانیشتن. کە داخوازیکەرەکان نزیکتربوونەوە، ژنەکە گوتی: ((ئەمانە دوژمن نین. هەبێ و نەبێ ئەمانە بۆ داخوازی هاتوون. کچینە دەستێك بەسەرو سیمای خۆتان داێنن و خۆتان ڕێك بخەن، ئەمانە بۆ داخوازی ئێوە هاتوون.)) بێ گومان ئەمانە ئاگاداری یەکتربینیی پەریزادو کوڕی پاشا نەبوون.

چوون دەرگای قەڵایان کردەوەو دیتیان: بەڵێ ئاهەنگی شادییە. ڕمبەی دەهۆڵ

و فیقەی زوڕنایە. سەماکەر سەمادەکەن و خەڵك عوودو سپەرد دەسووتێنن و یاری دەکەن. هەڵپەڕکێ دەکەن. مەلاشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە.

ژنی دارکەر خۆی و کچەکانی خۆی تاس و لووس دا، هەمووی بە گەواهیری سەنگین و ڕەنگین خەملاندن و ڕێکی خستن و هێنانی.

کوڕی پاشا سەرنجێکی لێدان و گوتی: ((نە . ئەمانە نین.)) چوو لەناو ژووری حەفت لەناو حەفت دەستی پەریزادی گرت و تارایان بەسەرداداو قورئانیان لەسەر سەر ڕاگرت و کلۆ شەکریان لەسەری سوی و لە کوڕی پاشایان مارەکرد.

ژنی دارکەر لەسەرسامیان دەسی بەش بووەوەو دەستی هیچی نەگرت. لەبەر خۆیەوە گوتی دەبێ بەڵایەکی بەسەربێنم.

بڕیاردرا شەوی هەینی ئاینده بێن بووك ببەن. لەو ماوەیەدا ژنی دارکەر تەگبیری کرد چ بەسەر کچە بێنێ. بە کچێکی خۆی گوت ئەو شەوەی بووك ڕۆیشت لەگەڵ بووك ڕەوانەت دەکەم. ئینجا چەقۆیەکی دایەو گوتی: ((ئەمە دەخەیتە گیرفانت، شووشە ئاوێکی بچووك و ئەنگوستیلەیەکی دوورمانان لەگەڵ خۆت دەبەی. کە بووك تینوو بوو و داوای ئاوی کرد بڵێ: ئاو بە چاوە. ئینجا چاوێکی دەربێنەو پڕ بە ئەنگوستیلەیەك ئاوی بدەرێ. کە دووبارە داوای ئاوی کرد، دیسان بڵێ:ئاو بە چاوە. چاوەکەی تریشی دەربێنەو پڕ بە ئەنگوستیلەیەك ئاوی بدەرێ. کە کوێر بوو لەگالیسکە فڕێی دە خوارەوە و خۆت جل و بەرگی ئەو لەبەر کەو پێشتریش جل و بەرگی خۆت لەبەر ئەوبکە. ئینجا لە جێی ئەو دانیشە. توند ڕووت بگرە و ڕووت بەکەس نیشان مەدە.))

کە شەوی هەینی داهات. ژنی دارکەر چێشتێکی زۆر سوێری دەرخواردی پەرێزاد داو لەگەڵ کچی خۆی سواری گالیسکەی کردن و بەڕێی کردن. لە ڕێگادا، پەریزاد لەبەر ئەو چێشتە سوێرەی خواردبووی تینووبوو، بە زڕ خوشکی گوت: ((خوچە، ئاوم دەوێ!))

کچی دارکەر گوتی: ((ئاو لەکوێ بوو؟ کەمێ ئاو هەیە ئەویش بە چاو دەدەم!))

Scanned with CamScanner

بەکورتی سەرتان نەیەشێنم یەکەمجار چاوێکی دەرهێناو لەناو پارچە لۆکەیەکی ناو خستیە گیرفانی. پەریزاد بە چاوە ساغەکەی دیتی کچە چی لەچاوەکە کرد. پەریزاد پڕ ئەنگوستیلەیەك ئاوی خواردەوە، بەلام پاش ماوەیەك دیسان تینوو بوو. چاوەکەی تریشی داو پڕ ئەنگوستیلەیەك ئاوی خواردەوە.

کە کچە هەر دوو چاوی پەریزادی کوێر کرد، جل و بەرگی خۆی لەگەلْ گۆڕییەوە. گالیسکەکە بە لێوی کەندرێکدا دەڕۆیشت، کچە هەر چاوە چاوی بوو کە دیتی خەلْکەکە هەموو خەریکی شادی و خۆشین، پالێکی بە بووکەوە ناو سەرەنگرێی کردە ناو کەندرەکە و خۆی لەسەر جێگای ئەو دانیشت.

کاتێ بووکیان لە گالیسکە دابەزاند بۆ ئەوەی بیبەنە ناو کۆشکی پاشا، ئەم گوتی: کوا خوشکی؟ ئەو گوتی: کوا خوشکی؟

کچی دارکەر گوتی: ((خوشکم ترسا. لەنیوەی ڕێ هەلات و بەتەنێ جێی هێشتم.)) کچە شەوی بووکێنیش خۆی نیشان نەدا. کوری پاشا هەر چەندە تەماشای کرد دیتی ئەم کچەکە دەڕوا نەکەڕپوچێکی زێڕو نە خشتێکی زیوی لە ژێر پێ دەرناکەوێ، نەگوڵی نێرگزی لە لووت دەردێ و نە مرواری ساغی لە چاوان دەڕژێ.

کوری پاشا لە دلی خۆیدا گوتی: ((من هەموو شتێکم بە چاوی خۆم لێ دیوە، واچاکە جارێ سەبر بگرم.))

با بزانین لەولا چ باسە! کە پەریزادە سەرەنگرێ بوو بۆ ناو کەندرەکە، چەند ڕۆژێك لەوێ مایەوە تا دارکەرێکی تر بەوێدا تێپەڕی و چووە سەر لێوی کەندرەکە گوێی لێ بوو نووزەیەك لە بنی کەندرەکە دەهات. کچە لەناو کەندرەکە ئەوەندە ئەم پێ و ئەو پێی کردبوو تا ناوقەدی پڕ خشتی زێڕو زیو ببوو. دارکەری دووەم لەسەر لێوی کەندرەکە هاواری کرد: ((تۆ کێی؟ ئایا بنیادەمی کەوتوویتە ناو ئەم کەندرە؟))

پەریزاد گوتی: ((ئەی تۆ چ کارەی، کابرا؟))

دارکەر گوتی: ((من کابرایەکی دارکەرم. دەچوومەداران ڕێم کەوتە ئێرە.))

پەریزاد گوتی: ((فلانە دارکەر دەناسی؟))

دارکەر گوتی: ((نا، دەیناسم. ئاخر خێرە! بڵێ سەرەك بازرگان مەڵێ دارکەر.))

پەریزاد گوتی: ((ئەو سامانەی هەیەتی هەمووی لەسای سەری منەوە دەست کەوتووە. ئەگەر تۆ لەم کەندرە ئەجاتم بدەی، تۆش وەکو ئەو دەکەمە خاوەن ماڵو منداڵ. ئەگەر باوەڕیش ناکەی یەکەم جار کیسەیەك، شتێك بەپەت شۆڕکەوە خوارێ بۆ ئەوەی بۆت پڕ زێڕو زیو بکەم تا باوەڕ بکەی، ئەوسا ئەگەر ڕەحمت بزووت دەرم بێنە.))

دارکەر پەتێکی لە جواڵێك بەست و شۆڕی کردەوە. کچە جواڵەکەی گرت و پڕ خشتی زێڕو زیوی کرد و گوتی هەڵیکێشەوە.

کە دارکەر هەڵی کێشایەوەو چاوی بە قالبە زێرو زیوەکان کەوت لە خۆشیان پێی بە عەرز نەدەکەوت. هەر ڕای کردەوە ماڵێ و بە ژنەکەی گوت: ((شتێکی وام دیوە دەڵی من پەریم و چاوم نییە. دەبێ ڕزگاری بکەین.))

ژنە ڕازی بوو. کابرای دارکەر گەڕایەوە، پەریزادی لە بنی کەندرەکە دەرهێناو بردییەوە ماڵێ. بردیانە حەمام و جوان جوان شووشتیان و جل و بەرگێکی ڕێك و پێکیان لەبەر کرد. پەریزاد ماوەی پێنج شەش مانگ لە ماڵی دارکەر بوو. ڕۆژێکیان بەدارکەری گوت: ((ئەی دارکەر، تۆ باوکی منی. وەرە باوکاتییەك دەرهەق بە من بکە.))

دارکەر گوتی: ((چ بکەم؟))

پەریزاد گوتی: ((هەندێ لەو گوڵەی لەکاتی پژمیندا لە لووتم دەردەپەڕێ هەڵگرەو ببە لە باغی کوڕی پاشادا بیفرۆشە وبانگ ڕابێلە: ((هۆی گوڵی نێرگز! هۆی گوڵی نێرگز!))ئەگەر لێیان پرسی: ((چەپکی بە چەند؟))بڵێ: ((بەپارەی نادەم، بەچاوی دەدەم، بۆ ئەوەی خاوەنەکەم پێ بزانێ.))

کابرای دارکەر ڕازی بوو. چەپکە گوڵەکانی لەسەر سینییەك داناو لەسەر سەری خۆی داناو ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت. چووە ناوباغی پاشاو بانگی ڕاهێشت:

Scanned with CamScanner

((هۆی گوڵی نێرگزا هۆی گوڵی نێرگزا))

کوڕی پاشا گوێی قوڵاغ کرد و گوێی دایە بانگی گوڵ فرۆش و فەرمانی بە وەزیر کرد: ((بڕۆ بانگی ئەم گوڵ فرۆشە بکە!))

کوڕی پاشا چاوی بە پیرەمێرد کەوت، گوتی: ((مامە، گوڵەکان بەچەندی دەدەی؟))

کابرای دارکەر گوتی: ((قوربان بە پارەی نادەم، بەچاوی دەدەم.))

کوڕی پاشا گوتی: ((کابرا، تۆ شێت بووی؟ چۆن بەچاو دەبێ؟! ئاخر کێ چاوی خۆی دەردێنێ و بە گوڵی دەدا.))

کابرای دارکەر گوتی: ((قوربان خاوەنی ئەم گوڵانە چاوی نییە.)) ئینجا حاڵ و مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە، چۆن زڕ خوشکی چاوەکانی دەرهێناوەو فڕێی داوەتە ناو کەندرێك و خۆی لەجێی ئەو کردۆتە بووك. وردو باریك هەمووی بە کوڕی پاشا گوت.

کوڕی پاشا لەگەڵ کابرای دارکەر چووە ماڵیان و دیتی کچە هەمان پەریزادی ژنی خۆیەتی. دەستی لە ملی کرد. کچە ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوەو گوتی: ((لەبەر ئەوەی من پەریزادەم ئەگەر چاوەکانم بە ساغی مابن و نەشکا بن بەئاوی زارم تەڕیان دەکەم و لە جێی خۆیان دایاندەنێمەوەو حەفت سەڵەوات لێ دەدەم و وەکو جاران چاك دەبنەوە. بڕۆ لە پێشدا بەنەرمی لەگەڵ کچە بدوێ. نەکەی لێی بدەی. هێدی دەست ببە ناوگیرفانی و چاوەکانم بەساغی دەربێنە. من بەتاکە چاوێك بینیم چاوی ڕاستەمی لەناو لۆکە دانا.))

کوڕە پاشا گەڕایەوە ماڵێ و هێدی دەستی بردە ناو گیرفانی کچەو سەیری کرد بەڵێ هەردوو چاوەکان لەناو لۆکە داندراون و لە گیرفانی کچەکەدان. شوکری خودای بەجێ هێنا. دەست و پێی بووکی توند بەست و دەرگای خشت کلیل داو چووە دوای پەریزاد. پەریزاد چاوەکانی بە ئاوی زار تەڕکردو حەفت سەڵاواتی لێ داو چاوەکان لە جێی خۆیان چەسپان.

Scanned with CamScanner

حەفت شەوو حەفت ڕۆژ شاریان ڕازاندەوە. کوڕی پاشا سەر لە نوێ زەماوەندی گێڕا. فەرمانیشی دا قژی کچەکەیان لە کلکی ئێسترێك بەست و بەرەڵلای چۆڵەوانییان کرد.

ئەوان بە مرازی خۆیان گەیشتن
ئیشەڵلا هەموو لا بە مرازی دڵی خۆیان دەگەن.

هەقایەتخوان: زەینەب گوڵابی، ٥٨ ساڵە
گوندی: سروناو، باشووری کرماشان

Scanned with CamScanner

# ٥٢- چیرۆکی بوزبوزەکان

هەبوو نەبوو، بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو.

بوزبوزانێك هەبوو سێ کارژۆلەی هەبوو: شونگول و مونگول و پێکول.

ڕۆژێکیان بوزبوزەکان گوتی: ((دادە شونگول، دادە مونگول، دادە پێکول. من وا دەچمە دەشت گیاو گۆل دەخۆم بۆ ئەوەی گوانم پڕ شیر بێ و شیرەکەتان بۆ بینم. ئێوەش دەرگای ماڵێ لە پشتەوەڕا توند قایم بکەن.))

کە ئەو ڕۆیشت گورگ لەوناوە چاوی لێ بوو.

گورگ دەرفەتی وەرگرت و چووە بەر دەرگای ماڵی بوزبوزەکان و لە دەرگای دا.

شونگول گوتی: کێیە؟

گورگ گوتی: ((منم، دایکی ئێوەم. دەرگا بکەنەوە.))

شونگول و مونگول و پێکول لە درزی دەرگاوە سەیریان کردو گوتیان: ((نە . تۆ دایکی ئێمە نی. دایکی ئێمە سپییە.))

گورگ یەکسەر چوو هەندێ ئاردی لە ئاشێك هێناو لەدەم و چاوی خۆی داو گەڕایەوە بەردەرگای ماڵی بوزبوزەکان و لە دەرگای دا.

کارژۆلەکان تەفرەیان خواردو دەرگایان کردەوە.

کە دایکیان بە گوانی پڕ شیر هاتەوە دەرگای حەوشە والا بوو، بانگی کرد: ((دایە شونگول، مونگول، پێکول.))

بەڵام هیچ دەنگ نەبوو. لەپڕ پێکول لەناو تەندوور هاتە دەرەوەو گوتی: ((دایە گیان،گورگ هات و شونگول و مونگولی خوارد.))

وەی داد و بێداد! بزن شیری دایە پێکول و بەشی دووەکەی تریشی دۆشی و لە جامێکی کردو کردی بە ماست و کە سبەینە داهات چووە لای مام ئاسنگەرو

Scanned with CamScanner

گوتی: ((مامەی ئاسنگەر، ئەم شاخانەم بۆ تیژکە، ددانەکانیشم بۆ تیژکە دەمەوێ بچمە شەڕ.))

که شەو داهات بزن چووە سەربانی خانووی گورگ و سمی لە زەوی کوتا.

گورگ گوتی:

اوکیه رم رم مکنه        ئەوە کێیە تەپ تەپ دەکا

کاسه کچله بچه منه پر از خاك مکنه        کاسەو کوچەی بێچووەکانم پڕ خۆل دەکا.

بزن گوتی:

منم منم بزبزکان        منم منم بوزبوزەکان

دو شاخ دارم چو بیلکان        دوو شاخم هەن وەك پیشەقان

دو چشم دارم چو گردکان        دوو چاوم هەن وەکو گوێز

کی خورده شنگول مه کی خورده مەنگول مه

کێ خواردوویە شونگولی من؟ کێ خواردوویە مونگولی من؟

کی می ات به جنگ مه        کێ دێ بۆ شەڕی من؟

گورگ گوتی:

نەخوردم شنگول تو        من نەمخواردووە شونگولی تۆ

نە خوردم منگول تو        من نەمخواردووە مونگولی تۆ

نه میام به جنگ تو        من نایەم بۆ شەڕی تۆ

بوزبوزەکان دووبارە سمی لە زەوی کوتاو هەمان قسەی کرد، تا سەرەنجام گورگ پەست بوو و گوتی:

من خوردم شنگول تو   من خواردوومە شونگولی تۆ

من خوردم منگول تو   من خواردوومە مونگولی تۆ

من میام بە جنگ تو                    من دێم بۆ جەنگی تۆ

بزن گوتی: سبەی بڕیارمان مەیدانی شەڕ بێ.

کە شەو داهات، گورگ هەمبانێکی بە بەرقنگی خۆیەوە گرت و پڕ فسی کردو دنکە نۆکێکی لە زارکی هەمبانەکە بەست. سبەینێ چووە لای مامە ئاسنگرو گوتی: ((مامەی ئاسنگر، نۆك و کشمیشم بۆ هێناوی. ئەم کەڵبانەم تیژکەوە، دەمەوێ بچمە شەڕی بزن.))

مامەی ئاسنگەر هەمبانەکەی بردە بنەبانی دوکانەکەی. زارکی کردەوە، لەپڕ دنکە نۆکەکە دەرپەڕی و چاوێکی مامە ئاسنگەری کوێر کرد. مامە ئاسنگەر گوتی: ((ڕاوەستە، دەردێکت پێ بکەم، بە کەیفی تۆ!))

مامە ئاسنگەر دەستی پێ کرد هەموو کەڵبەکانی گورگی دەرکێشا و لۆکەی لە جێ دانان، چڕنۆکەکانیشی لە بنەوەڕا بە قەیچی بڕی.

کە بوزبوزەکان چوو، مامەی ئاسنگەر ئەو ماستەی لێ وەرگرت کە بزن لە شیری خۆی بۆ هێوێن کردبوو. مامەی ئاسنگەر کەیف خۆش بوو، ددان و شاخەکانی بزنی تیژکردو بۆ بەیانی چوونە مەیدان.

بوو بە نەڕە نەڕو هات و هاوار. بزن لە سەرێکی مەیدان و گورگ لەسەرەکەی تر هەڵمەتیان بۆ یەکتر برد. بوزبوزەکان قۆچێکی لە گورگ داو لە سەرەوە تا خوارێ ورگی هەڵزڕاند. شونگول و مەنگول لە ورگی گورگ هاتنە دەرەوە. دایکیان بردنیە حەمام و جوان جوان شووشتنی و پێی گوتن ئیدی نابێ دەرگای حەوشە لەکەسی نەناسیاو بکەنەوە.

هەقایەتخوان: سوغرا ئەختەر تەبار، ٧٨ ساڵە
کرماشان

# ٥٣-باوەژنی ناچسن

هەبوو نەبوو، بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو. ژن و مێردێك هەبوون، دوو کچیان هەبوو. لەو زەمانی قوتابخانە نەبوو. ناچار کچەکانیان ناردە لای بەرگدروو. بەیانیان کە ئەم دوو کچە دەچوونە لای ژن وەستاکەیان (وەستاکەیان ژن بوو) ژن وەستا لێی دە پرسین: ((کچینە دوێ شەو چتان خوارد؟ چتان کرد؟))

کچەکان دەیانگوت: ((دوێ شەو فلاّنە شێومان خواردو باوکمان فلاّن شتی هێنایەوەو ئەم جۆرە قسانە.))

ژن وەستا کە ئەم شتانەی دەبیست بەخیلی دەبرد. ئاخیری لەبەر ئەوەی مێردی نەبوو (بێوەژن بوو) مرخی لە باوکی کچەکان خۆش کرد. دەستی پێ کرد لە دەوری کچەکان دەگەڕاو دەسووڕا. خۆی لێ نزیك دەکردنەوە. بە ڕوویانەوە پێدەکەنی و دڵنەوایی دەکردن. ئەم لاو ئەو لای ڕێك دەخستن. جلی دەشووشتن، سەری شانە دەکردن و هەرچی پێی بکرایە دەیکرد بۆ ئەوەی دڵیان ڕابکێشێ.

لێی دەپرسین: ((ئایا ئەگەر من دایکی ئێوە بام، باش بوو، یان خراپ؟))

کچەکان هیچیان نەدەگوت چونکە هەموو جارێ کە نیوەڕۆ دەگەڕانەوە ماڵێ فراوین ئامادە بوو. دایکیان هەرچی لە دەستی بهاتایە کەمتەرخەمی نەدەکرد: ژوورەکان ماڵابوون، ئامان شووراوبوون، هەموو شتێ ڕێك و پێك بوو. کچەکان فراوینیان دەخواردو دەگەڕانەوە سەر ئیشی خۆیان.

تا ڕۆژێکیان ژن وەستا بیری کردەوەو بە کچەکانی گوت: ((ئەرێ بەڕاست کچینە، ئێوە لە ماڵەوە سرکەتان هەیە؟))

یەکێ لە کچەکان گوتی: ((ئا. سرکەمان هەیە، لە ژێرزەمین هەڵمانگرتووە.))

ژن وەستا بیری کردەوەو گوتی: ((کەواتە سبەی من کاهوو دەکڕم و ئێوەش سرکە بێنن. کاهوو و سرکە دەخۆین.))

کچەکان گوتیان: ((یەك کووپەی گەورەمان هەیە. نیوەی سرکەیە.))

ژن وەستا گوتی: ((کچینە، کە دایکتان چووە سەر کووپەکە بۆ ئەوەی سرکە بێنێ، ئێوە لەپشتەوەڕا پێی بگرن و بە گالتە فڕێی دەنە ناو کووپەکە.))

ڕۆژی پاشی کە بوو بە نیوەڕۆ، کچەکان چوونەوە ماڵێ و بەدایکیان گوت: ((ئێمە فراوین ناخۆین. وەستامان کاهووی کڕیودو بڕیارە ئێمەش سرکە ببەین و پێکەوە کاهوو و سرکە بخۆین.))

دایکیان گوتی: ((کچە ئازیزەکان، چۆن فراوین ناخۆن؟ ئێوە فراوینی خۆتان بخۆن تا من دەچم هەندێ سرکە دێنم بۆ جەمی عەسر بیبەن.))

کچەکان، کە ژن وەستای ناجسن فریوی دابوون، گوتیان: ((نە . دایە، ئێمەش لەگەڵت دێین.))

بەهەر حاڵ کچەکان بەدوای دایکیاندا چوونە ژێر زەمین. کە دایکیان داهاتەوە بۆ ئەوەی سرکە لە کووپە دەربێنێ، کچەکان بە پێکەنین لەپشتەوەڕا پێیان گرت و سەراوسەر فڕێیان دایە ناو کووپەی سرکە.

سرکە زوو بنیادەم دەخنکێنێ. دایکە کەوتە پەلە قاژەو لنگە فرتێ. کچەکان سەرقاپەی سرکەکەیان دانایەوەو گەڕانەوە ماڵی ژن وەستا و گوتیان: ((ئەی ژن وەستا، چت گوت وامان کرد. ئێستا چ بکەین؟))

ژن وەستا گوتی: ((شەو کە باوکتان هاتەوە بڵێن کە هاتینەوە ماڵێ ئەوەندەی بانگمان کرد دایکمان لە ماڵێ نەبوو.))

کچەکان ئێوارێ هاتنەوە ماڵێ. دەرگەی حەوشە والابوو، ماڵ تاریك و کش و مات بوو. کچەکان لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بوونەوەو دەستیان بەگریە و زاری کرد.

باوکیان گوتی: ((ئەوە چ بووە؟ بۆچی پەرێشان و هەراسان بوونە؟))

کچەکان گوتیان: ((دایکمان لە ماڵەوە نییە، نازانین چۆتە کوێ؟))

باوکە کچەکانی بردە ژوورەوەو چرای بۆ داگیرساندن و چوو ژنە دراوسێکەیانی هێناو لەلای کچەکانی داناو خۆی چووە دوو تاقیبی ژنەکەی. ئەم

لاگەڕا. ئەو لاگەڕا، چووە لای خزم و کەس و دۆست و ناسیاران. هەر جێیەکی شك پێ هات چوو سۆراغی ژنەکەی کرد. تا بە ترەکی شەو چوو گەڕا، ئەوسا بە شەکەتی و پەرێشانی گەڕایەوە.

شەو کچەکان پاروە نانێکیان خواردو سەریان بە عەرز کردو نووستن. بەیانی بێ نان و چای وەهەر بە سکی خورینەوە چوونە سەرکار.

ژن وەستا ڕووداوەکەی لێ پرسین و کچەکانیش چی قەومابوو بۆیان گێڕایەوە.

ژن وەستا گوتی: ((باشە، کچینە (بەباوکتان) بڵێن: باوکە، نەوەکو دایکمان کەوتبێتە ناو کووپەی سرکە، واچاکە سەری کووپە هەڵدەینەوە بزانین لەوێیە، یان نا؟ ئەگەر گوتی: ((چما دایکتان پشیلەیە، مشکە؟))

بڵێن: ((بۆی هەیە کەوتبێتە ناوی)). بۆ ئەوەی باوکتان بچێ لەناو سرکە دەری بێنێ و بەخاکی بسپێرێ و ئێوەش لەدەستی بحەسێنەوە.

کەشەو داهات، ژنەی جلدروو چی گوتبوو کچەکان بە باوکیان گوت. باوکیان وەلامی دانەوە گوتی: ((بۆ چما دایکتان منداڵە بکەوێتە ناو کووپەی سرکە. بەلام مادام ئێوە وادەڵێن سەرێکیش لە کووپە دەدەم.))

باوکە چوو سەری لە کووپەی سرکەدا، سەیری کرد. وای دادو بێداد بەڵێ، ژنە دوو پێی لە کووپە هاتۆتە دەرێ و لەشی وەکو ڕەژوو لێ هاتووە. کووپەیان لەژێر زەمین دەرهێنا و لەناو حەوشەیان داناو شکاندیان و دایکەیان دەرهێناو بردیان بەخاکیان سپارد.

ماوەیەك بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی، ڕۆژێکیان ژنەی جلدروو گوتی: ((بەباوکتان بڵێن: ئێمە تاکەی هەر نان و پەنیر و نان و چای بخۆین. ئێمە فێری چێشت خواردنین. هەق وایە یەکێ بێنی ماڵەوە ڕێك بخات و چێشتمان بۆ لێ بنێ و جل و بەرگمان بشوا. ئەگەر گوتی خۆتان بگەڕێن و یەکێ بدۆزنەوە، بڵێن زۆر باشە.))

ئەنجام شەوێکیان، کچەکان گوتیان: ((باوکە، ئێمە تاکەی ئەو خواردنە سەر پێیە بخۆین؟))

باوکە گوتی: ((کچینە من چ بکەم؟ خۆمن دایکتانم نەخستە ناو سەرکە؟ بەڕاستی من کەسی وانانسم جێگای دایکتان بگرێتەوە.))

یەکێ لە کچەکان گوتی: ((بەخوا وەستاکەمان ژنێکی زۆر چاکە. زۆری چاو لێمانە. دەمانباتە حەمام، سەرمان دەشوا. قژمان شانە دەکا، جلمان جوان دەشوا. ئەگەر دەتەوێ ژن بێنی، ئەو بێنە.))

باوکە گوتی: ((ناخر کچینە، من چۆن ژن بێنم هێشتا کفنی دایکتان نەڕزیوە. هێشتا جل و بەرگی لە ناو باول نرت و نوێیە. ڕاوەستن با ماوەیەك بڕوا پاشان بیرێکی لێ دەکەمەوە)).

سبەینێ باوکیان چی گوتبوو بۆ ژن وەستایان گێڕایەوە. وەستا ژن بیری کردەوەو گوتی: ((بڕۆن جل و بەگی دایکتان لەناو باولەکە دەربێنن و بیبەنە دەم ڕووبارو هەندێ زیخ و چەوی تێ بکەن و بە شوونك بیکوتن بۆ ئەوەی کون کون و تیکە بە تیکە ببێ، ئەوسا پێشانی باوکتانی بدەن و بڵێن ئیدی وا جل و بەرگی دایکمان ڕزی)).

کچەکان چوون ئەو ئیشەیان هەموو جێ بەجێ کرد.

کە شەو داهات، کچێکیان چووە لای باولەکە و کراسی دایکی دەرهێناو پێشانی باوکی دا. کراسەکە کون کون ببوو، هەمووی ڕزی بوو، گوتی: ((باوکە، بزانە کراسی دایکمان ڕزیوە وتۆش هەر ژن ناهێنی.))

باوکە ناچار بوو گوتی: ((کچینە، هەر کەسێکی ئێوە دەڵێن، من ئەو دێنم.))

کچەکان گوتیان: ((باوکە، ژن وەستا زۆر باشە!))

باوکە گوتی: ((باشە، پێی بڵێن بزانن ڕازییە، یان نا؟))

کچەکان گوتیان: ((بەڵێ، زۆریش ڕازییە.))

باوکە سەد درهەمی لەناو دەسماڵێك ناو گرێی داو دایە کچەکان و گوتی: ((ئێوەبن بە وەکیلی من، مارەی بکەن و شەو بیهێنن. ئەویش بێوەژنە پێویست بەتەق و تۆق و دۆڵ وزورنا ناکا. بەبێ هەست و خوست بیهێنن بۆ ئەوەی خزمەتتان بکا.))

Scanned with CamScanner

کچەکان چوون ئیشەکەیان پێك هێناو شەوبووکیان هێنایەوەماڵێ.

ئەمشەو هیچ، سبەی شەو هیچ، دووسبەی شەو ژن وەستا کە ببوو بە باوەژن بە کابرای گوت: ((پیاویژگە، لێرە، یان من دەبم، یان ئەم کچانە. بەتەمای تاکەی ئەمانە لای خۆت دابیەستی!))

کابرا گوتی: ((حورمێ، داکت چا بابت چا، ئەوان ئەوەندە بەتۆیان هەڵگوتووە هەر مەپرسە! ئەوەندە پاڕانەوە تا من تۆم هێنا، ئێستا تۆ چۆن قسەی وا دەکەی؟ ئێستا کە تۆم هێناوە من چ لەو کچانە بکەم. ئەمانە کچن، کوڕنین وەدەریان بنێم.))

باوەژن گوتی: ((نە . نابێ. دەبێ ئەمانە لەم ماڵە وەدەرنێی. من نامەوێ لێرە بن، ئەگەر نا من لەم ماڵە نامێنم.))

کابرا گوتی: ((کەواتە لانی کەم، نانێ، سەپکێ، شتێکیان بۆ بکە ببێ بە توێشووی ڕێگایان بۆ ئەوەی بیانبەم بەرەڵلایان کەم.))

ژنە گوتی: ((باشە، دانیشت تەشتە هەویرێکی کردو هەندێ شەکری پێدا کردو چەند سەپکێکی دروست کرد و لەناو کیسەیەکی نا. کابرای بێچارەش، کە ببوو بەکەری ئەم ژنە، گوتی: ((ئێستاش هەندێ تۆخم و شەکرو تەورێك و کدوویەکی وشك بخەرە ناو ئەم کیسەیە بۆ ئەوەی پێیان بڵێم دەمەوێ بتانبەمە سەیران.))

ژنە داوای کابرای بەجێ هێنا.

کەبوو بە ڕۆژی هەینی، باوکە بەکچەکانی گوت: ((کچینە، ئێوە ماندوون. هەموو ڕۆژێ دەچنە دورمانکردن و کاری ماڵەوەش ڕادەپەڕێنن. وەرن ئەمڕۆ بە سەیران بتانبەمە ناو دارستان. هەندێ داریش لەگەڵ دەستی خۆمان دێنینەوە!))

کچەکان بە شادومانی دوای باوکیان کەوتن. باوکە کیسەکەی بە کۆڵی داداو ملی ڕێگای چۆڵەوانی گرت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت. ئەوەندە ڕۆیشت تا شار لەچاو بزر بوو. گەیشتە بێشەلانێك و بەکچەکانی گوت: ((ئێوە لێرە دانیشن، من دەچم دارتان بۆ کۆدەکەمەوە تا ئاگرێ بکەینەوەو چا لێ بنێین.))

کابرا داکشایە خوارەوەی دارستانەکەو کدووە وشکەکەی بە داوێك لە دارێك بەستاو خۆیشی بەرەو شارو ماڵ بووەوە.

(با) لە کدووەکەی دەدا. کدووەکە بەدرەختەکە دەکەوت و دەنگی لێوە دەهات. کچەکان وایان دەزانی ئەمە دەنگی تەوری باوکیانە داردەبڕێتەوە. زۆر چاوەڕێیان کرد. دونیا تاریك داهات. کچی گچکە کە نەختێ زرنگتر بوو بە خوشکی گوت: ((خوچە، هەستە بچین بزانین باوکمان چ دەکا. ئاخر ئەم هەموو دارەمان بۆ چییە. لەبەیانییەوە تا ئێستا هەر داران دەکا.))

کە چوون دیتیان باوکە لەچ عەردو بانان دیار نییە و کدوویەکی وشکیان لە درەختێك بەستووە، (با) کدووەکە بە درەختەکەدادەدا و دەنگی لێوە دێ.

کچەکان هیچ جێ و ڕێ شارەزا نەبوون. گەڕانەوەو لە هەمان بێشەلان دانیشتن و دوو نانیان لە کیسە دەرهێناو لە ئاوی کانیان هەڵێناو خواردیان و بە زەحمەت بەسەر درەختێك کەوتن و لەسەر چلێك دانیشتن و تا سبەینێ چاویان نەچووە خەو. لەترسان و لەسەرمان هەر دەلەرزین. لەسەرەوە تەماشایان کرد، جانەوەرەکانی دارستان هەریەکە دەگەڕایەوە لانەی خۆی:

گورگ هات...

شێر هات...

بەور هات...

مەیموون هات...

ڕێوی هات...

چەقەڵ هات...

جانەوەرەکان دەیانمڕاندو دەیانگوت: (بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ، لەعەردو بانان دێ).

سبەینێ کە دونیا ڕوناك داهات، هەموو جانەوەرەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان. کچەکان لەسەر درەختەکە دابەزینە خوارێ. دیسان نان و ئاوی خۆیان خواردو دەستیان بەیاری کرد. لەدەم ڕوبارەکە خانوویەکیان دروست کرد،

ئاشۆکەیەکیان دروست کرد و خەریکی یاری بوون تا نانیان لێ بڕاو برسی بوون.
ڕۆژ برسی! شەو برسی! سبەینە برسی! چ بکەین؟ چ نەکەین؟
کچی گچکە گوتی: ((خوچە بابچین زەوی بکۆڵین بەڵکو شتێ بدۆزینەوە)).
زەویان کۆڵی دوو دنکە خورمایان دۆزییەوە، یەکەو دنکیان خواردو خەنی بوون.
ئەم جارە دو دنکە نۆکیان دۆزییەوە و خواردیان. ئەم جارە دوو دنکە کشمشیان
دۆزییەوەو خواردیان و سوپاسی خودایان کرد.
خوشکی گەورە ماندوو بوو بەڵام خوشکی گچکە دیسان زەوی کۆڵی و گوتی
ئەوەندە قوڵ دەکەم تا شتێکی باش دەدۆزمەوە. هەر زەوی کۆڵی و کۆڵی وکۆڵی
تا گەیشتە دەریچەیەك. خۆڵی ئەم لاو ئەو لای فڕێدا، هەستی کرد بۆنی پڵاوو
چەلاو لە دەریچەکەوە دێ.
کچی گچکە گوتی: ((خوچە، سوێندم بە عەلی جێگایەکی باشم دۆزییەوە،
ئەگەر ئەم دەریچەیە بکەینەوەو بچینە خوارەوە دەگەینە شوێنێکی باش.))
بەهەزار نقەنق و جرەجرو زۆرە ملی و یا عەلی ویا حوسێن دەریچەیان لێ
کردەوەو فڕێیان دایە لایەك، دیتیان چەند پایەیەك دەرکەوت. لەپایەکان چوونە
خوارێ، سەیریان کرد خوا بەزیادی کا مەنجەڵی پڵاو چەلاو و خۆراك لەسەر
ئاگرە. ئەوەندەی ئەم لاو ئەولا گەڕان هیچ بنیادەم لەوێ نەبوو، بەڵام دەرگایەکی
زلْ لەلایەکی تری ئەم ژێرزەمینە هەبوو. بەهەر حاڵ دانیشتن و کەوتنە سەر
خواردنی پڵاوچەلاو. کە تێروپڕیان خوارد، خوشکی گچکە گوتی: ((خوچە، وازەن
نەبەی ئێرە بێخودان بێ. هەڵبەت ئێرە خودانی خۆی هەیە. هەرچەندە ئێستا
لێرە نییە بەڵام بێشك شەو دابێ دێتەوەو لەوانەیە بمانفەوتێنێ. وەرە بچین
خۆمان لە جێگایەك بشارینەوە.))
هەستان ئەملا گەڕان، ئەولاگەڕان، دووکەندوویان لەتەك یەك دۆزییەوە.
چوونە ناو کەندووەکان و کونێکیان لە تەنیشت یەك کردەوە بۆ ئەوەی بتوانن
هەناسە هەڵکێشن و دەرەوە ببینن.
کە شەو داهات دەرگا کرایەوەو جانەوەر بە ژووریٚ وەربوون:

شێر هات...

بەور هات...

گورگ هات...

مەیموون هات...

هەر دەیانگوت: (بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ، لەعەردو بانان دێ).

مەیموون گوتی: ((باوکم بنیادەم لێرە چ دەکا؟ مەگەر ئێرە جێی بنیادەمە؟))بە کورتی شێویان خواردو دووبارە شێویان بۆ سبەی شەو لێناو نووستن.

چەند شەوو چەند ڕۆژێک بەم دەستوورە ڕۆیشت. ئەوسا خوشکی گچکە بە خوشکی گەورەی گوت: ((خوچە، ئەوە نەبووە ژیان ئێمە لەم ژێر زەمینە بخەوین و هەر تۆخم و فستق و فندق و چەلاوو خواردن بخۆین و شەویش لەترسان هەموو گیانمان چرك و هۆڕ بلەرزێ. ئەمە نابێ.وەرە کارێکی وابکەین ئەمانە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە.))

خوشکی گەورە گوتی: ((ئاخر خوشکێ، ئێمە چۆن دەتوانین ئەم جانەوەرانە لەناو ببەین. ئەم ئیشە لە قەوامی ئێمەدا نییە.))

خوشکی گچکە گوتی: ((خوچە، مەترسە. وایە ئێمە لە ژیانماندا کارێکی خراپمان لەدەست قەوماوە، بەلاّم خوا بە ڕەحمەو خۆی دەزانێ ئێمە نەزان بووین و ئێستا بەهانامانەوە دێ.))

شەو داهات و جانەوەرەکان هاتنەوە. مەیموون گوتی: ((دونیا ساردە دەبێ تەندووری گەورە جۆش بدەین.))

تەندووری گەورەیان جۆش دا. مەیموون چێشتکەر بوو. دەستی بەنان کردن کرد. هەر نانی کرد، نانی کرد. جانەوەرەکانی تریش لە دەورەی تەندوور دانیشتبوون یارمەتی مەیموونیان دەدا. کەلەنان کردن بوونەوە ماندووبوون. لە دەوری تەندوورەکە کردیانە پرخ وهۆڕو نووستن.

خوشکی گچکە خوشکی گەورەی بەئاگا هێناو گوتی: ((وەرە دەرەوە ئێستا

کاتی دەست بەکاربوونە.))

پێش هەموو شتێ مەیموونیان خستە ناو تەندوورەکە، کە هێشتا نەختێ هوشیار بوو. ئینجا چوونە لای شێرو پاشان گورگ و ڕێوی و بەورو... هەموویان فڕێ دایە ناو تەندوورو هەندێ دارو چیلکەیان هاویشتە سەریان و توند زارکی تەندووریان قەپات کرد. جانەوەرەکان لەناو تەندوور لێیان بوو بە شەڕو کێشەو بەکەڵبەو چڕنۆك یەکتریان دڕاندو سووتان و بوون بە خۆڵەمێش و هەموو شتێ تەواو.

سبەینێ کچەکان شوکرانەیان بەجێهێناو چوون هەرچی داروبەرد هەبوو دایانە بەر دەرگای قەڵاو بەخۆشی و شادی ژیان.

ڕۆژێ حەزیان کرد بچنە سەربان. چوونە سەربان و باش تەماشایان کرد دیتیان ئێرە قەڵاتێکی گەورەیەو تا چاو بڕ دەکا بێشەڵانە. لەولاوەش، دوور دوور سەلەفە سوارێك دەڕۆیشتن و ڕێو ڕێ بە دووربین سەیری دەوروبەری خۆیان دەکرد.

کچەکان دەستیان هەڵشەقاندو سوارەکان ڕوویان کردە دەرگای قەڵا. ئەم سوارانە کوڕە حاکم و وەزیر و وزەرا بوون. لەدەرگای قەڵا نزیك بوونەوە. کوڕی حاکم گوتی: ((بچینە ژوورەوە.))

یەکێ لە کوڕەکان گوتی: ((نە . ئێرە جێی جانەوەرانە. ناتوانین بچینە ژوورەوە. کەس ناچێتە ناو ئێرە.))

کوڕی حاکم گوتی: ((وا دوو کەس لەسەر بانی قەڵان. دەبێ بچینە ژوورەوە)).

هەر چۆن بێ ئەوان نزیك کەوتنەوەو کچەکان باسی بەسەر هاتی خۆیان بۆ گێڕانەوەو دەرگای قەڵایان کردەوەو ئەوان هاتنە ژوورەوە.

چەند شەوێك لەوێ مانەوە. کوڕی گەورەی حاکم خوشکی گەورەو کوڕی گچکەی حاکم خوشکی گچکەی هێنا.

دوای ئەم هەمووو ڕەنج و خاکە سارییە بە مرازی خۆیان گەیشتن.

با بزانین باوەژنی ناجسن چی بەسەر هات! کاتێ کە باوکە کچەکانی برد و

لەناو دارستان بەری هەڵدان، لە پاشەوان وەزگی داو مرد. باوەژنی بەدکاریش لە کردەوە خراپەکانی پەشیمان بووەوە. سەرەنجام شێت بوو. سەری هەڵگرت و دایە کێوو بیابان. کەوتە ناو بیرێك و مرد.

هەقایەتخوان:سوغرا خانم ئەختەر تەبار، ٧٨ ساڵە
کرماشان

Scanned with CamScanner

# ٥٤- سەعیدو مەسعوود

برام سەلامەتداربێ، هەبوو نەبوو، بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو،

کابرایەکی دارکەر هەبوو، قەت عەشتەبای خودای نەبوو. بەدبەخت و چارەڕەش بوو. دووکچ و دوو کوڕی هەبوو. لەناو کاولاشێك دەژیان. هەموو ڕۆژێ کچەکانیان دەنارده کلاشچنی و کوڕەکانیشیان ڕەوانەی شاگردیو کرێکاری دەکرد.

ڕۆژێ دارکەر، کە بۆ دارکردن چووە چۆڵەوانی، گەیشتە بنەدەوەنێك، دەستی برد دارەکە ببڕێتەوە لەپڕ قیژەیەك هات. دارکەر وردبووەوە دیتی بەڵێ باڵندەیە. باڵندەی گرت و لەکۆشی خۆی ناو باڵندەکە چەند هێلکەیەکی لەبن بوو ئەوانیشی هێنا. کەگەیشتە بازاڕ ویستی شتێك بۆ منداڵەکانی بکڕێ. گەیشتە دوکانی شەمعوونەجوو. لەبرسان قوڕەی سکی دەهات. هێلکەیەکی باڵندەکەی دەرهێناو بەشەمعوونە جووی گوت: ((ئەی شەمعوون، لەبێ تاقەتییان دڵم ژان دەکا. دانەنەباتێکم بدێ ئەم هێلکەیەت دەدەمێ.))

شەمعوون هێلکەکەی لێ وەرگرت، ناسی کە گەوهەری شەوچرایە، بەدارکەری گوت: ((گونیە نەباتێك بەسە!))

دارکەر وای زانی گاڵتەی پێ دەکا، گوتی: ((هەرچی دەدەی بدە!)) ئەنجام شەمعوون کیسە پارەیەك و هەندێ نەباتی دایە دارکەرو دارکەر بەو پارەیە هەرچی ژن و منداڵەکانی حەزیان لێ بوو، بۆی کڕین و بردییەوەماڵێ.

ژنەکە باڵندەکەو هێلکەکانی باڵندەکەی دی، بەدارکەری گوت: ((پیاویژگە، ئەمە باڵندەی بەختیارییە. شەمعوون تەفرەی داوی.وریابە ئیتر هێلکەکانی ئەم باڵندەیە بەهەرزان نەفرۆشی، چونکە هەریەکەی شەو چراغێکە بۆ خۆی.))

شەمعوون دوای ئەوەی چەند دانە هێلکەیەکی باڵندەکەی کڕی، نەخشەیەکی کێشا بۆ ئەوەی دەست لەگەڵ ژنی دارکەر تێکەڵ بکا تا بتوانێ باڵندەکەیان لە دەست دەربێنێ.

ڕۆژێکیان، کە دارکەر بۆ فرۆشتنی هێلکەی باڵندەکە چووە دوکانی شەمعوون، شەمعوون چاك و چۆنیەکی گەرمی لەگەڵ کردو گوتی: ((ئەی دارکەر، من حەز دەکەم سەردانێکی ماڵی ئێوە بکەم، بۆچی جارێك داوەتم ناکەی؟..))

دارکەر بە دڵسافی خۆی گوتی: ((بەخێربێی پێڵاوت سەر چاوم!)).

شەو دارکەر شەمعوونی داوەت کرد، بەیانی داوەتی کرد. دوای دوو شەو دیسان داوەتی کرد. بەم جۆرە وردە وردە شەمعوون خۆی زیاتر لە ژنە نزیك کردەوەو بایەخی پتر پێ‌داو ژنی دارکەر ئەشقی شەمعوون بوو.

ڕۆژێکیان کە شەمعوون میوانی ماڵی دارکەر بوو بە هێمنی بە ژنی دارکەری گوت: ((ئەگەر دەتەوێ من و تۆ بەیەك بگەین دەبێ ئەو باڵندەیەی هەتانە سەری ببڕی و سەرو جەرگی بۆ من دابنێی بیخۆم، ئیدی تا ماوم غولامی ئەلقە لە گوێی تۆ دەبم.))

ژنی ساویلکە قبووڵی کرد. بەیانی کە دارکەر چووە سەفەر، ژنەکەی کچەکانی ناردە کلاشچنی و کوڕەکانیشی، کە دەچوونە قوتابخانە، ناردە قوتابخانە و شەمعوونی داوەت کرد. پلاوی لێ نـاو بـاڵندەی بەسـەزمانی سـەربڕیو پـاکی کردەوەو لە ژێر پلاوی داناو جەرگ و سەری باڵندەکەشی بەسەر پلاوەکەوە ناو دووسێ کەوگیر برنجی بەسەر داکرد.

بەرە بەری نیوەڕۆ دوو کوڕەکەی دارکەر، کە ناویان سەعیدو مەسعوود بوو، لەقوتابخانە هاتنەوە. زۆر برسی بوون. دایکی خۆیان دی بە حەفت قەلەم خۆی ئارایش دابوو. برای گەورە بە برای گچکەی گوت: ((مەسعوود، بێ شك دایکمان میوانێکـی گرنگـی هەیـە. وەرە لـەناو مدبـەق فراوینمـان بخۆیـن و بچینـەوە قوتابخانە.))

هەردووبرا چوونە مدبەق. سینیەکیان هەڵگرت و کەوگیریان لێدا، بەسەلامەتی

Scanned with CamScanner

سەری ئێوە، سەرو جەرگی باڵندەکە لەسەرەوە بوو، دەریان هێنا، جەرگەکە سەعیدو سەرەکە مەسعوود خواردی. تێرو پڕیان خواردو بە یا عەلی مەدەد گەڕانەوە قوتابخانە.

شەمعون هات و ژنە بەدەوریدا گەڕاو سووڕاو پەشتە پەشتی لەبەرکرد. سفرەیان داخست و ئەم شتانە... کە شەمعوون سەیری باڵندەکەی کرد، دیتی، وەی دادو بێداد ! ئەسلی مەقسەد لەناو قاپی پلاّودا نییە.

شەمعوون بەنارەحەتی هەستاو لەقەیەکی لەقاپی پلاّوداو تێی هەڵداو گوتی: ((ئافرەت، تۆ گاڵتەت پێ کردووم. من گوتم تا من نەیەم نابێ کەس دەست لەباڵندەکە بدا... من واڕۆیشتم.))

شەمعوون رکی بووەوەو ملی ڕێی گرت بڕوا. ژنەکە، کە ئاشقی دڵسووتاوی شەمعوون بوو، بەدوایدا ڕایکردو گوتی: ((ئاخر من چ قوڕێ بەسەری خۆم بکەم. کوڕەکانم سەرو جەرگیان خواردووە، چارەم چییە؟))

شەمعوون گوتی: ((ئەگەر منت دەوێ دەبێ وابکەی ورگی هەر دوو کوڕەکەت بدڕن و سەرو جەرگی باڵندەکە دەربێنن. ئەم سەرو جەرگە لەناو ورگدا بەساغی دەمێنن و ناتوێنەوە. دووبارە بیانشۆرەوە، بیانکە کەباب، بۆ ئەوەی بیانخۆم، ئەوسا دەبم بە دۆستی ڕاستەقینەت.))

ژنە گوتی: ((گرنگ نییە. هەر تۆ تووڕە مەبە. هەرچی دەڵێی وا دەکەم.))

نۆکەرێکیان هەبوو، ژنە پێی گوت: ((ئەمە هەزار درهەم بتدەمێ بۆ خۆت، بڕۆ کە سەعیدو مەسعوودت لە قوتابخانە هێنایەوە بیانبە جێگایەکی چۆڵ و ورگیان بدڕە و سەرو جەرگی باڵندەکە دەربێنەو وەرەوە هەزار درهەمی تریشت دەدەمێ.))

نۆکەر چووە دوای سەعیدو مەسعوود. ئێوارە لە قوتابخانە دەری هێنان. لە نیوەی ڕێگا کابرا پێی گوتن: ((منداڵینە، مەچوونەوە ماڵێ خەتەرە! دایکتان دڵی بە شەمعوون داوە. ئەگەر بچینەوە ماڵێ ورگی هەردووکتان دەدڕێ بۆ ئەوەی ئەو سەرو جەرگەی نیوەڕۆ خواردووتانە لە ورگتان دەربێنێ. لەگەڵ من وەرن لەشار بتانبەمە دەرەوە. ئەوان تەفرە دەدەم و گیانی ئێوە نەجات دەدەم.))

مندالەکان ڕازی بوون. کابرا لەگەڵ خۆی بردن و ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتنە دێیەک. لەو دێیە مریشکێکی کڕی. دای ئاوەڕووتیان کرد. کراسی لەبەر مندالەکان کردەوەو بە خوێنی مریشکەکەی کرد. سەرو جەرگی مریشکەکەشی نیوە برژ کردو چەند دنکە برنجێکی پێوە نان و لەناو دەسماڵێکی پێچان و بە مندالەکانی گوت: ((بڕۆن و ئاوڕنەدەنەوە. لەم شارە بڕۆنە دەرەوە.))

نۆکەرەکە گەڕایەوە ماڵێ. سەرو جەرگی مریشکی دایە ژنەکە. ژنەکە سەرو جەرگی مریشکەکەی شووشت و لەسەر ئاگر گەرمی کردەوەو دایە شەمعوون. شەمعوون سەرو جەرگەکەی خوارد؛ بەلاّم هیچ سوودی نەبوو.

شەمعوون شەڕێکی چاکی لەگەڵ ژنەکردو گەڕایەوە دوکانی خۆی.

بابزانین سەعیدو مەسعوود چییان بەسەر هات.

ئەمانە ملی ڕێیان گرت و ڕۆیشتن. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن، چەند شەوو چەند ڕۆژ ڕۆیشتن تا گەیشتنە دووڕیانێک. لەسەرەتای دووڕیانەکە لەسەر بەردێک نووسرابوو: (ئەگەر دووکەس پێکەوە بەم ڕێیەدا بێن جێگای مەترسییە. دەبێ یەکێ بچێتە ڕێی دەستە ڕاست و یەکێ بچێتە ڕێی دەستە چەپ.))

ئەوەش بڵێین ئەم برایانە هەموو شەو کە دەنووستن و سبەینێ بەئاگا دەهاتن، سەعید کە جەرگی باڵندەکەی خواردبوو، سەد درهەمی لەبن سەر بوو. سەعید چی پارەی هەیبوو دایە مەسعوودو دەستیان لە ملی یەک کرد. زۆر گریان. دەست و دەمی یەکتریان ماچ کردو لێک دابڕان: یەکێ چووە ڕێی دەستە ڕاست و یەکێ چووە ڕێی دەستە چەپ.

سەعید دوای سێ ڕۆژ تووشی سێ نەڕە دێو هات شەڕیان بوو، گەیشتبووە ڕادەی لێکدان. کە چاویان بە سەعید کەوت یەکێکیان گوتی: ((خودایە سوپاس بۆ تۆ وا بنیادەمێک هات. ئەی بنیادەم، وەرە ئەم گیروگرفتەمان بۆ چارەسەر بکە.))

سەعید گوتی: ((گیروگرفتەکەتان چییە؟))

یەکێ لە نەڕە دێوەکان گوتی: ((ئێمە پێکەوە چوارشتمان لە شتەکانی

حەزرەتی سلێمان دەست کەوتووە. سێمان دابەش کردووە بەڵام لەسەر دابەش کردنی چوارەم پەکمان کەوتووە. یەکێك کڵاوی شەوانەی حەزرەتی سلێمان و دووەم خاڵیچەی حەزرەتی سلێمان و سێیەم داردەستی حەزرەتی سلێمان و چوارەم تیروکەوانی حەزرەتی سلێمان.))

سەعید گوتی: ((باشە، وەرن گیروگرفتەکەتان بۆ چارەسەر بکەم.))

ئینجا گوتی: ((من تیرێك دەخەمە بەر ئەم کەوانەو تا هێزم تێدایە تیرەکە داوێم. هەر کەسێ زووتر تیرەکەی دۆزییەوەو هێنایەوە تیروکەوانەکە دەبێ بەهی ئەو.))

سەعید لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ئەی تیر، بەحوکمی حەزرەتی سلێمان برۆ جێگایەکی وا هەرچەندە ئەم نەرە دێوانە بگەڕێن نەتدۆزنەوە.))

تیرەکەی هاویشت. تیر گڤڤەی هات و لەکەوەی کەمان دەرچوو هەر سێ نەرە دێو غاریان دایە دوای تیرەکە و ئەوەندەی گەڕان نەیاندۆزییەوە. کەنەرە دێوەکان خەریکی گەڕان بوون، سەعید لەسەر خاڵیچەی حەزرەتی سلێمان دانیشت و دارێکی لە خاڵیچەداو گوتی: ((بە حوکمی حەزرەتی سلێمان بمبە جێگایەکی وا کەس نەتوانێ بمدۆزێتەوەو هیچ دێو زادەی تێدا نەبێ.))

کە دێوەکان هاتنەوە نەچ بنیادەمیان دیت و نە هیچ. ناچار بە هەناسە ساردیو نائومێدی، بەبۆڵە بۆڵ و سووڕدان ملیان لە چۆڵەوانی نا.

خاڵیچەی حەزرەتی سلێمان سەعیدی بردە شاری دلارامی چین، لەتەك کاروانسەرایەك لەسەر زەوی دانا. سەعید ژوورێکی لە کاروانسەراکە بەکرێ گرت و خەریکی ژیانی خۆی بوو، تا ڕۆژێ لە دڵی خۆیدا گوتی: (واچاکە بچم پیاسەیەك بکەم.)

چوو پیاسەیەك بکا، دیتی لەتەك قەڵاتێکا دەوری هەزار گەنج خەوتوون وتا گەردن لە خۆڵەمێش نقووم بوون و خۆڵەمێشیشیان بە سەروچاوی خۆیان داکردووە.

سەعید لە یەکێکی پرسی لەوانەی لەوناوە تەماشایان دەکرد: ((ئەمانە بۆچی

وایان لە خۆیان کردووە؟ بۆچی خۆیان زیندە بەچاڵ کردووە؟))

کابرا گوتی: ((گەنجۆ، سەر هەڵبڕەو تەماشایەکی هەوراز بکە. ئەمە قەڵاتی دڵارامی چینە. حەفتەی یەك جار دەریچەی سەرەوەی قەڵا دەکاتەوەو ئەمانەش کە بوونەتە خۆڵەمێش نشین هەموو ئاشقی دڵارامن. هەر کەسێ بچێتە ماڵی دڵارام و سەد درهەم بدا یەك شەو میوانداری دەکەن و بۆ سبەینێ وەدەری دەنێن.

سەعید لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئەمە بۆ من باشە، چونکە پارەم هەیە.) سەعید چوو لە دەرگای قەڵای دا. قەرەواشێك هات و گوتی: ((چت دەوێ؟))

سەعید گوتی: ((دەمەوێ ئەمشەو بێمە ئەم قەڵایە.))

قەرەواشەکە گوتی: ((پارەت کوا؟))

سەعید گوتی: ((فەرموو، ئەوە سەد درهەم.))

سەعید چووە ژوورەوە. خالیچەی حەزرەتی سلێمان و داردەستەکەی لەگەڵ خۆی برد بوو وبە جۆرێ لە ژێر جلەکانی شاردبووەوە کەکەس هەستی پێ نەکا.

دڵارام چل قەرەواشی هەبوو، هەموو لە سونع و شکڵ و قیافەی خۆی بوون. هەرشەوە یەکێکی دەناردە لای میوانان بۆ ئەوەی بەخێریان بێنێ.

هەر کەسێ پارەی هەبایە دەیتوانی شەوی سەد درهەم بدات و هەرچەند شەوی ویست لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر پارەی نەما دەریان دەکرد. هەموو خۆڵەمێش نشینەکان لەبەر بێ پارەیی لەتەك قەڵادا تا گەردەن خۆیان لە خۆڵەمێش هەڵکێشابوو. ئەمانە عاشقی دڵسووتاوی دڵارام بوون.

سەعید هەموو شەوێ سەد درهەمی دەدا. دڵارام دیتی ئەمە پارەی تەواو نابێ. رۆژێ بە قەرەواشەکانی گوت: بێ شك ئەم گەنجە جەرگی باڵندەی بەختیاری خواردووە. دەبێ ئەمشەو بێ هۆشی بکەین و لە گەرووی دەربێنین.))

با بزانین مەسعوود چ دەکا کەسەری باڵندەکەی خواردبوو و هەر کەسێ سەری باڵندەکەی خواردبا دەبوو بە پاشا.

مەسعوود کە چووە لای دەستە راست گەیشتە شارێك. لەپڕ چەند نۆبەتدارێك گرتیان و بردیانە دەرباری پاشا. لەبەر ئەوەی پاشا هیچ کوڕی نەبوو، فەرمانی

دابوو هەرکەسێ فلانە ڕۆژ لەلای دەستە ڕاستی دەروازەوە ڕەت بوو بیهێنن و لە جێی من بیکەن بەپاشا. بەم جۆرە مەسعوود بەپاشایەتی گەیشت.

ئێستا با بچینەوە لای سەعید.

کەشەو داهات، بەفەرمانی دلارامی چین بێ هۆشیان کردو مستێکیان لە ملی داو جەرگی باڵندەکە لەزاری هاتەوە. سبەی شەو سەعید نەیتوانی سەد درهەم بدا، شاپێکیان لە پاشەڵی داو فڕێیان دا دەرێ. بەلام سەعید شتەکانی حەزرەتی سلێمانی لە شوێنێك شاردبووەوە. چوو شتەکانی هێناو لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ڕاوەستن دەردێکتان پێ بکەم ئەو سەری دیار نەبێ.))

بەفەرمانی دلارام جەرگەکەیان شووشت و کردیانە کەباب و دلارام خواردی بەلام کە سبەینێ لەخەو هەستا هەرچەندە لەبن سەری خۆی گەڕا هیچی نەدی. لەباتی سەد درهەم دووپشکێکی ڕەش لەژێر سەری دەرپەڕی. تومەز تەلەسمی ئەم جەرگە بە ناوی سەعید بڕاوە.

کەسبەی شەو داهات، سەعید کلاوی شەوانەی حەزرەتی سلێمانی لەسەرناو چووە دوو تاقیبی دلارام. داردەستەکەی بلندکردو لە پشتی دلارام و هەرچل قەرەواشی داو گوتی: بەحوکمی حەزرەتی سلێمان: هۆش، هرهر...

هەموو بوون بە ولاغ. سەعید تەسلیمی کەردارێکی کردن و گوتی: ((ئەی کەردار، من چل ویەك کەرم هەیە، دەیاندەمە تۆ. بڕۆ لە سبەینێ تا ئێوارێ بەردیان بە پشت پێ بکێشەو هەرچی دەستت کەوت بۆخۆت.))

هەرچی دلارامە بە سمی خۆی لەسەر خۆڵ نووسی: ((تۆبەم کرد. ئەو شتەی لێم سەندووی دەتدەمەوە. وەرە وەکو جاران بمکەوە بنیادەم.))

سەعید قبووڵی نەکردو گوتی: ((دەبێ حەفت پێستە لە پشتت بکەمەوە ))

سبەینێ دای بەردی بە پشت پێ بکێشن تا پشتی جدەو بوو وکە تۆبەی کرد سەعید لە خراپەی خۆش بوو. داردەستێکی لە پشتی داو کردییەوە بنیادەم؛ بەلام قەرەواشەکان هەر بە کەری مانەوەو تەسلیم بەکەردارکران.

ڕۆژێکیان سەعیدو دلارام لەسەر خالیچە دانیشتن. سەعید داردەستێکی لە

Scanned with CamScanner

خالیچەکەدا و گوتی: ((ئەی خالیچە، بە حوکمی حەزرەتی سلێمان، برام لە کوێیە بمانبە ئەوێ.))

خالیچە بردنیە لای مەسعوود کە ببوو بە پاشا.

مەسعوود فەرمانی دابوو لە دەرەوەی دەروازەی شار سەقا خانەیەکیان دروست کردبوو و وێنەی خۆی لەو سەقاخانەیەدا هەڵواسی بوو وفەرمانی دابوو نۆبەتداران ئاگاداربن هەرکەسێ هات و ئاوی خواردەوەو سەیری وێنەکەی کردو ئاخی هەڵکێشا، بیگرن و بیبەنە خزمەتی.

سەعید کەڵەگەڵ دلارام گەیشتە شار. لەخالیچە دابەزی و چووە سەقاخانەکەو ئاوی خواردەوەو کەسەری هەڵبڕی چاوی بە وێنەی برای کەوت، ئاخێکی هەڵکێشا. دوو نۆبەتدار لە هەردوولاوە دەستیان گرت و بردیانە خزمەت مەسعوود.

سەعید کە مەسعوودی دی دەستیان لەملی یەك کردو پێك شادبوون و بەخۆشی وکامەرانی پێکەوە ژیان.

ئیشەڵلا ئێوەش بە مرازی خۆتان دەگەن.

هەقایەتخوان: والیە راز ئاوری، ٨٦ ساڵە

گوندی: دووئاب، باختەر کرماشان

# ٥٥- عەلی سەوزە، کەوا سەوزە

برام سەلامەتداربێ.

هەبوو نەبوو،

بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو

پاشایەك هەبوو سێ کچی هەبوو. ئەو کچانە کاتی شووکردنیان بەسەر چووبوو وپاشا هێشتا بە شووی نەدابوون.

ڕۆژێکی خودا، ئەو سێ کچە دوای ئەوەی لە ناوە خۆیانەوە تەگبیریان کرد، بانگی کورە نۆکەرێکیان کردو گوتیان: ((کورە نۆکەر، بڕۆ سێ کاڵەك لە بێستان بێنە: یەکێ ڕزیو بێ، یەکێ نیوەڕزیوبێ، یەکێکیش وەختی خواردنی بێ. لەسەر سینییەکیان دابنێ و سەرپۆشێکی حەریریان بەسەر دادەو بیبە خزمەت پاشا، پاشا پاداشتت دەداتێ.))

کورە نۆکەر ڕازی بوو. چوو سێ کاڵەکی لە بێستان هێنا: یەکی ڕزیو، یەکی نیوەڕزیو، یەکی گەییو. لەسەر سەری خۆی دانان و بۆ پاشای بردن.

پاشا گوتی: ((کورە نۆکەر، ئەوە دیاریت هێناوە؟))

کورە نۆکەر گوتی: ((بەڵێ، دیاریم هێناوە. خانمەکان ناردوویانە.))

کە پاشا سەر پۆشی هەڵدایەوە، بۆن بۆگەنی چووە لووت و یەکسەر فەرمانی دا جەللادبێ لەسەری کورە نۆکەر بدا، چونکە بۆنی پیسی بە لووتی پاشا گەیاندبوو. جەلاد هات کورە نۆکەری لەسەر سفرەی چەرمین دانا.

وەزیری دەستە ڕاست هاتە پێش و ئیکلامی کێشاو گوتی: ((ئەی پاشا، ئەم ئیشە مانای خۆی هەیە. چ بووە؟ بۆ چی ئەم کورە دەکوژی؟ قاسید کوشتنی لەسەر نییە. پێویستە بزانی ئەم دیارییە مانای چییە؟))

پاشا گوتی: ((وەزیر، دەکەواتە پێم بڵێ ئەم دیارییە مانای چییە!))

وەزیر گوتی: ((ئەو کاڵەکەی ڕزیوە کچی گەورەتە، دەڵێ بە شووت نەدام هەتا وا ڕزیم. ئەوەی نیوەڕزی کچی ناوەنجیتە، دەڵێ منیش خەریکە وەکو کچی گەورەم لێ دێ. ئەوەی گەییویش کچی گچکەتە دەڵێ ئەگەر بە شووم نەدەی منیش وەکو دووەکەی ترم لێ دێ.))

پاشا گوتی: ((وەزیر، ئێستا چ بکەین؟))

وەزیر گوتی: ((قیبلەی عالەم، دەبێ جا ڕجی تێ بگەیەنن جاربداو هەموو خەڵك لە دەرەوەی دەروازە کۆببنەوە. باز هەڵدەدەین، بازی هەرکچێ لەسەر هەر پیاوێ نیشت ببێ بە مێردی کچەکە.))

بەیانی جاریان دا. هەر کەسە نەچووبووە حەمام چووە حەمام، هەرکەسە ڕیشی نەتاشی بوو ڕیشی تاشی. هەرکەسە بەرگی نەبوو بەرگی تازەی دروست کرد. هەرکەسە نەیبوو بەرگی تازە دروست بکا بە ئەمانەت جلی لە یەکێ وەرگرت و لەبەری کرد.

هەموو عالەم ڕژانە ئەم دەشتەی خوا وسێ بازیان هەڵدا. بازی کچی گەورە سووڕا سووڕا چوو لەسەر سەری کوڕی وەزیری دەستە ڕاست نیشت.

بازی کچی ناوەنجی لەسەر سەری کوڕی وەزیری دەستە چەپ نیشت.

ئینجا باسی کچی گچکە، کەلە هەموویان باشتر بوو، هەر سووڕا سووڕا سووڕا چوو لە کونی تەویلەوە چووە ژوورێو لەسەر سەری ئەسپی پاشا نیشت.

پاشا توڕە بوو. فەرمانی دا بازیان لە تەویلە هێنایە دەرێ. داریان لە پێی باز بەست و لێیان داو دووبارە هەڵیان دا. دووجار باز لە هەمان کون چووە ناو تەویلەو لەسەر ئەسپی پاشا نیشت. سێ جار بازیان بەردا هەرسێ جار باز لەهەمان جێ لەسەر سەری ئەسپی پاشا نیشت.

پاشا لە ڕکان شین و مۆر هەڵگەڕا. فەرمانی دا کچەکەیان برد لەناو تەویلە لە تەنیشت ئەسپەکە دایان ناو دەرگایان کلیل دا. فەرمانی بە نۆبەتداران کرد گوتی وریا بن کچە لە تەویلە نەیەتە دەرێ. خەڵکەکەی تری دەرباریش چوونە سەر ئاهەنگ و زەماوەندی دوو کچەکەی تری پاشاو کەوتنە شادی و پێکەنین و

دەستیان بە شایی و هەڵپەڕکێ کرد.

کچی گچکە لە تەویلە مایەوە. ئەوەندە گریا، ئەوەندە گریا، ئەوەندە گریا تا ئەسپەکە لغاوی لەدەم بووەوەو بە قسە هات و گوتی: ((کچەکە، تۆ ئاگرت تێ بەردام ئەوەندەی بگری. بەوخودایەی من و تۆی خەلق کردووە بەختی تۆ لە بەختی هەموو ئەو خوشکانەت باشترە. من کوڕی پاشای پەریانم و کەوتوومەتە ناو پێستەی ئەسپ. من محەمەد پاشام، لە دایکێکی دێوو باوکێکی پەریم. لەبەرئەوەی دایکم ویستی‌کچی خوشکی خۆیم بۆ بێنێ لە دەستی هەڵاتم و چوومە ناو پێستەی ئەسپ و بووم بە ئەسپی پاشا. ئێستا هەستە سەر پێ سوارم بە لە دەروازە بچینە دەرەوە تا ئەو ڕادەیەی خوا هێزی پێداوی خەت لە زەوی بکێشە بۆ ئەوەی وا بکەم کۆشکێکی باشت بۆ دروست بکەن.))

کچە سواری ئەسپەکە بوو وچوونە دەرەوە. نۆبەتداران کە کچەیان لە سواری ئەسپ بینی زمانیان گیراو هیچیان نەگوت. کە گەیشتنە دەشت و دەر کچەکە لەسەر ئەسپ دابەزی وتا خوا هێزو تاقەتی پێدابوو خەتی ڕاکێشاو بە چاوتروکانێك بە فەرمانی پەری کۆشکێکیان دروست کرد هەر خشتێکی زێرو خشتێکی زیو بوو. کۆشکێکی بێ وێنە! ڕێك و پێك و تەواو! کچەکەو ئەسپەکە چوونە ناو کۆشك و سەراکە و کوڕە لە پێستەی ئەسپ هاتە دەرەوەو لەگەڵ کچەکە بە خۆشی و شادی ژیان.

ڕۆژێ پاشا ویستی بچێتە ڕاووشکار. ژن و کچەکانیشی لەگەڵدابوو. کە لەشار هاتنە دەرەوە، دیتیان کۆشکێك لەو نزیکانە دروست کراوە کە پێشتر کۆشکی وا لەوێ نەبووە. پرسیان: ئەم کۆشکە هی کێیە؟ گوتیان: ئەم کۆشکە هی محەمەد پاشای زاوای پاشایە.

پاشا گوتی: زاوای کام پاشا؟

حاڵ و مەسەلەکەیان بۆ باس کرد.

بەکورتی چوونە ناو کۆشك و سەراو دایك و کچ دەم و ڕووی یەکتریان ماچ کردو دایە پرسی: ((بازی بەختی تو بەسەر ئەسپەوە نیشت، ئەوە چۆن ئێستا

Scanned with CamScanner

بووی بە خاوەنی ئەم مێردە؟))

کچە بە ساویلکەیی گوتی: ((ئەم گەنجە ئەسپەکەیە. دایکی دێوو باوکی پەرییە و لە ترسی ئەوەی ئەوەک کچی پووری بدەنێ خۆی وا لێ کردبوو.))

دایکە گوتی: ((کچم، لە محەمەد پاشا بپرسە بزانە پێستەکەی بە چ شتێ دەسووتێ؛ بۆ ئەوەی پێستە ئەسپەکە بسووتێنین و چیتر نەتوانێ بچێتەوە ناو پێستەی ئەسپ.))

کە شەو داهات، کچە لەبارەی پێستەکەوە پرسیاری لە محەمەد پاشا کرد، محەمەد پاشا گوتی: ((ئەی نازەنین، هەرکەسێ ئەم پرسیارەی لە تۆکردووە دوژمنداری لەگەڵ تۆ هەیە، بەڵام قەیدی نییە مادام وایە بزانە پێستەی من بە ئاگری پەلکی فستق دەسووتێ.))

بۆ سبەینێ دایکی کچە یەکسەر قۆپەنە پەلکە فستقێکی کۆکردەوەو ئاگری تێ بەردا. ئینجا پێستە ئەسپەکەی، کە زۆر قورس بوو، بە ڕاکێش ڕاکێش هێناو خستیە سەر ئاگرو بۆکزیلکەی سووتانی پێستەکە بەرزبووەوەو گەیشتە بەرلووتی محەمەد پاشا. محەمەد پاشا بوو بە کۆترو بە کچەکەی گوت: ((حورمێ بڕۆ.. من وا ڕۆیشتم. دەبێ حەفت تێلای پۆلاو حەفت پێلاوی ئاسن بدڕێنی ئەوسا دەمدۆزیتەوە.))

کۆتر لە شەققەی باڵی دا و فڕی و ڕۆیشت.

کچە دەستی کرد بە گریان و وەرگەڕا سەرو پۆتەلاکی خۆی. دایک و خوشکەکانی گەڕانەوە ماڵی خۆیان و ئەو بە تاقی تەنێ مایەوە.

کچە دوای ئەوەی تێرو پڕ گریا، فەرمانی دا دەستە بەرگێکی دەروێشانەو حەفت تێلای پۆلاو حەفت پێلاوی ئاسنیان بۆ دروست کرد. دەرگای قەڵای داخست و - یاعەلی مەدەد.. ڕۆیشت ڕۆیشت تا تێلایەک شکاو پێلاوێک دڕا. دیسان دیسان هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا تێلایەک و جووتە پێلاوێکی تری دڕاند. دیسان ڕۆیشت تێلاو پێلاوی حەفتەمی پواند. سبەینە زوو بوو گەیشتە باغێک. دونیا تاریک و ڕوون بوو. شەکەت و ماندوو بوو. پشتی بە درەختێک وەداو دانیشت.

دیتی دونیا خەریکە وردە وردە ڕوناک دەبێ و بنیادەمێك لە دوورەوە دێ.

بنیادەمەکە بە کچەی گوت: ((هۆ مامەی دەروێش ئەوە چ دەکەی هاتوویتە شاری دێوان. ئێستا دێوەکان لەخەو ڕادەبن و دەتکەن بە پارووپەکی چەور.))

کچەکە گوتی: ((ئەگەر دێوەکان من بخۆن ئەدی بۆچی تۆیان نەخواردووە؟))

گوتی: ((من قەرەواشی محەمەد پاشام. ئەو لێ ناگەڕێ دێوەکان من بخۆن. ئێستا هاتووم ئاو بۆ دەستنوێژی محەمەد پاشا ببەم.))

کچەکە گوتی: ((کەواتە ئەم ئافتاوەم بدێ ئەختێ ئاو بخۆمەوە.))

کچە ئافتاوەکەی وەرگرت و ئەنگوستیلەی یادگاری محەمەد پاشای لەلابوو، خستیە ناو ئافتاوەکەو قەرەواش ئافتاوەکەی پڕئاو کردو ڕۆیشت.

محەمەد پاشا لە قەرەواشی پرسی: ((بۆچی ئەوەندە گیر بووی؟))

قەرەواش گوتی: ((لە ڕێگا بنیادەمێکم دی لە بن درەختێك دانیشتبوو. ئامۆژگاریم کرد لێرە نەمێنێ نەوەك دێو دەیخۆن.))

محەمەد پاشا، کە ئەم خەبەرەی بیست، زانی ئەمە ژنەکەی خۆیەتی. ئافتاوەکەی وەرگرت بۆ ئەوەی دەسنوێژ هەڵگرێ. دیتی شتێ لەناو ئافتاوەکە خشە خشی بوو. کە دەری هێنا ئەنگوستیلەی خۆی بوو. ئیتر یەقینی دڵی هات ئەمە ژنی خۆیەتی.

محەمەد پاشا هەستا چوە دوو تاقیبی ژنەکە. کە چاوی پێکەوت گوتی: ((حورمێ، دیتت چۆن خۆتت ڕەزیل و کەسیرە کرد؟ حەفت تێڵای پۆڵاو حەفت کەوشی ئاسنت شکاند تا بێرە گەیشتی؟ من پەریزادەم لێ ناگەڕێن لەگەڵ تۆ بژیم.))

محەمەد پاشا وێردێکی خوێندو کچەی کرد بە دەرزییەك و لە بەرۆکی خۆی داو بردی. دایکی لە کێوان هاتەوەو بە کوڕەکەی گوت: ((عەلی سەوزە، بۆنی بنیادەمت لێ دێ.))

کوڕە گوتی: ((بێ شك ئەمڕۆ خۆت بنیادەمت خواردووە. بۆنەکە لە خۆتە.))

دایکە گوتی: ((نە . نەمخواردووە.))

کوڕە گوتی: ((خواردووتە، لەبیرت نەماوە.))

دایکە گوتی: ((نە . بۆنی بنیادەم لە تۆوە دێ.))

کوڕە گوتی: ((بەشیری دایکت، بە ڕەنجی باوکت سوێند بخۆ کە ئازاری نادەی.))

دایکە سوێندی خوارد. محەمەد پاشا ویردێکی لە دەرزییەکە خوێند و دەرزی بووەوە کچی جاران.

دایکە گوتی: ((ها. کەواتە چووبوویتە شاری بنیادەمان و ژنێکی بنیادەمت هێنابوو.))

کوڕە گوتی: ((ئا. ئەوە خۆت دەبینی.))

دایکی محەمەد پاشا سوێندی خواردبوو کچەکە نەخوا، بەڵام ڕۆژێ کچەی زۆر ئەزیەت دەدا.

ڕۆژێکیان حەفت کووپەی وشك و ناو پێنەکەوتووی لە حەوشەداناو بە کچەی گوت: ((بڕۆ بە فرمێسکی چاوی خۆت ئەمانە پڕ بکە.))

کچە دەچووە سەر کووپەی یەکەم نەختێ دەگریا و چەند دڵۆپە فرمێسکێکی دەڕشت، بەڵام زوو وشك دەبووەوە. دەچووە سەر کووپەی دووەم نەختێ فرمێسکی دەڕشت کووپەکە دیسان وشك دەبووەوە. تا محەمەد پاشا هات و کە ئەم وەزعەی بینی ویردێکی خوێندو کووپەکان پڕئاو بوون و یەکەو هەندێ خوێنی تێکردن و وەکو فرمێسکیان لێ هات. کە دایکە هاتەوەو کووپەکانی پڕ فرمێسك دی، گوتی:

کار کاری تۆ نییە

کار کاری عەلی سەوزە، کەوا سەوزەیە

وەی دایکی قژی بۆ ببڕێ.

ڕۆژێکی تر گوتی: ((بڕۆ بە برژانگەکانت حەوشە بماڵە.)) کچە هەر چەندەی بڕوی بە زەوی ناو حەوشەدا هێنا کەلکی نەبوو. تا دیسان محەمەد پاشا پەیدا بوو. وێردێکی خوێند، بایەك هات و حەوشەی ماڵی.

Scanned with CamScanner

دایکە،کە دیتی حەوشە ماڵدراوە، بە کچەی گوت:

کار کاری تۆ نییە

کار کاری عەلی سەوزە، کەوا سەوزەیە

وەی دایکی قژی بۆ ببڕێ.

ماوەیەك وابوو تا ڕۆژێ دایکی محەمەد پاشا چووە لای خوشکی، کە ئەویش هەر دێو بوو وپێی گوت: ((خوچە، ژنەکەی محەمەد پاشا دەنێرمەلات تۆ بیخۆ، چونکە من سوێندم خواردووە نەیخۆم.))

خوشکی ڕازی بوو. دایکی محەمەد پاشا گەڕایەوە ماڵێ و بە ژنی محەمەد پاشای گوت: ((کچم، ئەم قووتووەی - بگرەو دانێ - ت دەدەمێ ببە ئەو قەلاتەی لەو دیو چیا لەناو ئەشکەوتێکە. قووتووەکە بدە بە خوشکم و پێی بڵێ ئەم قووتووەی - بگرەودانی - ت لێ وەربگرێ و (دەفی دووپەردە)ت بداتێ، خەریکین زەماوەند دەکەین.))

کچە قووتووەکەی وەرگرت و بەڕێ کەوت. لە نێوەی ڕێگادا، کچە لە دڵی خۆیدا گوتی: ((وا چاکە ئەم قووتووە بکەمەوە، بزانم چی تێدایە.))

کە قووتووەکەی کردەوە حەفت شەمشەمەکوێری تێدابوو. هەر حەفتیان فڕین. کچە بە دوای شەمشەمەکوێرەکاندا ڕای کرد. ئەوەی دەگرت بیخاتەوە ناو قووتوو، ئەوەی تر ڕایدەکرد. تا محەمەد پاشا لەسەر ڕێگا پەیدا بوو. محەمەد پاشا ویردێکی خوێند و شەمشەمەکوێرەکانی گرت و لەناو قووتووەکەی دانان و قەپاتی کرد.

محەمەد پاشا گوتی: ((حورمێ، ئاگاداربە، دایکم بۆیە دەتنێرێتە لای پوورم بۆ ئەوەی پوورم بتخوا. تۆ بڕۆ ئەم قووتووەی بدەرێ و ئەویش دەچێتەوە ناو ئەشکەوت بۆ ئەوەی ددانەکانی تیژ بکا. لەو دەرفەتەدا (دەفی دووپەردە) لەسەر تەقچکەیە پڕی پێدا بکەو ڕاکە. بەڵام ئێستا کە بەرەو ئەوێ دەچێ چەند شتێکت لە ڕێگا دێتە پێش، چیت پێ دەڵێم دەبێ لە گوێی بگری و جێ بەجێی بکەی:

یەکەم جار دەگەیتە گۆمێکی پڕ چڵك و خوێن. کە گەیشتی بڵێ: ئەی گۆمی

Scanned with CamScanner

ڕۆن و هەنگوین، حەیف کە دەستم بەتاڵ نییە بۆ ئەوەی تێرو پڕ بتخۆمەوە! ئینجا دەگەیتە دەرگایەك. لاشیپانێکی داخراوەو لاشیپانێکی کراوەتەوە. تۆ لاشیپانە داخراوەکە بکەوەو لاشیپانەکراوەکە دابخە. پاشان دەگەیتە سەگێك و ئەسپێك. (کا)یان لە پێش سەگ ڕۆکردووەو ئێسکیان لەبەر ئەسپ داناوە. (کا) لە پێش ئەسپەکەو ئێسك لەبەر سەگەکە دانێ.

دیسان دەڕۆی تووشی بنەدرکێك دەبی، بە درکەکە بڵێ: ئەی دەرزی و سنجاق حەیف دەستم بەتاڵ نییە کە بتانچنم. بڕۆ (دەفی دووپەردە) هەڵگرەو ڕاکە گوێت لە هیچ نەبێ.

کچە ملی ڕێی گرت و هەرچی محەمەد پاشا گوتبووی لە ڕێگا جێ بەجێی کردتا گەیشتە ئەشکەوتەکە. کە پووری محەمەد پاشا چاوی پێ کەوت، گوتی:

((وەرە بزانم تۆ لە کوێ هاتووی؟))

کچە گوتی: ((لەلای خوشکت هاتووم. ئەم قووتووەی (بگرەو دانێ)ی دامێ و گوتی (دەفی دووپەردە)مان بۆ بنێرێ.))

پوورە گوتی: ((تۆ لێرە بە، من دەچم (دەفی دووپەردە) دێنم.))

کە پوورە چووە ناو ئەشکەوت بۆ ئەوەی ددانەکانی تیژبکاتەوە، کچە یەکسەر پڕی دایە (دەفی دووپەردە) لەسەر تەقچکەو فڕاندی و ڕای کرد.

پوورە هاواری کرد: ((دەرگاکە، بیگرە!))

دەرگا گوتی: ((تۆ چەند ساڵ بوو منت داخستبوو، ئەو کردمیەوە. بۆ بیگرم؟))

پوورە گوتی: ((سەگەکە، بیگرە!))

- تۆ چەند ساڵ بوو (کا)ت لەبەر ڕۆکردبووم، ئەو ئێسکی لە پێش دانام، نایگرم.

پوورە گوتی: ((ئەسپەکە، بیگرە!))

ئەسپ گوتی: ((تۆ چەند ساڵ بوو ئێسکت لە پێش دانابووم، هەموو دەم و لێوزت بریندارکردبووم، ئەو (کا)و جۆی لەبەر ڕۆکردم، نایگرم.))

Scanned with CamScanner

پووره گوتی: ((درِکەکە، بیگره!))

درِك گوتی: ((تۆ پێم دەڵێی درِك، ئەو پێی گوتم دەرزی و سنجاق، نایگرم.))

پووره گوتی: ((گۆمی چڵك و خوێن، بیگره!))

گۆم گوتی: ((ئەو پیی گوتم رِۆن و هەنگوین، تۆ پێم دەڵێی چڵك و خوێن، من نایگرم. بە گیانی دایکت تۆ چەند درۆزنی.))

بە کورتی کەس نەیگرت و کچە بە ساغ و سەلامەتی هاتەوەو (دەفی دووپەردە)ی هێناو دایە دایکی محەمەد.

دایکی محەمەد پاشا کە چاوی بە (دەفی دووپەردە)کەوت، گوتی:

کار کاری تۆ نییە

کار کاری عەلی سەوزە، کەوا سەوزەیە

وەی دایکی قژی بۆ ببرِیٚ.

ئەو شەوە زەماوەندی محەمەد پاشا بوو. کچی پووریان بۆ دەهێنا. ئەرە دێوەکان هەموو سوورِیان دابوو و چووبوونە ئا سمان.. کە شەو داهات بووکیان هێنا.

ئەرە دێوێکی کلکدار بووکی سواری کلکی خۆی کردبوو و هێنای. دایکی محەمەد پاشا بە کچی پاشای گوت: ((دەبیٚ ئەمشەو دە مۆم لەسەر هەر دە پەنجەت دابنێی و لەتەك دەرگا بوەستی و دەستت ببەیتە ژووریٚ بۆ ئەوەی ژووری بووك تا سبەینیٚ رِوناك بیٚ.))

بووك و زاوایان هێناو دەستی کچەشیان بردە ژوورەوە بۆ ئەوەی ژووریان بۆ رِوناك بکاتەوە. بەڵام نیوە شەو محەمەد پاشا هەستا بەیەك زەبری شمشێر سەری بووکی پەل داو هات مۆمەکانی سەر پەنجەی کچی پاشای توورِ هەڵداو دەستی کچەی گرت و (یاعەلی مەدەد) بەرەو شاری کچە ملی رِێیان گرت.

لە رِێگادا محەمەد پاشا بە کچەی گوت ئەو هەموو رەنجەی کێشات سەبارەت بەوەبوو کە بەقسەی حەسوودانت کرد و پێستەی منت سووتاند. بەلام هەرچۆنیٚ بیٚ ئەوەی چوو چوو، پێویستە بیر لەدوا رِۆژ بکەینەوە.

هاتن هاتن. ماوەیەك هاتن، ماوەیەك نەهاتن. لەناکاو محەمەد پاشا بە کچەی گوت: ((کچەکە، چ لە ئا سمان دەبینی؟))

کچە گوتی: ((دوو پەلە هەوری ڕەش دەبینم.))

محەمەد پاشا گوتی: ((ئەم پەلە هەورانە دوو دێون - یەك خاڵمە وئەوەی‌تر پوورمە.))

محەمەد پاشا دەم ودەست کچەکەی کردە درەخت و خۆی کردە مارو خۆی لە قەدی درەختەکە ئاڵاند. دوو دێوەکە گەیشتنە درەختەکەو لە مارەکەیان پرسی: ((ئەی مار، دوو بنیادەمت نەدیون بێرەدا تێپەڕن؟))

مار گوتی: ((نەخێر. من ئەگەر بنیادەمێك ببینم هەلا هەلای دەکەم.))

دێوەکان گەڕانەوە لای دایکی محەمەد پاشا.

دایکی محەمەد پاشا پێی گوتن: ((نەتاندۆزییەوە؟))

دوو دێوەکە گوتیان: ((نە . تەنیا درەختێك و مارێکمان بینی.))

دایکی محەمەد پاشا گوتی: ((ئەو درەختە پۆڕ بڕاوەکە بووەو مارەکەش جوانەمەرگەکە بووە. ئەم جارە بڕۆن هەرچی دیتان ئەمانی مەدەن و بیخۆن.))

دیسان محەمەد پاشا و کچەکە ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا محەمەد پاشا لە کچەکەی پرسی: ((چ دەبینی؟))

کچەکە گوتی: ((هەورێکی ڕەش و هەورێکی سوور دەبینم.))

محەمەد پاشا کچەی کردە جۆگە ئاوێك و خۆیشی کردە پیرەمێردێکی بێڵ بەدەست و خەریکی ئاودێری بوو.

دێوەکان گەیشتنە لای پیرەمێردی ئاودێرو پرسیان: ((پیرەمێرد، دوو بنیادەمت نەدیوە؟))

پیرەمێرد گوتی: ((من زۆر لە ئاوەدانی دوورم و لێرە ئاودێری دەکەم و کەسم نەدیوە.))

دێوەکان دووبارە گەڕانەوەو مەسەلەکەیان بۆ دایکی محەمەد پاشا گێڕایەوە.

دایکی محەمەد پاشا گوتی: ((ئەو جۆگە ئاوە پۆڕبڕاوەکە بووەو

پیرەمێردەکەش جوانە مەرگەکە بووە. بڕۆن ئەم جارە هەرچی بینیتان یەکسەر بیخۆن.))

محەمەد پاشا و کچە هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا دیسان محەمەد پاشا بە کچەی گوت: ((باش تەماشاکە چ دەبینی؟))

کچە گوتی: ((دیسان دوو پەڵە هەوری زۆر ڕەش وا دێن.))

محەمەد پاشا گوتی: ((ئەم جارە زۆر تووڕەن. ئافرەت، چت پێیە؟))

کچە گوتی: ((یەك دەرزی.))

محەمەد پاشا دەرزییەکەی وەرگرت و فڕێی دایە پشتەوە. لەپڕ یەك چیا دەرزی پەیدا بوو. ئەرە دێوەکان بە سەر چیاکە کەوتن و هەموو پێیان برینـدار بوو، بەڵام دووبارە کەوتنەوە شوێنیان.

محەمەد پاشا گوتی: ((ئافرەت، چت پێیە؟))

کچەکە گوتی: ((پتە خوێیەك.))

محەمەد پاشا پتە خوێیەکەی فڕێ دایە سەر ڕێی دێوەکان. پتە خوێیەکە بوو بە چیا خوێیەکی گەورە. دێوەکان بە پێی بریندارەوە بەسەر خوێکەدا تێپەڕین و برینیان برژایەوەو دەستی بە قرچە قرچ کرد. ئیدی نەیانتوانی بڕۆن و بەبۆڵە بۆڵ گەڕانەوە.

لەو ماوەیەدا محەمەد پاشا و کچەکە گەیشتنەوە شاری خۆیان.. دەرگای قەڵایان کردەوەو کەوتنە شادی وکامەرانی. ئیشەللا ئێوەش هەموو شادومان دەبن.

هەقایەتخوان:سوغرا خانم ئەختەر تەبار خەیات، ٧٨ ساڵە
کرماشان

# ٥٦- ئیبراهیم پاشا

برام سەلامەتداربێ،

هەبوو نەبوو،

بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو.

پاشایەك هەبوو هیچ کوڕی نەبوو. ڕۆژێ ویستی ڕیشی بتاشێ. سەیری ئاوێنەی کرد و کە چاوی بە ڕیشی و سمێڵ و پرچی سپی خۆی کەوت، لەدڵەوە ئاخێکی هەڵکێشاو ئاوێنەکەی بە زەوی داداو دەستی بە جوێن و قسەی نابەجێ‌کردو گریا و وەزعی زۆر شڕ بوو.

ئەمیر و ئومەراو وەزیرو وزەرا کۆبوونەوەو گوتیان: ((قیبلەی عالەم سەلامەتداربێ، بۆچی دەگری؟ لەسەر چ نارەحەت بووی؟))

پاشا ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: ((نارەحەتیم ئەوەیە عومرم بەکۆتا گەیشت و هیچ میراتگرم نییە.))

لەم قسانەدابوون، دەروێشێك بە ژووورێ کەوت. سەلام و ستایشی بەجێ هێناو ئیکلامی کێشاو گوتی: خۆتان سەلامەت بن، ئەمە جێی نارەحەتی نییە. دەستی برد سێوێکی لە هەگبەکەی دەرهێناو کردییە دوو لەت و گوتی: ((ئەم سێوە بگرە. نیوەی خۆت بیخۆو نیوەکەی تر بدە بە خانمەکەت، خودا کوڕێکت دەداتێ ناوی ئیبراهیم پاشا. کەناوت نا باحەفت ساڵ بۆ تۆ بێ ئینجا ساڵێك بیدە من. من یەك ساڵ دەیبەم و بۆت دێنمەوە.))

پاشا بیری کردەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: ((من ئەم هەموو سوپاو لەشکرەم هەیە چۆن ناتوانم ئەم تاقە دەروێشە لەناو ببەم. واچاکە قبوولی بکەم.))

پاشا قبوولی کرد. سێوەکەی وەرگرت. خۆی نیوەی خواردو نیوەکەی تری ژنەکەی خواردی و پاش نۆساڵ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات و نۆ خولەك و نۆ چرکە

خودا کورێکی دانێ ناویان نا ئیبراهیم پاشا.

ئیبراهیم پاشا لەیەك سالی بوو بە دووسالی، لە دوو سالی بوو بە سێ سالی، لەسێ سالی بوو بە چوار سالی، بوو بە پێنج سالی.. بوو بە حەفت سالی.

پاشا فەرمانی دا حەمامێکیان دروست کرد، حەمامێکی پتەوو ڕێ تێنەچوو. ئیبراهیم پاشای لەگەڵ لەلەو دایەن و مامۆستایان خستە ناو حەمامەکە بۆ ئەوەی دەرز بخوێنێ و شتی پێویست فێرببێ.

کە بوو بەحەفت سالی و مێژووەکەیان خوێندەوە. پاشا دیتی هاتنی دەروێش نزیك بۆتەوە. فەرمانی دا هەموو شاریان ڕەشپۆش کرد. تەخت و ژوورو بەرگی ئەویشیان ڕەش کردو کردیان بە ماتەم. پاشا فەرمانی دا هەمووتان خۆتان پەستو عاجز بکەن و هەر کەسێ پرسی بڵێن ئیبراهیم پاشای کوڕی پاشا مردووە.

هەموو بەرگی ڕەشیان پۆشی و هەموو شوێنێکیان ڕەش کرد. دەق لەوەختی خۆیدا سەداو ئاوازی مەتحی عەلی بەرزبووەوەو دەروێش لە دوورەوە دەرکەوت. کەپاشای بە ڕەشپۆشی دی قاقا پێکەنی.

پاشا تووڕەبوو گوتی: ((دەروێش، تۆ کابرایەکی بێ تەربیەت نەبووی، ئەو بەچ پێدەکەنی؟ نابینی ئێمە هەموومان ڕەشپۆشین؟))

دەروێش دووبارە قاقا پێکەنی.

لەو کاتەدا لە حەمامەوە خەبەر هات گوتیان ئیبراهیم پاشا کەوتۆتە ناو حەوزی حەمام و خنکاوە.

هەی داد و بێداد! پاشا زانی ئەم کارە لەبن سەری دەروێشدایە. پاشا کەوتە سەر دەست و پێی دەروێش و گوتی: ((دەروێش، وەرە ئەم کوڕە زیندوو بکەوە هەرچی بتەوێ دەتدەمێ و هەرچی دەکەی بکە.))

دەروێش ڕازی بوو وگوتی: ((من زیندووی دەکەمەوەو بە پێی قسەی خۆم دەیبەم و دوای یەك ساڵ دەیهێنمەوە. لەوە زیاتر هیچم ناوێ.))

کوڕەکەیان بەساغ و سەلامەتی هێنا. بەرگیان گۆڕی. بەرگی پاشایانیان کردە

Scanned with CamScanner

بەر. ئەسپێکیان هێنا، سواربوو، سەرێک لەپێش باوکی هات و چوو وخاتری خواست و لەپڕ دەروێش کوڕەی گرت و سووڕی داو - یاعەلی مەدەد!- بەرزبووەوە ئا سمان. لەشکر ویستیان تفەنگ و تیری تێ بگرن، ترسان نەوەك لە کوڕەکە بدەن ناچار دانیشتن و تەماشایان کرد.

ئیبراهیم پاشا لەترسان بوورایەوە. کەهاتەوە هۆش خۆی و چاوی کردەوە خۆی لەچۆڵەوانییەکی بێ گیاو ئاو دۆزییەوە. تەنیا یەك درەخت و یەك بەردی لێ بوو.

دەروێش گوتی: ((کوڕەکە هاتیتەوە هۆش خۆت؟))

ئیبراهیم پاشا گوتی: ((بەڵێ!))

دەروێش گوتی: ((لەبەر ئەوەی من ئەم هەموو ڕێگایە تۆم هێناوە، ماندووم، دەمەوێ بخەوم. وشیار بەناپاکی و بەدکاری دەرهەق بەمن نەکەی. وریا و ئاگاداربە.))

دەروێش نووست و دەنگی پرخ و هۆڕی بەرزبوودەوە. کە دەروێش ئەم کەلەك و ئەو کەلەکی گۆڕی، لەپڕ دەستە کلیلێك لەناو ڕیشە پڕەکەی بەربووەوە خوارێ. کوڕە دەستە کلیلەکەی هەڵگرتەوە و دیتی بیست کلیل دەبێ. لەدڵی خۆیدا گوتی لەم چۆڵ و بیابانە نە کۆشکێك هەیەو نە ژوورێك و نەدەرگایەك، باشە ئەم هەموو کلیلە بۆ چییە؟! چ بکەم؟ چنەکەم؟ چووە لای بەردەکەو بەهەر هەوڵ و تەقەلایەك بوو بەردەکەی وەرگێڕا. لەبن بەردەکە چاوی بە دەریچەیەك کەوت، قوفڵێکی پێوەبوو یەکێ لە کلیلەکانی خستە سەر قوفڵەکە، قوفڵەکە بووەوە. پلیکانەیەك دەرکەوت. لە پلیکانە چووە خوارێ. دەروێش هەر نووستبوو. چووە ژێرەوە دیتی قەڵاتێکە دەوراندەری ژوورە. کلیلی خستە سەر ژوورێك، دیتی خوا بەزیادی کا، لەشیری باڵندە تا گیانی ئادەم هەرچی بتەوێ لەو ژوورە هەیە.

بڕۆ ئەم ژوور، بڕۆ ئەو ژوور. هەموو ژوورەکان پڕ خێرو بێر بوون. کە یەکێ لەژوورەکانی کردەوە دیتی حەوزێکی گەورە لەناوەندی ژوورێکدایە.ئەو حەوزە گەورەش حەوزێکی گچکەی تری تێدابوو حەوزە گچکەکەش مۆمدانێکی

لەناوەڕاست بوو. گەوهەر لەحەوزی گەورەی دەڕژایە ناو حەوزی گچکە و مۆمدانەکەش دەسووتا.

ئیبراهیم پاشا لەم هەموو گەوهەرە دەستی لە هیچ نەدا. مۆمدانەکەی هەڵگرت و فووی لێ کردو لەگیرفانی نا. هەر هێندە لەگیرفانی نا لەپڕ دوو زللەی بەبناگوێ کەوت و لەم دونیا چووە ئەو دونیا و بێ هۆش کەوت. کەهاتەوە هۆش خۆی و چاوی کردەوە، خۆی لە چۆلەوانییەکی بێ گیاو ئاو دی. نەقەلاو نە حەوزی نە گەوهەرو نە مۆمدان و نە دەروێش! بیابانێکی ڕووت و قووت!

چ بکەم؟ چ نەکەم؟ مندالّی شارە!؟ تا ئێستا دەشت و چۆلەوانی نەدیوەو ترسنۆکە. هەمیشە دایەن و لەلەو خزمەتکاری لە دەورە بووە. سەرەنجام ڕێی دەستە ڕاستی گرت و ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە ژێر درەختێك. لەوێ خەوی لێ کەوت. کەبە ئاگا هات برسێتی زۆری بۆ هێناو دەستی بە خواردنی گیای چۆلەوانی کرد. چەند شەو و چەند ڕۆژێك خواردنی گیای دەشت و چۆلەوانی و ئاوی ڕووبارەکان بوو.

تا گەیشتە شارێك. چووە ناو بازاڕ بۆنی چلو کەباب دەهات، بۆنی خواردنی جۆراو جۆر دەهات. وەخت بوو دلّی لەخۆ بێتەوە. پالّی بە دیوارێکەوە دا. شاگرد میوانخانەیەك یەك سنی فراوینی لەسەر سەر بوو بەوێدا هات. ئیبراهیم پاشا لێی چووە پێش و گوتی: ((من ڕێبوارم و هیچم نییە. بارەکانم بەدوامەوە دێن. ئەگەر دەکرێ ها ئەم شمشێرە بگرە و بیبە بیدە وەستاکەت و نەفەرێك چلوکەبابم بۆ بێنە.

وەستا، کەچاوی بە شمشێرەکە کەوت، فەرمانی دا ژوورێکی باشیان دایەو خواردنێکی تەواویان بۆ هێناو خزمەتێکی چاکیان کرد.

ئیبراهیم پاشا شەو بە ئاسودەیی خەوت و لەدلّی خۆیدا بیری کردەوە: ((باشە، من چ خیانەتێکم لەگەلّ دەروێش کردبوو، ئەم هەموو بەلایەم بەسەر هات. تەنیا مۆمدانەکەم کوژاندەوە)).

مۆمدانەکەی بیرکەوتەوەو دەستی بردە گیرفانی، زۆری بەلاوە سەیر بوو کە

دیتی مۆمدانەکەی لەگیرفانداییە. مۆمدانەکەی دەرهێناو دایگیرساند. کە مۆمدانەکەی داگیرساند گوێی لێ بوو یەکێ لەدەرگای دا. ئیبراهیم پاشا وای زانی شاگرد میوانخانەیە، گوتی: ((وەرە ژوورەوە.))

یەکێ لەپشت دەرگاوە گوتی: ((دەرگا بکەوە، ئیشمان پێتە.))

ئیبراهیم پاشا دەرگای کردەوە، دیتی چل حوری و پەری هەریەکە کیسەیەکی پڕ سەد درهەمی بەدەستەو لە پشت دەرگا وەستاون.

ئیبراهیم پاشا تێگەیی ئەم ئیشە لەبن سەری مۆمدانەکەدایە. یەکێ لە پەرییەکان گوتی: ((تەلەسمی قەلاتەکە بە دەستی تۆ شکا. ئەو مۆمدانەی تۆ هەڵگرت بووە هۆی ئەوەی ئیدی دەروێش هیچ خێر لەخۆی نەبینێ. ئەگەر تا سبەینێ چل جار ئەم مۆمدانە داگیرسێنی ئێمە بە چل کیسەی پڕ پارەوە لەبەر دەمت ئامادە دەبین.

ئیبراهیم پاشا چل کیسەکەی وەرگرت. مۆمدانەکەی کوژاندەوەو شوکرانە بژێری کرد. کە بەیانی داهات، شاگرد میوانخانەی بانگ کردو گوتی: ((ئەم پارەیە بگرەو بڕۆ شمشێرەکە بێنەوە.))

سەد درهەمیشی بەخشیش دایە شاگردەکەو گوتی: ((دوێ شەو پارەیان بۆ هێنام. ئەمە ببە بۆ ژن و منداڵەکانت خەرج کە.))

دوایی چەند ڕۆژێك ئیبراهیم پاشا غەریبی باوکی هەستا. ئەو سەردەم فڕۆکە نەبوو. لەباتی فڕۆکە سیمرغ هەبوو. بێ گومان نەڕە دێویش هەبوو کە وەکو فڕۆکەی جێت دەسووڕاو دەینەڕاند، بەلام سیمرغ هێمن و بێ هەرا بوو. ئیبراهیم پاشا ناردی سیمرغ بێنن. سیمرغ هات ڕایانسپارد ئیبراهیم پاشا بباتەوە شاری خۆی. سیمرغ گوتی : ((دەبێ حەفت کوندە ئاوو حەفت نوردییە نان و حەفت ڕانە مەڕ بۆ ڕێگا بێنێ تا بیگەیەنمەوە شاری خۆی.))

هەموو شتێکیان ئامادەکرد. سیمرغ هەمووی لەسەر پشتی خۆی داناو - یاعەلی مەدەد!- فڕی بۆ ئا سمان.

لە ڕێگادا سیمرغ بە ئیبراهیم پاشای گوت: ((باوکت لە داخی دووری تۆ کوێر

بووە، هەندێ پەڕی من ببەو بیسووتێنەو وەکو سوورمە لە چاوی باوکتی کە، چاوی ڕون دەبێتەوە.)) دەروێشیش ماوەیەك بوو لەلای پاشا بوو. هەموو پێك شادبوون و زەماوەندیان بۆ ئیبراهیم پاشا کرد. حەفت شەوو حەفت ڕۆژ شاریان ڕازاندەوە. کردیانە بەزم و شایی و هەڵپەڕکێ.

ئەوان بە مرازی خۆیان گەیشتن، ئیشەللا ئێوەش بە مرازی خۆتان دەگەن.

هەقایەتخوان: زێنەت مەلك خەتایی،
٥٨ ساڵە، گەڕەکی چاڵی دەروێشان/کرماشان

Scanned with CamScanner

# ٥٧- ئاشەوان و ڕێوی

ئاشەوانێك هەبوو، شەو دادەنیشت زۆر بە زەحمەت بۆ سبەینێ ئاردی دەرکردە هەویرو تەندووری سووردەکردەوەو نانی دەکرد. نانەکانی لەسەر تریانێك داددناو سبەینێ دەچووە سەر ئیشی خۆی.

کە ئێوارێ دەهاتەوە بۆ ئەوەی شێو بکا، دەیدی نانەکانیان دزیوە. ئەم کارە چەند ڕۆژێ دەوامی کرد. تا ڕۆژێ ئاشەوان، خۆی لە پەنایەك شاردەوە. لە پڕ دیتی ڕێوییەکی کلك ئەستوور وارە وارە لە دوورەوە پەیدا بوو. چووە ماڵی ئاشەوان زەمبیلێکی پێ بوو نانەکانی لەناو زەمبیلەکە ناو بردی.

کەشەو داهات، ئاشەوان دووبارە نانی کرد و لەسەر تریانی دانا. تۆبزێکی پەیداکردو سبەینێ چاوەڕێی کرد تا دووبارە ڕێوی دێ.

ڕێوی لە دوورەوە دەرکەوت و چووە ماڵی ئاشەوان. ئاشەوان لە پشتەوە تۆبزێکی توندی لەناو قەدی ڕێوی دا. ڕێوی بەربووەوە. ئاشەوان دەست و پێی ڕێوی بە پەتێك بەست و گوتی: ((هەی ڕێوی فێڵباز، هەی لاپرە سەنگ، من هەموو شەوێ بەو ماندووتییە دادەنیشم و نان دەکەم، تۆی مفتەخۆرو لاپرە سەنگ دێی دەیبەی؟ یەلڵا پێم بڵێ نانەکانم لە کوێن؟ ئەگەر نا بەم تۆبزە وات لێ دەدەم جارێکی تر هەناسە نەدەی.))

ڕێوی پاڕایەوەو گوتی: ((ئەی ئاشەوان، شوێنم کەوە تا نیشانت بدەم.))

ئاشەوان کەوتە شوێن ڕێوی، سەری پەتەکەشی توند گرتبوو بۆ ئەوەی ڕێوی ڕانەکا. ڕێوی بەنا چاری ئاشەوانی بردە لای درەختێك و گوتی: ((نانەکانی تۆم بۆ خواردنی زستانی خۆم لەسەر ئەم درەختە شاردۆتەوە.))

ئاشەوان چوو ئانەکانی هێنایە خوارێ. لێدانێکی باشی بۆ ڕێوی کرد بۆ ئەوەی چیدی مفتەخۆری نەکا. ئینجا بەدەست و پێی شکاوەوە بەرەڵلای کرد.

هەقایەتخوان: حوسین عەلی حوسنی پیر محەمەدی، ١٠ ساڵە
گوندی چارملان، ١٣٥٢

Scanned with CamScanner

# ٥٨- حەقایەتی کێشکۆکە[١]

براوم سەلامەتداربێ،

هەبوو نەبوو،

بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو،

ژنێك و مێردێك هەبوون، کچێك و کوڕێکیان هەبوو. ڕۆژێ ژنەکە بە مێردی گوت: ((پیاویژگە، دڵم گۆشتی بنیادەمی دەوێ!))

مێردەکە هەر چەندە گوتی: ((ئاخر حورمێ، داکت چا، بابت چا، من گۆشتی بنیادەم لە کوێ بۆ تۆ پەیدا بکەم)) ژنەکە گوێی پێ نەداو پێ‌نەدا. مێردەکە، کە ئەمەی دی ، ناچاربوو، چوو سەری کوڕەکەی بڕی و گۆشتەکەی بۆ ژنەکەی هێنا.

بەبرام بڵێم، ژنە، کە گۆشتەکەی دی زۆر شادو کەیفخۆش بوو. یەکسەر گۆشتەکەی وەرگرت و کردی بە شفتە (کفتە). هەم خۆی خواردی و هەم شفتەیەکیشی دایە کچەکەی.

کچەکە لە دایکی پرسی: ((دایە، ئەدی کوا برام؟))

ژنەکە گوتی: ((بەخوا چۆتە ماڵی خاڵۆت کشمیش بێنێ.))

کچەکە گوتی: ((باشە، من بەشە شفتەی ئەو دەبەمە ماڵی خاڵۆم و لەوێ دەیدەمێ.))

کچە شفتەکەی لە کۆشی خۆی ناو ملی ڕێگای چۆڵەوانی گرت و ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا لەناکاو شفتەکە لەکۆشی بوو بە کێشکۆکەو فڕی چووە ئاسمان.

---

[١] ئەم حەقایەتە بە زاری کرماشانی نووسراوەو ئێمە لە زاری کرمانشانییەوە وەرمانگێڕاوە.

کێشکۆکە ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە جێگایەك، دیتی باوکی زەوی دەکێڵێ. چوو لەسەر پشتی یەکێ لە گاکان نیشت و گوتی:

جیك جیك بر گشته جیك جیك گەڕامەتەوە
باوەی کافر منه کشته باوکی کافرم کوشتوومی
ننەی قاوه منه خورده دایکی بەدکارم خواردوومی
هی روآباجی دلسخته تەنیا خوشکم دڵی بۆ سووتاوم

باوکە دەنگی کێشکۆکەی زۆر پێ خۆش بوو، گوتی: ((توخوا دیسان بخوێنە، تۆ چەند باش دەخوێنی!))

کێشکۆکە گوتی: ((سەرت بڵندکە. چاوت بنووقێنەو زارت بکەوە تا بخوێنم.))

کە باوکە سەری بڵند کردو چاوی نوقاندو زاری کردەوە، کێشکۆکە فڕییە ئاسمان و یەك مستە سنجاق و دەرزی جوالدرووی لە زاری کردو فڕی. ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتەوە ماڵی خۆیان. چوو لەسەر دەرگا نیشت و دەستی بە خوێندن کرد:

جیك جیك بر گشته
باوەی کافر منه کشته
ننەی قاوه منه خورده
هی رواباجی دلسخته

دایکە بەلایەوە خۆش بوو، گوتی: ((توخوا ئەختێکی تریش بخوێنە!))

کێشکۆکە گوتی: ((چاوت بنووقێنەو زارت بکەوەو سەرت قیت ڕاگرە، تا بخوێنم.))

دایکە سەری قیت ڕاگرت و چاوی نووقاندو زاری کردەوە، کێشکۆکە لە شەقەی باڵی داو فڕییە ئاسمان و لەوێوە مستە خەنجەرێکی خستە گەرووی دایکەو فڕی وڕۆیشت، ڕۆیشت،ڕۆیشت تا گەیشتە کەناری ڕووبارێك، دیتی خوشکی کز دانیشتووە دەگری، گوتی:

جیك جیك بر گشته

Scanned with CamScanner

باوەی کافر منە کشتە

ننەی قاوە منە خوردە

هی رواباجی دلسختە

خوشکە گوتی: (( توخوا برام جارێکی تریش بخوێنە!))

کێشکۆکە گوتی: ((چاوت بنووقێنە وکۆشت بگرەوە، تا بخوێنم.))

خوشکە چاوی نووقاندو کۆشی گرتەوە، کێشکۆکە بوو بە چەپکە گوڵێک و خۆی هەڵدا کەوتە ناو کۆشی خوشکی.

هەقایەتخوان: گیلان مرادی وەند، ٥٠ ساڵە/١٣٣٧

گەڕەکی چنانی/کرماشان

Scanned with CamScanner

# ٥٩–هەقایەتی شنگول و منگول[1]

(١)

یی بزی بود بزبزکان
دو شاخ داشت چو بیلکان
دو گوش داشت بل بلکان
دو چش داشت چو گردکان
دوتا بچه داشت به اسم شنگل و منگل

بزنێ هەبوو بوز بوزەکان
دوشاخی بوو وەك پیشەقان
دو گوێی هەبوو بەل بەلەکان
دوو چاوی بوو وەکو گویز
دو بێچووی هەبوو بەناوی شنگول و منگول

(٢)

یی روز بز بزکان رفت به صحرا
تا بری خودش بکنه چرا
خیلی سفارش کرد به بچەها
کەوا نکنین هیچ وخ در را

رۆژێ بزنەکە چووە چۆلەوانی
بۆ ئەوەی بۆ خۆی بلەوەڕێ
زۆر ئامۆژگاری بێچووەکا
هیچ کات دەرگا نەکەنەوە

(٣)

وختی بزبزکان رفت به چرا
گرگەکه امد پشت در خانەی اونا
که این منم بزبزکان
شیر اوردم حالا براتان

کە بزن چووە لەوەڕ
گورگ هاتە پشت دەرگای خانوویان
کە: ئەمە منم بزن
ئێستا شیرم بۆ هێناون.

(٤)

شنگل پرسید: تو چەرنگی
گرگەکه گفت: مه سفیدم
شنگل گفت: دبرود ننەی ماسیاس

شنگول پرسی: تۆ چ ڕەنگی
گورگ گوتی: من سپیم
شنگول گوتی: دەبڕۆ دەی، دایکی ئێمە

---

(١) ئەم هەقایەتە لە زاری کرماشانی وەرگێردراوە.

ڕەشە.

(٥)

گورگ ڕاکە ڕاکە چوو خۆی لە خۆڵەمێش هەڵکێشاو گەڕایەوەو گوتی:

منم منم بزبزکان منم منم بزن
شیر تازە اوردم براتان شیری تازەم بۆ هێناون.

(٦)

شنگل و منگل گفتن: چە رنگی هستی؟ شنگول و منگول گوتیان: تۆ چ ڕەنگی؟

گرگەکە گفت: مە سیام گورگ گوتی: من ڕەشم

بچەها گفتن: د برو د ننەی ما قهوەایە بێچووەکان گوتیان: دە بڕۆدەی، دایکی ئێمە قاوەییە.

(٧)

گورگ جارێکی تریش هاتە بەردەرگا. لەبەر کشایەوەو هاتە پێش و قۆچێکی لە دەرگاداو دەرگای شکاندو شنگول و منگولی خوارد.

(٨)

وەختێ بزن لە چۆڵەوانی هاتەوە، دیتی نە شنگول ماوەو نە منگول. زۆر ناڕەحەت بوو. یەکەمجار نەختێ چاوەڕێی کرد بەڵام دیتی بێ سوودە. جا هەستا چووە سەر بانی ماڵی گورگ و هەر بەپێ لێی داو لێی دا. گورگ گوتی:

کییە کی یە رم و رم مکنە کێیە کێیە تەپ تەپ دەکا
کاسە کچلەی بچەی منە پر خاك مکنە کاسە کولەی بێچووەکانم پڕ خۆڵ دەکا.

بزن گوتی:
منم منم بزبزکان
دو شاخ دارم چو بیلکان

دو گوش دارم بل بلکان
دو چش دارم چو گردکان
کی خورده شنگل مه — کێ خواردوویە شنگولی من
کی خورده منگل مه — کێ خواردوویە منگولی من
کی میات به جنگ مه — کێ دێ بۆ جەنگی من

گورگ لە ترسان گوتی:
نەخوردم شنگل تو — نەمخواردووە شنگولی تۆ
نەخوردم منگل تو — نەمخواردووە منگولی تۆ
نه میام به جنگ تو — نایەم بۆ جەنگی تۆ

(٩)

بزن دووبارە بە پێ لەبانی ماڵی گورگی دا.
گورگ دیسان گوتی:
کی یە کی یە رم و رم مکنه
کاسە کچلەی بچەی منه پر خاك مکنه
بزن گوتی:
منم منم بزبزکان
دو شاخ دارم چو بیلکان
دو گوش دارم بل بلکان
دو چش دارم چو گردکان
کی خورده شنگل مه
کی خورده منگل مه
کی میات به جنگ مه
گورگ لە داخی دڵی خۆی گوتی:
مەخوردم شنگل تو

مەخوردم منگل تو

مە میام بە جنگ تو

(١٠)

| | |
|---|---|
| او وخ هردو رفتن تو میدان | ئەو وەختە هەردوو چوونە مەیدان |
| جنگ کردن با چنگ و د نان | شەڕیان کرد بە چەنگ و ددان |

لەپڕ بزن شاخی تیژی لە ورگی گورگ داو ورگی دڕاند و شنگول و منگول هاتنە دەرەوەو دایکیان گرتە باوەش.

دایکیان لێی پرسین:

((باشە بێچووەکانم ئەوە لە کوێ بوون؟))

کارژۆڵەکان گوتیان: ((چووبووینە ماڵی پووری.))

بزن پرسی: ((چتان خوارد؟))

کارژۆڵەکان گوتیان: ((حەلوامان خوارد))

دایکیان گوتی: ((ئەدی کوا بەشی من؟))

بێچووەکان گوتیان: ((بەخوا دایە، لەناو دەستمان دانا دەستمان سووتا. لەسەر پێمان دانا پێمان سووتا، ئاخری لەسەر تاقچەی دڵمان دانا.))

هەقایەتخوان: زەهرا دارابیان، ٥٥ ساڵە

کرماشان.

Scanned with CamScanner

# ٦٠- هەقایەتی پوورە قاڵۆنچە[1]

هەبوو نەبوو، بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو، چووینە هەر کوێ ڕێگا بوو، هەر چیمان هەڵکەند چاڵ بوو، کلیلی لە دەست خودا بوو.

برام سەلامەتداربێ، قاڵۆنچەیەك هەبوو بە تاقی تەنێ دەژیا. ڕۆژێ کەلە خەو بەئاگاهات، ئەم لا گەڕا، ئەولا گەڕا پەلکە پیازێکی دۆزییەوە، کردی بە چارۆکەو لەسەری نا. دوو گەلا گێوژیشی دۆزییەوەو کردی بە پێڵاو ولە پێی کرد و کەوتە ڕێ. ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە بەر دوکانی قەسابێك. کەقەسابەکە چاوی پێ کەوت گوتی:

| | |
|---|---|
| خالە قزی | پوورە قزی |
| چادر یزی | چارۆکە یزی |
| کلاش قرمزی | کلاش قورمزی |
| اوغور باشە | ئۆغرت خێربێ |
| کوجا می ری؟ | بۆ کوێ دەچی؟ |

پوورە قاڵۆنچە نەختێ کرو بێ دەنگ بوو، ئینجا گوتی:

| | |
|---|---|
| میرم، میرم، میرم، همدان | دەچم، دەچم، دەچمە هەمەدان |
| شوور بکنم عمو رمضان | شوو بکەم بە مام رەمەزان |
| نان گنم بخورم | نانی گەنم بخۆم |
| قلیان بلور بکشم | قەننەی قامیش بکێشم |
| منت هیچکە نکشم | منەتی هیچ کەس نەکێشم |

قەساب گوتی: ((وەرە شوو بە من بکە.))

---

[1] ئەم هەقایەتە بە زاری کرماشانی نووسراوە، لە زاری کرماشانی وەرگێڕدراوە.

Scanned with CamScanner

پووره قاڵۆنچه گوتی: ((وی وی وی، ئەگەر مێردت پێ بکەم لە کوێ دەمخەوێنی؟))

قەساب گوتی: ((لەسەر ئەم کۆتەره چەورو چڵکنەم))

پووره قاڵۆنچه گوتی: ((بەچی لێم دەدەی؟))

قەساب گوتی: ((بەم ساتۆره تیژەم.))

پووره قاڵۆنچه گوتی: ((وی وی وی، خوا ڕوحمم پێ بکا. نە نە ، شوو بەتۆ ناکەم.))

پووره قاڵۆنچه بەڕێ کەوت و ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە دوکانی بەقالێك. کەبەقال چاوی پێ کەوت گوتی:

خاله قزی
چادر یزی
کلاش قرمزی
اوقور باشه
کوجا می ری؟

پووره قاڵۆنچه خۆی کۆکردەوەو گوتی:

میرم، میرم، میرم، همدان
شوور بکنم عمو رمضان
نان گنم بخورم
قلیان بلور بکشم
منت هیچکه نکشم

بەقاڵ گوتی: (( وەره شوو بە من بکە.))

پووره قاڵۆنچه گوتی: ((ئەگەر شووبە تۆ بکەم، لە کوێ دەمخەوێنی؟))

بەقاڵ گوتی: ((لەسەر تەرازووی چەورو شیرینم.))

پووره قاڵۆنچه گوتی: ((بەچ لێم دەدەی؟))

بەقاڵ گوتی: ((بەم بەرده چارێکەم.))

پووره قاڵۆنچە گوتی: ((وی وی وی، نە نە ، شوو بەتۆ ناکەم.))

قاڵۆنچە دووبارە کەوتەوەڕێ و ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە مشکێک ، کە مشکەکە چاوی پێ کەوت، گوتی:

خالە قزی

چادر یزی

کلاش قرمزی

او قەر باشە

کوجا می ری؟

پووره قاڵۆنچە چاوی خومارکردو گوتی:

میرم، میرم، میرم، همدان

شوور بکنم عمو رمضان

نان گنم بخورم

قلیان بلور بکشم

منت هیچکە نکشم

جەنابی مشك گوتی: (( وەرە شوو بە من بکە.))

پووره قاڵۆنچە گوتی: ((ئەگەر شووت پێ بکەم، لە کوێ دەمخەوێنی؟))

مشك گوتی: ((لەسەر ئەم سنگە گەرم و نەرمەم.))

پووره قاڵۆنچە گوتی: ((بەچ لێم دەدەی؟))

مشك گوتی: ((بەم کلکە نەرم و نازکەم.))

پووره قاڵۆنچە گوتی: ((باشە، شوو بەتۆ دەکەم.))

کردیان بە بەزم و ئاهەنگ و دەمبگ کوتان و بوون بە ژن و مێرد.

بەم جۆرە ڕۆیشت تا ڕۆژێکی ساردی زستان جەنابی مشك سەرمای بوو. پووره قاڵۆنچە خۆی چوست کردو چووە بازار بۆ ئەوەی کەرەستەی چێشت بکڕێ . کە دەڕۆیشت لە پڕ کەوتە ناو قوڕتێك، کە زەوی لەبەر ئاوەڕۆ داکەوتبوو هەر چەندە هاواری کرد کەس فریای نەکەوت. تا سوارێك بەوێدا تێپەڕی. گوێی لە

ڕەنگی پووره قاڵۆنچە بوو. پووره قاڵۆنچە بانگی کردو گوتی: هۆ سوارۆ، سوارۆ، تۆخودا کە بەلای ماڵماندا تێپەڕی بە جەنابی مشک بڵێ:

خالە قزی

چادر یزی

کلاش قرمزی

افتاده تو سمچال

کە جەنابی مشک خەبەری وەرگرت. بەپەلە پەل چووە سەر قۆرتەکە، دیتی ڕاستە ژنە نازدارەکەی کەوتۆتە ناو قۆرت. جەنابی مشک لەو بڵندەوە بە پووره قاڵۆنچەی گوت:

دەستت بدە من!

پووره قاڵۆنچە گوتی: ((دەستم قامیشە دەشکێ!))

جەنابی مشک گوتی: ((پێت بدە من!))

پووره قاڵۆنچە گوتی: ((پێم قامیشە دەشکێ !))

جەنابی مشک گوتی: ((سەرت بدە من!))

پووره قاڵۆنچە گوتی: ((سەرم قامیشە دەشکێ!))

جەنابی مشک گوتی: ((ئەدی چ بکەم؟))

پووره قاڵۆنچە گوتی: ((بڕۆ پەیژەیەک پەیدا کە.))

جەنابی مشک چوو گێزەرێکی پەیداکرد. بە ددان لەلەی کردو هێنای خستییە ناو قۆرتەکە. پووره قاڵۆنچە پێی هاتە دەرەوە. هەردووکیان چوونەوە ماڵێ، چێشتێکی گەرمیان لێ ناو خواردیان و چاک بوونەوەو تا دوا ڕۆژی ژیانیان بە خۆشی و شادی لەگەڵ یەکتر ژیان.

هەقایەتخوان: ننە کیشوەر ئابکەش، ٥٨ ساڵە

گەرەکی چنانی، کرماشان، ١٣٢٥

# ٦١- مەلووچی کشمشی(بە زاری کرماشانی)

ئەی مەلووچی کشمشی
لەوی بانم نەنیشی
باران میات خیس میشی
برف میات گنولە میشی
می فتی حەوزی نەقاشی
داد میزەنی فەراشباشی
فەراش باشی یاری منە
دەسبەن تەلاش دەسی منە
سلێمان، سلێمان
قالی یە بکش تو ئەیوان
گۆشەی قالی کە بوودە
ئیسم دای دای مەحموودە
مەحموودی بالا بالا
بەد نەوینی ئیشاللا

Scanned with CamScanner

## پەراوێز:

وشە گرانەکان:

مەلووچ - چۆلەکە، کێشکە، سواندووکە

میات - دێ

خیس میشی - تەڕ دەبی

گنولە - گلۆڵە

میفتی - دەکەوی

تو - ناو

داد میزەنی - هاوار دەکەی

فراشباشی - گەورەی گەسکدەران

تەلا - زێڕ

قاڵی - مافوور، خاڵیچە

کەبوود - شین

دای دای - خاڵۆ

گێڕانەوەی: نەنە هود هود بەندئەنداز،٦٠ ساڵە

گەرەکی تیمچەی کرماشان، ١٣٣٦

Scanned with CamScanner

# ٦٢- ڕەملچی ساویلکە

لە ڕۆژگاری هەرە کۆن کۆن، کابرایەکی دەستکورت هەبوو، لەداری دونیادا تەنیا یەك ژنی هەبوو. ئەو ژنە ڕۆژێ چووە حەمام. تازە لە ژووری سارد دانیشتبوو، خەریك بوو خۆی ڕووت کاتەوە، دیتی ژنێکی پارەدارو پۆشتە و پەرداخ بە سەلام و سەلەوات هاتە حەمام و بەو پەڕی خۆپەرستییەوە فەرمانی دا هەموو ژنەکان و بگرە ئەمیش لەحەمام وەدەر بنێن. ئەم ژنە زۆر پەست و ناڕەحەت بوو. کەلە حەمام هاتە دەرەوە، پرسی: ((توخوا ئەم ژنە چ کەس بوو؟))

ناتری حەمام پێی گوت: ((خانم، چما نازانی؟ ئەمە ژنی ڕەملچی تایبەتی پاشایە.))

ژنە بە ڕك و کەرب و ناڕەحەتییەوە گەڕایەوە ماڵێ و بوو بە مووی کونە لووتی مێردی و گوتی: ((ئیللا دەبێ بچی پیشەی ڕەملچێتی بکەی.))

مێردی گوتی: ((ئاخر حورمێ، خۆت شێت مەکە.... داکت چا، بابت چا، ئاخر من و ڕەملچێتی!؟ من ئەم ئیشە نازانم.))

ژنە گوتی: ((ئیللا بیللا، یان دەبێ ببی بە ڕەملچی، یان دەبێ تەلاقم بدەی ومنیش دەچم خۆم دەکوژم.))

مێردە لە ترسی هەڕەشەی ژنەکەی هاتە رایێ و ناچاربوو چووە بازاڕ دەزگایەکی ڕەمل و ئوسترلابی کڕی و چوو لەبەر دەرگەی حەمامی گەڕەك دانیشت. قەزاو قەدەر، ئەو ڕۆژە ڕۆژی حەمامی حەفتانەی کچی پاشا بوو.

کچە پاشایان بە: لاکەوە! کوێربی! بردە ناو حەمام کچە دوای ئەوەی خۆی لەناو حەمام ڕووت کردەوە، ئەنگوستیلەی گرانبەهای گەوهەر بەندی خۆی دەرهێناو دایە قەرەواشەکەی بۆ ئەوەی چاوی لێ بێ. قەرەواشی سەر شێن، بۆ ئەوەی ئەنگوستیلەکە تەقەت هەڵگرێ، لە درزێکی دیواری حەمامی ناو بۆ ئەوەی

پێ بکەوێتەوە چەپکە موویەکی بە نیشان لەدرزەکە پەستا. بەڵام لەبەر پەشتە پەشتی زۆرو فەرمانی خانم و هەست بڵاوی خۆی، لەبیری کرد ئەنگوستیلەی لەکوێ داناوە. لەکاتی هاتنە دەرەوە، کچی پاشا داوای ئەنگوستیلەکەی لە قەرەواش کرد، بەڵام قەرەواش نەیدۆزییەوە. کچی پاشا تووڕە بوو، گوتی: ((ئەگەر تا چەند دەقیقەی تر نەیدۆزیتەوە، قژت لەکلکی ئیستر دەبەستم و بەرەڵلای چۆڵ و بیابانت دەکەم.))

قەرەواشی کلۆڵ و بێچارە، بەهەراسانی لەحەمام هاتە دەرەوە، بۆ ئەوەی چارەیەك بکا. تەماشای ئەم لاو ئەولای کردو سەری بەم لاو بەولادا گرت، لەپڕ چاوی بە ڕەملچی کەوت کە خەریك بوو بێ هوودە ڕەملی بەسەر ئوسترلاب دا دەکرد و لەبن دیواری حەمام دانیشتبوو.

قەرەواش لێی نزیك کەوتەوەو گوتی: ((ئەی ڕەملچی، دەستم دامێنت، توخودا ڕەملێکم بۆ باوێ، بزانم ئەم ئەنگوستیلەیەی کچی پاشا لە کوێیە؟))

ڕەملچی گەرووی پاگژکردەوە و ڕەملی لەناو دەستی سووڕاندو مات و مەبهووت بوو، نەیزانی چ بڵێ. لەپڕ چاوی بە (دەعبای) قەرەواشەکە کەوت و گوتی: ((درزێك دەبینم دەرگای پڕ گەندەمووە.))

قەرەواش یەکسەر بیری کەوتەوە ئەنگوستیلەکەی لە کوێ داناوە. دەست بەجێ چوو ئەنگوستیلەکەی دەرهێناو دایەوە کچی پاشا.

باسی شارەزایی ڕەملچی بە کچی پاشا گەیشت و ئەویش مەسەلەکەی گەیاندە پاشا. پاشا لەدوای ڕەملچی نارد. ڕەملچیان بە سەلام و سەلاوات بردە بارەگاو پاشا فەرمانی پێ کرد کە ببێ بە ڕەملچی تایبەتی ئەم و خەڵاتێکی باشیان کرد.

چەند ڕۆژێکی زۆری پێ نەچوو، دز خەزنەی پاشایان دزی. پاشا داوای ڕەملچی کردو فەرمانی پێ کرد دزەکە بدۆزێتەوە.

چ بکەم؟ چ نەکەم؟ ڕەملچی بێچارە هەراسان بوو. ناچار چل ڕۆژ مۆڵەتی لەپاشا خواست بۆ ئەوەی دزەکە بدۆزێتەوە. ئینجا بەزارو واوەیلا گەڕایەوە ماڵێ و بەژنەکەی گوت: ((حورمێ، دیتت بۆ خاتری هەواو هەوەس و ماڵی دونیا زەلیل و

زەبوونت کردم. ژیانێکی ئاسوودەم هەبوو بەڵام تۆ لێ نەگەڕای بە ئاسوودەیی بژیم. ئاخر من چۆن دزەکە بدۆزمەوە. یان دەبێ چاوەڕێی مردن بکەم، یان دەبێ لەم شارە ڕابکەم.))

کابرا دانیشت چل نوقلی خستە ناو گۆزەیەك و دایە ژنەکەی بۆ ئەوەی هەر ڕۆژەو نوقلێکی بداتێ و کە نوقلەکان تەواو بوون لەشار ڕابکا.

با بزانین لەولا چ باسە.

خەبەر گەیشتە دزەکان کە ڕەمڵچی تایبەتی پاشا بەڵێنی داوە دزەکان و پارەکە بدۆزێتەوە. دزەکان چل نەفەر بوون و لەبەر ئەوەی پێشتر ناوبانگی ڕەمڵچییان بیستبوو، لەناخەوە تووشی ترس و هەراسانی بوون. سەرۆکی دزەکان یەکێ لە دزەکانی نارد بچێ خەبەرێکی ڕەمڵچی بێنێ. دزەکە چووە سەربانیماڵی ڕەمڵچی و گوێی ڕاگرت بزانێ چ هەیە. دەق لەوکاتەدا ژنی ڕەمڵچی یەك نوقڵی ئەو ڕۆژەی دایە ڕەمڵچی مێردی و مێردەکەی گوتی: ((حورمێ، لەبیرت بێ: ئەمە لە چلان یەك!))

دزەکە وای زانی ڕەمڵچی دەڵێ ئەمە لە چل دزان یەك دز. لە ترسان هەر ڕای کردو بە غار خۆی گەیاندەوە لای سەرۆکی دزان و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

شەوی دووەم سەرۆکی دزان بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابێ، دوو دزی ناردە لای ماڵی ڕەمڵچی بۆ ئەوەی خەبەرێك وەربگرن. کە ئەم دو دزە گەیشتنە سەربانی ماڵی ڕەمڵچی و دانیشتن، دەق لەو کاتەدا ژنی ڕەمڵچی نوقڵی دووەمی دایە مێردی و مێردەکەی پێی گوت: ((حورمێ، ئەمە دوو.))

شەوی چلەمین سەرۆکی دزەکان، کە ترس نەتەی پێ بەردابوو، خۆی چووە سەربانی ماڵی ڕەمڵچی. ڕەمڵچی لەوساتەدا دوا نوقڵی لە ژنەکەی وەرگرت، کەلە هەموو نووقڵەکانی پێشوو گەورەتربوو، گوتی: ((حورمێ، ئەمشەو نۆرەی گەورەکەیە!))

سەرۆکی دزان کە ئەم قسەیەی بیست، هەر وەخت بوو لەترسان زەندەقی بچێ. چووە لای ڕەمڵچی و پەیمانی دایە کە هەموو پارەو گەنجینەکە بداتەوە بەو

مەرجەی ڕەملچی لای پاشا هیچی دەرهەق نەڵێ و کەم و زۆر باسی نەکا.

ڕەملچی پارەکەی وەرگرت و بۆ سبەینێ، کە چلەمین ڕۆژ بوو، بردی دایەوە پاشا. پاشا پارەو خەلاتێکی زۆری دایە ڕەملچی و زۆری کەیف پێ هات کە گەنجینەکەی دەست کەوتەوە.

دوای چەند ڕۆژێ نۆرە ڕاوی پاشا داهات. پاشا بۆ ڕاووشکار دەرچوو. کە ڕاو تەواو بوو پاشا لە گۆشەیەک دانیشت بۆ ئەوەی پشوویەک بدا. لەپڕ کوللەیەک لەسەر پێی نیشت.

جاری یەکەم ویستی کوللە کە بگرێ، نەیتوانی. جاری دووەمیش نەیتوانی و کوللەکە هەڵفڕی، جاری سێیەم کوللەکەی گرت. ویستی ڕەملچی تاقی بکاتەوە. کوللەی لەناو مشتی قوچاو داناو بۆ ڕەملچی ڕاداشت و گوتی: ((بزانم دەزانی ئەم دەستەم چی تێدایە.))

ڕەملچی ڕەنگی لە ڕوودا نەماو بە بێچارەیی، نەرم نەرم لەبەر خۆیەوە گوتی:

کوللە، جاری یەکەم هەلاتی

کوللە، جاری دووەم هەلاتی

کوللە، ئاخیری گیرای!

پاشا وای زانی ڕەملچی وەلامی ئەم دەداتەوەو سەیری کرد ڕاست دەکا. زۆر هەوەسی بە کارامەیی و لێزانی ڕەملچی هات، خەلات و بەراتێکی باشی کرد.

ڕەملچی لەم ژیانە پڕ دڵەڕاوکەو ترس و لەرزو هەراسانی و پەشێویەدا هەمیشە شەکەت و ماندووبوو. لەدڵی خۆیدا گوتی: ((دەبێ ڕەفتارێکی وابکەم، بەشێنتم تێ بگەن و دەستم لێ بەر بدەن.)) بەدەم ئەم بیرەوە بڕیاری دا ڕۆژێک خۆی ڕووت و قووت بکاتەوەو بە ڕووتی تاو بداتە ژووری پاشا و باوەشی پێدابکاو بیهێنێ لە هەیوان لەعەرزی بکوتێ....

هەر واشی کرد. چوو باوەشی لەپاشا وەرهێناو بەڕاکێش ڕاکێش هێنای و لە هەیوان بەرەللای کرد. بەلام لەوکاتەدا بانی ژووری پاشا داتەپی. پاشا وای زانی

کە ڕەملّچی پێشبینی ئەم ڕووداوەی کردووەو هاتووە لە مردن ڕزگاری کردووە. پاشا کە لەبەر ژانی کەمەری دەینالاند فەرمانی دا ڕەملّچی خەلات بکەن.

ژنی ڕەملّچی کە بڕەوی پەیدا کردبوو ڕۆژێ چووە حەمام و ژنی ڕەملّچی پێشووی پاشای لە حەمامدا دی، لەبەر ئەوەی ئیشی مێردەکەی ڕەواجی نەمابوو بێ چارەو بەدبەخت ببوو. ژنە، یەکەم جار فەرمانی دا لە تۆڵەی ڕابردوو، ژنە لەحەمام وەدەربنێن بەلام بەزەیی پێدا هاتەوەو ڕۆژگاری بەدبەختی و چارە ڕەشی خۆی [illegible]کەوتەوە. میهرەبانی لەگەڵ ژنەکە نواندو فەرمانی دا شەربەتی لیمۆیان بۆ هیناو پارەی حەمامیشی بۆ دا.

هەقایەتخوان: تووتی خانم ماما، ٥٨ ساڵە

گەرەکی:چنانی /کرماشان، ١٣٣٦

# ٦٣- تۆبەی نەسووح

برام سەلامەتداربێ،

سەرت بگاتە کەشکەشانی فەلەك،

چووینە هەر کوێ ڕێ بوو،

هەر چیمان هەڵکەند بیر بوو،

هەر چیمان کێشا باربوو،

کلیلی بەدەست مەلیکی جەبار بوو.

لە ڕۆژگاری هەرە کۆن، کابرایەك هەبوو بەناوی (نەسووح). ئەم کابرایە هەرچەندە هەوڵی دەدا نانی ژن و منداڵەکانی بە ڕێگایەکی وا پەیدا بکا خوا پێی خۆش بێ، ڕێك نەدەکەوت و ڕێك نەدەکەوت. تا کار بەوە گەیشت گرانیی باری ژیان و زۆری ماڵ و منداڵ ناچاریان کرد بە نهێنی لە حەمامی ژنان دەلاکی و ناتری بکا.

بە ڕۆژ، کە حەمام دەکرایەوە، بەبەرگی ژنانەوە دەچووە حەمام. خۆی ڕووت دەکردەوەو کیسەیەکی بەبەرخۆیەوە هەڵدەبەست و تا شەودا دەهات و حەمام دادەخرا کاری دەکردو نارەقی دەڕشت.

ساڵەهای ساڵ کابرا ئەمە کاروکاسبی بوو. تا قەزاو قەدەر ڕۆژێ کچی پاشا ویستی بچێتە حەمام. حەمامیان ئابلۆقەداو لێ نەگەڕان کەس بێ و بچێ. ئینجا بە: لاکەوە! کوێربە! کچی پاشایان بردە حەمام. نەسووحیش لەگەڵ دەلاك و ناترەکانی دی لەناو حەمام بوو. دوای ئەوەی کچی پاشایان بە لیفکە شووشت، بردیانەوە حەمامی سارد. لەوکاتەدا لەپڕ قەرەواشی تایبەتی کچی پاشا هاواری لێ هەستا: هەی دادو بێداد! ئەنگوستیلەی زمرووتبەندی گرانبەهای شازادە خانم ون بووە.

یەکسەر دەرگا و پەنجەرەی حەمامیان توند داخست و نۆبەتداریان دانا. بڕیار درا هەموو کارەکەرەکانی حەمام بپشکنن.

نەسووح ڕەنگی لە ڕوو پەڕی و هەموو لەشی چرك و هۆڕ لەرزی. چونکە ئەگەر بیانپشکنیبایە، دەردەکەوت پیاوەو کاری نابەجێی کردووە.

چ بکەم؟ چ نەکەم؟ چووە ناو خەزنەی حەمام و لە گۆشەیەك خۆی شووشت و لە حاڵی تێمان و بێ کەسیدا سەری بۆ ئا سمان هەڵبڕی و گوتی: ((خودایە، بۆ خاتری محەمەد وماڵباتی محەمەد لەم مۆتەکەیە نەجاتم بدە. خودایە، تۆبە! تۆبەی نەسووح قبووڵ کە. شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ لەم لەحزەیە بەدواوە دەست لەم کارە هەڵگرم و خەریکی ئیشێکی تر بم....( یا ارحم الراحمین!)

لەبەر ئەوەی نەسووح لەناخی دڵ و بەو پەڕی مل کەچییەوە تۆبەی کرد، تۆبەکەی قبووڵ بوو. لەوساتەدا یەکێ لە قەرەواشەکان هاواری کرد ئەنگوستیلەکە لەناو بوخچەی حەمامی شازادە خانم بووە.

لەو کاتە بە دواوە نەسووح ناوبانگی سەندو هەر کەسێ بیویستایە بە ڕاستی لە ئیشێکی خراپ پەشیمان بێتەوە و تۆبە بکا، دەیگوت: ((خودایە، تۆبەم تۆبەی نەسووح بێ، جارێکی تر ئەم ئیشە نەکەم.))

هەڤایەتخوان: استاد سیف الدین دروێشیان

کرماشانی ئاسنگر، ٦٤ ساڵە

کرماشان

# ٦٤- دنکە نۆك

هەبوو نەبوو بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو،

لە ڕۆژگاری کۆن کابرایەك هەبوو، لەگەڵ ژنەکەی پێکەوە دەژیان.

ئەم دووە منداڵیان نـەبوو. کـابرا بـە ڕۆژ دەچـووە دوکـان. ڕۆژێکیـان ژنەکـە چێشتی لێ نابوو. لە قاپێکی کردو لەلایەکی دانا، بەڵام کەس نەبوو بۆ مێردەکەی بباتە دوکان. ژنە ئاخێکی هەڵکێشاو لەبەر خۆیەوە گوتی: ((ئەگەر خودا کوڕێکی پێ دابام ئێستا ئەم قاپە چێشتەی لەسەر سەری دادەناو بۆ باوکی دەبرد.))

کە ئەو وای گوت لەپڕ دنکە نۆکێك لەناو چێشتەکە دەرپەڕییە دەرەوەو گوتی: ((دایە گیان، ئەدی من چیم؟))

ژنە زۆر شادو کەیفخۆش بوو. قاپە چێشتەکەی لەسەر سەری دنکە نۆك دانا بۆ ئەوەی بۆ باوکی ببا. کە دنکە نـۆك گەیشتە دوکان، کابرا چاوی پێکەوت و گوتی: ((تۆ کێی؟))

دنکە نۆك گوتی: ((من دنکە نۆکی کوڕی تۆم.))

کابرا چێشتەکەی لێ وەرگرت و گوتی: ((ئەگـەر ڕاست دەکەی تۆ کوڕی منی، بڕۆ ئەو لەگەنە مسە لەپاشا وەرگرەوە کە بەخورتی لێی سەندووم.))

دنکە نۆك گوتی: ((وەی بە چاوان، بابە گیان!))

دنکە نۆك ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە ڕووبارێك. دیتی ژنێك دانیشتووە، خەریکی جل و بەرگ شووشتنە. دنکە نۆك کڵاوی خۆی دایە ژنەکەو گوتی: ((ها، ئەم کلاوەم بۆ بشۆ.))

ژنە گوتی: ((ئەسپوونم نییە و نایشۆم.))

دنکـە نـۆك گوتـی: ((مـادام تـۆ وا دەڵێـی منیـش ئـاوی ڕووبارەکـە هـەمووی

هەڵدەلووشم.))

ئەمەی گوت و دەمی بە ئاوی ڕووبارەوە ناو، ڕووباری وشك کردو ملی ڕێی گرت ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە بەورێکی کەڵب تیژ.

بەور پێی گوت: ((دنکە نۆك، ئۆغرت خێربێ، ئەوە دەچیتە کوێ؟))

دنکە نۆك گوتی: ((دەچم لەگەنی مسی باوکم لە پاشا دەسێنمەوە.))

بەور گوتی: ((منیش لەگەڵ خۆت ببە.))

دنکە نۆك گوتی: ((نەخێر. ڕێگاکە دووردرێژەو تۆ ماندوو دەبی.))

بەور گوتی: ((نەخێر، دنکە نۆك، بەڵێنت دەدەمێ کە ماندوو نەبم، لەگەڵت دێم.))

هەردووکیان کەوتنە ڕێ. هێشتا چی وا نەڕۆیشتبوون، بەورماندوو بوو. دنکە نۆك ناچار بەوری قووت داو لە ورگی خۆیدا جێی کردەوە.

دنکە نۆك هەر ڕۆیشت ڕۆیشت. کەم ڕۆیشت، زۆر ڕۆیشت. لەپڕ گورگێکی لێ پەیدا بوو. گورگ گوتی: ((دنکە نۆك، بۆ کوێ وا بەپەلەو تەنگاوی!))

دنکە نۆك گوتی: ((دەچم لەگەنە مسی باوکم لەپاشا دەسێنمەوە.))

گورگ گوتی: ((منیش لەگەڵ خۆت ببە.))

دنکە نۆك ڕازی بوو، بەڵام گورگیش لە ڕێگا ماندووبوو ودنکە نۆك گورگیشی لە ورگی خۆی ناو هەڵی گرت.

دنکە نۆك دیسان هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە ڕێوییەك.

ڕێوی لە گەڵیا کەوتە ڕێ و ماندوو بوو. ئاخیری ئەویش جێگای خۆی لەناو ورگی دنکە نۆك گرت.

دنکە نۆك ڕۆیشت. کەم ڕۆیشت زۆرڕۆیشت تا گەیشتە کۆشکی پاشا. دنکە نۆك چووە لای پاشاو گوتی: ((هاتووم لەگەنی باوکم ببەمەوە کە تۆ بەزۆر لێت سەندووە))

پاشا بەسەر سامی زەق زەق تەماشای دنکە نۆکی کردو لە ڕکان هاواری کرد: ((بیگرن ئەم سەگبابە بێ ئەدەبە.... وای لێ هات دنکە نۆکێکی نیوە کوڵیو لە

وڵاتی من ناماقووڵی وابکا. یاڵلا پاسەوانینە، بیبەن فڕێی دەنە ناو کۆڵیتی کەڵەشێرانی شەڕ.))

پاسەوانان بە ڕاکێش ڕاکێش دنکە نۆکیان بردو فڕێیان دایە ناو کۆڵیتی کەڵەشێرانی شەڕ. دنکە نۆک بە ڕێوی گوت: ((جەنابی ڕێوی، وەرە دەرەوە کەڵەشێرەکان بخنکێنە.))

ڕێوی هاتە دەرەوەو هەموو کەڵەشێرەکانی خنکاند و چووەوە ناو ورگی دنکە نۆک.

کە سبەینە داهات پاسەوانەکان هاتن هەر واقیان وڕما کە دیتیان کەڵەشێرە دەنووک تیژەکانی شەڕی پاشا هەموو خنکاون و مردار بوون. خەبەر گەیشتە پاشا. پاشا لە ڕکان لایەکی سمێڵی خۆی جوی و فەرمانی دا دنکە نۆک ببەن فڕێی دەنە ناو تەویلەی ئەسپە شێتەکان.

کەشەو داهات دنکە نۆک بە گورگی گوت: (( وەرە دەرەوە نۆرەی تۆیە.))

گورگ هاتە دەرەوەو ئەسپەکانی هەموو شەت و پەت کرد و دووبارە گەڕایەوە جێی جاران.

سبەینێ پاسەوانەکان چوونە سەر کەلەشی ئەسپەکان. پاشا شێتگیر بوو فەرمانی دا دنکە نۆک فڕێ دەنە ناو قەفەسی شێرە دڕندەکان.

دنکە نۆکیان فڕێ دایە ناو قەفەسی شێرەکان. دنکە نۆک فەرمانی بە بەورکرد: ((وەرە دەرەوەو، شێرەکان تیکە بە تیکە بکە.))

بەوریش هاتە دەرەوەو ئیشی خۆی تەواوکردو گەڕایەوە جێی جاران.

کە پاسەوان هاتن دیتیان شێرەکان مردوون، بەڵام دنکە نۆک هەروەکو خۆی خڕوپڕو قەڵەوو ساغ و سەلیم دانیشتووە. خەبەر گەیشتە پاشا. ئەم جارە پاشا لە ڕکان شین و مۆر هەڵگەڕا، فەرمانی دا دنکە نۆک ببەنە ژووری قانگدان.

لە ژووری قانگدان پاسەوانەکان ئاگریان لە (کا) بەرداو دووکەڵێکی ڕەش ژووری داگرت بەڵام دنکە نۆک یەکسەر چی ئاوی ڕووباری لە ورگدا بوو هەمووی هەڵڕشت و ئاگرەکەی کوژاندەوەو لە خنکان ڕزگاری بوو.

Scanned with CamScanner

پاشا کە ئەم خەبەرەی بیست هەراسان بوو. چ بکەم؟ چ نەکەم؟ ئیتر جێ نەما دنکە نۆکی تێ باوێم. ئەمە چ بەلایەك بوو کەوتە دەرباری ئێمە؟ ئاخیری زانیان دەرەقەتی دنکە نۆك نایەن. پاشا گوتی: ((بیبەنە ناو خەزێنە. بالەناو ئەو هەموو زێرو گەوهەرە لەگەنی مسی باوکی بدۆزێتەوە.

کە دنکە نۆك گەیشتە ناو خەزێنەی پاشا، هەموو زێڕو گەوهەرو دەفری زێڕو زیوو ومسی قووت داو هاتە دەرەوە. لەگەنی مسی باوکی بەدەستەوە گرتبوو، گوتی: ((لەگەنی مسی باوکم دۆزییەوە.))

دنکە نۆك هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتەوە ماڵی خۆیان. بە دایکی گوت: ((دایە، هەقی باوکمم سەند. ئێستا چێشتێکی باش لێ نێ و بمدێ بیخۆم. خەبەر بدە باوکیشم بێتەوە، ئەوسا مستێك لە ملم بدە بۆ ئەوەی زێر و گەوهەرت بۆ یەق بکەمەوە.))

ژنە بەقسەی دنکە نۆکی کردو لەبەردەم باوکی دنکە نۆکدا مستێکی لە ملی داو، تا دڵت دەخوازێ و خوا بەزیادی کا، زێڕو لیرەو گەوهەرو دەفری لە زاری هاتە دەرەوە. ئەوەی پاشا بەزۆر لە خەڵکی سەندبوو، دنکە نۆك هەمووی بەسەر خەڵکدا بەش کرد. ئینجا چوو لەگەڵ پوورە نۆکێك زەماوەندی کردو تا مردن بە شادی و بەختەوەری لەگەڵ دایك و باوکی ژیا.

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز
مەرگت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز

ئەم ئەفسانەیە مامەی خوالێخۆشبووم، ئەسەدوللا دەروێشیان کرماشانی (ئاشپەز) بۆی گوتم، کاتێ کە ساڵی ١٣٢٩ شاگردی بووم کەبابخانەکەی لە سەرچاوەی ئابشوورانی کرماشان بوو.

# ٦٥- کەڵەشێرو مێرووله

ڕۆژێ کەڵەشێرێك و مێروولەیەك بوون بە هاوڕێ. سبەینێ زوو مێروو لەخەو ڕابوو. پشتێنی توند بەست و چووە دەرەوە. لە ڕێگا پارچە پەنیرێکی دۆزییەوە. پەنیرەکەی هێناو لەسەر تەقچکەی دانا. کەڵەشێر چوو دەنووکێکی لە پەنیرەکەدا.

مێرووله پێی زانی. بەشەڕ هاتن و وەرگەڕانە سەرو گوێلاکی یەکتر.

سبەینێ زوو لەخەو هەستان و چوونە لای دادوەر.

مێرووله گوتی: ((جەنابی دادوەر، من سبەینێ زوو لەخەو هەستام.))

دادوەر گوتی: ((ئەمە لە زرنگی خۆتە.))

مێرووله گوتی: ((پشتێنی خۆم توند بەست.))

دادوەر گوتی: ((ئەمە لە چاپووکی خۆتە.))

مێرووله گوتی: ((پارچە پەنیرێکم دۆزییەوە.))

دادوەر گوتی: ((بژێوی تۆ بووە، خودا پێی داوی.))

مێرووله گوتی: ((لەسەر تەقچکەی ژوورەوەم دانا.))

دادوەر گوتی: ((ئەمە لە قایمکاری خۆتە.))

مێرووله گوتی: ((ئەم کەڵەشێرە چووە دەنووکێکی لێ داوە.))

دادوەر گوتی: ((ویستوویەتی تامی بکا.))

مێرووله گوتی: ((منیش چەپۆکێکم لەسەری دا.))

دادوەر گوتی: ((ئەوە تەمبێت کردووە.))

لە دادگا گەڕانەوە. کە گەیشتنەوە ماڵێ، کەڵەشێر گوتی: ((ئەی مێرووله، ئەمە ئیش بوو تۆ کردت؟))

مێرووله گوتی: ((... بڕۆ ئیتر لێ ناگەڕێم لای من بیت.))

Scanned with CamScanner

مێرووله لەوسا بەدواوە ماڵی خۆی جیاکردەوەو له دڵی خۆیدا گوتی: (ئاوا باشترە. ئەگەر پارچە پەنیرێك پەیدا بکەم، لەسەر تەقچکەی دادەنێم و کەڵەشێریش نایخوا.)

هەقایەتخوان: محەمەد عەلی ئەمجەدیان
چارملانی کولیایی،هاوینی ١٣٥٣

Scanned with CamScanner

# ٦٦- چۆلەکەی زەردە

چۆلەکەیەکی زەردم هەبوو
زۆرم خۆش دەویست
چووم بە سەوزەم دا
سەوزەم دا بەنێری
نێری پشقلی دامێ
پشقلم دا بەتەندوور
تەندوور نانی دامێ
نانم دا بە خەرمان
خەرمان گەنمی دامێ
گەنمم دا بە مامر
مامر هێلکەی دامێ
هێلکەم دا بە مەلا
مەلا قورئانی دامێ
قورئانم دا بە خوا
خودا دووبرای دامێ

هەقایەتخوان: کیومرث ئەلیاسی، ١٤ ساڵە
گوندی: عەلی ئاباد کولیایی، ١٣٥١

Scanned with CamScanner

# ٦٧- حەلیم حولێرە

ئەوەبوو کابرایەك لە گوندێك دەژیا. ڕۆژێ هەستا بە ژنەکەی گوت: دەچم نەختێ لەو دەشتە دەگەڕێم.

ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە ئاوەدانییەك. زۆر برسی بوو. چووە مالێك. مالەکە چێشتی حەلیم حولێرەیان لێ نابوو.

کەشەو داهات و چێشتیان بۆ هێنا. کابرا چێشتەکەی ئەوەندە بەلاوە خۆش بوو هەر مەپرسە! تا ئەو کاتە ئەم جۆرە چێشتەی نەخواردبوو. لە دلی خۆیدا گوتی: ((دەبێ بچمەوە مالێ بە ژنەکەم بلێم چێشتێکی ئاوهام بۆ لێ بنێ.))

سبەینێ زوو بەڕێ کەوت. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت تا گەیشتەوە ئاوایی خۆیان. چووەوە مالێ و بە ژنەکەی گوت: ((حورمێ، لەو ماوەی دەرچوو بووم چێشتێکی وام خوارد هەرگیز لە عومری خۆما شتی وام نەدیوەو نەبیستووە.))

ژنە گوتی: ((ئاخر پیاویژگە، ئەو چێشتە ناوی چ بوو؟ تا ئێستا ئێمە لێمان نەناوە؟))

کابرا گوتی: ((نە.))

ژنە گوتی: ((دەبوایە بپرسی ئەو خواردنە ناوی چییە. ئێستا دەبێ بچی ناوی چێشتەکە بپرسی بۆ ئەوەی بۆت لێ بنێم.))

کابرا هەستاو دووبارە ملی ڕێگای گرتە بەر. سێ چوار ڕۆژ بەڕێوە بوو تا چوو ناوی چێشتەکەی پرسی. لە گەڕانەوەدا گەیشتە ڕووبارێك. ڕووبارەکە ئاشگێڕێکی لێ هەلبەسرابوو. کەلە ڕووبارەکە پەڕییەوە، لە پڕ ناوی چێشتەکەی لە بیر چووەوە. چ بکەم؟ چ نەکەم؟

ئەم لای پشکنی و ئەولاگەڕا. داردەستێکی دۆزییەوەو دەستی بە تیك وەردانی

ناوی ڕووبارەکە کرد بۆ ئەوەی ناوی چێشتەکە لەناو ڕووبارەکە بدۆزێتەوە.

ئاشەوان، کەلەولاوە خەریکی گەنم لێ کردن بوو، دیتی ئەو ئاوەی لە ئاشگێڕەوە دێ لێل و پڕ بەرد و زیخە. هاتە سەرەوە، چاوی بە کابرا کەوت ئاو تێك وەردەدا.

ئاشەوان بە گلە وگازاندەوە گوتی: ((ئاخر هەی ماڵ خراپ ئەمە چ ئیشە تۆ دەیکەی؟ بۆ چی ئەم ئاوە تێك دەدەی؟))

کابرا گوتی: ((وس، بێ دەنگ بە! شتێکم بزرکردووە. بەخوا، برا بە هەزار درهەم نایداتە برای.))

ئاشەوان گوتی: ((ئاخر هەی ماڵ وێران ڕووبارەکەت هەموو کردە حەلیم حولێرە ئەوەندەی تێکی وەربدەی.))

کابرا یەکسەر لە خۆشیان هاواری کرد: ((دەك قوربانی زارت بم! دۆزیمەوە: حەلیم حولێرە، حەلیم حولێرە، حەلیم حولێرە.))

بەهەلەداوان ڕایکردەوە ئاواییەکەی خۆیان.

ئاشەوان لە دواوە سەیری کردو سەری بادا و لەبەر خۆیەوە گوتی: ((بەسەزمان، لێی گۆڕاوە!))

هەقایەتخوان: محەمەد عەلی ئەمجەدیان
چارملان - کولیایی

# ٦٨- میوانی نەخوندی

کابرایەك هەبوو، ڕۆژێ چووە سیردۆلە[1] و دەستی بەدەرگای ماڵێکەوە ناو چووە ژوورەوە و گوتی: ((خانەخوێ، میوان قبووڵ ناکەن؟))

ژن و مێردێك دانیشتبوون، گوتیان: ((میوان بەخێر بێ!))

کابرا چوو دانیشت. پێنج شەش ڕۆژ لەوێ مایەوە.

ژن و مێردەکە هەرچەندە بیریان کردەوە چۆن ئەم میوانە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە هیچیان پێ نەکرا، تا ڕۆژێکیان ژنەکە هەستا چووە دەرەوەو هاتەوە و گوتی: ((خاڵۆ فلاّن کەس!))

میوان گوتی: ((بەڵێ!))

ژنەکە گوتی: ((نەتزانیوە دەڵێن بوومەلەرزە لە گوندەکەی ئێوەی داوەو هەمووی وێران کردووە؟))

میوان گوتی: ((باشە، بوومەلەرزە لێی دا ئەوە لێی دا، تازە من بچم چ بکەم؟ گوتم بچمەوە بەلاّم ئێستا، کەبوومەلەرزە گوندی وێران کردووە، بچمەوە کوێ؟ کەسم نەماوە.))

ژنە بە مێردەکەی گوت: ((سوێندم وەعەلی من قسەیەکی خراپم کرد.))

یەك دوو ڕۆژی پێ چوو. ژنە دووبارە چووە دەرەوەو هاتەوەو گوتی: ((خاڵۆ فلاّن کەس!))

میوان گوتی: ((بەڵێ!))

ژنەکە گوتی: ((مزگێنیم بدێ. دەڵێن درۆیە، گوندەکەتان ساغ و سەلیمە.))

میوان گوتی: ((مزگێنییەکی خۆشە. تازە دڵم داکەوت. ئەمساڵ زستانەکە لێرە بەیەکەوە بەسەر دەبەین.))

---

[1] ناوی گوندێکە.

Scanned with CamScanner

ژن و مێردەکە ئەوەندەی بیریان کردەوە دیسان بە هیچ نەگەیشتن. ئاخری کابرا گوتی: ((حورمێ، ولاغەکە بارکە، با لە شار بڕۆین. کەل و پەل و کەرەستە ببەین و بڕۆین و لە دەست ئەم کابرایە بحەسێینەوە.))

ژن و مێرد بوزگوڕو وردە واڵەیان بارکردو ڕۆیشتن.

میوانەکە لەوێ مایەوە. ژن و مێردەکە تا چەند ڕۆژێك نەهاتنەوە. دوای ماوەیەك لە دوورەوە دەنگ و سەدایان دەرکەوت. میوان یەکسەر چوو خۆی لە پەنا کەندوو شاردەوە.

کە ژن و مێرد هاتنەوە ئەوەندەی سەیری ئەم لاو ئەو لایان کرد، میوان هیچ دەوسی دیارنەبوو. کابرا گوتی: ((توخوا حورمێ، کابرا ڕۆیشتووە، وەرە خواردنێکی باش دروست بکە، بەڵکو ئەمڕۆ تامێك لە خواردن بکەین.))

ژنە دەستی بە پلاو لێنان کرد. پلاوی لێناو لە تەنیشت کەندووی دانا.

ژنەکە گوتی: ((توخوا، پیاویژگە، وەرە نەختێ هەڵپەڕکێ بکەین.))

کابرا گوتی: ((باشە، یەکەمجار تۆ هەڵپەڕکێ بکە.))

ژنە ماوەیەك هەڵپەڕکێی کرد، ئینجا ڕووی کردە مێردی و پرسی: ((پیاویژگە، من وەکو کێ هەڵپەڕکێ دەکەم؟))

کابرا گوتی : ((وەکو فڕوخ لیقا هەڵپەڕکێ دەکەی.))

ژنە دانیشت و کابرا هەستا. ئەویش نەختێ هەڵپەڕکێی کرد و گوتی: ((حورمێ، توخوا من وەکو کێ هەڵپەڕکێ دەکەم؟))

ژنە گوتی: ((وەکو ئەمیر ئەرسەلان هەڵپەڕکێ دەکەی.))

کابرای میوان دەرفەتی بە هەل زانی و مەنجەڵی پلاوی ڕاکێشایە پێش خۆی و مەنجەڵە پلاوەکەی پاکەو پاك خوارد و مەنجەڵەکەی دەسەر سەری خۆی داهێناو بەم حاڵەوە هاتە دەرەوەو گوتی: ((ئەدی من وەکو کێم؟))

ژن و مێردەکە چاویان پێکەوت و گوتیان: ((تۆش مەنجەڵ بەسەری شوومی ماڵەکەمانی.))

هەقایەتخوان: محەمەد عەلی ئەمجەدیان کولیایی

## ٦٩- بازرگان و کرێکار

برام سەلامەتداربێ،
سەرت بگاتە کەشکەشانی فەلەک،
لە کوێ بڵێین، لەکوێ ببیسین،
بەردی مەڕمەڕ، درەختی عەرعەر،
سەری لە هەیوان دەرچووە،
ئەهەنگی جم جم،
ناڵەی قومری،
چەهچەهەی بولبول،
گوێی گەردونی کەڕ کردووە.
باغێ بوو، بیستانێ بوو،
گوڵێ بوو، گوڵستانێ بوو.

بازرگانێك هەبوو، کوڕێکی هەبوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان بازرگان بە کوڕەکەی گوت: ((کوڕم، بڕۆ بازاڕ هەندێ کەل و پەل بۆ ماڵەوە بکڕە.))

کوڕە ڕووی کردە بازاڕ. لە ڕێگادا تووشی دووکەس هات بە داران وەرگەڕابوونە مردوویەك، لێیان دەدا. کوڕە چوە پێش و بە دووکەسەکەی گوت: ((ئاخر، ماڵتان ئاوەدان بێ، بۆچی لەم مردووە دەدەن. خۆ مردوو ڕۆحی لەبەردانییە، ئاخر گوناهی چییە؟!))

دوو کەسەکە گوتیان: ((جەناب، تۆ نازانی ئێمە چیمان لێ قەوماوە. ئەم مردووە لە سەردەمی زیندوێتیدا سەد درهەمی ئێمەی خواردووەو ئێمە سەد درهەممان لەسەریەتی. ئێستا کە مردووە ناچارین لێی دەدەین.))

کوڕە بەم ڕووداوە نارەحەت بوو. نەختێ بیری کردەوەو ئاخیری دەستی بردە گیرفانی و سەد درهەمەکەی ئەو دووکابرایەی دا. ئەو دوو کابرایەش دەستیان لە

Scanned with CamScanner

مردووەکە هەڵگرت و ڕێی خۆیان گرت و ڕۆیشتن.

مردووەکە هەرلەوێ لەگەڵ خوای خۆی پەیمانی بەست گوتی: (( خودایە، زیندووم کەوە بۆ ئەوەی چاکەی ئەم کابرایە بدەمەوە کە منی لە لێدان ڕزگار کرد.))

کابرا هەر هێندە پەیمانی لەگەڵ خوای خۆی بەست ، یەکسەر پێ کرژی و زیندوو بووەوە. ملی ڕێی گرت و چووە ماڵی بازرگانەکەو لە دەرگای دا. بازرگان لە ماڵەوە هاتە دەرێ و گوتی: ((کابرا، چت دەوێ؟))

کابرای کۆنە مردوو گوتی: ((دەمەوێ کرێکاری بۆ ئێوە بکەم.))

بازرگان کابرای بردەوە ماڵێ و فەرمانی پێ کرد ئاوو ئالیك بداتە ئەسپ و ئێستران و خزمەتیان بکا.

ئەو کابرایە کە ببوو بە کرێکاری بازرگانەکە، ماوەیەکی زۆر بوو کرێکاری لەو ماڵە دەکرد تا ڕۆژێکیان بازرگانەکە بڕیاری دا باروبنە بپێچێ و کوڕەکەی بۆ کەسب و بازرگانی بنێرێتە شاران.

کوڕە بازرگان لەگەڵ هاورێکانی بەڕێ کەوت. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا شەو داهات. هەندێ لە برادەرەکانی کوڕە بازرگانەکە گوتیان: با بارمان لێرە بخەین و هەندێکی تر گوتیان: نەخێر، ئێرە مەترسی تێدایە واچاکە بڕۆین. کرێکارەکەشیان لەگەڵ دا بوو. گوتی: ((دەبێ لێرە بڕۆین، چونکە ئێرە جێگای جانەوەری دڕندەی ترسناکەو شەو دەماندڕن.))

ئەوان هەستان و ڕۆیشتن و ئەوانەی دەیانەویست بمێننەوە هەرلەوێ نووستن. دوای چەند ڕۆژێ خەبەر بە کوڕی پاشا گەیشت و برادەرەکانیشی زانیان کە ئەوانەی مابوونەوە چارەنووسیان بە چی گەیشت. جانەوەری کێوی هەموویان پەل پەل کردبوو و خواردبوویان، بەڵام کوڕە بازرگان و هاوڕێکانی بە سەلامەتی گەیشتنە شارێك. لەسەر دەروازەی شار نووسرابوو: هەرکەسێ بێتە ئەم شارە دەبێ بچێ سێ جار کچی پاشا بەقسە بێنێ کە ماوەیەکی زۆرە قسەناکا، ئەگەر پێی بە قسە نەیێ لەسەری دەدرێ. بەڵام ئەگەر توانی کچی پاشا بەقسە بێنێ ،

پاشا کچی خۆی لێ مارە دەکا.

کورە بازرگانەکە گوتی: ((من ناتوانم ئەم ئیشە بکەم و سەرم تێ دەچێ.))

کرێکارەکە گوتی: ((تۆ هەقت نەبێ. من بەقسەی دێنم. تۆ بڕۆ بەڵێن بدە. ئەوسا من خۆم دەزانم چ دەکەم.))

شەوی یەکەم کرێکارەکە چووە ژووری کچی پاشا، بەڵام هەرچەندە هەوڵی دا نەیتوانی بەقسەی بێنێ.

شەوی دووەم کرێکارەکە دڵی خۆی لەناو سنگی دەرهێناو لەناو پێخەفی داناو لەگەڵ دڵی خۆی کەوتە گفتوگۆ. کرێکارەکە بە دڵی خۆی گوت: ((ئەی دڵ، وەرە باسێکمان بۆ بکە، مەقایەتێکمان بۆ بگێڕەوە. مادام ئەم کچەی پاشا هیچ ناڵێ، تۆ قسەیەك بکە.))

دڵەکەی گوتی: ((عەرزی بە خزمەتی جەنابتان بکەم. هەبوو نەبوو، بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو. پاشایەك هەبوو، سێ وەزیری هەبوو. ئەم سێ وەزیرانە سێ ژنیان هەبوو. ڕۆژێ ژنەکان لەناو خۆیانەوە بڕیاریان دا یەکەو فێڵ لە مێردەکانیان بکەن. فێڵ و تەڵەکەی هەر کامەیان لە هەموویان گرنگترو گەورەتر بوو، دەستوانەیەکی ئەلماس بباتەوە.

ئەو سێ ژنە ڕێك کەوتن. یەکەمجار نۆرەی ژنی وەزیری گەورە بوو. ژنی وەزیری گەورە چوو دە دوازدە ماسی گرت و بردی لە دەشتێ لەبن زەوی نا. گەڕایەوەو بە مێردەکەی گوت: ((پیاویژگە، تۆ دەبێ ئەمڕۆ بچیتە جووت.چونکە بۆی هەیە ڕۆژێ بێ‌و پاشا لە دەربار دەرت بکا، جا دەبی کارو کاسبیەك بزانی و گوزەرانی پێ بکەی.))

مێردی گوتی: ((حورمێ، من وەزیرم، چۆن بچمە جووت؟))

ژنە گوتی: ((چارە نییە، دەبێ بچی.....))

ژنی وەزیری گەورە چوو دوو گاو مژانەو هەوجاڕی کڕی و وەزیری ناردە جووت و گوتی: ((بڕۆ، من نیوەڕۆ فراوینت بۆ دێنم.))

ژنە، وەزیری ناردو خۆیشی کە نیوەڕۆ داهات فراوینی بۆ برد. دانیشتن و

پێکەوە فراوینیان خوارد. پاش فراوین، وەزیر هەستاو دەستی بە جووت کرد.
وەزیر لە دوای ئامووروگاسن دەڕۆیشت، لەپڕ لەناو ئەو دێرە جووتەی گاسن هەڵی کەندبوو، چەند ماسییەك لەبن زەوی دەرکەوتن. وەزیری گەورە ماسییەکانی هەڵگرتەوەو گوتی: ((حورمیّ، خودا ئەم ماسییانەی ناردووە بیان بە بۆ ئێواریّ چێشتێك لیّ بنیّ بۆ ئەوەی برادەرەکانیشم بانگێشت بکەم.))
شەو کە وەزیر لەسەر ئیش هاتەوە برادەرەکانی بۆ شێو خواردن داوەت کرد. وەختی شێو ژنە چەند نانێکی وشکی لەسەر سفرە دانا.
وەزیر گوتی: ((حورمیّ، ئەدی ئەو ماسییانەی گرتم کوان؟ ئەدی نەمگوت بۆ ئێواریّ لێیان بنیّ؟))
ژنە گوتی: ((ئەی برادەرانی وەزیر، ئەم کابرایە شێت بووە. ئاخر قەت بووە ماسی لە دەشتی وشك و چۆل بگیریّ. واچاکە دەست و پێی ببەستن.))
وەزیر گوتی: ((چۆن شێت بوویم... من چ قسەی خراپم نەکردووە.))
ژنە گوتی: ((ماسی لە دەشت چ دەکا؟))
دۆستەکانی وەزیر لە وەزیر وەرهاتن و دەست و پێیان بەست.
دڵەکە، (کەگەیشتە ئێرە) گوتی: ((کابرا، ئێستا پێم بڵیّ هەقی وەزیری گەورەیە؟ یان هەقی ژنەکەیەتی؟))
کابرای کرێکار گوتی: ((هەقی وەزیرە!))
لەوکاتەدا کچی پاشا بە قسەهات و گوتی: ((دەك لالّ بی! بڵیّ هەقی ژنی وەزیری گەورەیە کە ئەم فێڵەی کردووە.))
بەم جۆرە کچی پاشا بە قسە هات و زمانی کرایەوە.
کابرای کرێکار ڕووی کردە میرزا، کەلەبەر دەرگای ژووری کچی پاشا دانیشتبوو و گوتی: میرزای دەربار، بنووسە کە جارێك بە قسەم هێنا.
شەوی دووەم کرێکارەکە دووبارە دڵی خۆی لەو گۆزە داناو دەستی کرد بەتەواوکردنی هەقایەتەکەی:
ئێستا نۆرە گەیشتە ژنی وەزیری ناوەنجی.

مەرەکەب گەڕایەوە، بەڵام دیسان ژنە پێش ئەم خۆی گەیاندەوە ماڵێ. ژنەکە، کە چاوی پێ کەوت گوتی: ((پیاوەکە، ئەوە بۆچی دیسان هاتیتەوە؟))

مێردی گوتی: ((حورمێ، مەرەکەبم لەبیر کردبوو.))

وەزیر مەرەکەبی هەڵگرت و ڕۆیشت تا وەزیر گەڕایەوە، ژنە پێشی ئەم چووەوە ماڵە دراوسێکەو دانیشت. وەزیر تەماشای کرد دیسان ژنەکەی لەوێیە. وەزیر باوەڕی کرد ئەم ژنە ژنی خۆی نییە. بە دراوسێکەی گوت: ((دەبێ ئەم ژنە بدەیتە من لەخۆمی مارە بکەم. بە کەلکی تۆ نایە.))

دراوسێ لەگەڵ وەزیر کەوتنە دەستەو یەخە.

(وەزیر) گەڕایەوە ماڵێ دیتی ژنەکەی لە ماڵەوە دانیشتووە. ژنە، کە وەزیری دی، لەگەڵی کردە شەڕو گوتی: ((تۆ بەڵێنت دا ئەگەر ژنێکی لەمن جوانترت دی نەیهێنی، ئەدی بۆچی لەسەر ئەو ژنە لەگەڵ دراوسێکەمان بەشەڕ هاتی؟ ئەو ژنە من بووم.))

دڵەکە (کە گەیشتە ئێرە) گوتی: ((کابرا، ئێستا بڵێ فێڵی ژنی سێیەم گەورەترە، یان فێڵی ژنی دووەم.))

کابرا گوتی: ((فێڵی ژنی دووەم.))

لەپڕ کچی پاشا گوتی: ((دەك لاڵ بی، پیاو ! بڵێ فێڵی ژنی سێیەم لە هەموویان گەورەترە.))

کابرا بە دەفتەرداری بەر دەرگای گوت: ((بنووسە کچی پاشا بۆ جاری سێیەم قسەی کرد.))

خەبەریان دایە پاشا: بەڵێ ئەم کابرایە سێ جار کچەکەی بە قسە هێنا.

پاشا ناچار کچی خۆی لە کوڕی بازرگان مارە کردو دایە. کوڕی بازرگان کچەی هێناو دوای ماوەیەك کوڕە بازرگان بە کرێکارەکەی گوت: ((ئێستا دەتەوێ چت بدەمێ؟ تۆ زۆر ئیشی چاك و خێرت لەگەڵ کردووم.))

کابرای کرێکار گوتی: ((من هیچم ناوێ. من ئەو مردووەم کەتۆ سەد درهەمت لەباتی دام و ڕزگارت کردم. ئەوسا پەیمانم لەگەڵ خودا بەست کە تۆڵەی چاکەی

تۆ بکەمەوە. خودا دەرفەتی دام بۆ ئەوەی لەو قەرزە خلاس ببم. ئێستاش ئەگەر ڕوخسەت هەبێ ولێم ڕازی بی دەچمەوە جێی خۆم.))

کوڕی بازرگان گوتی: ((خوا لێت ڕازی بێ، من زۆر لێت ڕازیم.))

کابرای کرێکار چووەوە جێی خۆی لەو دونیا.

هەقایەتخوان:عەلی داد ئەمجەدیان

گوندی: چارملان - کولیایی

# ٧٠- گورگ و بزن و ڕێوی

هەبوو نەبوو،

بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو.

بزنێك و گورگێك هەبوون. بوون بە برادەر. ڕۆژێ گورك بە بزنی گوت: ((ئەی بزن، تۆ دڵنیابە هیچ جانەوەرێك لەمن بە هێزتر و دڕندەتر نییە، بەڵام من تۆ بەخێو دەکەم تا پڕو قەڵەو بی و بە ئاسوودەیی بژی و ببی بە دۆستی من.))

بزن گوتی: ((منیش زۆر لە تۆ مەمنوونم کە ئەم هەموو زەحمەتە بۆ من دەکێشی.))

بزن لەسایەی بەخێوکردنی گورگەوە زۆر قەڵەو بوو.

ڕۆژێ گورگ گوتی: ((ئەی بزن، من دەچمە ئەم ئاواییە نزیکە بەڵکو شتێکم بۆ فراوین دەست کەوێ.))

گورگ ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت. دوای ئەوەی گورگ ڕۆیشت سەروسەکووتی ڕێوییەك لە دوور پەیدا بوو. ڕێوی نزیك کەوتەوەو کە چاوی بەم بزنە چەورو قەڵەوە کەوت گوتی: ((هۆ بزن، هۆ!))

بزن گوتی: ((بەڵێ!))

ڕێوی گوتی: ((بۆچی لەناو موڵکی باوکی من دەلەوەڕێی؟))

بزن گوتی: ((باوکم، بڕۆ دوای ئیشی خۆت. باوکت موڵکی نەبووە، هەر موڵکدارنەبووە. ئێوە موڵکتان لە کوێ بوو؟))

ڕێوی چاوی بڕیبووە ناو چاوی بزن و هەر چەندە تەماشای دەکرد دەیدی بزن چاو لێك نانێ بۆ ئەوەی هەلێك وەربگرێ و بیخوا.

ڕێوی بەناچاری گوتی: ((کەواتە تۆ دەڵێی ئەم موڵکە موڵکی باوکی من نییە؟))

بزن گوتی: ((بەڵێ وا دەڵێم و دووبارە وا دەڵێمەوە.))

Scanned with CamScanner

ڕێوی گوتی: ((ئەدی ئەگەر شایەتم هێنا؟))

بزن گوتی: ((تۆ بڕۆ شایەتی لە مێژینە و بەویژدان بێنە. هەرچی ئەوان گوتیان من قبووڵمە، بەچاوان. هەرچی ئەوان گوتیان ڕاستە. ئەگەر گوتیان ئەم مولکە هی باوکی تۆیەو من لەناو ئەم موڵکە قەڵەو بوویم ئەوسا تۆ هەقت هەیە تیکە بە تیکەم بکەی و بمخۆی.))

ڕێوی دووهێلی بە پەنجە لەسەر زەوی کێشاو گوتی: ((ها... ئەمە یەك و ئەمە دوو. تۆ هەقت نییە لەم هێڵە دەربچی تا دەچم شایەت دێنم.))

بزن گوتی: ((باشە، بەچاوان.))

کە ڕێوی چوو شایەت بێنێ، گورگ هاتەوە ماڵێ و بزن حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە و گوتی: ((کە تۆ لێرە نەبووی ڕێوییەك هاتە ئێرە، دەیگوت ئەمە موڵکی باوکی منە تۆ لێ لەوەڕاوی و قەڵەوبووی. ئێستاش چووە شایەت بێنێ.))

گورگ گوتی: ((نارەحەت مەبە، هەرچی من دەڵێم تۆ وا بکە. بڕۆ هەندێ دارو چیلکە کۆبکەوە و بێنە.))

بزن چوو هەندێ داری کۆکردەوە. گورگ قۆرتێکی لێداو چووە ناوی و بە بزنی گوت دارو چیلکەکانی بەسەردا بدا. ئینجا پێی گوت: یەك سەپك لەناو قوماشێکی سەوز بپێچەو لەسەر دارەکانی دابنێ و بە ڕێوی بڵێ بە خۆ و بەشایەتەوە سوێند بەم قورئانە بخۆن. سوێندەکەش دەبێ بەم جۆرە بێ: ((قورئان، بە حەقت، بەساحێبت! ئەمە موڵکی باوکی ئەم ڕێوییەیە.))

لەو کاتەدا ڕێوی بەخۆو بە شایەتەکەی لە دوور دەرکەوت، کە ڕێوییەکی پیرولاوازو کلك ڕووت بوو. هاتن لەولاوە دانیشتن.

بزن گوتی: ((ڕێوی شایەتت هێنا؟))

ڕێوی گوتی: ((بەڵێ، هێنام.))

ئەمەی گوت و ڕێوی کلك ڕووتی نیشان دا.

بزن ڕووی کردە ڕێوییە پیرەکەو گوتی: ((ئەی ڕێوی، خۆت دەزانی ئەم مولکە هی منە.))

پیرە ڕێوی گوتی: ((نە . ئێوە پێشتر موڵکدارنەبوونە. ئەم موڵکە هی باوکی ئەم ڕێوییەیە.))

بزن گوتی: ((کەواتە وەرەپێش سوێند بەم قورئانە بخۆ.))

ڕێوی کلك ڕووت کە پیرو تێر ئەزموون بوو، هاتە پێش و لەسەپکەکە نزیك کەوتەوە، دەستی بڵند کرد بە سەپکەکەی دابداو سوێند بخوا لەپڕ لەبن دارەکانەوە چاوی گورگی دی دەترووسکایەوە. ڕێوی کلك ڕووت یەکسەر کشایەوەو گوتی: ((کاکە، باوکی من قەت سوێندی ناهەقی نەخواردووە.)) چوو لە دوورەوە لەسەر بەردێك وەرکەوت.

نۆرەی ڕێوی هات. بزن گوتی: ((وەرە سوێند بە قورئان بخۆ کە ئەم موڵکە هی باوکتە.))

ڕێوی نزیك کەوتەوەو دەستی بڵند کردو بە سەپکەکەی دادا . هەر هێندە دەستی بە سەپکەکە کەوت، گورگ دەرپەڕی و قوڕگی ڕێوی گرت و پارچە پارچەی کرد.

ڕێوی کلك ڕووتیش لەولاوە تێی تەقاندو هەڵات. بزن و گورگ لە بەڵایان سانەوە.

هەقایەتخوان:سەید عەلی ئەمجەدیان

چارملان - کولیایی

# ٧١- هاوبەشیی شێرو ڕێوی

شێرێك و ڕێوییەك بوون بە برادەر. هەریەکە چوار بێچووی هەبوو. ڕێوی نەیدەتوانی خۆراك و بژێو بۆ چوار بێچووەکەی خۆی پەیدا بکا. لەدڵی خۆیدا گوتی: ((وا چاکە ببم بە هاوبەشیی شێر بۆ ئەوەی بێچووەکانم شتێکیان بە دەم بکەوێ.))

ڕۆژێ ڕێوی بە شێری گوت: ((من و تۆ دۆستین، وەرە پەیمانی برایەتی بەستین و وەك پیاوان ببین بە براو پێکەوە بژین.))

شێر گوتی: ((خالۆ، ئێوە تایەفەی فێڵباز و تەڵەکە چین. ئێمە چۆن دەتوانین لەگەڵ ئێوە ببین بەبرا.))

ڕێوی گوتی: ((خالۆ، دڵنیابە من لەوان جودام. وەرە تۆ ببە برای دەرێ و منیش دەبمە برای ماڵێ. تۆ خۆراکمان بۆ پەیدا کەو من بێچووەکان بەخێو دەکەم بۆ ئەوەی لەم بەدبەختییە ڕزگار بین.))

شێر ناچار بوو بە قسەی ڕێوی کرد.

ڕێوی گوتی: ((بێچووەکانمان تێکەڵ دەکەین و هیچ جیاوازی ناخەینە بەینیانەوە. ئەوان هەشت بێچوون. ئەگەر ڕۆژێ لێك جودا بووینەوە هەریەکە چوار بێچوو دەبەین و دەڕۆین.))

شێر گوتی: ((خراپ نییە. چاکە!))

کە سبەینە داهات. شێر چووە ڕاو وڕێوی لەگەڵ بێچووەکان لە ماڵەوە مایەوە. شێر درەنگ هاتەوە. ڕێوی و بێچووەکانی برسی بوون. ڕێوی یەکێکی لە بێچووە شێرەکان ڕاکێشاو پارچە پارچەی کردو دەرخواردی بێچووەکانی خۆی دا. بێچووەشێرەکان مانەوە سێ و بێچووە ڕێوییەکان هەر چواری جاران.

Scanned with CamScanner

ڕێوی چووە لای ورچ و گوتی: ((ئەی ورچ، هیچ مەترسە. ئیش و کارت باش دەڕوا. کە شێر گوتی: تۆ بێچووی منت خواردووە؟ بڵێ: بەڵێ من خواردوومە. شێر یەکەمجار تاوانبارت دەکا بەڵام پاشان وەك برا باوەشت پێدا دەکا. دەیەوێ تاقیت بکاتەوە بزانێ ئایا زات و جەربەزەیی بوونە حاکمیت هەیە، یان نا؟))

ورچ نزیك کەوتەوەو شێر گوتی: ((ورچە!))

ورچ گوتی: ((بەڵێ، قوربان.))

شێر گوتی: ((تۆ بێچووەکانی منت خواردووە؟))

ورچ یەکەم جار زاتی نەکرد زاری لێك بکاتەوە بەڵام ڕێوی بە چاوی پڕ غەزەبەوە چووە لایەوەو گوتی: ((بڵێ بڵێ، زاتت هەبێ تا موڵکێکی گەورەت چنگ بکەوێ و ببی بە سەرکاری وڵاتێکی گەورە.))

ورچ جۆشی گرت و گوتی: ((بەڵێ بەڵێ، من خواردوومەو هیچ باکیشم نییە.))

شێر دوو چەپۆکی پێشەوەی بڵندکردو بە ڕق و قینەوە لەسەری ورچی داو پێستەی لەسەرداکەلاندو تا پاشەڵی برد.

ورچ بە بۆڵە بۆڵ هەڵات و پێستەی لە دواوە وەکو عەبا لەسەر زەوی دەخشاو تۆزو غوباری هەڵدەساند.

ڕێوی بە دوای ورچ دا ڕایدەکردو دەیگوت: ((هۆ،هۆ حاکمی شیران، عەبات هەڵتەکێنە... هۆ، هۆ حاکمی شیران، عەبات هەڵتەکێنە.))

ورچ چەند هەنگاوێك ڕۆیشت و لەبەر ئێش و ژانی لەشی بەربووەوە. ڕێوی چوو لە دواوە دەستی بە خواردنی ورچ کرد.

ورچ بە ڕێوی گوت: ((ئەی ڕێوی، تایەفەی ئێوە هەمیشە سنگخۆر بووین، ئێستا تۆ بۆچی لە پاشەڵەوە دەستت بە خواردن کردووە، وەرە لە پێشەوە سنگم بخۆ.))

ڕێوی زانی ورچ نیازی چییە، گوتی: ((نەخێر، ئێمە لە پاشەڵەوە دەست بە خواردن دەکەین و دێنین تا دەگەینە سنگ.))

هەقایەتخوان:سەید عەلی ئەمجەدیان
چارملان

Scanned with CamScanner

# ٧٢- دالان وشالان

لە ڕۆژگاری کۆن کابرایەکی دەوڵەمەند هەبوو ژنێك و کوڕێکی هەبوو. پاش ماوەیەك ژنەکە کچێکی بوو. لەوکاتەی کچەکە لە دایك بوو هەر شەوە یەکێ لە مەڕەکان لەناو هۆڕ پشتی دەشکاو دەمرد.

کابرا حەیران و سەرگەردان بوو. نەیدەزانی بۆچی مەڕەکان تووشی ئەم دەردەبوون. ئەم ڕووداوە درێژەی کێشا تا تەنیا یەك مەڕما.

کوڕی ئەو ماڵە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە داخۆ نهێنی ئەم نیشە لە کوێیە؟ هەستا شەو چوو، خۆی لەناو هۆڕ شاردەوە. نیوەشەو کە خەریك بوو خەوی لێ بکەوێ لە دەنگی گیزە گیزی زەنگە سوورەیەك هاتەوە سەرخۆی.

بەوردی تەماشای کرد دیتی زەنگە سوورەیەك لە درزی دەرگاوە هاتە ناو هۆڕ. کە زەنگە سوورەکە گەیشتە ژوورەوە یەکسەر گۆڕاو بوو بە دێوێك. پشتی دوا مەڕی شکاندو دووبارە بووەوە زەنگە سوورەو ڕۆیشت. کوڕە هێدی بە دوای زەنگە سوورەکەدا چوو. لە هۆڕ چووە دەرەوە. دیتی زەنگە سوورە شکلی خۆی گۆڕی و بوو بە خوشکی خۆی و چووەوە ماڵێ. کوڕە زانی خوشکی دێوە.

کوڕە چووە لای دایك و باوکی و چی دی بوو بۆی گێڕانەوە، بەڵام هەرچەندە سوێندی خوارد پێیان بڕوا نەکردو گوتیان: ((کوڕی شیرینم شتی وا قەت نابێ.))

کە کوڕە هیچ ئەنجامی دەست نەکەوت بڕیاری دا لەوێ ڕابکات، بەڵام پێش ئەوەی بڕوا، دوو سەگی هێنا بەناوی دالان و شالان و یەکەو جامە ئاوی لە پێش دانان و بە دایکی گوت: ((هەر کاتێ ئاوی ئەم جامانە لیخن بوو بزانە من لە تەنگانەدام و یەکسەر ئەم سەگانە بنێرە فریام.))

کوڕە سێ چوار ساڵ لە ماڵ دوورکەوتەوە. دوای ئەو ماوەیە گەڕایەوە؛ بەڵام

هیچ کەسی زیندوو دەوسی دیارنەبوو. دایك و باوکیشی لەوێ ڕۆیشتبوون. کوڕە بە کۆڵانەکاندا دەسووڕایەوە لەپڕ خوشکی هاتە پێشوازی و بردییەوەماڵەوە ئەسپی لێ وەرگرت و بۆقە شاویش بردییە تەویلە. لەکاتی قەشاویش کردندا لاقێکی ئەسپەکەی خواردو چووە لای برای و لێی پرسی: ((ئەی برا!))

برای گوتی: ((بەڵێ))

خوشکە گوتی:

صف گلی صفا گلی    سەف ڕۆیی سەفا ڕۆیی

اسب تو و سە قلا وگلی    ئەسپی تۆ بە سێ لاق دەڕوا

برای لە ترسان گوتی: ((بەڵێ ئەسپی من بە سێ لاق دەڕوا.))

خوشکە چووە دەرەوەو لاقێکی تری ئەسپەکەی خواردو گوتی: ((ئەی برا!))

برای گوتی: ((بەڵێ!))

خوشکە گوتی:

صف گلی صفا گلی

اسب تو ودو قلا وگلی

برا دیسان لە ترسان گوتی: ((بەڵێ ئەسپی من بە دوو پێ دەڕوا.))

سەرەنجام خوشکە هەر چوار لاقی ئەسپەکەی خواردو دوا جار هات و گوتی: ((ئەی برا!))

برای گوتی: ((بەڵێ!))

خوشکە گوتی:

صف گلی صفا گلی

اسب تو بێ قلا وگلی

کوڕە، کە ئەمەی بیست، لە ترسان هەڵات و ڕۆیشت چووە سەر درەختێکی بڵندو پان و پۆڕ و خۆی شاردەوە. خوشکە کەوتە دوای برای بۆ ئەوەی بیخوا. کە گەیشتە ژێر درەختەکە پێیەکی خۆی کردە مشارو پێیەکەی تری کردە تەورو دەستی بە بڕینەوەی درەختەکە کرد.

Scanned with CamScanner

کوڕە کە دیتی وەختە درەختەکە بکەوێ و کچە کە بیخوا، لەو بڵندابییە هاواری کردو داوای یارمەتی لە دایکی کرد. دایك لەناکاو دیتی جامە ئاوی پێش سەگەکان لیخن بووە. زانی کوڕەکەی کەوتۆتە تەنگانە. فەرمانی بە دالان و شالان کرد بچنە هانای کوڕەکە.

دالان و شالان بە ڕاکردن چوون و کوڕەکە لەسەر درەختەکەڕا هاواری کرد: ((هۆ دالان بیگرە، هۆ شالان بیگرە!)) .

دالان و شالان خوشکەی دێویان گرت و تیکە بە تیکەیان کردو خواردیان.

ئینجا کوڕەکە چوو دایك و باوکی دۆزییەوەو پێکەوە بە ئاسوودەیی ژیان.

هەقایەتخوان: سەید عەلی ئەمجەدیان

چارملان

# ٧٣-باڵندەی زێڕین

پیرەمێرێك و پیرە ژنێك هەبوون لەکاولاشێکدا دەژیان. ئەو ئاشە ئەوەندە کۆن و کەلاوە بوو کە بەفر و باران دەباری و ئاو لە بانی کون کونی شۆڕەی دەهات دەهاتە خوارێ، پیرەژن و پیرەمێرد ناچار دەبوون ئاو بە سەتڵ دەربدەن. بەکورتی باری ژیانیان زۆر نارەحەت و ناخۆش بوو.

پیرەمێرد ساڵەهای ساڵ بوو بە حەزرەت بوو باڵندەی زێڕینی دەست بکەوێ. هەر گاوێ داوی بۆ باڵندەیەك دادەنایەوە خۆزگەی دەخواست باڵندەیەکی وا بە داوەکەوە ببێ. تا ڕۆژێ لەگەڵ کەوا سپێدێ لە کاولاشەکە چووە دەرەوە. لە سووچێکا داوی دانایەوەو چاوەڕێی کرد. لە بەینی خەوو هوشیاریدا بوو کە جیکەی باڵندەیەکی کەوتە بەرگوێ. هەستایەوە دیتی باڵندەیەکی زێڕین بە داوەکەوە بووە. پیرەمێرد باڵندەکەی گرت و ویستی بیخاتە ناو توورەکەکەیەوە، لەپڕ بەکاری خوا قوفلی زاری باڵندەکە بووەوە و گوتی: ((ئەی پیرەمێرد، دەزانم ساڵەهایە بە حەزرەت گرتنی منی؛ بەلام من بێچووم هەن و دەبێ خواردنیان بۆ ببەم. بەرم دە. هەر ئارەزوویەکت هەیە بۆت جێ بە جێ دەکەم.))

پیرەمێرد گوتی: ((باشە، بەرەللات دەکەم بەلام چم دەدەیتێ؟))

باڵندەکە گوتی: ((شتێکت دەدەمێ هەر ئارەزوویەکت هەبێ بۆت دێنێتە دی.))

پیرەمێرد باڵندەکەی بەرەللا کردو گوتی: ((ئەی باڵندە، ئارەزووم ئەوەیە لەم ژیانە تاڵ و ناخۆشە ڕزگاریم ببێ و لەگەڵ ژنەکەمدا لە دەزگایەك یان باڵەخانەیەك بە ئاسوودەیی بژیم.))

باڵندەکە گوتی: ((باشە. ئەم ئارەزووەتان بەدی دێنم. وەرنە دوامەوە.))

باڵندەکە پێش کەوت و ئەوان بە دوایەوە. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە

Scanned with CamScanner

لێرەوارێك. لە قەراخی لێرەوارەکە دەروازەیەك هەبوو، باڵندەکە بەباڵ دەروازەکەی کردەوە. ئەوان چوونە ژوورەوە بۆ ناو هۆدەیەك. پیرەمێرد دیتی دەستە بەرگێکی چاکی ڕاوی بەلایەکی هۆدەکەدا هەڵواسراوە. هۆدەکە زۆر خۆش و ڕێك و پێك بوو. هۆدەکە بەلابیانەبوو. حەوشێکی گەورەو پڕ درەختی لە پێش بوو. ئەم خانووە هەر جۆرە پێویستییەکی دڵ بیەوێ تێیدا بوو.

باڵندەکە گوتی: ((ئەم باڵەخانەیە هی ئێوەیە. پەڕێکیشتان دەدەمێ هەر کاتێ ئیشتان بەمن بوو، بیسووتێنن دەرحاڵ حازر دەبم.))

قبووڵیان کردو گوتیان: ((زۆر بەخێرهاتی.))

باڵندەی زێڕین خاتری خواست و ڕۆیشت. ژن و مێردەکە زۆر شادو بەختەوەربوون کەلەم باڵەخانە جوانەدا دەژیان.

کە سبەینە دادەهات، مێردەکە لەخەو ڕادەبوو. بەرگی ڕاوی دەکردە بەر. تفەنگی دەکردە شان و بۆی دەردەچوو. مامزێك، شتێکی ڕاودەکرد و دەگەڕایەوە. دەیانکردە کەباب و دەیانخوارد و ژیانیان دەگوزەراند. ئیشیان بەسەرکەسەوە نەبوو، کەسیش ئیشی بەسەر ئەوانەوە نەبوو.

بەکورتی، چەند ساڵێك بەم جۆرە تێپەڕی، تا ڕۆژێ ژنی کەم ئاقڵی ئاشەوان((لە دڵی خۆیدا))گوتی: (ئاخر تاکەی ئێمە لەم چۆلەوانی و لێرەدا بەتاقی تەنێ بژین. هیچ ئاو دەنگێکمان نییە. قەل و پەپۆ و بەورو پڵنگ ئاودەنگمانن. بووین بە کێوی. لە ئادەمیزادیی شۆر وین، بووینە ئاژەل. ئاخر ئەمە چییە؟)

کابرا گوتی: ((حورمێ، داکت چا، بابت چا. لێ گەڕێ با ئاسوودەبین. لەبیرت چوو لەناو کاولاشەکە چۆن دەژیاین. سبەینێ تا ئێوارێ سەتڵ سەتڵ ئاوت دەردەدا.))

ژنەکە گوتی: ((نەخێر. بنیادەم شایەنی پێشکەوتنە. هەر ئێستا باڵندەی زێڕین ئامادەکە بۆ ئەوەی چارەیەکی حاڵمان بکا.))

بەکورتی، بەرام سەلامەتداربێ. ژنە زۆری لەبەر کابرا خوێند. کابرا ناچاربوو پەڕەکەی دەرهێناو سووتاندی. باڵندەی زێڕین حازربوو وگوتی: ((چ قەوماوە؟

هیچ ئەمرێکتان هەیە؟ فەرموون.))

کابرا گوتی: ((بەخوا، لەم ژنە بپرسە.))

ژنەکە گوتی: ((ئەی باڵندەی زێڕین، ئێمە لێرە زۆر ناڕەحەتین. هۆگرو هاودەنگمان بۆتە قەل و پەپوو. هیچ بنیادەممان لەلانییە. وەرزبووین.هیچ هۆگرمان نییە.))

باڵندەی زێڕین گوتی: ((باشە، ئێستا چ دەڵێن.))

ژنەکە گوتی: ((بمانبە شارێك بۆ ئەوەی نەختێ بژین. تێکەڵ خەلك بین. دونیا هیچ نییە. چوار ڕۆژی تر کە مردین شتێ لەو خەڵکە فێربین و بتوانن پرسیار و وەلامی ئەو دونیا حازر بکەین.))

باڵندەی زێڕین گوتی: ((خەم ناکا. قبووڵمە. ئێرە بەو دەقە جێ بێڵن و شوێنم کەون.))

باڵندەکە بردنیە شارو دام دەزگاو باڵەخانەیەکی چاکی پێ سپاردن. باڵەخانەکە قەرەواش و نۆکەرو کارەکەری تێدابوو. هەرچی بتەوێ تێیدا بوو. گالیسکەی تایبەتی و باغەوان و بەکورتی وەرەو تەماشاکە!!!!.... خوا بەرەکەتی تێدا باوێ هەرچی دڵیان بۆ دەچوو لەو خانوودا هەبوو.

پیرەژن بە پیرەمێردی گوت: ((دیتت. گوتم وەزعمان باشتر دەبێ!! تۆ هەر سەر پێچیت دەکرد. ئێستا بۆ خۆت کەیف بکە.))

باڵندەی زێڕین گوتی: ((چ ئیشی ترتان بە من نییە؟))

گوتیان: ((نەبەخوا. بەخێر بچی.))

باڵندەکە دیسان پەڕێکی خۆی دانێ بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستیدا بیسووتێنن بۆ ئەوەی بیانگاتێ. ئیدی ماڵاوایی کردو ڕۆیشت.

ئەم دووە خەریکی ژیانی خۆیان بوون ژیانێکی پڕ کەیف و بەزم و خۆشی. بەگالیسکەی تایبەتی دەچوونە گەڕان و سەراپای شار دەگەڕان. هەموو شتێکیان بۆ ئامادە بوو. تا ڕۆژێ دیسان پیرەژن دانیشت و بیری کردەوە کە بنیادەم شایەنی پێشکەوتنە. ئێمە ئەم باڵندە زێڕینەمان لەبەر دەستدایە هەرچی بمانەوێ

Scanned with CamScanner

بۆمان جێ بەجێ دەکا. کابرا، زوو ئەو باڵندە زێڕینە ئامادەکە.

پیرەمێرد گوتی: ((حورمێ، بۆ خاتری خوا وازم لێ بێنە. تۆ چۆن ئەو کاولاَشەت لە بیرکرد. تۆ چەند ناشوکری. ناپاکی دەرهەق ئەو نیعمەتە مەکە، نەوەك لێمان تێك دەچێ.))

پیرەژن گوتی: ((کوڕە، بڕۆ.. تۆ چەند بێ وڕەی. دونیا ئەهلی عیشقە. بنیادەم لەچوونە پێشدایە. ئێمەش شتێکیمان دەست کەوتووە دەبێ سوودی لێ وەربگرین و بەرز بینەوە. یەللا، تاخیر مەبە.))

پیرەمێرد بەناچاری پەڕەکەی سووتاند

باڵندەی زێڕین ئامادەبوو، گوتی: ((ها، دیسان چ بووە؟ ئیشتان هەیە؟))

پیرەمێرد گوتی: ((بەخوا، لەم پیرەژنە بپرسە.))

پیرەژن گوتی: ((ئەی باڵندەی زێڕین، ئێمە لەم ژیانە زۆر ناڕەحەت بووین.))

باڵندەی زێڕین گوتی: ((بۆچی ناڕەحەت بوون؟))

پیرەژن گوتی: ((ناڕەحەت بووین و تەواو!))

باڵندەی زێڕین گوتی: ((هەرچی دڵت دەخوازێ بڵێ تا پێکی بێنم.))

پیرەژن گوتی: ((دەمانەوێ بمانکەیتە سەرۆکی ئەم شار و هەموو کاروباری ئەم شارە بخەیتە بەردەستی ئێمە.))

باڵندەی زێڕین گوتی: ((زۆر باشە. ئەمە ئیشێکی ئاسانە. ناڕەحەت مەبن. وەرنە دوامەوە. ئەم دام و دەزگاو باڵەخانەیە جێ بێلن و وەرن.))

باڵندەکە پێشکەوت ئەم دووەش بە دوایەوە. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە دایەرەیەك. دایەرەی سەرۆکی شاربوو. هۆو پێویستی ڕابواردن هەرچی دڵت بوێ لێی بوو. وەزیری کارگێڕو خەزنەدار و میر غەزەب و قەرەواش و کارەکەرو نۆکەر.... هەمووی تێدابوو.

باڵندەکە گوتی: ((ئەمانە هەمووی بۆ ئێوە.. ئیشی ترتان بە من نییە؟))

ئەم دووە گوتیان: ((نە . بەخێر بچی.))

باڵندەکە مالاَوایی کردو ڕۆیشت بەلاَم دیسان پێش ڕۆیشتن پەڕێکی خۆی دانێ.

ئەمانە چەند ماوەیەك سەرۆكی شاربوون. دەستیان بە زوڵم و زۆرداری كرد لە ڕەشـەوەندی خـەڵك. خۆشـیان ڕادەبـواردو خواردنـی چاكیـان دەخـوارد و قەڵـەو ببوون. ڕۆژێ ژنە چووە حەمام. مەنجەڵێكی پڕ شیریان كوڵانـدو بەسـەر سـەری پیرەژنیان داكرد بۆ ئەوەی لەشی نەرم بێتەوەو پێستەی بریقەدار بێ. دوای حەمام پیرەژن چوو لەبەر هەیوانی كۆشكێ دانیشت و خۆی دایە بـەر هـەتاو تـا گـەرم بێتەوە. لەو كاتەدا پەلە هەورێك لە ئاسمان پەیدابوو و بەری ڕۆژی گرت. پیرەژن تووڕە بوو، گوتی: ((ئەم هەورە بۆچی بەری ڕۆژی گرتووە؟))

چووەناو كۆشك و بانگی پیرەمێردی كردو گوتـی: ((یاڵلا ڕدێن سپی، بانگی باڵندەی زێڕین كە.))

پیرەمێرد گوتی: ((دیسان چ قەوماوە؟ چت لە باڵندەی زێڕین دەوێ؟))

پیرەژن گوتی: ((لەبەر هەتاو دانیشتبووم پەلە هەورێك هات و كردییە سێبەر. زۆر ناڕەحـەتم. بـانگی باڵندەكـە بكـە بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی زەوی و ئاسمـانی لێ وەربگریـن. تـا هـەموو شتێك لەبەر دەستی خۆماندا بێ. بۆ ئەوەی لەمەودوا كـە خۆم شووشت و لەبەر هەتاو دانیشتم، ئەگەر هەوری هێنا تێـی ڕابخـوڕم، دوور بكەوێتەوەو بەری ڕۆژ نەگرێ.))

پیرەمێرد ئاخێكی هەڵكێشاو گوتی: ((هەی دادو بێداد! زۆر باشە، بەچاوان.))

پەڕی باڵندەی زێڕینی سووتاند. باڵندەكە ئامادەبوو، گوتی: ((دیسان چ بووە؟ فەرموون.))

پیرەمێرد گوتی: ((بەخوا لەم پیرەژنە بپرسە دیسان چ بووە؟))

باڵندەكە بە پیرەژنی گوت: ((چ ئیشت هەیە؟))

پیرەژن گوتـی: ((ئـەی بـاڵندە، هـەور بـەری ڕۆژی لێ گرتـووم. دەمـەوێ فـەرمانی زەوی و ئا سمان بدەیتە دەست خۆمان.))

باڵندەی زێڕین گوتی: ((قەیدی نییە. وەرنە دوامەوە.))

باڵندەكە بە پێش كـەوت و ئـەوانیش بە دوایـەوە. لەشار دەرچوون. كەلەشار دووركـەوتنـەوە لـە پڕ دونیا بـوو بە هـەور. بایـەكی توند هـەڵی كرد و تۆزو خـۆڵ

بەری ئاسمانی گرت. دونیا وەك قیرِ ڕەش داگەڕا. چاو چاوی نەدەدی. سەعاتێك پێ چوو باڵندەکە هیچ خەبەری نەبوو. پیرەژن و پیرەمێرد چاویان کردەوە خۆیان لە کاولآشی گۆڕین دۆزییەوە. ناچاربوون چوونە ناو ئاشەکەو تێگەیشتن چ کارێکی خراپیان کردووە.

پیرەمێرد بە پیرەژنی گوت: ((هەی باوکت وا وا لێ بکەم. ئەمە هەمووی سووچی تۆ بوو. دەوجا ئێستا دەست دە سەتڵ و ئاوی ناو ئاشەکە دەردە بۆ ئەوەی جێیەك ببێ لێی دانیشین.))

عەقایەتخوان: حوسێن ئەمیریان
کانی قوتی – کولیایی

# ٧٤- ژن و مێردی هەژار

برام سەلامەتداربێ،

هەبوو، نەبوو،

بێجگە لە خودا هیچ کەس نەبوو،

گوڵێ بوو، گوڵستانێ بـــوو،

باغێ بوو، بێستانێ بـوو.

ژن و مێردێك هـەبوون بەخۆو بە منداڵەکانیان لـە گوندێـك دەژیـان و لـە داری دونیادا تـەنیا یـەك مانگاو یـەك گونیـە ئاردیان هـەبوو. لەمە زیـاتر ئـەوەی خـودا داویە هیچیان شك نەدەبرد، هیچیان نەبوو پێی بژین.

ڕۆژێ کابرا گوتی: ((حورمێ، ئەمڕۆ ئەم مانگایە سەردەبڕم. تۆش ئەم گونیـە ئاردە بکە بە هەویرو بیکە بەنان بۆ ئـەوەی هـەموو خـەڵکی ئاوایی بۆ شێو داوەت بکەین. کە هەموو هاتن و لەسەر سفرەی ئێمەیان خوارد، ئەوا ئـەوانیش هەریـەکە ڕۆژێـك داوەتـمـان دەکـا، دەکاتـە سـەد ڕۆژ. ئیتر لەبرسـان نـامرین و لـــە زسـتان دەردەچین و دەگەینە بەهارێ.))

ژنە گوتی: ((بەخوا بیرێکی باشت کردۆتەوە.. شتی چاکە!..))

قۆڵ و باسکیان لێ هەڵماڵی. گونیە ئاردەکەیان کردەنان و مانگاکەیان سـەربڕی و مەنجەڵێکی زلیان لـە ماڵی کێخوا هێنـاو هاویشـتیانە نـاوو لێیـان نـا. کەشـەو داهات خەڵکیان بانگ کرد و شێویان دایە هەموو خەڵکی ئاوایی.

کە میوانەکان ڕۆیشتن هیچێکیان قسەی نەکردو بۆ سبەینێ داوەتیان نەکردن. ئەوسا ژنە ڕووی کردە کابراو گوتـی: ((پیاویژگە، ئێمە کارێکی خراپمـان کـرد. ئەمانە هیچێکیان داوەتیان نەکردین و ڕۆیشتن.))

کابرا گوتی: ((قەیدی نییە. بێ شك سبەی کێخوا، کە گەورەی هەموویانە، کەسێکمان بەدوادا دەنێرێ و داوەتمان دەکا.))

ئەمانە تا دوو سێ ڕۆژ هەرچی ئێسك و وردکە نان مابووەوە هەموویان خواردو دیسان هەر هیچ خەبەر نەبوو. کەلەهیچ لاوە هیچ خەبەر نەبوو و کەس داوەتی نەکردن ناچار کابرا ڕۆژێکی سبەینێ زوو لەخەو ڕابوو، چەرمە وشکەکەی مانگای بەکۆڵی داداو- یاعەلی مەدەد!- ملی ڕێی گرت. یەك دوو ڕۆژ ڕۆیشت تا شەوێکیان گەیشتە نزیك کاولێك. کادینێك لەتەك کاولەکە بوو. چووەناو کادینەکەو لە قوژبنێك (کا)یەکەی هەڵدڕی و قۆرتێکی دروست کردو خۆی لەناو قۆرتەکەناو چەرمە وشکەکەی بەسەر سەری خۆی دادا.

نیوە شەو، لە پڕ لە دەنگە دەنگ و هەرایەك بەخەبەر هات. لەژێر چەرمە وشکەکەوە تەماشای کرد ، ژن و پیاوێك هاتن. خالیچەیەکی جوانیان ڕاخست و ڕادیۆیان پێ کرد. مەنجەڵە چێشتێکی پڕ خواردنی جۆراو جۆریان لەتەك سفرە داناو لەو قوژبنە کادینەدا کەوتنە قسەو پێکەنین و شادی.

ژنەکە بە کابرای گوت: ((پیاوەکە، تۆ کەی ئەشقی من بووی؟))

کابرا گوتی: ((ئەو کاتەی لە زەماوەندی فلآنە کەس شاییت دەکرد.))

ژنەکە گوتی: ((کەواتە ئێستا شایی دەکەم. بزانە دیسان شایی باش دەکەم.))

ژنە دەستی بە شایی و هەڵپەڕکێ کرد. زۆری هەڵپەڕکێ کرد، کەمی هەڵپەڕکێ کرد، تا کابرا گوتی: ((بەڵێ، بەخوا شایی باش دەکەی.))

ئینجا کابرا بە ژنەکەی گوت: ((ئەی تۆ کەی ئەشقی من بووی؟))

ژنەکە گوتی: ((ئەو کاتەی بە کوتك قرشەو گەنمی ماڵی ئاغات لەسەر جۆخین دەکوتا. ئێستا هەستە بەو دارەی ناو کادین ئەختێ ئەم (کا)یە بکوتە بزانم دیسان بە جوانی دەیکوتی.))

کابرا دەستی دایە تێلآیەك و تا هێزی تێدابوو لە (کا)ی دا تێلآیەکی لەم لاو تێلآیەکی لەو لادا. تێلایەکیشی لەسەری ئەو پیاوەدا کەلە ژێر(کا)دا خۆی شاردبووەوە. کابرا لە ژێرەوە هاواری کرد: ((ئەها، چ دەکەی؟ واوا لێ کراو! سەرت

شکاندم!))

ژن و پیاوەکە، کە گوێیان لەو دەنگە بوو، حەپەسان و بەڕاکردن هەڵاتن و هەرچی پێیان بوو جێیان هێشت و ڕۆیشتن.

کابرا لەناو(کا) هاتە دەرەوە. هەرچی هەبوو ونەبوو خستییە ناو خالیچەکەو بە پەتێك توند پێچای و بەکۆڵی خۆی داداو گەڕایەوە ماڵێ. کە گەیشتەوە ماڵێ لەدەرگای داو گوتی: ((حورمێ، دەرگا بکەوە. هێنام.))

ژنەکە گوتی: ((خودا نەتهێنێ. چیت هێنا؟))

کابرا گوتی: ((دەڵێم هێنام.. دەی دەرگا بکەوە!))

ژنەکە دەرگای کردەوە. کەل و پەلەکەیان بردە ژوورەوە. منداڵەکان چێشتی ناو مەنجەڵەکەیان خوارد کەکابرا هێنابووی و تا سبەینێ هەر خۆشی خۆشییان بوو.

بۆ سبەینێ ژنە چووە لای ئەم دراوسێ و ئەو دراوسێ و گوتی چەرمە وشکەکەمان فرۆشتووەو بە خالیچەو هیربارو مەنجەڵ و ڕادیۆو زۆر شتی ترمان داوە. خەڵك، کە ئەم خەبەرەیان بیست، قۆڵ قۆڵ هاتنە دیدەنی کابراو لێیان پرسی چی کردووەو ئەو ماڵەی لە کوێ هێناوە.

کابرا گوتی: ((برادەرینە، چەرمی وشك گران بووە. چەرمە وشکەکەم بەهەزار درهەم دا.))

پیاوەکان یەکسەر چوون چ مانگاو مەڕی هەیانبوو هەموویان سەر بڕی و چەرمەکانیان بەکۆڵ داداو بەرەو (سنقەر)[1] کەوتنە ڕێ.

خەڵك کە چاویان پێ کەوت گوتیان: ((گەلۆ، ئەم هەموو چەرمەتان لە کوێ هێناوە؟ دیارە مانگاو مەڕتان پەتایان تێ کەوتووە.))

پیاوەکان گوتیان: ((نەبەخوا بیستوومانە چەرمی وشك گران بووە. ئێمە بۆ فرۆشتن هێناومانە. دەڵێن یەکی هەزار درهەم دەکا.))

---

[1] ناوی شوێنێکە.

Scanned with CamScanner

خەڵکەکە کە دیتیان ئەمانە وریٚنە دەکەن ، دەورەیان دان و لێدانێکی باشیان بۆ کردن وَ چەرمەکانیشیان خۆڕا لێسەندن.

پیاوەکان گەڕانەوە دێ.

کابرای هەژار، کە دەیزانی کارێکی خراپی کردووە، جلی کردە بەرو کڵاوی دەورەداری لەسەرناو ڕای کرد. لەئاقاری تووشی شوانێك هات و پێی گوت: ((خاڵۆ، ها ئەوە بیست درهەمت بدەمێ چەند دەقیقەیەك جلی خۆتم لەگەڵ بگۆڕەوەو هەتا ئەو خوارە بڕۆ و وەرەوە. منیش ئەم کەپەنك و فەرەنجییەی تۆ لەبەر دەکەم و تا دێیتەوە چاوم لە مەڕەکان دەبێ)) شوان قبووڵی کردو جلی خۆی لەگەڵ گۆڕییەوەو تا خوار چیایەکە چوو.

پیاوەکان گەیشتنەوە ئاوایی. ڕاستەوخۆ چوونە ماڵی کابراو لە دەرگایان دا. ژنەکەی هاتە بەردەرگاو گوتی کابرا هەڵاتووەو داویەتە کێو.

خەڵکی ئاوایی هێرشیان بۆ چیا برد. لەوێ شوانێکیان دی لەدیار مێگەلێك دانیشتبوو، لێیان پرسی: ((خاڵۆ، توخودا کابرایەکی کورتەك و شەلوار لەبەری کڵاو دەورەدار لەسەرت لەم ناوەدا نەدیوە؟))

کابرا گوتی: ((با. دیومە. هەر ئێستا بە ڕاکردن شۆڕبووەوە داوێنی چیا.))

پیاوەکان چوون دۆزیانەوەو وەری گەڕانێ و لێیان دا. شوانەکە هاواری دەکرد: باوکم چیتان لەمن دەوێ؟ چ بووە؟ دەستیان لەسەر هەڵنەگرت تا باشیان کوتاو نیوەگیانیان کرد. ئەوسا بە ڕاکێش ڕاکێش بردیان فڕێیان دایە ناو بیرێك.

کە ئێوارە داهات کابرای هەژار بە هرەهرِ مەڕی بەرەو ماڵی هێنایەوە. خەڵکەکە سەرسام بوون. ئەوە چۆن ئێمە بە نیوەمردوویی فڕێمان دایە ناو بیرو ئێستا وا بەخۆو بە مێگەلە مەڕێك هاتەوە. خەڵکەکە چوونە لای و لێیان پرسی: ((خاڵۆ، بەکوێدا لە ناو بیرەکە هاتیتە دەرەوە؟ ئەدی ئێمە فڕێمان نەدابوویتە ناو بیر؟))

کابرا گوتی: ((گەلۆ، ئێوە نازانن. ئەو بیرە پڕی مێگەلە مەڕبوو. ئەگەر چەند کەسێکم لەگەڵدابایە دە هێندەی ئەم مەڕانەم لە بیرەکە دەردەهێنا. حەیف کە یەکتەنی بووم!))

خەڵکەکە گوتیان: ((باشە ئەگەر ئێمە بچین هێشتا ماوە.))

کابرا گوتی: ((بەڵێ، خێرا بڕۆن. ئەوێ پڕی مەڕە.))

کابرا پێش کەوت و خەڵك بە دوایەوە بە ڕاکردن ڕوویان کردە بیرەکە. کابرا کە لێیان پڕ ببوو، یەکەمجار کێخواو ئینجا یەك یەکی پیاوەکانی فڕێ دایە ناو بیرو هەموو مردن و سەراپای ماڵیان بوو بەهی ئەم کابرایە.

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز
مەرگت نەبینم هەرگیزاو هەرگیز

هەقایەتخوان: شیخ مراد کانی قوتی
گوندی: کانی قوتی - کولیایی

Scanned with CamScanner

## ٧٥- چۆلەکەی بچووک

برام سەلامەتداربێ، چۆلەکەیەکی بچووک هەبوو. ئەو چۆلەکەیە ڕۆژێ چوو لەسەر گووفەك نیشت و تۆپەڵە لۆکەیەکی دۆزییەوە. لۆکەکەی بە دەنووکەوە گرت و چووە لای لەوچی[1] و گوتی:

ئەی لەوچی ئەمەم بۆ بلەوچە[2]

نیوەی بۆ تۆ، نیوەی بۆ من

ئینجا لە لەوچی وەرگرتەوەو چووە لای پەڕەچی و گوتی:

ئەی حەللاج، ئەمەم بۆ بلاج[3]

نیوەی بۆ من، نیوەی بۆ تۆ

پەڕەچی بۆی پەڕەکرد. ئینجا چووە لای جۆلا وگوتی:

ئەی جۆلا، ئەمەم بۆ بجۆلا[4]

نیوەی بۆ من، نیوەی بۆ تۆ

لە جۆلای وەرگرتەوەو بردییە لای دایە ئەلماس و گوتی:

ئەی دایە ئەلماس ئەمەم بۆ بکە لیباس

دایە ئەلماس گوتی: ((چۆلەکە، بڕۆ گوپە ئاوێك بخۆوە، گوپێك بڕێژەو گوپێك بێنە بۆ ئەوەی لیباست بۆ بکەم.))

چۆلەکە چوو. کەئەو چوو گوپە ئاوێك بخواتەوەو گوپێك بڕێژێ و گوپێك بێنێ، دایە ئەلماس کوڕە کە چەلێکی هەبوو کراسەکەی لەبەر ئەو کوڕەی کردو کوڕە چووە بەر مانگاو مەڕان.

---

[1] لەوچی: ئەو کەسەی لۆکەو ناوکە لۆکە لێك جودا دەکاتەوە.

[2][3][4] کارەکان بە شێوەیەکی تایبەتی گەردان کراون.

چۆلەکە هاتەوەو گوتی: دایە ئەلماس لیباسەکەم بدەوە.

دایە ئەلماس گوتی: ئەی چۆلەکە، تەندوورەکەم دووکەڵی کرد. ویستم فووی لێ بکەم، لیباسەکەت کەوتە ناو تەندوورو سووتا.

چۆلەکە ناڕەحەت بوو، گوتی:

ای لاوە چم چم او لاوە چم چم

بکمە خوانچە نانەکت بوە ماوبچم

(دەچمە ئەم لاو دەچمە ئەولا

پڕ دەدەمە تریانی نانت، دەیبەم و دەڕۆم)

پیرەژن گوتی: ((بەم دارە لێت دەدەم و پێت دەشکێنم.)

چۆلەکە لەم لا هات و چووە ئەولاو پڕی دایە تریانی نانی دایە ئەلماس و بردی و ڕۆیشت.

چۆلەکە ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شوانێك، کاسە شیرێکی لە پێش خۆی دانابوو، بەڵام لەباتی نان قشپلی تێ دەکوشی. چۆلەکە چووە پێش و گوتی: ((ئەی شوان، بۆچی قشپڵ لە شیر دەکوشی؟))

شوان گوتی: ((ئاخر، نانم نییە.))

چۆلەکە گوتی: ((فەرموو، ئەم نانە بگرەو لە شیرەکەتی بکوشە.))

شوانەکە نانەکەی وەرگرت و لە شیری کوشی و بە چۆلەکەی گوت: ((بڕۆ گوپێك ئاو بخۆوەو گوپێك بڕێژەو گوپێك بێنە، تا بەشت بدەم.))

تا چۆلەکە چوو گوپێك ئاو بخواتەوەو گوپێك بڕێژێ و گوپێك بێنێ، شوانەکە هەموو نان و شیرەکەی خوارد.

چۆلەکە هات و گوتی: ((شوانەکە، ئەدی بەشی من؟))

شوانەکە گوتی: ((بەشی تۆم هەڵگرتبوو، بزن خۆی لێ داو ڕشتی.))

چۆلەکە گوتی: نانەکەم بدەوە، ئەگەر نەدەیتەوە:

ای لاوە چم چم او لاوە چم چم

بکمە بزن زردکت بوە ماوبچم

(پڕ دەدەمە بەرانی زەردت، دەیبەم و دەڕۆم)

شوانەکە گوتی: ((ئەگەر ئیشی وا بکەی بە گۆپاڵ لێت دەدەم و پێت دەشکێنم.))

چۆلەکە چووە ئەم لاو چووە ئەولاو لێیدا بەرانە زەردەی شوانی بردو ڕۆیشت. ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە ئاوەدانییەك وەکو ئەم کانی گەیلانەی خۆمان. لەوێ دیتی زەماوەندە بەڵام لەباتی مەڕ سەگیان سەربڕیوە. چۆلەکە چووە پێش و بەخاوەن زەماوەندی گوت: ((ئەی خاوەنی زەماوەند، بۆچی سەگ سەر دەبڕی؟ من بەرانە زەردەی ماڵی خانم بۆ هێناون.))

خاوەنی زەماوەند لە خوای دەویست، گوتی: ((بیهێنە!))

مەڕەکەیان بردو سەریان بڕی و چێشتێکی باشیان دروست کرد.

چۆلەکە گوتی: خواردن حازرکەن تا من دەچم گوپێك ئاو دەخۆمەوەو گوپێك دەڕێژم و گوپێك دێنم. تا چۆلەکە چووگوپێك ئاو بخواتەوەو گوپێك بڕێژێ و گوپێك بێنێ، میوانەکان هەموو خواردنەکەیان خواردو هەندێ چەرم و ئێسکیان لە بنی مەنجەڵ هێشتەوە.

چۆلەکە هاتەوەو گوتی: ((هاتووم، برسیم.))

خاوەنی زەماوەند گوتی: ((هیچ بۆتۆ نەماوە. بڕۆ بۆ خۆت ئەم چەرم و ئێسکە بخۆ.))

چۆلەکە گوتی: من چەرم و ئێسك ناخۆم. ئەگەر بەشم نەدەن:

دەچمە ئەم لا دەچمە ئەو لا

لێ دەدەم هەوری و دەسرۆکەی بووك دەبەم و دەڕۆم

خاوەنی زەماوەند گوتی: ((بە تفەنگ قاچە باریکەکانت دەشکێنم.))

چۆلەکە چووە ئەم لاو چووە ئەولا. لێیدا هەوری و دەسرۆکەی بووکی فڕاند و ڕۆیشت. ڕۆیشت تا گەیشتە تەمبوور ژەنێك، تەمبووری لێ دەدا.

چۆلەکە بانگی کرد: ((هۆ تەمبوورژەن، تەمبوورژەن! ئەو تەمبوورەم بدێ منیش ئەم هەوری و دەسرۆکەی بووکت دەدەمێ.))

تەمبوورژەن تەمبووری خۆی لەگەڵ هەوری و دەسرۆکەی بووک گۆڕییەوە.

چۆلەکە هات تەمبوور لێ بدا لە پڕ تەمبووری لە دەست بەربووەوە سەر بەردێک و شکا.

چۆلەکە چووە لای بەردەکەو گوتی: ((ئەی بەرد، بۆچی تەمبوورەکەت شکاندم؟))

بەرد گوتی: ((ئەگەر بەرد ی تەواو بوومایە گیا لەسەرم شین نەدەبوو!))

چۆلەکە گوتی: ((ئەی گیا، بۆ چی لەسەر بەرد شین دەبی؟))

گیا گوتی: ((ئەگەر گیا بوومایە، مەڕ نەیدەخواردم.))

چۆلەکە گوتی: ((ئەی مەڕ ، بۆ چی گیا دەخۆی؟))

مەڕ گوتی: ((ئەگەر مەڕ بوومایە، گورگ نەیدەخواردم.))

چۆلەکە گوتی: ((ئەی گورگ ، بۆچی مەڕ دەخۆی؟))

گورگ گوتی: ((ئەگەر گورگ بوومایە، شوان بە گۆپاڵ لێی نەدەدام و قاچی نەدەشکاندم.))

چۆلەکە گوتی: ((ئەی شوان، بۆچی بە گۆپاڵ قاچی گورگ دەشکێنی؟))

شوان گوتی: ((ئەگەر شوان بوومایە، داپیرە نانی سووتاوی نەدەدامێ.))

چۆلەکە گوتی: ((داپیرە، بۆچی نانی سووتاو دەدەیتە شوان؟))

داپیرە گوتی: ((ئەگەر داپیرە بوومایە، مشک سەرنانی نەدەخواردم.))

چۆلەکە گوتی: ((ئەی مشک، بۆچی سەرنانی داپیرە دەخۆی؟))

مشک گوتی: ((ئەگەر مشک بوومایە، پشیلە نەیدەخواردم.))

چۆلەکە گوتی: ((ئەی پشیلە، بۆچی مشک دەخۆی؟))

پشیلە گوتی: ((ماڵمە، مناڵمە، چل گەزو نیو شەرواڵمە.))

هەقایەتخوان: محەمەد ڕەزایی

گوندی/ پشت دەربەند - کولیایی

Scanned with CamScanner

# ٧٦- دارتاش و بەرگدروو و مەلا

برام سەلامەتداربێ،

گوڵێ بوو گوڵستانێ بوو،

باغێ بوو بیستانێ بوو.

ئەوەبوو دارتاشێك و بەرگدروویەك و مەلایەك هەبوون. ڕۆژێ بڕیاریان دا بەیەکەوە بچنە سەفەر.

بەڕێ کەوتن و ملی ئەم دەشتەی خوایان گرت و ڕۆیشتن. ڕۆیشتن تا شەو داهات. گەیشتننە سەر کانییەك. ڕێك کەوتن شەو لەوێ بەسەر ببەن. کەم و زۆر شتێکیان خوارد و کاتی نوستن داهات. بڕیاریان دا بۆ ئەوەی لە مەترسی جانەوەری کێوی بەدووربن بە نۆرە ئێشك بگرن.

بەدارتاشیان گوت: ((ئەی دارتاش، یەکەم جار تۆ ئێشك بگرە، ئێمە دەخەوین.))

دارتاش ڕازی بوو. دووەکەی تر نووستن. دارتاش نەختێ بیری کردەوە. شەکەت بوو. چووە ئەم لاو چووە ئەولا، پارچە دارێکی دۆزییەوەو خۆی پێوە خەریك کرد، بنیادەمێکی لێ بتاشێ. کە بنیادەمە دارینەکەی دروست کرد، نۆرە ئێشکی تەواو بوو. بنیادەمەکەی لەدەم کانی داناو چوو بەرگدرووی بەخەبەر هێنا بۆ ئەوەی ئێشك بگرێ.

بەرگدروو هەستا هاتە سەر کانییەکە. دارتاشیش چوو نووست. بەرگدروو نەختێ سەیری دەوروبەری خۆی کرد دیتی یەکێ لەدەم کانی ڕاوەستاوە. بەرگدروو گوتی: ((ئەی تارمایی، تۆ ئادەمی؟ ئادەمیزادی؟ ئینسی؟ جننی؟ چی؟))

بنیادەمەکە وەڵامی نەدایەوە. بەرگدروو بەردێکی هەڵگرت و تێی گرت و لێیدا

تەقەی لێوە هات. بەرگدروو لە دڵی خۆیدا گوتی: (ها!! ئەمە دارتاش دروستی کردووە.)

بەرگدرووش هەندێ قوماشی لە گیرفانی دەرهێناو دەستە بەرگێکی ڕێک و پێک و جوانی بۆ بنیادەمەکە دروست کرد. نۆرەی ئێشکی بەرگدرووش تەواو بوو وبنیادەمە دارینەکەی لەسەر کانی جێ هێشت و چوو مەلای بەئاگا هێنا.

بەرگدروو مەلای بۆ ئێشك گرتن بەخەبەر هێناو خۆی نووست. مەلا کاتێ هاتە سەر کانی دیتی کابرایەك لەوێ وەستاوە.

مەلا گوتی: ((ئەی تارمایی، تۆ ئادەمی؟ ئادەمیزادی؟ ئینسی؟ جننی؟ چی؟))

بەڵام هیچ وەڵام نەبوو. بەردێکی تێ گرت تەقەی لێوە هات. ئیدی مەلا تێگەیی ئەمە دارتاش و بەرگدروو دروستیان کردووە. چوو بنیادەمەکەی هێناو دانیشت. مەلا دەستی بەرزکردەوە، دوعای کردو لە خوای پەروەردگار پاڕایەوەو داوای کرد گیان بەبەر بنیادەمەکەدا بکا. خودا دوعای مەلای قبوولْ کرد و بنیادەمەکە پژمی و هەناسەیەکی داو لەتەك مەلا دانیشت.

ئیدی بوو بە سبەینە. هەر سێ نەفەر واگا هاتن و پاش نوێژکردن کۆبوونەوە سەریەك و سەیری بنیادەمەکەیان کرد.

دارتاش گوتی: ((ئەم بنیادەمە هی منە، چونکە من دروستم کردووە.))

بەرگدرووش گوتی: ((نە ، هی منە، چونکە من بەرگم لەبەر کردووە.))

مەلاش گوتی: ((هی هیچێکتان نییە. هی منە. چونکە من لەخودا پاڕامەوە ڕۆحی پێ ببەخشێ.))

ئێستا ئێوە بڵێن : ئەم بنیادەمە هی کامەیانە؟

هەقایەتخوان/حەسەن ڕەزایی، ٩ ساڵە

پشت دەربەند/ کولیایی

# ٧٧- کابرای هەژارو کابرای سووخۆر

هەبوو نەبوو،
بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو،
ئەوان هەبوون ئێمە نەبووین.

ڕۆژێ، ڕۆژگارێ، کابرایەك هەبوو، هەژارو دەستکورت بوو. ڕۆژێ لەبەر نەبوونی، دونیای زۆر لێ وەتەنگ هات ناچارچووە لای سووخۆرێك و پێی گوت: ((جەناب، سەد درهەمم بەقەرز بدێ ئەگەر لە کاتی خۆیا نەمدایتەوە یەك کیلۆ[1] گۆشت لەنەرمەی ڕانم ببڕە.))

کابرای سووخۆر مەرجەکەی قبوولێ کرد و سەد درهەمی قەرز دایە. کەکاتی دانەوەی قەرزەکە هات، کابرای هەژار نەیتوانی پارەکە بداتەوە. کابرای سووخۆر گوتی: ((ئەوەی بەڵێن بدا دەبێ بەڵێنەکەی بێنێتە جێ. وەرە ڕاکشێ تا یەك کیلۆ گۆشت لەنەرمەی ڕانت بکەمەوە.))

کابرای هەژار ملی نەداو سەرەنجام ئیشەکەیان کەوتە دادگاو هەردووکیان ملی ڕێیان گرت و بەرەو شار کەوتنە ڕێ.

لە ڕێگا تووشی کاروانە وشترێك هاتن. وشترێك دابڕابوو هەڵدەهات. وشترەوان هاواری کرد: ((هۆ ڕێبوارینە، لێ مەگەڕێن وشترەکەم ڕابکا.))

کابرای هەژار بەردێکی هەڵگرتەوەو لە وشترەکەی گرت. بەردەکە بەچاوی وشترەکە کەوت و کوێری کرد. خاوەن وشتر هات و بە تۆبز وەرگەڕایە سەرو گۆیلاك و قاچ و قولی کابرای هەژار. خەڵکەکە گوتیان: ((تۆبۆچی لەم بەسەزمانە دەدەی؟))

---

[1] لە نەسڵدا: یك پنجاه. (پنجاه= ٥ سیر. سیر=١٧٥ گ.)

وشترەوان گوتی: ((وشترەکەم پێنج سەد درهەم دێنێ. دەبێ تۆلەکەی ببژێرێ.))

سووخۆر گوتی: ((کاکە، منیش داوام لەسەری هەیەو وا دەیبەمە لای حاکم، تۆش وەرە.))

بەرەو شار کەوتنە ڕێ. شەو داهات. گەیشتنە ماڵێك و بوون بە میوانی خاوەن ماڵەکە. نیوە شەو کابرای هەژار بۆ دەستاو چووە دەرەوە. لەگەڕانەوەدا بەتوندی دەرگای ژوورەوەی کردەوە، ژنی کابرای خانەخوێ لە پشت دەرگا نووستبوو. دەرگا بە تەوزکی ژنەکە کەوت و منداڵی لەبارچوو. خانە خوێ هەستاو بەدارکەوتە ویزەی، سەرو پۆتەڵاك و قاچ و قولی کوتایەوە. ئاخیری کابرای سووخۆرو کابرای وشترەوان کەوتنە بەینیان و کابرای هەژاریان لەدەست خانەخوێ دەرهێناو بەخانەخوێیان گوت: ((سبەی تۆش وەرە بچینە شار. ئێمەش شکاتمان لەم پیاوە هەیە.))

بۆ سبەینێ هەر چوار نەفەر بەڕێ کەوتن. گەیشتنە ئاوەدانییەك، کابرای هەژار گوتی: ((من لەم ئاواییە ئیشێکم هەیە. ئێستا دەچم و زوو دەگەڕێمەوە.))

کابرای هەژار ڕووی کردە ئاواییەکە. لە ڕێگا، لەدڵی خۆیدا گوتی: ((خودایە، من بە سەلامەتی لەدەست ئەمانە دەرباز نابم. سووخۆر کیلۆیەك گۆشت لە ڕانم بکاتەوە، دەمرم. وشترەوان و کابرای منداڵ مردووش هەر دەمکوژن. جا واباشە لە جێگایەکی بەرز خۆم هەڵداشم بۆ ئەوەی بمرم و بحەسێمەوە.))

کابرای هەژار چووە سەربانێك بۆ ئەوەی لەوێوە خۆی هەڵداتە خوارەوە. وا ڕێ کەوت خانەخوێی ئەو ماڵە برای نەخۆش بوو. دۆشەك و لێفی بۆ لەهەیوانێ لەبەر هەتاو دانابوو بۆ ئەوەی برای هەوایەك هەڵمژێ و لەهەمان کاتدا خەریکی دڵدانەوەو دڵنەوازی برای بوو، دەیگوت: ((برام، دڵت تەنگ مەکە. ئیشاڵلا چاك دەبیتەوە، خوا کەریمە!))

لەوکاتەدا، کابرا لەسەربانەوە خۆی تێ هەڵدا خوارەوەو یەکەو ڕاست کەوتە سەر ورگی نەخۆشەکە. نەخۆش ئێستا نەمردووە، سەد ساڵە مردووە.

Scanned with CamScanner

برای نەخۆشەکە دەستی دایە تۆبزی بەر هەیوان و وەرگەڕا سەرو گۆیلاك و قاچ و قوڵی کابرای هەژار. لەدەنگی هات و هاواری ئەوانەوە سووخۆرو وشترەوان و منداڵ مردوو هاتن و گوتیان: ((کاکە، مەسەلە چییە؟))

برای کابرای مردوو گوتی: ((جەناب، برایەکی نەخۆشم هەبوو. ئەم کابرایە لەسەر بانەوە خۆی فڕێ دایە سەر ورگی و کوشتی.))

ئەوانیش گوتیان: ((خودا لەبرات خۆش بێ. وەرە پێکەوە بچین. ئێمەش شکاتمان لەم کابرایە هەیە.))

ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە شوێنێکی ڕاستان. دیتیان کابرایەك ولاغی بەبارەوە لەقوڕ چەقیوە. خاوەن ولاغەکە کە چاوی پێ کەوتن گوتی: ((ئەی ڕێبوارینە، وەرن ئەم ولاغە لەقوڕ دەربێنن و ڕاستی بکەنەوە.))

کابرای هەژار یەکسەر لەپێشدا ڕای کردو کلکی کەرەکەی گرت و توند ڕایتەکاندو کلکی کەرەکە لەبنەوە پچڕاو لەگەڵ دەستی هات.

خاوەن ولاغ بەداردەستێك وەرگەڕایە سەرو گۆیلاك و قاچ و قوڵی کابرای هەژار.

ئەوانەی لەوێ بوون گوتیان: ((بابە، بەسە! چیتری لێ مەدە.))

خاوەن کەرەکە گوتی: ((کەرەکەم زۆر بە قیمەت بوو. ئێستا ئەم کابرایە کلکی دەرهێناوە، تازە بەکەلك هیچ نایە.))

ئەوانیش پێیان گوت: ((کاکە، ئێمە بۆ شکات دەچینە ماڵی حاکم. تۆش وەرە.))

ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە شارو ڕوویان کردە ماڵی حاکم. کابرای هەژار دووبارە پێش کەوت و گوتی با بچم بزانم حاکم لە ماڵەوەیە یان نا. یەکەو ڕاست چووە ژووری حاکم، دیتی حاکم خەریکی کارێکی خراپ بوو. کابرای هەژار گوتی: ((ئەها، حاکم، ئەمە ئیشە تۆ دەیکەی؟))

حاکم گوتی: ((وس، بێ دەنگ بە. هەر ئیشیکت هەیە بۆت جێ بەجێ دەکەم، هەر هێندە سرم هەڵمەماڵە.))

کابرای هەژار گوتی: ((وەی بەچاوان.))

چوو شکایەتکەرەکانی بانگ کردە ژوورەوە.

حاکم دەستی لەکاری خراپە هەڵگرت و گەڕایەوە لە پشت مێز دانیشت. یەکەم جار بانگی سووخۆری کردو گوتی: ((چت لەم پیاوە دەوێ؟))

سووخۆر گوتی: ((قوربان، من سەد درهەمم بەقەرز دایە ئەم پیاوە بۆ ماوەیەکی تایبەتی، بەومەرجەی ئەگەر لەو ماوەیە نەیدایەوە یەك کیلۆ گۆشت لەنەرمەی ڕانی بکەمەوە. تا ئێستا پارەکەی نەداومەتەوەو دەمەوێ گۆشتەکەی لە ڕانی بکەمەوە.))

حاکم ڕووی کردە کابراو گوتی: ((کابرا، ئەمە ڕاست دەکا؟))

کابرای هەژار گوتی: ((بەڵێ قوربان، ڕاست دەکا. بڕیارمان دەق ئاوهابوو.))

حاکم گوتی: ((باشە، ئەی شکایەتدار دەست بدە چەقۆ، بەڵام تۆ هەقت هەیە بەیەك جار یەك کیلۆ گۆشت لە ڕانی ئەم کابرایە بکەیتەوە. ئەگەر زیاتری لێ بکەیتەوە دەبێ لە ڕانی خۆت بیدەیتەوە وئەگەر کەمیشت بڕی دەبێ لەگۆشتی ڕانی خۆتی بخەیتە سەر.))

کابرای سووخۆر لە دڵی خۆیدا گوتی: (بە ڕاستی تووشی شەڕێکی خراپ هاتم. ئەگەر کەمی لێ بکەمەوە، دەبێ لەڕانی خۆمی بخەمە سەرو ئەگەر زیادی لێ بکەمەوە دەبێ لەڕانی خۆم بکەمەوەو بیدەمەوە). جا ڕووی کردە حاکم و گوتی: ((قوربان، من لەهەقی خۆم خۆش بووم و دامەوە ئێوە.))

حاکم گوتی: ((باشە.. بانەفەری دوای ئەمە بێ.))

وشترەوان هاتە پێش و گوتی: ((قوربان، من وشترێکم هەبوو، پێنج سەد درهەمی دەهێنا.. لەسەری دابوو، لەکاروان دابڕابوو هەڵدەهات. ئەم کابرایە بەردێکی تێ گرت و لەچاوی ڕاستەی داو کوێری کرد.))

حاکم گوتی: ((زۆر باشە. وشترەکە بێنە. بەچەقۆ لەناوەڕاستەوە بیکە بەدوو لەت. لای چاوە کوێرەکە بدە بەم کابرایەو دووسەد پەنجا درهەمی خۆت وەربگرەو بڕۆ.))

وشترەوان لەدڵی خۆیدا لێکی دایەوە وشترەکەی پێنج سەد درهەم دێنێ. ئەگەر لەتی بکا ئیتر لەدەستی دەچێ و تەنیا نیوەی نرخەکەی دێتە دەست.))

وشترەوان ڕووی کردە حاکم و گوتی: ((جەناب، منیش وازم هێنا.))

نۆرەی کابرای منداڵ مردوو هات.

حاکم گوتی: ((تۆ چ شکایەتت هەیە؟))

منداڵ مردوو گوتی: ((قوربان، ژنەکەم سکی هەبوو. ئەم پیاوە میوانی من بوو. نیوە شەو چووە دەرەوەو لەگەڕانەوەدا بەتوندی دەرگای کردەوە، بەسکی ژنەکەم کەوت و منداڵەکەی لەبارچوو.))

حاکم گوتی: ((باشە، ئەمەش پێك دێ. دەبێ ئەم کابرایە بچێ لەگەڵ ژنەکەت بنوێ بۆ ئەوەی منداڵێکت بۆ بێنێ لەجیاتی منداڵە مردووەکە.))

کابرای منداڵ مردوو سەیری کرد (هەی داد و بێداد!) لەم قەباحەتە! ڕووی کردە حاکم و گوتی: ((جەناب، منیش وازم هێنا.))

حاکم گوتی: ((زۆر باشە، ئەمەش ئاوها.. ئێستا نۆرەی کێیە؟ بابێ.)) نۆرەی پاشی هی برا مردووەکە بوو.

حاکم ڕووی تێ کردوو گوتی: ((کابرا، تۆ چیت دەوێ؟))

برا مردوو گوتی: ((قوربان، برایەکی نەخۆشم هەبوو. بۆ هەوا گۆڕین هێنابووم لەبەر هەتاو خەواندبووم. ئەم کابرایە لەسەر بانەوە بازی دایە سەر ورگی برام و کوشتی.))

حاکم گەڕایەوە لای کابرای هەژارو گوتی: ((کابرا، ئەمە ڕاست دەکا؟))

کابرای هەژار گوتی: ((بەڵێ، قوربان، ڕاست دەکا.))

حاکم گوتی: ((ئەی کابرای برا مردوو، ئەم کابرایە بگرەو بیبە توند پێی ببەستەو لەو شوێنەی برات نووستبوو لەوێ بیخەو ئەو لیفەی بەسەر دادە. ئینجا خۆت برۆ سەربان و بازدە خوارێ و خۆت باوێ سەر ورگی بۆ ئەوەی بمرێ.))

کابرای برا مردوو لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە: (ئەگەر هات ومن یەکەو ڕاست نەکەوتمە سەر ورگی ئەم کابرایە و نەختێ کەوتمە ئەولاتر؛ ئیتر ئەگەر نەشمرم،

لانی کەم دەست و پێم، یان ملم دەشکێ.)

کابرای برا مردوو ڕووی کردە حاکم و گوتی: ((جەناب، منیش ئەوا وازم هێناو ڕۆیشتم.))

حاکم ڕووی تێکردن و گوتی: ((باشە، کەسی تر شکاتی نییە؟))

خاوەن ولاغەکە، کە دیتی ئەوان هەریەکەیان بە جۆرێ ڕەت کرایەوە، ڕووی کردە حاکم و گوتی: ((قوربان، کەرەکەی من هەر بە جاشوولەیی کلکی نەبوو.))

هەقایەتخوان: شیخ مراد کانی قوتی

خەلکی، کانی قوتی، کولیایی

Scanned with CamScanner

# ٧٨- نازی ناز مەرجان

براm سەلامەتداربێ،
سەرت بگاتە کاکەشانی فەلەك،
نەهەنگی جمجم، ئاوازی بولبول،
بەحەقی دولدول،
گوڵێ بوو، گوڵستانێ بوو،
باغێ بوو، بیستانێ بوو.

قالۆنچەیەك هەبوو. ڕۆژێ ئەم قالۆنچەیە هەستا چوو توێکڵە مێوژێکی پەیدا کردو کردی بە پێڵاوو توێکڵە گوێزێکی پەیداکردو کردی بە عەبا و توێکڵە هەنارێکی پەیداکردو کردی بەکەوا. چووە ئەو لاوە کلدانێکی دۆزییەوەو چاوەکانی ڕشت و کلرێژی کرد. ئینجا بەڕێ کەوت و ڕۆیشت و لەدڵی خۆیەوە گوتی: با بچم شوو بکەم.

ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت. کەم ڕۆیشت، زۆر ڕۆیشت تا گەیشتە گاوانێك. گاوان دیتی قالۆنچە پێڵاوی لە پێ کردووەو جلی پۆشیوەو لە دوورەوە دێ.

گاوان گوتی: ((هۆ قالۆنچە، ئەوە دەچیتە کوێ وا خۆت کەش و فش کردووە؟))

قالۆنچە گوتی: ((کەش و فشم بە گۆڕی بابت. بۆ وەها دەڵێی؟))

گاوان گوتی: ((بۆ جوێن دەدەی؟ بۆ قسەی ناشیرین دەکەی؟ ئەدی چ بڵێم؟))

قالۆنچە گوتی: بڵێ:

نازی ناز مرجان
تق تقەی کاوشان
پویل چاورشان
ماشتە کژینە، پیلانە ژینە
اوغر وخیر

گاوان گوتی:

نازی ناز مرجان تق تقەی کاوشان
پویل چاورشان ماشتە کژینە، پیلانە ژینە
اوغر وخیر

قالۆنچە گوتی:

وهای کردن وهوی کردن وشارزو وشوی کردن

گاوان گوتی: ((وەرە شوو بە من بکە.))

قالۆنچە گوتی: ((ئەگەر شوو بەتۆ بکەم، لەکوێ دەمخەوێنی؟ چم دەدەیتێ بخۆم؟ و ئەگەر توورە بووی بە چی لێم دەدەی؟))

گاوان گوتی: ((ئەم نانەی گاوانیت دەدەمێ بیخۆی، لەسەر ئەم پارچە لبادەی گاوانی دەتخەوێنم و ئەگەر توورە بووم بەم گورزەی گاوانی لێت دەدەم.))

قالۆنچە گوتی: ((نەخێر. شوو بەتۆ ناکەم.))

ملی رێی گرت و رۆیشت. رۆیشت تا گەیشتە شوانێك.

شوان کە چاوی پێ کەوت هاواری کرد: ((ئەی قالۆنچەی فش و فۆل، ئەوە دەچیتە کوێ؟))

قالۆنچە تەنگەی گرت و گوتی: ((فش و فۆلم بە گۆڕی بابت!))

شوان گوتی: ((بۆ جوێن دەدەی؟ ئەدی چ بڵێم؟))

قالۆنچە گوتی: بڵێ:

نازی ناز مرجان تق تقەی کاوشان
پویل چاورشان ماشتە کژینە، پیلانە ژینە
اوغر وخیر

شوان گوتی:

نازی ناز مرجان تق تقەی کاوشان
پویل چاورشان ماشتە کژینە، پیلانە ژینە
اوغر وخیر

Scanned with CamScanner

قالۆنچە گوتی:

وەهای کردن وهوی کردن وشارزو وشوی کردن

شوان گوتی: ((وەرە شوو بەمن بکە.))

قالۆنچە گوتی: ((ئەگەر شوو بە تۆ بکەم، بە چ لێم دەدەی؟ لەکوێ دەمخەوێنی؟ چیم دەدەیتێ بخۆم؟))

شوان گوتی: ((ئەگەر ئازارم بدەی بەم گۆپاڵە لێت دەدەم، نانی شوانیت دەدەمێ بخۆی و لەسەر ئەم لبادە دەتخەوێنم.))

قالۆنچە گوتی: ((نە . شوو بەتۆ ناکەم.))

قالۆنچە ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە مشکێك. مشك سەیری کرد وا قالۆنچە دێ. مشك زۆر ئاقڵ بوو، هاواری کرد:

نازی ناز مرجان تق تقەی کاوشان

پویل چاورشان ماشتە کژینە، پیلانە ژینە

اوغر وخێر

قالۆنچە گوتی:

وەهای کردن وهوی کردن وشارزو وشوی کردن

مشك گوتی: ((وەرە شوو بە من بکە.))

قالۆنچە گوتی: ((ئەگەر شوو بە تۆ بکەم، چم دەدەیتێ بخۆم، لەکوێ دەمخەوێنی؟ وکە تووڕە بووی بە چ لێم دەدەی؟))

مشك گوتی: ((لەناو لۆکە دەتخەوێنم، هەر جۆرە خواردنێکت بوێ لە خورما و دۆشاو وبادام و گوێز دەتدەمێ بخۆی، کە تووڕەش بووم بەم کلکەم لێت دەدەم.))

قالۆنچە گوتی: ((باشە، قبووڵمە.))

قالۆنچە شووی بە مشك کرد. ماوەیەکیان بەسەر برد تا ڕۆژێ نازی ناز مەرجان چوو ئاو بێنێ. دونیا سارد بوو. لەپڕ کەوتە ناو قۆرتێك کەلە جێ سمی مانگایەك پەیدا ببوو. ئەوەندەی هەوڵی دا نەیتوانی بێتە دەرەوە. هەرچەندە پەلی کوتا، هەر چەندە هاواری کرد، سوودی نەبوو. تا سوارێك بەوێدا تێپەڕی. نازی

ناز مەرجان هاواری کرد:

اهای سوار سوار

تکل تو دوار

قمچی کوله مار

بویشه موشەکی

گو و ریشەکی

آرده قپنه

سی ویل جمنه

نازی ناز مرجان

کفته سه چالاوان

سوار چوو بە مشکی گوت. مشك خێرا خێرا هات و چووە سەر قۆرتەکەو نازی ناز مەرجانی دەرهێناو بردییەوە ماڵێ.

ماوەیەك پێکەوە گوزەراندیان. ڕۆژێ مشك چوو بووە دوای کاروباری خۆی و نازی ناز مەرجان لەماڵەوە بوو، چێشتی لێ دەنا. مەنجەڵی چێشتی لەسەر تەندوور دانابوو. چوو سەرقاپەی مەنجەڵەکە هەڵبداتەوە، لەپڕ پێی خزی و کەوتە ناو مەنجەڵی لە کوڵ و مرد.

مشك هاتەوە ماڵێ. هەرچەندە بانگی کرد هیچ دەوسی نازی ناز مەرجان دیارنەبوو. چوو سەرقاپەی مەنجەڵی هەڵدایەوە، دیتی بەڵێ کەوتۆتە ناو مەنجەڵ و مردووە. مشك زۆر پەست و ماتەمین بوو. خۆی بە زەوی دادا. لەسەرو پۆتەلاکی خۆی دا خۆڵی بەسەری خۆی داکرد.

ولاغێك هات بچێتە سەر گووفەك و خۆی لە مشکیدان بگەوزێنێ، دیتی مشکێك لەوێ خەریکە خۆڵ بەسەری خۆی دا دەکا، ولاغەکە گوتی: ((ئەی مشك، ئەوە چییە؟ چ بەزمێکە؟))

مشك گوتی: ((چما نازانی؟))

ولاغ گوتی: ((نە.))

مشك گوتی:

نازی ناز مرجان　　　　کفته غل غزان

موش خل وسر

ولاغەکە زۆر غەمگین بوو. کلکی خۆی لێ کردەوەو چووە سەر لاسەوانێك[1].
لاسەوان دیتی ولاغەکە هات بەڵام کلکی بڕاوە.

لاسەوان پرسی: ((کەرەکە، ئەوە بۆچی کلکت بڕاوە؟ ئەدی کلکت چی لێ هات؟))

ولاغەکە گوتی: ((چما ئاگات لێ نییە؟))

لاسەوان گوتی: ((نەخێر.))

ولاغەکە گوتی:

نازی ناز مرجان　　　　کفته غول غزان

موش خل وسر　　　　دم بریا خر

لاسەوانیش لێیدا لایەکی خۆی سووتاند. قەلێك هات لەسەر لاسەوانەکە بنیشێ، سەیری کرد لایەکی دووکەڵ دەکاو دەسووتێ.

قەل پرسی: (( ئەی لاسەوان، ئەوە چ بەزمە؟ چ بووە؟ بۆچی دەسووتێی؟))

لاسەوان گوتی: (( چما خەبەرت نییە؟))

قەل گوتی : (( نە .))

لاسەوان گوتی:　نازی ناز مرجان　　　　کفته غل غزان

موش خل وسر　　　　دم بریا خر

لاسەوان لاسزی یای

قەلیش هەموو پەڕوباڵی خۆی هەڵوەراند وبە ڕووت وقووتی چوو لەسەر درەختێك هەڵنیشت. دەرختەکە تەماشای کرد قەل هیچ پەڕومەڕی پێوە نییە وڕووت وقووت بۆتەوە؟

---

[1] لاسەوان: شوێنی ڕیخ وتەپاڵە.

درەخت گوتی: (( ئەی قەل، ئەوە چ بووە؟ چ قەوماوە؟ پەڕت و مەڕت کوا؟))
قەل گوتی: (چما نەتزانیوە؟))
درەخت گوتی : (( نە .))
قەل گوتی : نازی ناز مرجان کفتە غل غزان
موش خل وسر دم بریا خر
لاسەوان لاسزی یای غلا پل پور رشیای
درەختیش تەکانێکی دایە خۆی وهەموو گەلاو چلی خۆی هەڵوەراند . ئەو ئاوەی بەژێر دەرختەکەدا دەڕۆیشت لە ناکاو دیتی ئەم دەرختە هەموو گەلای خۆی وەراند ، ئاو گوتی: (( ئەی درەخت، ئەوە چ رووی داوە ؟ ))
دەرخت گوتی:(( ئاگادارنیت ؟))
ئاو گوت : ((نە ))
درەخت گوتی:

نازی ناز مرجان کفتە غل غزان
موش خل وسر دم بریا خر
لاسەوان لاسزی یای غلا پل پوررشیای
دارلق لوق شکیای

ئاویش خۆی ڕاچڵەکاندو لیخن بوو.
کابرایەکی ئاودێر خەریك بوو ئاودێری دەکرد. دیتی ئاوەکە لیخن بووە، گوتی: ((ئاوەکە، بۆچی لیخن بووی؟ چ بووە؟))
ئاو گوتی: ((چما نازانی؟))
ئاودێر گوتی: ((نە .))
ئاو گوتی:

نازی ناز مرجان کفتە غل غزان
موش خل وسر دم بریا خر
لاسەوان لاسزی یای غلا پل پوررشیای

دارلق لوق شکیای او لیل ویل

ئاودێر زۆر ناڕەحەت بوو. بێڵێکی پێ بوو. بێڵەکەی لەزەوی چەقاندو قنگی لەسەر داناو دانیشت.

ئاودێر کچێك و کوڕێکی هەبوو، نان و دۆیان بۆ دەهێنا بۆ فراوین بیخوا. کە گەیشتنە لای دیتیان باوکیان لەسەر دەسکە بێڵ دانیشتووەو زۆر ناڕەحەتەو وەزعێکی ئاوهای بەسەر خۆی هێناوە.

کچەو کوڕە گوتیان: ((باوکە، ئەوە چ بووە؟))

ئاودێر گوتی: ((ڕۆڵە، نەتانزانیوە؟))

گوتیان: ((نە ))

ئاودێر گوتی:

نازی ناز مرجان کفته غل غزان
موش خل وسر دم بریا خر
لاسەوان لاسزی یای غلا پل پوررشیای
دارلق لوق شکیای او لیل ویل
باوە وبان بیل

کوڕو کچە لە داخان ناوەندی نانەکەیان دەرهێنا. کچە مستە مشکیەکی لەناو دۆیەکە کردو لێکی داو بەسەری خۆی داکرد. کوڕەکەش ئەڵقەی دەوری نانەکەی لە ملی خۆی کردو بەگریان چوونەوە ماڵێ.

دایکیان خەریك بوو نانی لەسەر ساج دەبرژاند. کە ئەمانەی دی گوتی: ((ئەوە بۆ چی واتان کردووە؟ باوکتان چی بەسەر هاتووە؟))

گوتیان: ((دایە، نەتزانیوە؟))

دایکە گوتی: ((نە. ))

گوتیان:

نازی ناز مرجان کفته غل غزان
موش خل وسر دم بریا خر

لاسەوان لاسزی یای    غلا پل پوررشیای
دارلق لوق شکیای    أو لیل ویل
باوه وبان بیل    کر نان ومل
دوت خل دو وسر

دایکەش پاشەڵی خۆی بەساجی سوورەوە چەسپاندو سووتاندی. دراوسێیەکیان هەبوو، وای زانی ماڵی دراوسێکەیان کەباب چێ دەکەن. گوتی بابچم بە بیانووی ئاگر بەڵکو پارچە گۆشتێکم پێ بدەن. کە چوو دیتی ژنە خۆی بەسەر ساجەوە چەسپاندووەو دەگری. دراوسێ گوتی: ((ئەوە چ بووە؟))

ژنە گوتی: ((هی هی نازانی؟))

دراوسێ گوتی: ((نەخێر.))

ژنە گوتی:

نازی ناز مرجان    کفته غل غزان
موش خل وسر    دم بریا خر
لاسەوان لاسزی یای    غل پل پوررشیای
دارلق لوق شکیای    أو لیل ویل
باوه وبان بیل    کر نان ومل
دوت خل دو وسر    ننه جز وبز

دراوسێکەش مەقەڵەی هێنابوو ئاگری پێ ببا، مەقەڵەکەی پڕ ئاگر کردو بەسەری خۆی داکردو بەگریان چووەوە ماڵێ.

مەقایەتخوان: محەمەد رەزایی
پشت دەربەند کولیایی

# ٧٩- قەل و جوتیار

ئەوان هەبوون، ئێمە نەبووین. خودا هەبوو، بەندە نەبوو.

جوتیارێك هەبوو هەموو ساڵێك بەهاریْ پاش ڕەنج و ئارەقێکی زۆر، زەوی دەکێڵاو تۆی پێ وەردەکرد، بەڵام قەلێك فێرببوو دوای تۆودان هەموو نۆکەکەی چینە دەکردو دەیخوارد. جوتیار تیْ مابوو نەیدەزانی چ بکا.

جوتیارەکە دەیزانی قەلەکە دوای ئەوەی دانەکان دەخوا دەچیْ لەسەر بەردێکی ناوەڕاستی زەوییەکە هەڵدەنیشیْ.

جوتیارەکە دانیشت و بیری کردەوە. دوای ماوەیەك بڕیاری دا هەندیْ قیڕ پەیدا بکات و لەسەر بەردەکەی ڕۆبکا بۆ ئەوەی کە قەلەکە هات و لەسەر بەردەکە نیشت پێی بە قیڕەکەوە بنووسیْ و نەتوانیْ بفڕیْ.

جوتیار چوو قیڕەکەی ئامادەکردو لەسەر بەردەکەی ڕۆ کرد. کاتیْ قەلەکە لەسەر بەردەکە نیشت پێی بە قیڕەکەوە نووساو نەیتوانی ڕابکا.

جوتیار قەلەکەی گرت و گوتی: ((ئێستا دەتکوژم، خۆ تۆ منت پەڕپووت کرد.))

کە جوتیار ویستی قەلەکە بکوژیْ ، قەلەکە بە قسە هات و گوتی: ((ئەی کابرا، توخودا مەمکوژە شتێکی وات دەدەمیْ کە سەراپای تەمەنت بە هێمنی و خۆشگوزەرانی بژی.))

جوتیار گوتی: ((چم دەدەیتیْ؟))

قەل گوتی: ((سیْ پەڕی خۆمت دەدەمیْ. یەکەم بسووتێنە سفرەو دەورییەکت بۆ حازر دەبیْ، پێیان بڵیْ: سفرە نان، دەوری پلاو! بە بیْ کۆتایی نان و پلاوتان بۆ حازر دەبیْ.

کابرا هاتەوە ماڵیْ. پەڕی یەکەمی هەلکرووزاند. سفرەو دەوری پەیدابوون.

Scanned with CamScanner

کابرا گوتی: ((سفرە نان، دەوری پلاو!))

سفرەکە پڕ نان و دەورییەکە پڕ پلاو بوو.

جوتیار ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ژن و مندالەکانی بەم سفرەو دەورییە لە ژیانێکی خۆش دا بوون. تا شەوێ ژنە بە کابرای گوت: ((پیاویژگە، وا چاکە ڕۆژێك هەموو خەڵك داوەت بکەین بۆ فراوین بۆ ئەوەی بزانین ئەم سفرەو دەورییە دەتوانن خواردنی هەموویان بدەن یان نا؟

کابرا ڕازی بوو. سبەینێ چوون خەڵکیان بۆ فراوین داوەت کرد. میوانەکان یەکێکی دەوڵەمەندو پارەداریان تێدابوو. کابرای دەوڵەمەند کاتی فراوین بینی نە دووکەڵ دیارەو نە تەندوورو نە ئاگر، کەچی تا دڵ حەز کا نان و خواردن لە مشەیە.

کابرای دەوڵەمەند گەڕاو بە وردی سەیری دەوروبەری خۆی کرد دیتی خانە خوێ لە پەستا دەڵێ: سفرەنان: دەوری پلاو.

کابرای دەوڵەمەند زانی مەسەلە چۆنە. کە چووەوە ماڵێ فەرمانی بە پیاوەکانی کرد بچن ئەو کابرایە دەستگیر بکەن. پیاوەکان چوون جوتیاری کلۆڵیان بە ڕاکێش ڕاکێش هێنا و ئەوەندەیان لێ دا تا سفرەو دەوریان لێ سەند.

کابرای جوتیار بە دارکاری کراوی و بریندار و ماڵی براوی لە بنەبانی ژووری ماڵەوە لەسەرە مەرگ دابوو ناڵەی دەگەیشتە تاقی ئا سمان.

دوای ئەوەی نەختێ هاتەوە سەرخۆ، چووە سەر زەوی. قەلەکە لەوێ بوو. ڕووداوەکەی بۆ قەلەکە گێڕایەوە.

قەل گوتی: ((ئاخر هەی بەدبەخت، ئەو میواندارییەت لە چ بوو؟ بۆچی سەرت دانەنەواندو خەریکی ژیانی خۆت نەبووی؟))

جوتیار گوتی: ((قەلەکە، ئەمە هەمووی لە ئەنجامی دڵەڕاوکەی ژنەکەم بوو. سەهووم کرد.))

قەل گوتی: ((بڕۆ پەڕی دووەم هەڵکڕوزێنە. ولاغێك پەیدا دەبێ. بە ولاغەکە بڵێ: ((کەرە چۆش! کەرەکە خورمات بۆ فڕێ دەدا و بەو خورمایە بژی.))

Scanned with CamScanner

کابرای جوتیار چوو پەڕی دووەمی سووتاند. ولاغێك پەیدابوو. کابرا گوتی: ((کەرە چۆش!)) کەرەکە خورمایەکی زۆری دەرفڕتاند. ماوەیەك بەو خورمایە ژیان.

ڕۆژێکیان کابرای جوتیار فەردە گەنمێکی لە پشتی کەرەکە بارکردو ڕووی کردە ئاشی دێ بۆ ئەوەی باراشەکەی لێ بکا. کە گەیشتە ئاش بە ئاشەوانی گوت: ((ئاشەوان، بەم کەرە نەڵێی: کەرە چۆش!))

ئاشەوان گوتی: ((باوکم، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ (کەرە چۆش) یانی چی؟))

جوتیار گوتی: ((کاکە، من دەڵێم مەڵێ (کەرە چۆش)تێ ناگەی؟))

ئاشەوان گوتی : ((باشە، وا ناڵێم.))

جوتیار چووەوە ماڵێ. کە ئاشەوان بە تەنێ مایەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: ((با بڵێم (کەرە چۆش) بزانم چ دەبێ؟))

ئاشەوان چووە لای کەرەکەو گوتی: (کەرە چۆش!)

کەر کەوتە خورما فڕێ دان. ئاشەوان زۆر کەیفخۆش بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئێ، هێ!، ئەم کەرە بۆ من باشە. بە کەڵك ئەو جوتیارە نایە.) چوو کەرەکەی شاردەوە.

بە کورتی ئاشەوان باراشی جوتیاری لێ کرد و جوتیار هات. کە ویستی بارە ئاردەکەی بباتەوە هەرچەندە ئەم لاو ئەولا گەڕا کەرەکەی نەدۆزییەوە.

لە ئاشەوانی پرسی: ((خاڵۆ، ئەم کەرەی منت نەدیوە؟))

ئاشەوان گوتی : ((نە . نازانم کوێوە چووە؟))

جوتیار ناچاربوو جوالی ئاردی بە پشتی خۆی داداو چووەوە ماڵێ.

ژنەکەی پرسی: ((پیاویژگە، ئەدی کەرەکەت چ لێ کرد؟))

جوتیار گوتی: ((کەرەکە بزر بوو. هەرچەندە گەڕام نەمدۆزییەوە. وا بزانم ڕای کردووە.))

چەند ڕۆژێکی پێ چوو. دیسان جوتیارو خاوو خێزانەکەی ژیانیان لێ وەتەنگ هات. جووتیار دووبارە چووە تاقیبی قەلەکە. قەلەکەی لەسەر زەوی دۆزییەوە.

قەل گوتی: ((ها، جوتیار، دیسان چ بووە؟))

جوتیار گوتی: ((حاڵ و مەسەلە ئاوهایە، کەرەکەم ون بووە.))

قەل گوتی: ((پەڕی سێیەم بسووتێنە. کوولەکەیەك پەیدا دەبێ.

کوولەکەکە هەڵگرەو بڕۆ ماڵی کابرای دەوڵەمەند کە سفرەو دەوری تۆی بردووە، لەوێ بە کوولەکەکە بڵێ: ((ئەی کوولەکە، وە قول، وەمل))

ئینجا بیبە لای ئاشەوان و لەلای ئاشی دابنێ و بڵێ: ((ئەی کوولەکە، وەقول، وەمل))

جوتیار لە ڕێگا، لە دڵی خۆیدا گوتی: (بزانم ئەم قەلە ڕاست دەکا، یان نا؟)پەڕەکەی هەڵکرووزاند. کولەکەیەك پەیدا بوو. جوتیار بە کوولەکەی گوت: ((ئەی کوولەکە، وە قولم وەملم))

لە پڕ چەند کەسێکی تۆبز بەدەست لە ناو کولەکەکە هاتنە دەرەوەو ئەوەندەیان لە جوتیارەکە دا تا هاواری لێ هەستا: ((ئەی کولەکە، بەس بەس))تۆبز بە دەستەکان کە ئەم قسەیان بیست یەکسەر چوونەوە ناو کوولەکە.

جوتیار کولەکەکەی بردە ماڵی کابرای دەوڵەمەندو بانگی کردێ. کابرای دەوڵەمەند لە ماڵەوە هاتە دەرێ.

جوتیارەکە گوتی: ((کابرا سفرەو دەورییەکەم بدەوە.))

کابرای دەوڵەمەند گوتی: ((شێتە، بۆچی وڕێنە دەکەی؟ بڕۆ بزر بە تا ئەمرم نەکردووە هەموو ئێسك و پرووسکت بشکێنن.))

جوتیار بە کوولەکەی گوت: ((ئەی کوولەکە وەقول وەمل))

تۆبز بەدەستەکان هاتنە دەرەوەو کابرای دەوڵەمەندیان دایە بەر تۆبزان. ئەوەندەیان کوتا تا کابرا هاواری لێ هەستا: ((باوکم، بڕۆن ئەو سفرەو دەورییە بێنن و بیدەنەوە خاوەنەکەی.))

جوتیار سفرەو دەورییەکەی وەرگرت و چووە تاقیبی کابرای ئاشەوان. بانگی ئاشەوانی کردو پێی گوت: ((کەرەکەی من تۆ بردوتە، بمدەوە.))

ئاشەوان گوتی: ((بۆچی قسەی بۆش دەکەی؟ ڕێی خۆت بگرەو بڕۆ ئەگەر نا

خوێنی خۆت لەسەرخۆت.))

جوتیار بە کوولەکەی گوت: ((وەقول وەمل))

تۆبز بە دەستەکان هاتنە دەرەوەو ئاشەوانیان دارکاری کرد.

ئاشەوان بە هات و هاوار هەڵات و کەرەکەی هێناو دایەوە جوتیارەکە.

جوتیار گوتی: ((ئەی کوولەکە بەس، ئەی کوولەکە بەس!))

تۆبز بەدەستەکان چوونەوە شوێنی خۆیان.

جوتیار سفرەو دەوری و ولاغەکەی وەرگرت و بەرەو ماڵ بووەوە. کە گەیشتەوە ماڵێ ژن و زارۆکەکانی زۆر کەیفخۆش بوون و ئەو عومرەی مابوویان پێکەوە بە خۆشی و شادی بەسەریان برد.

هەقایەتخوان: نیعمەتوللا وەیهەجی، ٤٥ ساڵە
خەڵکی گوندی: وەیهەج

# ٨٠- ڕیام

ئەوان هەبوون، ئێمە نەبووین. ژن و مێردێك هەبوون مانگایەکیان هەبوو. ڕۆژێ کابرا بە ژنەکەی گوت: ((حورمێ، وەرە گرەو بکەین هەرکەسە ئەمڕۆ یەکەم جار قسەی لەدەم دەرهات، ئەو بچێ ئاوو ئالیك بە مانگ بدا.))

ژن و مێرد کڕوکپ لە گۆشەی ژوورەوە دانیشتن. هیچێکیان هیچ قسەی نەکرد تا یەك دوو ڕۆژ پێ چوو. مانگا لە برسان قۆڕە قۆڕی بوو. خۆی بە دارو دیوار دادەدا، بەڵام کەس بەهاوارییەوە نەدەچوو. ڕۆژی سێیەم بەربەری دێ بەخۆو بە هەگبەوە بەوناوەدا تێپەڕی ولای دایەماڵی کابراو ژنە بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ کەس سەروریشی دەتاشێ یان نا؟

کە چووە ژوورەوە کابرا لە قوژبنێك و ژنەکەی لە قوژبنێکی ژوورەوە دانیشتبوو. کەس لام و جیمی نەدەکرد. بەربەر ڕووی کردە کابراو گوتی: ((سەرت ناتاشی؟))

کابرا هیچی نەگوت.

بەربەر گوتی: ((سەرت بتاشم؟))

دیسان کابرا هیچی نەگوت.

بەربەر لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ئەم کابرایە نەمردووە، چاوی زەقە و تەماشا دەکا بەڵام بۆچی قسە ناکا.))

بەربەر کە دیتی هیچیان قسە ناکەن، هەگبەکەی کردەوەو بەروانکەیەکی لێ دەرهێناو لەبەر سنگی کابرای توند کردو سەرو ڕیشی جوان جوان تاشی. کابرا دیسان نەخێرو نە شەڕ هیچی نەگوت. بەربەر کە ئەمەی دی هەستا چوو پەتێکی هێناو هەموو کەل و پەلی ماڵی پێچایەوەو بە کۆڵی داداو بردی.

ژنەکە بۆ چەند دەقیقەیەك چووبووە دەرەوە، هاتەوە دیتی چوارپاو جاجم و

هیچ کەل و پەلی ماڵەوە نەماوە. بەکابرای گوت: ((هەی ماڵ کاوڵ، ئاخر ئەم کەل و پەل و کەرەستەی ماڵە چی لێ هات؟))

کابرا گوتی: ((ها! من هیچ نالێم. جارێ بڕۆ ئاوو ئالیك بدە مانگا چونکە تۆ یەکەم جار قسەت کرد......))

ژنە ڕای کرد، چوو سەبەتە گیایەك و سەتڵە ئاوێکی لەبەر مانگاکە دانا و گەڕایەوەو گوتی: ((پیاوەکە، ئێستا بڵێ کەل و پەلی ماڵەکەمان کێ بردی؟))

کابرا گوتی: ((بەربەری دێ هات، پەتی ڕاخست و هەرچی هەبوو بردی.))

ژنەکە گوتی: ((تۆ هەقت نەبێ... ڕاوەستە دەردێکی پێ بکەم ئەو سەری دیار نەبێ.))

ژنە چووە ماڵی بەربەرو دیتی بەڵێ کەل و پەل و کەرەستەی ماڵەوەیان گوریس پێچ کراوەو لە گۆشەیەکی ماڵی بەربەر داندراوە. ژنە نەختێ نازی بە بەربەر فرۆشت و دڵی بۆ خۆی ڕاکێشاو پێی گوت: ((ئەمشەو وەرە ماڵمان.))

کە شەو داهات بەربەر چووە ماڵی ژنەکە. دونیا ساردبوو. ژنە بەربەری لە دامێنی کورسی نواند. مێردی ژنەش لە لایەکەی تری کورسی نووستبوو. بەربەر لە ژنەی پرسی: ((ئەمە کێیە لێرە نووستووە؟))

ژنەکە گوتی: ((ئەمە میوانە. بەندەی خوایە. غەریب و کەسیرەیە.))

سەرەتای شەو بەربەر لە ژنەکەی پرسی: ((ژنەکە، ئەگەر ویستم بانگت بکەم چ بڵێم؟))

ژنەکە گوتی: ((من ناوم –ڕیام–ە))

بەترەکی شەو چوو، بەربەر سەری بەپای کورسی کردو هێدی گوتی: ((ڕیام.. ڕیام.. ڕیام..))

کەس وەڵامی نەدایەوە. دیسان بانگی کرد: ((ڕیام.. ڕیام..))

مێردی ژنەکە کەلەولای کورسی نووستبوو بە ژنەکەی گوت: ((کچێ وابزانم بەربەر پێویستی بەدەستاوە. ڕێی دەرەوەی پیشان دە با بچێ ئیشی خۆی جێ بەجێ بکا.))

ژنە هەستا دەرگای کردەوە. بەربەر کە پێویستی بەدەستاو نەبوو چوو ماوەیەك لەبەر سەرما هەڵلەرزی و دووبارە هاتەوەو لە پایینی کورسیەکە ڕاکشا.

سەعاتێك پێ چوو، بەربەر تاقەتی نەما. سەری بە پایەی کورسی کردو بانگی کرد: ((ڕیام.. ڕیام..))

مێردی ژنەکە گوتی: ((بابە، ئەوەبوو بەچی؟ هەی ماڵ کاوڵ، هەر ڕیام، ڕیام.. ئەگەر پێویستییەکت هەیە بڕۆ دەرەوە بۆ سەر دەستاو. مێشکت بردین.))

ئیدی بەرەبەری بەیانی بوو. بەربەر لە شەکەتییان خەوی لێ کەوت. ژنەکە ، کە زانی بەربەر نووست، چوو هەندێ لۆلکەی دروست کردو هێنای هێدی لە پشتەوەڕا لەناو شەلواری بەربەری کردو ڕۆیشت.

کە بەربەر بە ئاگا هات دیتی وەی هاوارو سەد تۆبە.. نوێنی پیس کردووە. لە دڵی خۆیدا گوتی: ((شەوێ دی زۆرم گوت: ڕیام ڕیام، ئاخری بەخۆم دا ڕیام.))

بەیانی دا، خانەخوێ ناشتاو چای ئامادەکرد، بەڵام دیتی بەربەر ڕانابێ. کابرا چوو لێفی لەسەر بەربەر لاداو گوتی: ((باوکم، وەختە ببێتە نیوەڕۆ، بۆ هەڵناسی؟))

کە لێفەکەی لادا چاوی بە شەلوارو لێف و دۆشەك کەوت هەمووی پیس ببوو. خانەخوێ لە ناخی دڵەوە نەڕاندی: ((دەك گوو بە گۆڕی باوکت.)) ئەمشەو ئەوەندەت ڕیام ڕیام کرد تا ئاخری گووت لە ژیانمان کرد.

کابرای خانەخوێ هەستا چوو دارێکی هێناو هەرلەوێ دارکارییەکی چاکی بەربەری کرد. ئینجا لەگەڵ ژنەکەی چوون کەل و پەلی خۆیان لە ماڵی بەربەر هێنایەوە.

لەوە بەدواوە ژن ومێرد بڕیاریان دا چیتر مەرجی وا لەگەڵ یەك نەکەن و لەوەختی خۆیدا ئاور ئالیك بدەنە مانگا.

هەقایەتخوان/ نیعمەتوللا وەیهەجی،٤٥ ساڵە

گوندی/ وەیهەج

Scanned with CamScanner

# ٨١- شێرو دارتاش

هەبوو نەبوو،

بێجگە لەخودا هیچ کەس نەبوو،

کابرایەك هەبوو کەرێکی هەبوو، ئەم کەرە زۆری ئیش کردبوو، توانای باربردنی نەمابوو.

ڕۆژێ کابرای کەردار، کەرەکەی، کە هیچ ئیشی پێ نەدەکرا، بردە ناو لێڕەوارێك و بەرەللای کرد. کەرەکە وێل و سەرگەردان بوو. بەم لاو بەولادا دەگەڕاو گیای لێڕەواری دەخواردو ژیانی دەقەتاند.

ڕۆژێ کەرەکە لە لێڕەوار تووشی شێرێك هات. کە شێر چاوی پێ کەوت گوتی: ((ها، تۆ کێی؟))

کەر گوتی: ((من کەرم.))

شێر گوتی: ((ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟ سەراپای لەشت برینەو ئێسك و پێستت لێك هاتۆتە دەر.))

کەر گوتی: ((بنیادەم ئەم دەردەی پێ کردووم.))

شێر گوتی: ((بنیادەم؟))

کەر گوتی: ((بەڵێ، بنیادەم.))

شێر گوتی: ((ئەگەر ئەو بنیادەمەم بکەوێتە بەر چنگ هەقی تۆی لێ دەسێنم.))

شێرو کەر بەناو لێڕەواردا کەوتنە گەڕان و سووڕان بۆ ئەوەی بەڵکو بنیادەم بدۆزنەوە. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا لە دوورەوە دەنگی تەوشوو لێدانیان هاتە بەرگوێ. کە نزیك دەنگەکە بوونەوە دارتاشێك بوو باولێکی دروست دەکرد.

کەر هێدی بە شێری گوت: ((ئەمە بنیادەمە.))

بە خۆیشی دوورکەوتەوە.

شێر لە دارتاش نزیك کەوتەوە و گوتی: ((تۆ بنیادەمی؟))

دارتاش گوتی: ((بەڵێ، چ ئیشت بەمن هەیە؟))

شێر گوتی: ((ئەمە چییە دروستی دەکەی؟))

دارتاش گوتی: ((ئەوە بۆ زستان، خانوویەك بۆ جەنابتان دروست دەکەم بۆ ئەوەی لە دەست بەفرو باران بحەسێنەوە. ئێستاش ئەگەر زەحمەت نەبێ وەرە ناو خانووەکەت بزانم پڕ بە قالبتە یان نا؟))

شێر زۆری کەیف بە باولەکە هاتبوو. چووە ناوی و دارتاش یەکسەر قەپاغی باولەکەی دادایەوەو بزمار کوتی کرد و هاواری کرد:

(ای ژنەکە اوە گرمەکەو هلە کتەکە)(ئەی ژنەکە، ئاوە گەرمەکەو تۆپزەکە بێنە)

ژنی دارتاش دەسبەجێ مەنجەڵە ئاوێکی کوڵاو وتۆبزێکی هێنا. دارتاش ئاوی کوڵاوی لەسەر باولەکەوە بەسەر سەری شێر داکردو شێر سەراپای لەشی سووتا، بەزەبرێك باولەکەی شکاندو هاتە دەرەوە. ئەوسا دارتاش بە تۆبزان دارکارییەکی باشی کرد.

شێر بەهەزار تەقەلاو دەردەسەری خۆی لەم مۆتەکەیە ڕزگار کردو ڕۆیشت.

شێر، کە تووکی هەموو وەری بوو، لەشی هەموو سووتا بوو، لە ژێر درەختێك پاڵی دایەوە.

شێرەکانی ناسیاری هاتنە سەردانی و گوتیان: ((براله، ئەوە چت بەسەر هاتووە؟))

شێر گوتی: ((حاڵ و مەسەلە ئاوهایە. بنیادەم ئاوهای لێ کردووم.))

شێرەکان تووڕە بوون و پێیان گوت: ((پێش کەوە بچین هەقی ئەم بنیادەمە لەدەست خۆی بنێین.))

شێری سووتاو بە پێش کەوت و ئەوانی تریش بە دوایەوە بەرەو ماڵی دارتاش کەوتنە ڕێ.

دارتاش لە دوورەوە کۆمەڵە شێرێکی دی بۆ ماڵی ئەم دەهاتن. کەباش سەیری

Scanned with CamScanner

کرد بینی شێری سووتاو بە پێش هەموویان کەوتووە، زۆر ترسا. بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر دەستیان چووە سەر درەختێك. شێرەکان، کە گەیشتنە ماڵی دارتاش ماوەیەك ئەم لاو ئەولا گەڕان، زانییان دارتاش لەسەر پۆپەی درەختێك خۆی حەشارداوە.

شێری سووتاو گوتی: ((وا چاکە ئێوە بەسەرپشتی من بکەون بۆ ئەوەی دەستتان بیگاتێ.))

شێرەکان چوونە سەر کۆڵی یەکترو شێرە سووتاوەکە کەوتبووە ژێرەوەی هەموویان. شێرەکەی هەرە سەرەوە چنگی درێژکرد بۆ ئەوەی دارتاش بگرێ و رایکێشێتە خوارەوە، لەپڕ دارتاش هاواری کرد:

(ای ژنەکە اوە گرمەکەو هلە کتەکە)

کە شێری سووتاو ئەمەی بیست، خۆی لە ژێرکێشانەوە و تێی تەقاندو هەڵات. شێرەکانی تر لەو بەرزاییە بەربوونەوەو دەست و پێ‌و سەرو ملیان شکا. شێرەکان بە برینداری و بەناڵە ناڵ گەیشتنەوە شێری سووتاوو گوتیان: ((هەی بەدبەخت، ئەوە بۆ وات کرد؟ تۆ هەموومانت کەل و کلۆم کرد. ئەوە گوێت لەچ بوو؟))

شێری سووتاو ناخێکی هەڵکێشا و گوتی: ((ئێوە نازانن ئەوەی من گوێم لێ بوو ئەوەبوو کە منی بە ڕۆژی ئەمڕۆ گەیاند)).

هەقایەتخوان/سەیفوللا دەروێشیان کرماشانی
دانیشتوی کرماشان، ٦٤ ساڵە، ١٣٤٠

# سوپاس

سوپاس بۆ خاتوو (دیمەن عبدالکریم زێدبەگی)کە ئەرکی کۆمپیوتەرکردنی ئەم بەرهەمەی لە ئەستۆ گرت. خوا دەستی بەباڵەوە بگرێ و وێنەی هەر زۆر بێ.

Scanned with CamScanner

# زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
# ساڵی ٢٠٠٣

| زنجیرە | ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕانی |
|---|---|---|---|
| ٢٠٥ | پاییزە میوان | شێرکۆ بێکەس | |
| ٢٠٦ | پەیامێك بۆ ئەو کۆرپەیەی.. | ئۆریانا ڤالاچی | شاهۆحەسەن پوور |
| ٢٠٧ | تیۆری رۆمان | | محەمەد کەریم |
| ٢٠٨ | دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتیەکان | د.عەبدوڵڵا عەتەوی | جەزا تۆفیق |
| ٢٠٩ | ئاهەنگی ماڵئاوایی | میلان کۆندێرا | رەووف بێگەرد |
| ٢١٠ | چاوەکانی | بوزورگ عەلەوی | ئازاد بەرزنجی |
| ٢١١ | فەلسەفە.رۆشنگەری...... | هاشم ساڵح | شوان ئەحمەد |
| ٢١٢ | پیرەمێرد و زەریا | ئێرنست هێمنگوای | شێرکۆ بێکەس |
| ٢١٣ | زمان، رامان و ناسنامە | مەهاباد قەرەداغی | |
| ٢١٤ | کولتوورو ناسیۆنالیزم | رەفیق سابیر | |
| ٢١٥ | فرۆشراو | زانا موهسین | زاگرۆس زەردەشتی |
| ٢١٦ | داهێنان و مەرگ | سەلاح حەسەن | |
| ٢١٧ | شۆڕشی شێخ سەعید و سۆڤیەت | د.ئافراسیاو هەورامی | |

Scanned with CamScanner

٢٠٠٠د

**نرخی (٢٠) بیست دینار**

Scanned with CamScanner

حیکایەت و ئەفسانەکان بەشێکی زیندووی مێژووی کەلتووری میللەتانی دونیایان پێکهێناوەو بەردەوامیش سەرچاوەیەك بوون کە گەلێ کاری تری داهێنەرانەیان لێ کەوتۆتەوە.

گەلی کوردیش لەم ڕووەوە مێژوویەکی دەوڵەمەندی بە ئەفسانەو حیکایەت هەیە کە بڕێکی زۆریان تۆمار نەکراون و فەوتاون.

ئەم کارەی مامۆستای ئەدیب و نووسەر "عەلی ئەشرەف دەروێشیان" بەرهەمی چەندین ساڵ ماندووبوون و گەڕانە بەشاروشارۆچکەکانی کوردستانی ئێراندا؛ لە پێناوی کۆکردنەوەی بەشێك لەو سامانە نەتەوایەتیەی کورد، کە بەزمانێکی کوردیی ڕەوان و خۆشئاهەنگ کراوە بە کوردی.

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

دیزاینی بەرگ: قادر میرخان

Scanned with CamScanner